هۆمەر دزەیی

چیرۆکەکانی پشت هەڵبەست و گۆرانییەکانم

THE STORIES BEHIND MY **POEMS** AND **SONGS**



چیرۆکەکانی پشت
هەڵبەست و گۆرانییەکانم



دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
FAMpublication
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری

چاپی یەکەم - ٢٠٢٤

چیرۆکەکانی پشت
هەڵبەست و گۆرانییەکانم

نووسینی

هۆمەر دزەیی

بابەت: شیعر و گۆرانی
پێوانە
١٥*٢٣سم (٣٧٤) لاپەڕە
ISBN: 978-9922-709-33-8

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێ دراوە.

چیرۆکەکانی پشت هەڵبەست و گۆرانییەکانم

هۆمەر دزەیی

سوپاسگوزاری و پێزانین

هێندەی یەک دونیا منەتباری برازازای خۆشەویستم کاک محەمەدی عەلی ئاغای دزەییم بۆ ماندووبوونی بێ وچانی لە پێناو دەرهێنانی ئەم کتێبە بەم شێوە جوانەی کە وا لەبەر دەستی خوێنەرە بەڕێزەکانە.

هەر لەم بوارەدا سوپاسی زۆریشم هەیە بۆ کاک عومەر عوسمان لە دەزگای تەفسیر و کاک رزگاری برازام و کاک هەردی برازازام کە کارەکانی پێداچوونەوە و ئامادەکردن بۆ چاپیان لە ئەستۆ گرتبوو. دەسخۆشانەی گەرمم بۆ هەر هەموویان.

هۆمەر

گردی سەیوان، قەرزارتم

قەرزاری هەر تەڵە گیایە و

هی خاک و بەرد و دارتم

لەو رۆژەی دە لانکێیان ناوم

بە لایلایەی شاعیرانی

شاری هەڵمەت و قوربانی

بۆ سەربەخۆیی و یەکبوونی

کوردستان فرچکیان داوم

لەو رۆژەی چوومە فێرخانە

سروودی ئەو شاعیرانە

بەسەر کورد و کوردایەتی

بۆ یەکێتی و مەردایەتی

بە ژێی دڵم لێ دراون

لەگەڵ خوێنم تێکەڵاون

ئەمڕۆکە ئەو شاعیرانە

وا لەناو دڵی تۆ دانە

بۆیە هەستی کوردایەتیم

سەرچاوەی وا لە سەیوانە

دەسا چۆن قەرزارت نەبم؟


تا هەم، منەتبارت نەبم!

هۆمەر دزەیی

ناوەرۆك

ئەمن ئاشقی گیتار و چەنگم
نە گرمەی تۆپ نە لرمەی تفەنگم

هۆمەر دزەیی



جەمال بابان

نووسەر و مێژووناس

١٩/ ٥ / ٢٠٠٧

" چیرۆکەکان بە تایبەتی شیعرەکانتم خوێندەوە کە هیچ نەماوە ئەو هەڵبەستانەت نەیانگرتبێتە خۆ .. لە ئەوین، فۆلکلۆری کوردی، مێژوو، جوغرافیای کوردستانی گەورە، ریشۆڵە، کارمامز، نێرگز... پاڵە ... جوتیار... گەوزان و یاری کردن ...

زۆر دڵخۆشم بەوەی کە گەنجێکی کوردی وەک تۆ ئەو هەموو بەهرەیەت تیا کۆبۆتەوە: کوردایەتی، زمان، شیعر، موزیک، قەڵەمی رەنگین، بنەماڵە، رووی خۆش، غیرەتی نەفس ... هەرچەند لەسەر (لیوناردو دافنشی)م ئەخوێندەوە بە عەرەبی کە ئەڵێ (متعدد المواهب) ئەموت تۆ بڵێی رۆژێک لای خۆشمان ئەوانە کە بێگومان هەن بەڵام تۆ بڵێی زوو دەرکەون ... سوپاس بۆ خوا .. دەرکەوت هەر کەس بە گوێرەی شوێن و ژینگەی خۆی."



د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

سەرۆکی بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ

٢٠٢٣/٣/١٣

"هونەرمەنـدی بە توانـا و گـۆرانیبێژی رەسـەن و نووسـەری لێهـاتوو هـۆمەر دزەیـی، یەکـێکە لەو دەنـگە رۆشـنبیرانەی کە هـونەر و گـۆرانیی کوردیی تژی کـردووە لە جوانی و چێژ و سەرنجڕاکێشان. دەنگێکە لە سروشتی ژیانی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە و هەمیشە لە یادەوەریی نەوەکانی ئێمەدا بە نەمری دەمێنێتەوە. هۆمەر دزەیی ئەو دەنگە رەسەنەیە کە هەم بە ئاواز و هەم بە شیعر و هەم بە ئەدا رچەشکێنیی کردووە و رەوتێکـی جیاواز و تایبەتیی بۆ خۆی دروست کردووە بە چەشنێک رەسەنایەتی و نـوێکردنەوەی ئـاوێزانی یەکـدی کـردووە و مـۆرکێکی کـوردانەی پـێ بەخشیوە و ئەو رەسەنایەتییەی گەیاندۆتە ئاستی داهێنان . ئەم رێزلێنانەی ئـێمەش بـۆ نووسـەر و هونەرمەنـد و رونـاکبیر مامۆسـتا هـۆمەر دزەیـی رێزلێنانە نەک تەنها بۆ بواری هونەری بەڵکو رێزلێنانە لە سەرجەم ئەو بوارانەی مامۆستا کاری تیادا کردوون و جێدەستی پیيانەوە دیارە، وەک بواری گۆرانی و شیعر و رۆژنامەگەری و زمانەوانی و نووسینی ئەدەبیی جیاجیا. "



عادل محەمەد کەریم

موزیسیان

"هۆمەر دزەیی، گۆرانیبێژێک بە واتا رۆشنبیر .... لێوان لێو لە جوانیی ئێستاتیک.

مامۆستا هۆمەر تەنیا گۆرانیبێژێک نییە، بەڵکو ئەو شاعیر و نووسەرێکی بەرز و ئاوازدانەر و گۆرانیبێژێکی بەتوانای گەلەکەمانە. لەپاش ئەمانەشدا لە بواری رامیاریشدا کاری کردووە... دیارە هەنگاو بەرەو گۆڕانکاری لەهەر بوارێکی کایەی رۆشنبیری، کە بێگومان موزیک و گۆرانی گرانترین و هەستیارترینیانە، لە خۆڕا دروست نابێت بەبێ بلیمەتی و باکگراوندی رۆشنبیریی هونەری.... خاڵێکی جیاکار لە مامۆستا هۆمەر دەنگ و سەدا تایبەتەکەیەتی کە دەنگێکی جیا و ئەدایەکی ورد، خاوەن ستایلی خۆی و سەرقافڵەی کاروانی هونەری موزیک و گۆرانی کوردی نوێ.


کار و بەرهەمە هونەرییەکانی مامۆستا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی لە ئاستی نامەی ماستەر و دکتۆرا هەڵدەگرێت."



دکتۆر سامان سۆرانی

نووسەر، شاعر، شێوەکار


" پەیامبەری نوێکارییە، کەسێکە کە هەوڵی داوە مرۆڤایەتی کورد، لایەنە رۆشەنبیرییەکەی زۆر زۆر بە جوانی بپارێزێ، وەکو پەیامێکیش بۆ دەرەوە بیگەیەنێ."



دکتۆر بارزان یاسین

ئێتنۆموزیکۆلۆگ

" لەو ساڵانەیا ئەو بەرهەمانەی ئەو خستیە گوێی خەڵکەوە و کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی کوردستان هەمووی بەرهەمی نوێ بوون، ستایلێک بوو کە تا ئەو کاتانەش ئەو ستایلە لە کوردستان بەکار نەدەهات."



رێبوار سیوەیلی


ئیستاتیکای دزەیی،

ئیستاتیکای نوێبوونەوە و یاخیگەریی

ئیستاتیکای ئیمپراتۆریەتی بیرخەرەوەی جوانی

کۆڤاری (سڤیل) ساڵی چوارەم، ژمارە ١٥٠، شەممە: ٢٠١٢/٦/٢٢

"بەرهەمەکانی دزەیی پڕن لەم ئاشتکرنەوەیەی سۆزەی مێیایەتی و هونەر، بەبێ ئەوەی ژن وەک بابەتێکی خرۆشێنەر و سێکسی، یان پۆرنۆگرافیانە و وەک بابەتێک بۆ نێرینە بخرێتە روو.... لەگەڵ هونەری دزەییدا شوناسی ئیستاتیکیانەی ئێمە گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا دێت و گوێچکەی ئێمە بە تۆنە دەنگی ئاشنا دەبێ کە بۆنی مرۆڤبوون و ئەڤینی لێدێت.... ئیستاتیکایەک لە جوانیی مرۆڤ و ژن بە تایبەتی و جوانیی وشە، جوانیی دەنگ و مێلۆدیی بەرهەمهێنا بۆ ئەوەی ژیان رەهەندیی جوانیناسانەی خۆی لە دەست نەدات."



دانای شەدەڵە

کۆڤاری خاک، ژمارە ١٢٤، ساڵی یانزەهەم، ١٠ ئۆکتۆبەر ٢٠٠٧


" هـۆمەری دزەیـی دوای ٥٠ سـاڵ بەشـوێن پـێ یەکـانی ڤیەنـنـای دا دەڕوانێـتەوە. هونەرمەنـد و ئاشـقە سەوداسـەرەکەی ئـۆپێرا و موزیکـاڵ، هۆمەری دزەیی دڵ تەڕ و دڵ هەمیشە بەهاری ئەڤینداری گوڵ و شیعر و گۆرانیی پڕ لە هەست و تین و تاوی لاویتیی ڤیەنناى بەر لە پەنجا ساڵ ئەدرێـــی هەمـــوو خـــانەخوێ یەکـــانی لە ١٩٥٧ ەوە لە رۆژمێرێکـــی بەرباخەڵدا هەڵگرتووە."



کەژاڵ ئەحمەد

شاعیر و نووسەر


"هۆمەر دزەیی، دەنگێکە لە رۆحمدا ئەزرنگێتەوە."



چۆپی

گەروو بولبولی و پسپۆڕ لە هونەری گۆرانی چڕینا

"من زۆر بە جوانی دەبینم، زۆر پیرۆزە بتوانی هونراوەیەکی ئاوا هەڵبژێری، ئەوە جورئەتی هونەریی پێ دەڵێن. ئەو شێوازەی کە مامۆستا هەڵیبژاردووە وەکو جورئەتێکی زۆر جوانی دەبینم."



هدى سرهنگ

خاوەنی لالە کاندلز lale Candles

" کـاک هـۆمەر، ئەم کۆلێکشـنەی مۆمەکـانم ئیلهـامی لە هـونەرە جوانەکەی تۆوە هاتووە. جەنابتان خۆشەویسترین و تایبەترین هونەرمەندن لەلام. گۆرانیەکانـت، میلۆدیەکانـت، وشـەکانت و هەسـتەکانت لە تەمەنـی منـداڵیمەوە تـاوەکو ئێسـتا لەگەڵمـن و هـاوڕێمن. سوپاسـت دەکەم بـۆ ئەم هونەرە پڕ لە چێژەت....

سوپاسـت دەکەم کە هەمیشـە بەرهەمـی جیـاواز و پـڕ هەسـت و سـۆز پێشکەش دەکەی. لەگەڵ گۆرانیەکانت هەمیشە دەچمە دونیایەکی ئارامی، خۆشـی، خەیاڵاوی. لەسـەر هونەرە جوانەکەی تۆ پەروەردە کرام و زۆر شانازی بە بوونت دەکەم. "



هدى سرهنگ

خاوەنی لالە کاندڵز lale Candles

" کــاک هــۆمەر، ئەم کۆلێکشــنەی مۆمەکــانم ئیلهــامی لە هــونەرە جوانەکەی تۆوە هاتووە. جەنابتان خۆشەویسترین و تایبەترین هونەرمەندن لەلام. گۆرانیەکانــت، میلۆدیەکانــت، وشــەکانت و هەســتەکانت لە تەمەنــی منــداڵیمەوە تــاوەکو ئێســتا لەگەڵمــن و هــاورێمن. سوپاســت دەکەم بــۆ ئەم هونەرە پڕ لە چێژەت....

سوپاســت دەکەم کە هەمیشــە بەرهەمــی جیــاواز و پــڕ هەســت و ســۆز پێشکەش دەکەی. لەگەڵ گۆرانیەکانت هەمیشە دەچمە دونیایەکی ئارامی، خۆشــی، خەیاڵاوی. لەســەر هونەرە جوانەکەی تۆ پەروەردە کرام و زۆر شانازی بە بوونت دەکەم. "



Chris Kutschera کریس کوچێرا

ژورنالیستێکی ناوداری فرەنسییە، لە ئیمەیڵێکی خۆی بۆ عومەر شێخموسی برادەری ئەمەی بە ئینگلیزی بۆ نووسیوە:

By chance, only two weeks ago, we saw in Paris at the Institute - - I forgot his name...Homa Dizaye ?? who was the editor of VOA in Kurdish. A very popular man with women: I never saw so many women at the Institute.

ئەمەش کوردییەکەیەتی:

" تەنها دوو هەفتەیەک لەمەوبەر، لە ئینستیتوتا لە پاریس بە رێکەوت، ناوەکەیم بە تەواوی لە بیر نەماوە ... هۆمە دزەییمان دی کە لە بەشی کوردیی ئێستگەی دەنگی ئەمەریکا VOA دەست بەکار بوو. پیاوێکی زۆر باو [خۆشەویست] لای ژنان: هەرگیز ئەوەندە ژنەم لە ئینستیتوتا نە بینیوە."

1
پێش وشە
سەربردەی هەندێ لە هۆنراوە و گۆرانییەکانم

هەر هەڵبەست و موزیکایە چیرۆکێکی لە پشتایە...

بەر لەوەی ئەو سەربردانە بگێڕمەوە با جارێ بە تێبینیەکی زمانەوانییەوە دەست پێ بکەم. من ئەم دوو وشەیە (هۆنراوە و گۆرانی)م کردووەتە سەرناوی ئەم بابەتەم هەرچەندە کە بە دڵی خۆم نین و دەزانم کە هەردووکیان ناڕەسەن و دروستکراون. بەڵام وا تازە بوونەتە ئەمری واقیع.

لە راستیدا ئەمن لە ئەنجامی خوێندن و لێکۆڵینەوەیەکی زۆرم وەک خۆێندکاری ساڵی یەکەمی قۆناخی (ماستەر لە زمانانی بێگانە MA in Foreign Languages) لە زانکۆی جۆرج مەیسن لە ویلایەتی ڤیرجینیای ئەمەریکا گەیشتمە ئەو دەرئەنجامە کە ئێمە لە زمانی کوردیدا وشەی زۆر رەسەنترمان بۆ ئەم واتایانە هەیە و جارانیش هەر ئەو وشانە لە لایەن لادێی یە نەخوێندەوارەکانەوە بەکار دەهاتن.

تا پێش پەنجاکانی سەدەی بیستەمیش کوردی خوێندەوار _ نەخوێندەوار نا _ هەر وشەی (شیعر)ی عەرەبی بۆ (هۆنراوە) بەکار دەهێنا. لەپاشان و لە ئەنجامی کامپێنی پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە "شارەزایانی" ئەم بوارە وشەی (هۆنراوە) و (هەڵبەست) بە کوردی باشوور و وشەی (هۆزان) بە کوردی باکووریان بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد.

ئەو بەڕێزانە ئەگەر کەمێک خۆیان ماندووتر بکردایە خۆ وشەیەکی

زۆر رەسەنمان، بە هەردوو شێوەزار، لەناو فۆلکلۆری کوردیدا هەیە، وشەی بەند. جاران کەس بە شیعر و ئاوازی هەڵپەڕکێ، شیعر و ئاوازی شیوەن، شیعر و ئاوازی کاتی کارکردنی وەک دروێنە و ساوەر کوتانەوە و کەنگرکردنی نە دەگوت (گۆرانی) بەڵکو هەر پێی دەگوترا (بەند). بۆ نموونە دەگوترا: دە بەندێکمان بۆ بڵێ، یان فلانەکەس دەنگی زۆرخۆشە و بەندی خۆش خۆشیش دەزانێ. تۆ ئەگەر بەیتێکی کوردی وەک مەم و زین و خەج و سیامەند و لاس و خەزاڵ و ئی تریش وەرگریت دەبینی کە داڕشتنی هونەریی گێڕانەوەی داستانەکان لە دوو بەشەوە پێک هاتووە، بەشێکی بە قسەکردنی ئاساییە ک بە لاتینی وشەی Prose ی بۆ بەکار دێنن و بەشێکیشی بە بەندە Rhymed، بەڵێ بەڵێ بەند. ئەو زەمانە کە ئەو بەیتانە داندراون کەس بەو بەشەی نەدەگوت شیعر یان هۆنراوە یان هەڵبەست یان هۆزان بەڵکو تەنها بەند و هیچی تر. کورە سوێندت بۆ دەخۆم هەر بەندیان پێ دەگوت. بۆ تەواوی داستانەکەش وشەی بەیت بەکار هاتووە نەک بەند چونکە ئەو چیرۆکانە سەر تا بە پایان هەمووی هەر بە بەند نەدەگوتران بەڵکو هەم گێڕانەوەی بە قسەی ئاسایی و هەم بە بەندی بە میتەر و دوادەنگ (وەزن و قافیە) بووین. بە گشتی بەیتخوانەکە دەست بە گێڕانەوەی داستانەکە دەکات کتومت وەک گێڕانەوەی حیکایەتێک. بەڵام کاتێ کە رۆڵی کارەکتەرەکان دێ لە چیرۆکەکە ئەوسا داڕشتنی ئەدەبی گێڕانەوەکە شێوەی بەند واتا شیعر وەردەگرێت. بۆ نموونە هەرچییەکی بەیتخوان خۆی دەربارەی مەم یان زین یان کارەکتەرەکانی دیکەی ناو بەیتەکە بیڵێت ئەوە بە قسەی ئاساییە بەڵام کە نۆرەی مەم یان زین یان ئەوانی دی دێ ئەوە لێرەدا دەبێتە بەند (شیعر). واتا تەنها بەیتخوانەکە قسەی ئاسایی دەکات ئەگینا بچووکترین ئاکتەری

داستانەکە تەنها بە بەند (بە شیعر) و بە ئاوازیش رۆڵی خۆی دەبینێ.

ئەمە مێژوویەکی تا بڵێی کۆنی هەیە لە ئەدەبییاتی زارەکی کوردیدا کە جاری جاران شیعر و ئەدەبییات نەک هەر لای کورد بگرە لەتەواوی کۆمەڵگا دێرینەکانی جیهانیشا بە زۆریی هەر زارەکی بووە.

جا مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەو "شارەزا و زمانەوانە" بەرێزانەی جارانمان کەمێک زیاتر بەناو گەنجینەی ئەدەبییاتی زارەکی کوردیدا نەگەڕاون تا ئەو وشە رەسەنە جوانانەیان لێ دەربهێنایە و هەنگی خۆشیان و ئێمەشیان تووشی ئەم گێژەن و ئالۆزییە نەدەکرد کە یەکێک بڵێ هۆنراوە، یەکێک بڵێ هەڵبەست، یەکێکی تریش بڵێ هۆزان!!!، ئەمەیان لە بواری شیعرا بوو.

بۆ وشەی (گۆرانی)ش کە لێرەشدا سۆرانی زارەکان هەر دروستیان کردووە، دەبوایە ئاورێک لە شێوەزاری کرمانجی بدەنەوە کە وشەیەکی زۆر رەسەنی کوردیی هەیە، ستران. وشەی گۆرانی واتا هەر شتێک - نەک هەر ئاواز - پەیوەندی بە شێوەزاری (کوردی گۆران)ەوە هەبێ ئەوە گۆرانییە. خواردنێکی خۆشیش کە تایبەت بێ بە ناوچە گۆرانییەکان ئەویش هەر خواردنێکی گۆرانییە و چ پەیوەندیشی بە ئاوازەوە نییە. کەچی وشەی (ستران) ی کرمانجی تەنها بۆ بەندێکی بە ئاواز بەکار دەهێنرێت و بەڕاستی جوانیشە.

جا ئەوە بوو تێ بینییە زمانەوانییەکەم کە بە داخەوە ناچار دەبێ دەستبەرداری ببم چونکە کار لە کار ترازاوە و تازە ئەو درەختە چەماوەیە بەمن راست ناکرێتەوە. ئەوەندە هەیە کە پێویستە لە پاشەڕۆژا شارەزایان و خوێندکارانی کۆلێژی زمانەوانی وریاتر بن و خۆیان ماندووتر بکەن بۆ داوەشاندنی وشە کوردییە رەسەنەکان لە گەردی مێژوو.

ئێستا خوێنەری بەڕێز دەبێ چاوەڕێی سەربردەی گۆرانیەکانم بێ کە کردوومەتە تایتلی ئەم پێش وشەیە. راستییەکەی ئەمن لێرەدا بە باشترم زانی هەموو ئەم گۆرانی یان هەڵبەستانەی کە لەم کتێبەدا باسم کردوون بە چیرۆکی پاشخانەکەیانەوە story background دەست پێ بکەم کە چۆن و کەی ئەو هەڵبەستەم بۆ هاتووە و کەی کردوومە بە گۆرانی. واتا:

"هەر هەڵبەست و موزیکایە

چیرۆکێکی لە پشتایە. "

بۆیە بە پێویستی نابینم لەم پێشەکییەشدا کاوێژی بکەمەوە.

جا فەرموون ئێوە و گۆرانییەکانم و سەربردەکانیان، ئەوانەی کە سەربردەیان هەیە.

هۆمەر

2
دەسپێکی هەڵبەست دانانم[1]

هەڵبەست و ئاواز کە لێک مارە دەکرێن گۆرانییان لێ لەدایک دەبێ. کە دەڵێم گۆرانی لێرەدا مەبەستم تەنها دەنگی مرۆڤ نییە بەڵکو هی مرۆڤ و هی ئامێری موزیکاڵیشە. لە موزیکی کلاسیکدا زۆرێک لە کۆمپۆزەرە ناودارەکـان هـۆنراوەی شـاعیرانیان دەهێنـا و ئاوازەکـانی خۆیـان بـۆ سیمفۆنیایەک یان بۆ هەر کارێکی موزیکاڵی دیکە لەسەر ئەو هۆنراوەیە دادەنا. بە واتایەکی تر، هەر چییەکی لە ناوەرۆکی هۆنراوەکەدا هەبوا ئەوان بە موزیـک، نەک بە دەنگـی ئینسـان، دەریـان دەبـڕی. هەنـدێ لەو فۆرمە موزیکالاّنە بە زارگۆی (jargon = استلاح)ی کلاسیک ئەم دوو تێرمەیان بۆ داندرابوو: (پرۆگرام موزیک program music = موزیکی بەرنامەدار) و (سـیمفۆنیک پـۆم symphonic poem = هـۆنراوەی سـیمفۆنیایی). ئەمەی دواییان بریتییە لە هۆنراوەیەک کە باسی شـوێنێک، دیمەنێـک یان رووداوێـک دەکـا کە کۆمپـۆزەر بە موزیـک نمایشـی دەکـات نەک بە دەنگی مرۆڤ. کۆمپۆزەری گەورەی هەنگاری فرانس لیسـت Franz Liszt بەو فۆرمە موزیکالاّنە ناسراو بوو.

دەڵێن بیری منداڵی تیژە. ئەمە بەڕاستی وایە. ئەمن بەبیرم دێت و ئەمڕۆش زۆر جـار لەگەڵ کـاک سـەعدی بـرا لەخـۆم گەورەترەکەمـا کە سـالاّنی منـداڵیمان دێتیـنەوە بەرچـاو باسـی ئەم چەنـد بەسـەرهاتەی منـداڵیی مـن دەکەین:

کە مـن هێشـتا نەچووبـوومە بەر خوێنـدن وا دیـارە جـگەلە دەنگخۆشـی

---

[1] مـن لێـرە لەم گوتـارە و لە هەمـوو نووسـینێکی تریشـمدا وشـەی (هەڵبەسـت) و (هۆنراوە) هەردوکیانم بۆ وشەی شیعر بەکار هێناوە.

مەیلی شیعر دانانیشم هەبووە. لە بەرایی چلەکانی سەدەی رابردوو لەگوندەکەی ئێمە دووگردکان هێشتا وزەی ئەلەتریک نەهاتبووە گوند و هێشتا (لۆکس)یش زۆر بلاو نەببووەوە تەنها فانۆس و لامپا و چرادان لە گوندەکانی کوردستان بەکار دەهاتن. شەوێکی هاوین کە لە حەوشەی ماڵەکەمان دانیشتبووین و ئەوەی هەبوو لە چرا و فانۆسیش هەمووی بۆ رووناک کردنەوەی شوێنی دانیشتن و لە ناندێنیش داندرابوون. ناو ژوورەکانی ماڵەکەمان تاریکستان بوون و پشیلەیەکی زۆریشیان لێ بوو. تەنها ژن و پیاوە گەورەکان ئەگەر کارێکیان لە ژوورەکانا هەبووا بۆیان هەبوو فانۆسێک یان چرادانێک لەگەڵ خۆیان بەرن، منداڵ کە بێ گومان بەو شەوە چ کاری بە ژوورەکانەوە نەدەبوو نەیاندەهێشت چرا ببات.

شەوێکیان دەبوایە بچمە ژوورەوە و پێم وایە بەدوای بەردەقانی (قۆچەقانی)یەکەما دەگەڕام بیهێنم بچم لەگەڵ منداڵەکانی ئاوایی شەڕە بەردەقانی بکەین. ئەڵبەت رێگام پێ نەدەدرا فانۆسێک یان چرادانێک لەگەڵ خۆما بەرم و بەو تاریکەسەلاتەش لە ترسی پشیلان رێم دانەدەگرت بچمە ژوورەوە. بیرم رۆیشت بۆ رێگایەک کە ترسەکەمی پێ برەوێنمەوە و لەپڕ ئەم چوارینەم بۆ هات:

ئەوی لە من دێتە دەر

هەتا بیکوژم بە خەنجەر

ئەوا خەنجەرم دەسک سپییە

ئەوا لەبەر پشتێم راکردییە

بەو حیسابە کە پشیلەکان گوێیان لە ناوی خەنجەر دەبێت ئیتر ناوێرن بەگژمدا بێن بە تایبەتی خەنجەری دەسک سپی کە لە دانەفیل (عاج) دروست دەکرا و لە خەنجەری دەسک رەش گرانبەهاتر بوو کە لە قۆچ

دروست دەکرا. بەمجۆرە ورەم دا بەر خۆم و هەڵستام رووم کردە چاوەی تاریکی پڕ پشیلە و تا تینم تیا بوو بە دەنگێکی بەرز و تۆنێکی(tone) خیتابی هەر دەڕۆیشتم و ئەم هەڕەشەیەم دەکرد و دەکردەوە . سەری گرت. بەبێ ترس چووم بەردەقانییەکەم دەرهێنا و هەر بەو شیعرۆکە پڕ لە گەفیشەوە بە سەلامەتی بۆی دەرچووم.

شەوان دایکم شیری لەژێر سەوەشیرا بۆ هەڵدەگرتم تا پێش نووستن یەک دوو پیاڵە شیری گەرمم بداتێ. شەوێکیان لە یاری ناو منداڵان گەرامەوە بۆ ماڵ و دایکم چوو شیرەکەم بۆ بکوڵێنێ بەڵام بینی کە پشیلە سەوەشیرەکەی هەڵدابوەوە و شیرەکەی خواردبوەوە. منیش چارم نەما و خەفەت و دڵساردبوونەوەی خۆم بەم بەیتە هۆنراوەیە دەربڕی کە یەکسەر بە خەیاڵمدا هات:

برسی برسیمە برسی برسیمە

پشیلەی سەگباب شیری خواردیمە

ئەو دوو دێڕەشم لەسەر ئاوازێکی باوی ئەو زەمانە دەگوت کە ئەمە بوو:

بە لاری لاری بە لار و لەنجە

خۆ من چیم نەگوت تۆ دڵەکەت رەنجە

زۆر جاری تریش بەو تەمەنەم چەند دێڕێک شیعری سادەم بۆ هاتووە و هەمیشە، هەر بە سەلیقە، میتەر و دوادەنگم فەرامۆش نەکردووە و هەر لە خۆشمەوە ئاوازێکی مۆنۆتۆنی سادەشم بۆ دادەنا. هۆنراوە و ئاواز هەر لە تەمەنێکی زۆر زووەوە، بێ ئەوەی خۆم هەستی پێ بکەم، لەناخمدا مارەیی خۆیان بڕیبوو.

ئاخر منداڵێکی پێنج شەشساڵی شیعرێکی بە میتەر و دوادەنگ (وزن و قافیە) و بە برگەی نالەنگ بە ئیرتیجالیی بۆ بێت بەڕاستی مایەی سەرنجی وردە. دوور نیە لایلایەی دایک بۆ بەبیلەی باوەشی یان ناو لانکەی ئەو

ئاوازە بەسۆزەی لە خوێنی زارۆڵەکەیدا رواندبێت و لە هەندێ منداڵان بەگەورەیی لێی بەدەر کەوتبێتەوە. لە رۆژئاوا بە منداڵی بەهرەدار دەڵێن (پرۆدیجی prodigy) و باوانیان لەو بوارەدا رێیان بۆ خۆش دەکەن و بەڕاستیش لە پاشەرۆژا دەبن بە شتێک، بە کەسایەتییەکی دیار لە بواری خۆیدا. بەڵام بە داخەوە لە کۆمەڵگای ئەوسا دواکەوتووی وەک ئەوەی ئێمە بە تایبەتی لە گوندەکانی کە لە مەلا بەدەر بە دەگمەن ئەگەر خوێندەوارێک هەبووایە، لەو کۆمەڵگایە ئەگەر کەسوکار هەستیان بە بەهرەمەندیی منداڵێکی خۆیان بکردایە یەکسەر بە جۆرێک گاڵتەپێکردنیشەوە دەیانگوت " قسەی چەند گەورەیە... قسەی!!!" و زۆر جار چەپەڵۆکێکیان پیا دەماڵی و دوو قسەی سووکیشیان پێ دەگوت. ئەمن لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆما بە دوور و درێژی باسی ئەم بابەتەم کردووە.

بەڵام یەکەم هۆنراوەی جیددیم لە تەمەنی نزیکەی پانزدە ساڵیما بوو. ئەوسا لە قۆناخی خوێندنی ناوەندیم بووم لە کەرکووک. بێجگەلە گۆرانییە کوردییەکانی کە لە رادیۆ گوێمان لێ دەبوون گۆرانی عەرەبی میسریش زۆر باو بوو کە لە سینەما و لە رادیۆ پێی ئاشنا دەبووین. لە گۆرانیبێژە عەرەبەکان ئەمن عبدالوهاب و فرید الاترشم زۆر خۆش دەویست. فرید گۆرانییەکی زۆر خۆشی دانابوو کە لە هەموو جیهانی عەرەب و لە ناو کوردانی عیراقیشا بووبووە ژمارە یەک، گۆرانی (یا عوازل فلفلو). پێم وایە ساڵ ١٩٥٢ بوو و هەڵستام وشەی کوردیم بۆ ئەو گۆرانییە دانا و دوو ساڵ دواتر، لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ چەند گۆرانییەکی کوردی ترا کە شیعری خۆم نەبوون لە بەشی کوردیی وێستگەی رادیۆی بەغدا تۆمارم کرد. گەنجەکان پێیان خۆش بوو بەڵام رەخنەی زۆرم لە لایەن گۆرانیبێژە ناودارە کۆنەکانەوە لێ دەگیرا. ئەم کۆمەڵە گۆرانییەم کە ئێوارەی ٥٤/١٢/٢٤ لە بەشی کوردی وێستگەی بەغدا تۆمار کردبوو ئەمڕۆ هیچێکیان نەماون. بەڵام ئێستاش شیعری ئەو گۆرانییەی خۆمم هەر لەبیر ماوە کە ئەمەیە:

ماچی یارێ

لیریکی کوردی و گوتنی: هۆمەر دزەیی (١٥ساڵی)

ئاواز: فرید الاترش

ماچ ماچ ماچم دەوێ لە یاری خۆم دەوێ
لە چاورەشێم دەوێ خەوم لێ ناکەوێ
بەبێی یارم شەوێ ماچ ماچ ماچ ماچم دەوێ

***

ئەی هاوار چیبکەم چیم لێ قەوماوە
هیچ سەبرم نایێ یارم تۆراوە
ناوەکەی هەردەم لەسەر زارمە
وێنەشی دایمەن لە خەیاڵمە
با بگریم بۆ یارم تا وشک ئەبێ زارم
قوربانت بێ ماڵم هەر لە دووت دەناڵم
ماچ ماچ ماچ ماچم دەوێ

***

لە دووری یارم بۆیێ غەمبارم
چەند نەخۆش کەوتم نەیپرسی حاڵم
تۆرانی وەهام هیچ نەدیتووە
خۆشم نازانم من چیم کردووە
وەرەوە بە میوانم فێنک کەوە گیانم
چیت گوت بیڵێ خانم عەبدی تۆم بە ئیمانم
ماچ ماچ ماچ ماچم دەوێ

* * *

هەڵبەستەکەم بە حیسابێکی ئەوها ورد دانابوو کە بڕگەکانی دێڕەکانی بە تەواوی لەگەڵ بڕگەکانی لیریکە عەرەبییەکەدا هاوکێش بن. بەڵام ناوەرۆکی هۆنراوەکەی من هیچ پەیوەندییەکی بە هۆنراوە عەرەبییەکەوە نەبوو. بێجگەلەوەش تا بۆم کرابێ هەوڵم داوە وشەی کوردی پەتی بەکار بێنم. جا ئێستا وا بیری لێ دەکەمەوە منداڵێکی پانزدە ساڵی کە نە هونەری هۆناندنەوەی هەڵبەستی خوێندبێت نە وانەی زمانی کوردی پەتیشی لە قوتابخانە وەرگرتبێت نە وانەیەکی موزیکیش، کەچی هەموو زانیارییەکانی لەو بوارانەدا لە ئەنجامی دیراساتی شەخسی خۆی بووبێت، یان هەر بە سەلیقە و بە ئیلهام بۆی هاتبێت، بێگومان ئەمە سەرنج رائەکێشێ. دوور نییە لایلایەکانی دایکم کاری خۆی لە هەست و هەناوم کردبێ.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوەش رابگەیەنم کە هەڵبەستی ئەو گۆرانییانەی کە وا لێرەدا لێیان دواوم ئەوانە هی خۆمن، هەرچی ئاوازەکانیانە ئەمانە زۆرترایەتی، نەک هەمووی، هی دانەرانی ناوداری میللەتانی جیاجیای ئەم جیهانەن. هەڵبەت زۆر گۆرانی تریشم هەن کە ناوبانگیان دەرکردووە و راستییەکەی هەر خۆیشم بەوانەوە ناوبانگم وەک گۆرانیبێژ دەرکرد ئەوانە نە شیعری منن نە ئاوازی منن و هەندێکیان هەر فۆلکلۆرن و دانەرەکانیان بە شیعر و ئاوازیشەوە کەس نازانێ کێن. من ئەوانەم نەخستۆتە ناو ئەم کتێبەمەوە.

تێبینییەکی دیکەش: هەموو ئەو هەڵبەستانەی خۆم کە لێرەدا بڵاوم کردوونەتەوە هەمووی هەڵبەستی گۆرانی نین و نەمکردوون بە گۆرانی چونکە زۆر درێژن و ئاسان نییە بکرێن بە گۆرانی. هەندێکیشیان وەرگێڕانی خۆمن بۆ کوردی لە زمانی ئۆریگینالی شاعیرانی ناوداری ئەورووپایی بە ئینگلیزی و فرانسی و ئەڵمانی و ئیسپانی.

3
گۆرانی (ئامادۆ مییۆ amado mio)
ئای کە کاری پێ کردم!

ســالآنی نەوجــوانی، بەتــایبەتی لە شــانز (دە)وە بــۆ ئــاخیرین (... دە)، خۆشترین سالآنی کچ و کوڕانە لە ژیانی هەموو کەسێکا. بە ئینگلیزی بە شانزدە ساڵییە کان دەڵێن (سویت سیکستین sweet sixteen = شانزدە شیرینەکە). مانگەکانی خوێندنی قوتابخانەی لێ دەربێنیت (لە هەولێر و کەرکوک و بەغدا) ئەمن تەمەنی نەوجوانیم تا نزیکەی هەژدە ساڵیم لە زاگەی خۆم، گوندی دووگردکان، بەسەر بردووە.

ساڵەها دواتر، ئەو خەون و خەیاڵە نەرم و نیان و ناسکانەی ئەو تەمەنەم لەو گوندە کە لە سێ گەڕەکەوە پێک هاتبوو بەم حەیرانە دەربڕیوە:

* دووگردگان لەمن دارەکی سێ لکە.

* دەمگۆ گەلی براو و برادەرینە ئەنگۆ وەرن بە چاوێ من بنۆڕنە بەژنێ ئەو کیژۆرەی چەندە نەرمۆکە لە گەڕێ شاییێ دەچەمێتەوە دەرێی لاولاوەی ناسک و شلکە.

* ئەوجا ئەمن دەمگۆتە ئەوێ نازدار حەیرانێ کچێ بابان وێران خۆزگەمان بە هەینێکە وەکی لە جێیێ ژوانێ دەگەیشتینە یێک ئەمن تازە دامنابوو خەتی سمێڕێ، ئەتو تازە داتدەنا بنیێ مەمکە.

ساڵ ١٩٥٣ بوو و ئەمن هێشتا لە قۆناخی خوێندنی ناوەندیم بووم لە کەرکوک. تەمەنم شانزدە ساڵ بوو. لەوێ دڵم چووە کیژۆڵەیەکی رەشتاڵەی ئاسووری ناو (لەیلا). لەیلا کچە بچکۆلەی دکتۆرێکی بەناوبانگی شاری کەرکوک بوو (دکتۆر پۆڵ مەلەک Dr. Paul Malak)

کە لای خەڵکەکە زیاتر بە (دکتۆر مەلیک) ناسراو بوو. ئەم خێزانە بە ڕەچەڵەک ئاسوری ئێرانیێ بوون بەڵام باریان کردبوو بۆ عیراق و لە کەرکوک نیشتەجێ ببوون. لەیلاش دەبێ هەر لە تەمەنی منا بووبێ چونکە ئەویش لە پۆلی سێی ناوەندی بوو. ئەمن لەیلام بۆ یەکەم جار لە هاوینەهەواری پیرمەم (مەسیف سەلاحەدین) ناسی کە ماڵە بابی بۆ ماوەی پشووی هاوینان خانوێکیان لەوێ بەکرێ دەگرت. پوورزاکانی منیش مەحمود، فوئاد، نەوزاد (کوڕانی ئەحمەد عوسمانی یەکەم پارێزگاری هەولێر و دواتر هی سلێمانی لە گەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق) ئەوانیش هەموو هاوینان خانوێکیان لە مەسیف بەکرێ دەگرت. زۆر لەو هاوینانە ئەمنیش لای پوورزاکانم لەوێ لە ماڵی ئەوان دەمامەوە. پوورزاکانی من و کوڕ و کچەکانی دکتۆر مەلەک دۆست و برادەری یەکتری بوون و کوڕەکان پێکەوە لە قوتابخانەی هایسکوولی ئەمەریکی لە بەغدا (Baghdad College) دەیانخوێند. لە مەسیفیش هەر پێکەوە دەبوون و زۆر شەوان بە نۆرە لەماڵی یەکێکیان دەبوو بە گوێگرتن لە موزیکی ڕۆژاوایی و دانسکردن.

جا لە مەسیف سەلاحەدین بوو کە بۆ یەکەم جار چاوم بە لەیلا کەوت و هەر یەکسەر خۆی کوتا بە بنەبانی دڵمەوە و حەزم لێ کرد. ئەو زەمانە لە شارەکانا، بەپێچەوانەی ناو گوندان، قسەکردن لەگەڵ کچێکی نەناسا ئاسان نەبوو و نەوجوانانی وەک ئێمە ئەگەر دەرفەتی قسەکردنێکیشمان لەگەڵ کچێکا بۆ بڕەخسایە نەماندەزانی چی پێ بڵێین و بە چی دەست پێ بکەین. نوتقمان دەگیرا.

لە بەرابیدا لەیلا ئاگای لە کوڵی دڵی من نەبوو. ئەمنیش هەر جارێکی لە مەسیف ئەوم بدیبا هەر بە عەزرەتەوە دەمڕوانییە ڕووی جوانی و بەژنی ناسک و نیانی و لە قووتدانەوەی لیکی ناو قوڕگم پتر هیچی ترم بۆ نەدەمایەوە. دوای ماوەیەک هەستم کرد ئەویش هەستی بەو

دیدارعەزرەتییەی من کردووە بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی ئەرێنیی بەرامبەر بە نیگا تینووەکانی من نەدەبوو و یەکسەر رووی لێ وەردەگێڕام. بەم هەڵوێستە، زیاتر ئاگری تێ بەردەدام.

هاوین بەسەر دەچوو نە لە منەوە هێمایەک، نە لەوەوە نیگایەک.

وەرزی خوێندن گەڕایەوە. لە کەرکوک لەگەڵ دارا ئەدیبی برادەری گیانی بەگیانی جوانەمەرگم رۆژانە دەچووینە بەردەم قوتابخانەی ناوەندیی کچان، دارا بە عەزرەت دیداری کچە کوردێکی ناو شیرین، ئەمن بە عەزرەت دیداری لەیلای ئاشوری خوێن شیرین. کچان دەهاتنە دەرەوە و دەڕۆیشتن ئێمەش هەردووکمان بە دەمچەفتی، بێ ئەوەی ورتە لە دەممانا دەربێت، بە سەرشۆڕی و بە قسەی پێشینانی کوردەوارییەکەی خۆمان "دەست لە گونان درێژتر" رێی ماڵەوەمان دەگرتەوە بەر. لێرەدا هەڵبەستە ناودارەکەی ئەحمەد هەردی (فاتیمە) کە عەلی مەردان کردی بە گۆرانی بەتەواوی بەسەر من و دارادا پیادە دەکرا:

زۆر کەڕەت هانم ئەدا داخی دەروونی پڕ گڕم
بۆتی هەڵڕێژم سکاڵای ناسکی گەرم و گوڕم
داخەکەم کاتێ کە دێمە بەردەمت واقی وڕم
وام ئەشێوێنێ بەجارێ نایەڵێ هیچ دەربڕم
بووکی رازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فاتمە
تاقە پرشنگێکی چاوت ئەو پەڕی ئاواتمە

ئەم حاڵەتە سایکۆلۆژییەی کە من لەگەڵ، یان باشترە بڵێم بەرامبەر بە، لەیلا تووشی ببووم کاریگەریی کردە سەر ناخم. ئەگەر رووبەڕووی لەیلا هیچم بۆ دەرنەبڕدرابێ، خۆ لەگەڵ خۆما بۆم هەڵدەڕێژرا. لە مەسیف لەو شەوانەی گردبوونەوەی دانس کردن لەو ماڵانەی کە دۆست

و برادەی یەکتری بوون چەند گۆرانییەکی رۆژئاوایی کارێکی زۆر عاتیفی و خرۆشانی تێ دەکردم. یەکێک لەو گۆرانیانە لەسەر ئاوازی دانسی ڤاڵس بوو کە زۆرم حەز لێی بوو و ئێستاش ئاوازەکەیم چاک لە بیرە بەڵام ناوی گۆرانیەکە کە بە ئینگلیزی بوو ئەوەم لەبیر نەماوە. ئیتر ئێوارەیەکیان نۆرەی گردبوونەوەکە ماڵی پوورزاکانی من بوو و من لە دەرەوە بووم. لەیلاش لەگەڵ خوشک و براکانی چووبووە ئەوێ. جا کە گەڕامەوە بۆ ماڵ بینیم موزیک و دانس و هەرایە و لەیلاش لەوێ یە. ئەمن هەر سەیری دانسکەرەکانم دەکرد هەر یەکە کچێکی لە باوەشایەو لەگەڵ ریتمی ڤاڵسا پێچی پێ دەکات. منی بەدبەختیش کە لەخۆم رانەدەدی بچم داوای دانس لە لەیلا بکەم، هەر سەیریم دەکرد و بەخەیال کە ئەوم لە باوەشایە هەر ئاوی ناو دەمم قووت دەدایەوە و ئەویش هەر رووی لێ وەردەگێڕام. خۆی شەرم و بێ دەسەلاتیی من لەوەشدا بوو کە ئەوان کوڕەکانیان هەموو لە هایسکوولە ئەمەریکیەکەی بەغدا دەیانخوێند کە بە زمانی ئینگلیزی بوو و بۆ فیزیش زۆر جار لەگەڵ یەکتری بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد و تێکەڵییەکی پێشتری ئاساییشیان لەگەڵ کچانا هەبوو و دانسیشیان دەزانی. منێکی لادێ یی پەروەردەی گوندێکی رەق وتەق و دوور لە شارستانییەت ئەمن وا نەبووم، من هەستم دەکرد کە ئاستی رۆشەنبیریی من لە هی ئەوان زۆر نزمترە. زمانەکش، نەک هەر ئینگلیزییەکە، کورە خۆ عەرەبییەکشم بە رەوانی نەدەزانی. جا لە درەنگانی شەو کە میوانەکان رۆیشتن منی بێچارە ئەم هەڵبەستەم بۆ هات هەر لەسەر ئاوازی ڤاڵسەکە بەڵام بەداخەوە ئێستا هەر ئەم چەند دێڕەم لێ لەبیر ماوە:

ئەسمەرێکی خوێن گەرم

زۆرم لێ ئەکرد شەرم

چوومەوە بۆ ماڵ ئێوارە

تێکەڵ ببوون کچ و کوڕ

ئەویان وا لەناو دیارە

لە جێگای خۆم مام سەرسوڕ

بە ئاوازی ڤالس و تانگۆ و

سامبا و پێکەنین ...

***

دەرەنجام وسەرەنجامی ئەم حەزە یەک لایەنەم هەڵبەستێکی جددیترم بوو بۆ لەیلا کە بۆ ئاوازی گۆرانییەکی زۆر زۆر باوی ئەو سەردەمەم دانا، گۆرانی (ئامادۆ میۆ amado mio) کە بە ئیسپانی واتا (خۆشەویستەکەی من). ئەو مێلۆدییە بێ ئەندازە عاتیفییە بە زۆرێک لە زمانە ئەوروپییەکان و لەلایەن گەلێک هونەرمەندە ناودارەکانەوە گوترابوو. هەر خۆم ئەوسا بە ئینگلیزی و ئیتالی فێری ببووم کە هێشتا هیچێک لەو زمانانەشم نەدەزانی. ئەوە بوو کە ئاوازەکەم وەرگرت و بەو شانزدە ساڵییەی خۆم وشەی کوردیم بۆ دانا و تایتلەکەشم (ئامادۆ میۆ) گۆڕی بە (لەیلا پۆڵ مەلەک) کە لێرەشدا هەردوو تایتل لە پێنج بڕگەوە پێک دەهاتن.

ئەم گۆرانییەم ئەوەتا لە ساڵی ١٩٥٣وە هەڵگرتووە و ئێستا دوای پتر لە شەست دانە ساڵ وا لە ستودیۆی برادەری خۆشەویستم هونەرمەند دکتۆر ع.ج.سەگرمە و هاوکارە موزیسیانە لێهاتووەکانی لە سلێمانی تۆمارمان کردووە و بەم زووانە دەکەوێتە بازاڕەوە.

ئامادۆ میێۆ amado mio

نووسینی لیریکی ئینگلیزی و ئاوازی: دۆریس فیشەر/ئالان رۆبێرتس
Doris Fisher/Allan Roberts

لەیلا پۆڵ مەلەک

لیریکی کوردی و گوتنی: هۆمەر دزەیی Homer Dizeyee

ئاواز: دۆریس فیشەر/ ئالان رۆبێرتس

لەیلا پۆڵ مەلەک

تۆ دڵت پێکاوم

بە تۆوە گیرساوم

تۆی ژینی من

من بۆت نەماوم

شەو بۆت گریاوم

زەردەخەنەکەت

بۆی سووتاوم

***

چاو کارمامزی دەشتێ

بەژنت لاولاوە

ئای کە لەو جوانییەی

خوا بە تۆی داوە !!

کیژۆڵە رەشتاڵە

***

وا لەبەر چاومایە

ئەم رووە جوانە

شەونمی مەمکت

بۆ من دەرمانە

شیرنەی شانزەساڵە

***

لەیلا پۆل مەلەک

ئەم لێوە نیانە

مژێکی بۆ من

ئاوی ژیانە

***

لەیلا پۆل مەلەک

ئەی فریشتەی کوشتە

ئەو جێی تۆی لێ بێ

بۆم بەهەشتە

***

ئاخۆ ئەبێ رۆژێ

بێمەوە یادت

جێم گرتبێ لەناو

دڵەی بێ دادت

یان ئەبمە نامرادت

لەیلا پۆڵ مەلەک

دە وەرە باوەشم

بتوێوە لەناو

گیان و لەشم

***

وەکو بیستم ماڵەبابی لەیلا لەمێژە عیراقیان بەجێ هێشتووە و بۆ یەکجاری باریان کرد بۆ کەنەدا، ئیتر ئاگام لێیان برا.



لەیلا پۆل مەلەک

4
(باخچەی پاشا) و (قژکاڵی لێوئاڵی)
هەڵبەستەکان و ئاوازەکان هی کێن؟

ئەو بەڕێزانەی کە ڕەنگە ئاگاداری باکگراوندی ئەم دوو گۆرانییە نەبن کە من پێیانەوە وەک هونەرمەندی گۆرانبێژ ناوم دەرکرد حەز دەکەم بزانن کە ئەو دوو گۆرانییە نە بە هەڵبەست، نە بە ئاواز هی من نین. نە منیش یەکەم کەس بوویم ئەم دوو گۆرانییەم لە رادیۆ بڵاو کردبێتەوە. هۆنراوەکان هی شاعیری گەورە گۆرانن. چیرۆکی ئاوازەکان و یەکەم کەسیش کە گوتبی وا لە خوارەوەی ئەم گوتارەدا بۆتانی دەگێڕمەوە.

یەکەمیان کە لەناو خەڵکا بە (باخچەی پاشا) ناوی دەرکرد لە راستیدا ئۆپەرێتێکی عەبدوڵا گۆرانە بە ناوی (گوڵی خوێناوی) کە بیستوومە ئەویش ئیلهامەکەی لە شیعرێکی رۆژئاواییەوە وەرگرتبوو کە لە بیرم نەماوە هی کێ یە و هی چ میللەتێکە. هەرچی (قژکاڵی)یە ئەمەیشیان هەر هەڵبەستی گۆرانە بە سەرناوی (جوانی بێ ناو) کە پێم وایە گۆران لە سەفەرێکی بە شەمەندەفەر لە دەرەوەی عیراق بە رێکەوت کچێکی بیانی زۆر جوانی لەناو ترێنەکەدا دیوە و دواتر ئەم هەڵبەستەی لەسەریا داناوە.

ئەمە دەربارەی نووسینی هەڵبەستەکان کە لە دیوانی (بەهەشت و یادیگار)ی گۆرانا بڵاو بوونەتەوە. ئینجا ئاوازەکان؟ ئاوازەکان هی کێن؟

تا پێموایە نزیکەی دە ساڵێکیش لەمەوبەر کەس نەیدەزانی کێ ئاوازی بۆ ئەم دوو گۆرانییە زۆر سەرکەوتووانە داناوە. ئەوەی کە لە ئاوازی ئەم دوو گۆرانییە سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە لادانێکی زۆر بەرچاوە لە ترادیسیۆنی گۆرانی کوردی ئەو سەردەمەی کە ئەو دوو گۆرانییەی لێ بڵاو بووەوە، ساڵی ١٩٤٨. ئەو دوو ئاوازە نامۆ بوون بۆ گوێچکەی

کوردی ئەو زەمانە. زۆر کەس وای دەزانی هی رەفیق چالاکن. بەڵام ئەمن خۆم گەلێک جار لەگەڵ کاک رەفیقی رەحمەتی شاعیر و دەنگخۆش و پێکەوە لەگەڵ زۆر برادەرانی تریش لە سلێمانی لە ماڵان دانیشتووم و من ئەم گۆرانییانەم بۆ دەگوتن کە یەک تاکە جاریش لە کاک رەفیقم نەدەبیست بڵێ کە خۆی دانەری ئاوازی ئەم گۆرانییانەیە. بەڵێ راستە رەفیق چالاک شاعیرێکی بەتوانا و هونەرمەندێکی دەنگ بە سۆز بوو بەڵام نەمانبیستبوو ئاوازدانەر (ملحن) بوویێت یان نۆتەی موزیکی خوێندبێت. ئاوازی ئەو دوو گۆرانییە زۆر جیایە لە ئاوازی مۆنۆتۆنی زۆرترایەتی ئاوازە فۆلکلۆرییە کوردییەکانی ئەو سەردەمە ئەگەر کلاسیکەکانی وەک حەیران و لاوک و بەیت و دەزگاکان (مەقامات)ی لێ بترازێنین. ژەنیار و دەنگبێژ زۆر بە ئاسانی، بێ نۆتەی موزیکاڵ دەتوانن ئاوازە فۆلکلۆرییە کوردییەکان بژەنن و بچڕن چونکە سادە و بێ پێچ و پەنان. بەڵام باوەڕ ناکەم هیچ هونەرمەندێک توانییەتی ئاوازی فرە ئاڵۆزی ئەو دوو گۆرانییە بەبێ نووسینەوەی نۆتەی موزیک دابنێ. رەفیق چالاک، خۆم ئاسا، نۆتەی نەدەزانی، ئێمە ئەوەمان نەخوێندبوو. خۆ ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لە چلەکانی سەدەی رابردوو لەوانەیە کورد یەک ئاوازدانەر (ملحن)ی بە نۆتەی موزیکاڵ هەر نەشبووبێ.

ئەمەیان ئاوازی گۆرانییەکان و رەفیق چالاک.

بەڵام دیسان چەند ساڵێک لەمەوبەر هەر لەو بارەیەوە شتێکم لە کۆڤارێکی کوردی تاراوگە خوێندەوە کە لە ئەورووپا دەردەچوو. کۆڤارەکە چاوپێکەوتنێکی تێدا بوو لەگەڵ هونەرمەندی ژەنیار و دەنگخۆش قادر دیلان کە هەنگی لە چێکۆسلۆڤاکیای جاران دەژییا. کاک قادر لە چاوپێکەوتنەکەدا دەڵێ کە ئەو خۆی دانەری ئاوازی گۆرانی (جوانی بێناو)ە کە بە (قژکاڵی لێوئاڵی) ناسراوە. جا تا قادر دیلانی رەحمەتی لە سلێمانی بوو نە کەسێک نە خۆیشم لێمان نەبیستبوو

شتی وا بڵێ. نازانم چۆن لە دەرەوەی وڵات وای گوتووە. بەڵام شتێک هەیە: دوور نییە مەبەستی کاک قادر دەسکاریکردنەکەی خۆی بووبێ لە گـۆرانی (قژکـاڵی لێوئـاڵی) کە جازانـدبووی واتـا بە شـێوەی جـاز و بە گۆرانکـارییەکی زۆرەوە بە دەنگــی خـۆی بـڵاوی کـردەوە. ئەمە تـا ئەندازەیەک پاکانەی بۆ دەکرێ ئەگەر بڵێ پێشکەشکردنی ئەم گۆرانییە بەم ستایلە جیاوازە ئەوە زادەی خەیـاڵی منە و ئاوازە ئۆریگینـاڵەکە هـی فڵانە کەسە، ئەگەر بیزانێ. ئەوەش قادر دیلان.

خولەی حەمەی لەیلێ و ئەو دوو گۆرانییە

خـۆی یەکەم کەس کە ئەو دوو گـۆرانییەی گوتبێـت و لە وێسـتگەی رادیۆی کوردی بەغداشا بڵاوکرابێتەوە هونەرمەندی دەنگخۆش مەحمود محەمەد ناسراو بە
(خــولەی حەمەی لەیلــێ) بــوو، یــادی بەخێــر. پــێم وایە ســـاڵی بڵاوبوونەوەشیان ١٩٤٨ بـوو. ئاشـنایەتی منیش بەو دوو گـۆرانییە هەر بە رێگای کاکە خولەی رەحمەتی بوو.

ساڵ وابزانم ٤٨ بوو، بمەلەرزەیەکی گەورە لە پێنجوێنی دابوو و زیانێکی زۆری بە شارەکە و دانیشتوانی گەیاندبوو. لە سلێمانی تیپێکی شانۆگەری و گۆرانی و موزیکیان دامەزراندبوو و بە شارو شارۆچکەکانی کوردستانا دەگەڕان بۆ کومەک کۆکردنەوە بۆ لێ قەوماوانی پێنجوین. تەمەنم یانزدە دوانـزدە سـاڵێک دەبـوو و چـاکم لەبیـرە کە تیـپەکە هـاتە هەولێـر و بەرنامەکانی خۆی لە قوتابخانە سەرەتاییەکەی خۆم (مدرسة اربیل الاولی الابتدائیـة) نمـایش دەکـرد. لەو ئەکـتەر و دەنگخۆشـانەی کە لەو تیـپە گەرۆکە لەبیـرم مـابن رەفیـق چـالاک و شـێخ رەزای گـولانی و کەمـال حسێن و خولەی حەمەی لەیلێ بوون. رەفیق و شێخ رەزا ئاکتەر بوون لە شـانۆگەرییەکدا بە نـاوی (لە رێــی نیشــتمانا) کە وا بــزانم تەرجــومەی شانۆگەرییەکی بیانی بوو. هەروەها ئۆپەرێتێکیشیان نمایش کرد بە ناوی

(گوڵی خوێناوی) کە هەڵبەستی گۆران بوو بەڵام زۆر درەنگتر بیستم ئەویش بیرۆکەکەی هەر لە ئەدەبیاتی رۆژاواوە وەرگرتبوو. ئەو سەردەمە شارستانییەت لە کوردستان هێشتا وا پێش نەکەوتبوو کە کچان لەپاڵ کوران بەشداریی لە شانۆگەریدا بکەن بۆیە لەبیرمە لەو شانۆگەرییەی (گوڵی خوێناوی)دا کوڕەلاوێکی زۆر جوانیان هێنابوو (کەمال حسێن)، سوورە و سپیاویان کردبوو، بەرگی کوردی ژنانیان لەبەرکردبوو و رۆڵی کچەکەی دەدی. جا (خولەی حەمەی لەیلێ)ش ئەو گۆرانییە و گۆرانیی (جوانی بێناو)ی ئەویش هەر هەڵبەستی (عەبدوڵا گۆران)ی لەو بۆنەیەدا پێشکەش دەکرد کە بۆ ماوەی چەندین شەو زۆر بە سەرکەوتوویی لە هەولێر نمایش کران.

کەمال حسێن دواتر بوو بە پزیشک و بەداخەوە لەم ساڵانەی دوایی لە عەممانی ئوردن کۆچی دوایی کرد.

جا من لەو شەوانەی کە لەگەڵ براکانما دەچووینە شانۆگەرییەکە ئاشقی ئەو دوو گۆرانییە و دەنگە بەسۆزەکەی خولەش بووم. هەر یەکسەر هەردوو گۆرانیم ئەزبەر کرد و لە بۆنەی جیا جیادا دەمچڕی.

چەند ساڵێک ئەو دوو گۆرانییەم هەر کتومت بە لاساییکردنەوەی ستایلەکەی خولە دەگوتەوە. بەڵام لە سەرەتاکانی پەنجاکانا لە کەرکووک کە کەوتمە ژێر کاریگەریی موزیکی رۆژاوا ستایل و تایبەتمەندیی خۆم لە گۆرانی گوتنا لێ بەدەر کەوت و رێچکەیەکی زیاتر رۆمانسییانەم گرتە بەر. ئەوە بوو کە دواتر، ساڵی ١٩٥٥ ئیتر بارم کرد بۆ ئەورووپا و لەوێ ستایلەکەم زیاتر بەرگ و رەنگێکی تایبەتیی وەرگرت و بە زۆرێک لەو گۆرانییە کوردییانەی کە هەر لە منداڵیمەوە فێریان بووم دادەچوومەوە و بەو ستایلە نوێیەی خۆمم دەگوتنەوە.

زۆر درەنگتر لە کۆتایی شەستەکانا لە سەردانێکم بۆ بەغدا چەند ئێوارەیەکی خۆشم لەگەڵ کاک خولەی رەحمەتی و کاکە دزەیی

رەحمەتی ئامۆزام بەسەر برد. لەو دانیشتنانەدا هەرگیز لە خولەشم نەبیست بڵێ ئەو ئاوازانە هی ئەون و راستییەکەی دیار بوو ئەویش نەیدەزانی هی کێن.

خولەش هەو نەبوو.

ئەحمەد دڵزار گرێ کوێرەکەی کردەوە

جارێکیان، چەند ساڵێک لەمەوبەر کۆڕێکی هەڵبەست خوێندنەوەم هەبوو لە بارەگای یەکیەتی نووسەرانی کورد لە هەولێر. لە پرۆسەی پرسیاری گوێگران لەپڕێکا کاک جیهانبەخش کۆیی لیم هەڵسایە سەر پێ و گوناهباری کردم کە گۆیا ئەمن ئاوازی ئەو دوو گۆرانیانەم (باخچەی پاشا) و (قژکاڵی لێوئاڵی) م کردبێتە هی خۆم. منیش بەڕاستی ئەو قسانەی کاک جیهانبەخشم زۆر لا سەیر بوو و گلەییم کرد دەبێ ئاگای لە نووسین و چاوپێکەوتنەکانی من نەبێ کە هەمیشە گوتوومە " تا ئێستا کەس نازانی ئۆریگیناڵی ئەو ئاوازانە هی کێن". ئاخر چۆن دەبێ گوتبم هی منن کە خۆم بۆ یەکەمجار لە تەمەنی یازدە دوازدە ساڵیا لە ساڵی ١٩٤٨ لە خولەی حەمەی لەیلێ فێریان بووبم !!! خۆ کاک جیهانبەخش دەیتوانی ئەو ئەرکە سووکە بکێشێت هەر نەبێ پرسیارێک لە ئەنوەر قەرەداخی بکات کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ ئەوا لە کۆنسێرتی بەغدا بڵاومان کردەوە. ئایا من گوتوومە ئەو ئاوازانە هی منن!؟

خۆشبەختانە، شاعیری گەورە مامۆستا ئەحمەد دڵزار دیار بوو ئاگای لەو مشتومڕەی نێوان کاک جیهانبەخش و منا هەبووە زۆر پوختە هەڵستا گوتارێکی پێموایە لە رۆژنامەی خەبات دا بڵاوکردەوە و تیشکی خستە سەر ئەو تەلیسمە تەماوییە و گرێ کوێرەکەی بۆ کردینەوە.

پوختەی گوتارەکەی دڵزار کە لە (خەبات)ا بڵاوی کردەوە بەم جۆرە بوو:

لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا بریتانییەکان لە شاری (یافا) ی ئەوسا

فەلەستینی، ئێستا ئیسرائیلی، لە ناو زۆر زمانانی جیهانا وێستگەیەکی رادیۆی بە زمانی کوردیشیان کردبووەوە. دڵزار دەڵێ، ئەو کوردانەی کە ئەو رادیۆیەیان بەڕێوە دەبرد عەبدوڵا گۆران و عادل عرفان و رەفیق چالاک و رەمزی قەزاز و چەند کەسێکی تریش بوون. دڵزار پێدا دەچێت و دەڵێ کە ئەو خۆیشی سەربازی (لێڤی levi) بووە کە یەکەیەکی سەربازی بریتانی بنکە لە (حبانیة)ی عیراقا بوو. ئەو یەکە سەربازییە لە کاتی شەڕی دووەما نێردرابوو بۆ فەلەستین.

مامۆستا دڵزار بەردەوام دەبێت و دەڵی ئێوارەیەکیان لەگەڵ عەبدوڵا گۆرانا لە شەقامێکی شاری یافا پیاسەیان دەکرد. دەڵی بەرامبەریان کابرایەک هات و لەگەڵ گۆرانا دەستیان کردە ملی یەکتری و چاک و چۆنییەکی گەرم و گوڕیان کرد. دەڵێ کە کابرا رۆیشت ئەویش لە گۆرانی پرسیوە ئەو کابرایە کێ بووە و دەڵی گۆران پێی گوتووە ئەوە موزیککارێکی فەلەستینییە ناوی (عبدالوهاب محمد)ـە و بەرپرسی کاروباری موزیکی رادیۆکەیانە و ئەو کەسەیە کە ئاوازی بۆ ئەو دوو شیعرەی گۆران (گوڵی خوێناوی) و (جوانی بێ ناو) داناوە.

ئەمە پوختەیەکی نووسینەکەی مامۆستا ئەحمەد دڵزارە کە باسی ئاوازی ئەو دوو گۆرانییەی کردووە. زۆر ڕێشی تێ دەچێت کە وا بێ چونکە لە سەرەتای چلەکانەوە موزیککارانی عەرەب بگرە هونەرمەندانی گەورەی وەک عبدالوهاب و فرید الاترش و هی تریش خەریک بوون لە ترادیسیۆنی ئاوازی (مواویل)ی کۆنی عەرەبی لایان دەدا و ئاوازی رۆژاوایی کاری تێ دەکردن.

ئەوەش ئەحمەد دڵزار.

دەرەنجام:

یەک: هەڵبەستەکان دیارە هی کێن چونکە لە دیوانی گۆران دا بڵاو بوونەتەوە. دوو: ئاوازەکانیش وا بە پێی ئەم چیرۆکەی مامۆستای شاعیر ئەحمەد دڵزار کۆیی دیارە لەلایەن هونەرمەندێکی عەرەبی فەلەستینییەوە دانراون. جا هەر کەسێکی دیکە ئیدیعای خاوەنداریتی ئەو ئاوازانەی کردبێ راست ناکات. بەڵام لە هەموو دونیاشا هەر هونەرمەندێک بۆی هەیە ئاوازێک دەسکاریی بکات تا لەگەڵ ستایلی تایبەتی خۆی بیگونجێنێت بە مەرجێک ناوی دانەرە ئۆریگیناڵەکە پشتگوێ نەخات. دەتوانی بنووسێ

دانەری ئۆریگیناڵ: فلان

ئەداپت adapt: فیسکە.

تێ بینی: ١ - گۆرانی (قژکاڵی لێوئاڵی)م بۆ یەکەم جار لە کۆنسێرتێکی بە بۆنەی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٩ لە هۆڵی (قاعة الخلد) لە بەغدا پێشکەش کرد بە یاوەریی تیپی موزیکی سلێمانی کە کاک ئەنوەر قەرەداخی سەرپەرشتی دەکرد. لێرەدا ناکرێ رۆڵی بەرچاوی هونەرمەندی کۆچکردوو کاک شەوکەت رەشید لەبیر بکرێت کە بە سۆزی کلارینێتە غەمگینەکەی رەنگێکی زۆر دڵکەشی بەو گۆرانییە وەردەکرد.

٢ - گۆرانیی (باخچەی پاشا)شم دیسان هەر لەگەڵ کاک ئەنوەر

قەرەداخـی و تیـپە موزیکـاڵەکەی لە کۆنسـێرتی نەورۆزی سـاڵی ١٩٧٠ پێشـکەش کـرد کە بە بـۆنەی رێکەوتنـی یـازدەی ئـازار هەر لە (قاعـة الخلد)ەکەی بەغدا گێڕدرا.

باجچەی پاشا



قژکاڵی لێو ئاڵی



5
چیرۆکی گۆرانی
(تاقانە غونچەکەی باخی ژیانم)

ساڵ پێموایە ١٩٤٨ یان ١٩٤٩ بوو. کاک عارف محمد عەلی کەریم کوڕەلاوێکی هەڵەبجەیی بوو و لەگەڵ کاک حەمە سەعیدی برا گەورەی کە بە (مدیر اشغال)ی هەولێر دامەزرابوو ئەویش هاتبوو و لە هەولێر چووبوە بەر خوێندن. کاک عارف لەگەڵ کاک ئەنوەری برا گەورەی منا لە قوتابخانەی سانەوی هەولێر دەیانخوێند و ببوون بە برادەری زۆر نزیکی یەکتری. کاک عارف دەنگێکی زۆر ناسک و هێمنی هەبوو لە گۆرانی گوتنا و خولیای شیعر و ئەدەبیاتیش بوو. جارێکیان لە ماڵەکەی ئێمە لە هەولێر کاک عارف رووی کردە منی یانزدە دوانزدە ساڵی و پێی گوتم عومەر گیان، گۆرانییەکی زۆر تازەبابەت پەیا بووە کە ئاوازەکەی لە گۆرانییەکی یۆنانییەوە وەرگیراوە بە ناوی (ماتیاسسۆ) واتا (چاوە ڕەشەکان). گوتی شاعیری خۆشمان ئەحمەد هەردی هەڵبەستێکی زۆر دڵڕفێنی بۆ ئەو ئاوازە خۆشە داناوە. گوتی حەز دەکەم ئەم گۆرانییەت فێر کەم چونکە هەست دەکەم تۆ حەزت لەم چەشنە ئاوازانەیە و بە دەنگی تۆ شتێکی زۆر دەگمەنی لێ دەردەچێ.

جا کە کاک عارف گۆرانییەکەی بە دەنگە نەرمەکەی خۆی چەند جارێک بۆ گوتم ئەو مێلۆدییە یەکسەر خۆی کوتا بە بنەبانی دڵما. ئاخر ئەو ئاوازە یۆنانییە یەزدانییە و ئەو وشە کوردییە ناسکانە هەر دەتگوت فریشتە و پەری لە ئاسمانەوە هاتوون لەناو هەست و هەناوی منا بیرڕوێنن، منێکی کە هەر بە زگماک ئەم ستایلە هێمن و رۆمانسییەم تیا زابوو. هەر ئەو رۆژە لەبەرم کرد و هەر بۆنەیەکی تایبەت بڕەخسایە ئەو گۆرانییەم پێشکەش دەکرد کە هێشتا منداڵیش بووم.

دوای ٢٧ ساڵ ئینجا بڵاو بووەوە

لە ساڵی ١٩٤٨ەوە تا ١٩٧٤ ئەم گۆرانییە لای خۆم بە پەنهانی مابوەوە و بەدەر لە دانیشتنی تایبەتی ناو برادەران لە هیچ رادیۆ و تی ڤییەکا بڵاوم نەکردبوەوە.

لە نیوەی یەکەمی حەفتاکانا من لە باڵیۆزخانەی عیراق لە ڤیەننا کارمەند بووم. بۆ ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٤ بەڕێوەبەری گشتیی رادیۆ و تی ڤی عیراق بەڕێز محمد سعید السحاف بەرێگای وەزارەتی دەرەوە داوای منی کردبوو بۆ چەند رۆژێک بگەڕێمەوە بۆ بەغدا بۆ تۆمارکردنی چەند گۆرانییەک بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە. چووم و ئەو گۆرانییە و چەند گۆرانییەکی دیکەشم بە کلیپ بۆ تی ڤی عیراق و کەرکوک تۆمارکرد. ئەم گۆرانییەم بە دوو شێوە لە ستودیۆی تی ڤی بەغدا تۆمار کرد. جاری یەکەم بە یاوەریی تەنها یەک پیانۆ. بۆ ئەوە، هونەرمەندێکی پیانیستی زۆر لێهاتووی میسرییان بۆ هێنام کە ناوەکەیم بەداخەوە لەبیر نەماوە. ئەم پیانیستە کە هەر یەک جار گوێی لە گۆرانییەکەم بوو یەکسەر موزیکێکی زۆر گونجاوی بۆ دابەش کرد و بەم جۆرە لە ستودیۆی تی ڤی بەغدا وەک کلیپ تەنها خۆم و پیانیستەکە تۆمارمان کرد. جارێکی تریش هەر بۆ ستودیۆی تی ڤی بەغدا و پێم وایە هی کەرکوکیشم تۆمار کرد ئەمجارەیان لەگەڵ گرووپێکی موزیکاڵی زۆر رێکوپێکی ئەرمەنی بەغدایی.

ئەمەش دەقی گۆرانییەکەیە:

تاقانە خونچە

(ڤێرژنی یەکەم)

هەڵبەست: ئەحمەد هەردی


ئاواز: یۆنانی (گۆرانی ماتیاسسۆ)

موزیک: یەک پیانیستی میسری

گوتنی: هۆمەر دزەیی
تاقانە خونچە
(ڤێرژنی دووەم)
هەڵبەست: ئەحمەد هەردی
ئاواز: یۆنانی (گۆرانی ماتیاسسۆ)
موزیک: گرووپێکی ئەرمەنی بەغدایی
گوتنی: هۆمەر دزەیی

تاقانە خونچەکەی باخی ژیانم
زیندووکەرەوەی ئاواتی بێ گیانم
رۆشەنکەری رێگەی ژین و مانم
***
با لە دەستی ژینی پەستی
شار و دێ
راکەین و روو بکەینە
چۆڵ و وەردێ
ناو وەردێ
تەنیا وەک ئاسکۆڵەی کۆسار
لەقەد پاڵی شاخی هەزار بە هەزار
***
لە سای سێبەری درەختی ناو گوڵزار
کونجێ بکەین بە هێلانە و هەوار
دەس لە گەردن
تاکو مردن
شۆخ و شاد
غەمی دونیا بە ماچ بدەین بە باد

گۆنات هەڵمژم پڕ بە دەم
سوور هەڵگەڕێی هێندە ماچت کەم
تاقانە خونچەکەی باخی ژیانم
***



ئەم گۆرانییە بە هەردوو ڤێرژنی لە ئەلبوومی بە ناوی (ماچی بێ دوایی kiss without end)مدا هەیە.

بۆ زانیاری:

کاک عارف کە ساڵی ١٩٤٨ ئەم گۆرانییەی فێر کردم هێشتا خۆی خوێندکاری ئامادەیی بوو لە هەولێر. زۆر دواتر بوو بە دیپلۆماتێکی سەرکەوتوو و باڵیۆزی عیراق لە زۆر وڵاتانی جیهانا و ناجیحە خانی موحسین ئاغای کچە پوورزای منیشی کرد بە هاوسەر. داخی گرانم هەردووکیان ئەم دونیایەیان بەجێ هێشتووە، یادیان بەخێر و کوڕێکیان لەپاش ماوە بە ناوی شوان کە لە ئەمەریکا دەژی. کاک حەمە سەعیدی براگەورەی کاک عارفیش کە ساڵی ١٩٤٨ (مدیر اشغال) بوو لە هەولێر و کاک عارفی برای بچووکی لەوێ لەگەڵیا دەژییا بەداخەوە ئەویش لە کیمیابارانەکەی هەڵەبجە لە بەهاری ١٩٨٨ شەهید بوو. کاک ئەنوەری برا گەورەکەی منیش کە بوو بە دکتۆر و لە ئاڵمانیا دەژییا داخی گرانم ئەویش پێرار ماڵئاوایی لێ کردین. دواهەواری هەموویان بەهەشتی بەرین بێ.

6
گۆرانی
(ئامینێم تاقانەی دایێ)

گۆرانی (ئامینێم تاقانەی دایێ) یەکێکە لەو گۆرانییە کۆنانەی کە ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم رەنگە بۆ یەکەم جار لە نیوەی یەکەمی چلەکانی سەدەی بیستەما گوێم لێ بووبێت. بەڵام چونکە ئەوسا زۆر منداڵ بووم تەنها ئەم دوو دێرەم لەبیر مابوو:

ئامینێم تاقانەی دایێ

سەت بریا یار لێرە بایێ

ئەو گۆرانییە لەلایەن هیچ گۆرانیبێژێکەوە لە رادیۆ بڵاو نەکرابووەوە و خۆ هەنگی تیڤیش هەر نەبوو. ئەمن ئامۆزایەکی زۆر دەنگخۆشم هەبوو کە دواتر بوو بە خەزووریشم (حوسێنی عەلی ئاغای دزەیی). جا پێم وایە دەبێ بۆ یەکەم جار لەوم بیستبێ و هەڵبەت ناشزانم ئەو خۆی لە کێی فێر ببوو.

ئەمن بۆ نزیکەی بیست ساڵێک ئەم گۆرانییەم هەر لە بیریش نەمابوو چونکە نە کەس لە رادیۆ گوتبووی نە لە هیچ کۆڕێکی دانیشتنی دۆست و برادەرانیشا گوێم لێ دەبوو.

عەلی مام رەزا بیری خستمەوە

نەجاتی عەبدە بۆی زیاد کردمەوە

وەکوو گوتم ساڵان هاتن و ساڵان چوون ؛ تا پایزی ساڵی ١٩٦٣ ئەم

گۆرانییە خۆشە بۆ من وەک بەردی بن گۆمێ وابوو. لە زستانی ئەو ساڵە دوای رووخانی رژێمی عبدالکریم قاسم تەبای زۆر کوردی هەندەران منیش بە سەردان لە پاریس گەڕابوومەوە بۆ کوردستان و بۆ ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێک بە پێشمەرگایەتی مامەوە. لەو ماوەیەدا رادیۆی (دەنگی کوردستان)مان لە کێوی گردەڕەشی نزیک شارۆچکەی ماوەت دامەزراندبوو. لە کتێبی بیرەوەرییەکانمدا بە دوور و درێژی باسی ئەو رادیۆیەم کردووە.

بنکەیەکی پێشمەرگەشمان لە گوندی عیساوێ رووبەڕووی کێوی (گردە رەش) هەبوو کە لە راستیدا گرد نەبوو چیا بوو و بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتیش لەو بنکەیە بوو. جا بەر لەوەی دەزگای رادیۆکەمان لە ئاڵمانیاوە پێ بگات کە ئەندامانی (رێکخراوی پارتی لە ئەورووپا) کاک سەعدی دزەیی برام و کاک کەمال فوئاد کڕیبوویان ئێمە چەند پێشمەرگەیەک کە خەریکی کاروباری نووسین و رۆژنامەوانی و چاپەمەنی بووین بۆ شۆڕش ئێواران دوای بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانمان کۆ دەبووینەوە و بە قسەی خۆش و گۆرانی شەوەکەمان دەگوزەراند. یەکێک لەو پێشمەرگانە گەنجێکی قۆزی بە بنەچە کۆیی دانیشتووی قەلادزێ بوو (عەلی مام رەزا) یادی بەخێر کە بەرپرسی ئیداری بنکەکە بوو. زۆر لەو شەوانە کاک عەلی لەگەڵمانا دادەنیشت و ئەویش بەشداریی لە کۆڕی گۆرانی گوتنمانا دەکرد.

شەوێکیان کاک عەلی کۆنە برینی منداڵیمی کولاندەوە. منی گەڕاندەوە بۆ دواوە، بۆ سالانی سەرەتای چلەکان. لەو گۆرانییە فۆلکلۆرییانەی کە کاک عەلی جاروبار هەروا لەبەر خۆیەوە بە گیزەگیز بۆی دەگوتین یەکێکیان ئەو (ئامینێم تاقانەی دایێ) یەی سالانی چلەکان بوو کە من

هەر لەبیریشم نەمابوو و ئەو لە پڕێکا و بە چاوەڕوان نەکراوی بە گوێمیدا زرینگاندەوە. دوای ئەو هەمـوو سـاڵە ئەوە یەکەم جـار بـوو ئەو ئـاوازە خۆشـە لە کـاک عەلـی ئێسـک سـووک ببیسـمەوە. فرمێسـک لە چاومـا قەتیس ما و یەکسەر بڕیارم دا دەبێ ئەم گۆرانییە بەتەواوی فێر ببم.

بۆ رۆژانی دواتر لەگەڵ کاک عەلی دادەنیشتم ئەو کۆپلە بەندانەی کە دەیزانـی هەمـوویم دەنووسـییەوە. هەندێکیشـیانم بە ئـارەزووی دڵـی خـۆم دەسکاری دەکرد. بۆ نموونە کاک عەلی دیگوت:

ئامینێم تاقانەی دایێ

ئایشە گوڵە و فاتمە و رەعنایێ

لە سێیان یەک لێرە بایێ

ئامینێم تاقانەی دایێ

ئەمـن وشـەی (لە سـێیان)م کـرد بە (لە چـواران) بە حیسـابی خـۆم کە (ئامینە)شیان لەگەڵا بێ.

خـۆی هەنـدێ گـۆرانی فۆلکلـۆری کـوردی تایبەتمەنـدیەکیان هەیە کە دەکرێ بە ئارەزووی خۆت بەیتە شیعری فۆلکلۆری دیکە لەملا و ئەولا بێنیـت و بیـانخەیتە سـەر ئەگەر لە رووی میـتەر و دوادەنـگەوە (وەزن و قـافیە) لەگەڵ ئـاوازی گـۆرانییەکە هاوسـەنگ بـن. بەیتەکـانی ئەو چەشـنە گـۆرانییە فۆلکلۆریـانە هـیچ پەیوەنـدییەکیان بەیەکەوە نیـیە و چ چیـرۆک ناگێڕنەوە تا لێت بپچڕێ. جا ئەوەی من لە کاک عەلی فێری بووم ئەوە و دواتـر خۆیشـم هەنـدێ کـۆپلە شـیعری دیـکەی گونجـاو فێـر بـووم و خستمنە سەری و ئەو ئامینەی لێ دەرچوو کە دە دوازدە ساڵ دواتر لە

رادیۆ و تیڤی بەغدا تۆمارم کرد. هەر گۆرانبێژێکیش ئازادە کۆپلە شیعری دیکە بخاتە سەر ئامینەکەی منیش و بیڵێت، خۆ موڵکی کەس نییە و لەوانەیە خۆشتریش دەرچێ وەک کە کاک عەدنان کەریمیش کردوویەتی.

بەڵام یەک شت هەیە کە لێرەدا دەمەوێ روونی بکەمەوە. گوتنی (ئامینێ) بەو ستایلەی کە من لە چلەکانا گۆیا لە کاک حوسێنی عەلی ئاغای ئامۆزام و لە شەستەکانیش لە کاک عەلی مام رەزام دەبیست ئەو ستایلە نەبوو کە من دواتر پێیەوە ناسرام. ستایلەکەی ئەوان زۆر خێرا بوو بەڵام من وەک نەریتی خۆم خاوم کردەوە و بەرگێکی رۆمانسیم کردە بەر. ئەم دەسکاریکردنەی ئاوازێک لە هەموو جیهانا هەیە و گۆرانیبێژ دەتوانێ بۆ چێنی دەنگ و بۆ ستایلی تایبەتی خۆی لە گۆرانی گوتنا بیگونجێنێ بە مەرجێک ناوی دانەرە ئەسڵییەکە بێنێ ئەگەر هەبوو.

ئەمەی خوارەوە ڤێرژنەکەی منە کە هەندێ بەیتیم لە کاک عەلی مام رەزا گوێ لێ ببوو و هەندێکیشیان دواتر لە کاک نەجاتی عەبدە و لە ژمارەیەک برادەرانی خۆشەویستی دیکەی ئەو شەوگارانەم لە سلێمانی. خۆی لە دوای رووخانی بەعسی یەکەم ساڵی ١٩٦٤ ماوەیەک ئاشتی لەگەڵ حکومەتی بەغدا بەرپا بوو و ئێمەی پێشمەرگەش مۆڵەتمان پێ درا سەردانی کەسوکارمان لە شارەکانا بکەینەوە. جا لە سلێمانی بوو ساڵی ١٩٦٤ کە ئێوارەی خۆش خۆشم لەگەڵ ئەو برادەرانە بەسەر دەبرد: نەجاتی عەبدە، حاتەم، نوری وەشتی، حەمەی بەکر، مەحمودی تۆفیق شلک، حەمەساڵح دیلان، کاک ئەمین شەوکەت، مستەفای گوڵزار خاوەنی کۆگای گوڵزار و وابزانم جارێکیان لەگەڵ رەفیق چالاک و شێرکۆ بێکەس و چەند برادەرێکی دیکەش کە بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە. یادیان بەخێر ئەوانەی لە ناومانا نەماون.



نەجاتی عەبدە

وەک رێ خۆش کردنێک بۆ بەستەی (ئامینێم) مەحمودی تۆفیق شلک و نەجـاتی عەبـدە بە ئـاوازی (مەقـامی سـەفەر) بەم شـیعرەی مەحـوی دەستیان پێ دەکرد:

دیارم دێری عەشقە جێ بە سووتەن بێ لەوێ ئەگرم

کە من مشتێ چڵ و چێو بم بە چی بم کەڵکی کێ ئەگرم

وە بەم کۆپلە شیعرەش کە نازانم هی کێ یە:

سەفەر بۆ باوکی خۆم ناکەم جگەرگۆشەم بەجێ مابێ

ئەبەد من مەیلی کەس ناکەم هەتا مەیلی ئەوم مابێ

ئەمن پڕ بە بەشی خۆم، تا ئێستا لە کەسم نەبیستووە مەقامی سەفەر وەک مەحمود شلک ئەوها خۆش و بە جۆش و خرۆش بڵێت. کاک نەجاتی عەبدەی رووخۆش و نەیژەن و دەنگخۆش ئەویش بە دەنگە ناسک و

نەرمەکەی و پەنجە تەلیسماوییەکەی کۆڕەکانی دەگەشاندەوە. خۆ باسی لەرینەوەی دەنگەژێ یە پڕ لە گریانە بە سۆزەکەی حەمەی بەکر و رەنگو رووە سوورەسمەرە جوانەکەی هەر ناکرێ. ئەدی حەمە ساڵح دیلان!! کورە هەر لێی گەڕی با کۆنەبرینم نەکولێنەوە.

جا فەرموون ئێوە و ئامینێ:

ئەی رۆڵە ...،

دیارم دێری عەشقە

جێ بە سووتەن بێ لەوێ ئەگرم

کە من مشتێ چڵ و چێو بم

بە چی بم کەڵکی کێ ئەگرم

***

نازانم قوربانی کوێت بم

قوربانی گوارەی لە گوێت بم

قوربانی لەنجەی رۆینت بم

ئامینێم تاقانەی دایێ

***

ئامینێم تاقانەی دایێ

سەت بریا قەت نەمدیبایێ

کە دیم دەسگیرانم بایێ

ئامینێم ناقانەی دایێ

***

زوڵفت بە روودا دانەوە
بە بای عیشوەی دەخولانەوە
کۆنە برینم دەکولانەوە
ئامینێم تاقانەی دایێ

***

ئامینێم تاقانەی دایێ
ئایشەگوڵ و فاتمە و رەعنایێ
لە چواران یێک لیرە بایێ
ئامینێم تاقانەی دایێ

***

چەندی دەکەم دڵ پیر نابێ
دەستم لە مەمکان گیر نابێ
یار منداڵە و بۆم ژیر نابێ
ئامینێم تاقانەی دایێ

***

ئامینێم تاقانەی دایێ
سەت شێخ و مەلای دنیایێ
هەمووم بۆ هێنا رجایێ
زاڵم باب دەگەڵم نایێ

***

رۆژ ئاوا بوو زەردەی مابوو
شەماڵ کاغەزی هێنابوو

ناوی لەیلێی تێ نووسرابوو

ئامینێم تاقانەی دایێ



ئامینێ

منەتباری: هێندەی یەک دونیا سوپاسبار و منەتباری برادەرانی دێرینم (برایان کاک چوستی و کاک کەمال محێدین) بۆ یارمەتیدانم وێنەکانی کاک عەلی مام رەزام دەست کەوێ. زۆر سوپاسبار و منەتباری برای خۆشەویست کاکە شێ عومەر مەحویشم کە وێنەکانی کاک نەجاتی عەبدەی بۆ ناردم.

7
گۆرانی
(یادی جاران)

لە ساڵانی پەنجاکانا کە هێشتا لە قۆناخی خوێندنی دوا ناوەندیم بووم گۆرانییەکم بە تایتلی (بێی تۆ یار پەیدا نابێ) لە هونەرمەندی حەیرانبێژ رەسووڵ گەردی دەبیست کە پێکەوە لەگەڵ برادەرێکی خۆی، حوسێن حەلاق، لە دانیشتنی تایبەتی ماڵانا دەیانگوت. کاک حوسێن حەلاق یادی بەخێر پیاوێکی بە زەوق و سەرتاشێکی ناوداری شاری هەولێری ئەو ساڵانە بوو. ئاغاکانی دزەییش هەموویان لای ئەو تەراش دەبوون و سەرتاشخانەکەشی وەک دیوەخانی دزەییانی لێ هاتبوو کە هەر جارێکی لە گوندەکانیانەوە سەردانی شاریان بکردایە حەسانەوە و دیدەنیی یەکترییان لەوێ دەبوو. کاک حوسێن دواتر ماڵی گواستەوە بۆ بەغدا و لە کۆلانێکی (باب الشرقي) نزیک (شارع ابو نواس) دوکانی سەرتاشییەکەی خۆی لەوێ کردەوە بە ناوی (سالۆن حلاقة ابو کامران). ئەمن چەند جارێک گوێم لەو گۆرانییە دەبوو کە رەسوڵ و حوسێن پێکەوە دەیانگوت. ئاوازی ئەو گۆرانییە - وشە کوردییەکانی نا - وردە وردە زیاتر دەچووە ناو دڵمەوە. ئەو ئاوازە نەمدەزانی هی کێ یە بەڵام دواتر بیستم دەگوترا رەنگە ئازەری بێ.

هەر چۆنێکی بێ، وشە کوردییەکانی کە ئەو دوو برادەرە بۆ ئەو ئاوازە خۆشەیان بەکار دەهێنا بەلای منەوە زۆر بێ سەروبەر و هەر بێ مەعناش بوون. دیار بوو ئەوانیش دەبێ لە سەرچاوەیەکی دیکەیان بیستبێ بەڵام بە خەڵەتو پەڵەتی فێری ببوون و راستییەکەی هەر خۆشیان نەیاندەزانی دەڵێن چی. ئەوەندەی من لە وشەکانی ئەوانم لەبیر مابێ بەم جۆرە بوو:

بێی تۆ یار پەیدا نابێ

پەیدا بێ، پەیدا نابێ

پەیدا بێ، پەیدا نابێ

لێمان ون بووە چاو کەژاڵم

زولف شۆڕ و گەردەن بە خاڵم

کابرات بە قوربانی دەکەم

ئێرانی یان عەجەمی!!!

***

توخوا خوێنەرانی بەڕێز، ئێوە هیچی لێ تێ گەیشتن؟

جا من ئەوسا کە هێشتا منداڵیش بووم هەستم دەکرد کە زۆر مخابنە ئەو ئاوازە جوانە بەو وشە بێ مانایانە زوڵمی لێ بکرێ. ڕەسوڵ گەردی یادی بەخێر دواتر گۆرانییەکەی لە بەشی کوردی رادیۆی بەغداش هەر بەو وشە بێ سەروبەرانە و هەندی کۆپلە شیعری هێشتا ئاست نزمتریش تۆمار کرد.

ساڵەها دواتر کە گەورە بووم و بارم کرد بۆ ڤیەننا بۆ خوێندن ئەو ئاوازەم هەر لە خەیاڵا بوو بەڵام نەمدەویست بەو وشە بێ مانایانە لە هیچ کۆڕێکی ناو برادەرانا بیڵێم.

ئەوە بوو کە بیرم کردەوە خۆم وشەی بۆ دابنێم. جا لە نیوەی یەکەمی ساڵانی حەفتاکانا کە لە باڵیۆزخانەی نەمسا لە ڤیەننا کارمەند بووم ئەم لیریکەم بۆ دانا و کە بۆ ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ٧٤ گەڕامەوە بۆ بەغدا لەوێ لە ستودیۆی رادیۆ و تیڤی بەغدا تۆمارم کرد.

من تایتلی (یادی جاران)م بۆ ئەم هەڵبەستەم هەڵبژارد بەڵام لەناو خەڵکا هەر بە (چەندی گەڕام لە شاران) یان (بریندارم بریندارم) بڵاو بووەوە.

لێرەدا دەمەوێ روونکردنەوەیەک بدەم کە ئەمە شیعری منە نەک هی شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵا گۆران. بۆیەش وا دەڵێم چونکە هەندێ کەس لایان وا بوو ئەمە شیعری گۆرانە هەر لەبەر ئەوەی کە یەک تاکە دێڕ لە هەڵبەستەکەی منا کتومت وەک دێڕێکە لە هەڵبەستێکی گۆران بە ناوی (بەستەی دڵدار) و دێرەکەش ئەمەیە (نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێ).

ئەمەش لاپەڕەی یەکەمی ئەو هەڵبەستەی گۆرانە لە دیوانی (بەهەشت و یادگار)ەکەیدا:

عەبدوڵا گۆران

بەستەی دڵدار

لەژێر ئاسمانی شینا

لەپاڵ لووتکەی بەفرینا

کوردستان گەڕام

دۆڵاودۆڵ پێوام

***

نە لە شار و نە لە دێ

نەمدی کەس

وەک تۆ جوان بێ !

تۆیت و بەس

کچە کوردێک دڵ پێی شاد بێ

وەک فریشتە و پەریزاد بێ

***

نە باریکی، نە گۆشتن

نە کچۆڵەی، نە شاژن

نە زۆر چاوڕەشی

نە ئێجگار گەشی

بەڵام بە نیگای شیرین

نەمدی کەس

وەک تۆ بەتین

تۆیت و بەس!

لێت بێ بزەی مانگەشەوێ

بەژن ڕێک و ڕەوتی کەوێ

ئیتر بەم جۆرە و خوێنەری بەڕێز دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەم هەڵبەستەی گۆران کە لێرە بەداخەوە جێی نابێتەوە بە تەواوی بینووسمەوە. مەبەستی من هەر ئەوەیە کە هەڵبەستەکەی من لەو دێڕە زیاتر کە بەکارم هێناوە و لە سەرەوە باسم کردووە هیچی تری ئەم شاکارەی (گۆران)ی پێوە نییە.

فەرموون ئەمەش هەڵبەستەکەی من:

یادی جاران

چەندی گەڕام لە شاران

نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێ

کیژۆڵە نەشمیلانەکەی جاران

چۆن دەبێ نێوانمان وا بێ

بە یادی سەیرانەکەی ناو داران

برینداری برینداریم

***

دێتەوە بیرت گیانە

چاوچاوانەی سەر بانی

دەس لە ملانەی بن دیواران گیانە

ماچ و مووچی ئێوارەی سەر کانی

بە یادی ئەو هەموو جێ یە جوانە

برینداری برینداریم

***

ئێستاش مەیلم هەر ماوە

دڵ یێکە و نەگۆڕاوە

ئێستاش دەنگدانەوەی چرپەی دوانت

لە گوێما وەکو خۆی ماوە


بە یادی هەموو جێیەکی جوانت

برینداری برینداریم

***

جارێکیان لێیان پرسیم ئەگەر ئەم هەڵبەستەم بۆ یارێکی تایبەت دانابێ. گوتم نا، بۆ تاکە یارێکی تایبەتم دانەناوە بەڵکو بۆ هەموو ئەو دۆست و گراوە تایبەتییانەم داناوە کە وەک دەڵێن قیسمەت و نسیب نەیدەکرد پەیوەندیمان تا سەر بێت و دوای ماوەیەک لێک دادەبڕاین. بە واتایەکی

تر ئەم هەڵبەستە هەمو ئەو کیژۆڵە جوانکیلانە دەگریتەوە کەرۆژێک لە ڕۆژان لە تەمەنی جوانیما دڵدار و دوڵبەری یەکتری بووین. هەر بۆیەش ناوی هەڵبەستەکەم نا (یادی جاران).



یادی جاران

8
چیرۆکی پشت گۆرانی
(خەون لە خەوندا)

ساڵی١٩٥٧ بوو، زستان یان سەرەتای بەهاری ئەو ساڵە بوو. ئەمن هێشتا لە کوردستان بووم بەڵام خەریکی خۆ ئامادە کردن بووم بڕۆم بۆ ڤیەننا بۆ خوێندن. لە بەغدا لەگەڵ برادەری دێرینم مام جەلال تاڵەبانی یەکتریمان دی. مام جەلال پێی گوتم زۆر باشە کە دەڕۆیت بۆ ئەورووپا چونکە لە مانگی تیرمەهی هەر ئەو ساڵە شەشەمین فێستڤاڵی لاوان و قوتابییانی جیهان لە مۆسکۆ دەبەسترێت. گوتی ئەو خۆی و ژمارەیەک کوردی دیکەش بە نیازن دەلەگاسیۆنێک پێک بێنن و بە رێگای نهێنی خۆیان بگەیەننە ئەو فێستڤاڵە زۆر گرینگە. مام جەلال گوتی ئەو فێستڤاڵە هەلێکی باشمان بۆ دەڕەخسێنێ بتوانین هەم پرسی کورد بەو حەشاماتەی لاوان و قوتابییانی جیهان رابگەیەنین و هەم هەوڵ بدەین رێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانی کە لە پەناهەندەیی یەکیەتی سۆڤیەتا دەژییا ببینین.

جا گوتی پێویستیمان بە تۆ دەبێت بۆ چالاکی هونەری لەو فێستڤاڵە و کە ئێستا وا دەشڕۆیت بۆ ڤیەننا ئەوە کارەکەمان ئاسانتریش دەکات چونکە دەتوانی لەوێوە بەبێ کێشە بچیتە مۆسکۆ. مام جەلال هەر وەها گوتی نامەیەکت دەدەمێ کە تۆ نوێنەری یەکیەتی قوتابیانی کوردستانیت و کە گەیشتیە نەمسا بیبە بۆ یەکیەتی قوتابییانی نەمساوی ئەوەی سەر بە پارتی کۆمونیست بۆ ئەوەی پرۆسەی وەرگرتنی ڤیزەی سۆڤیەتت ئاسانتر بێ. هەر واش کرا.

ئەمن رۆژی ٥٧ - ٥ -٢ گەیشتمە ڤیەننا. دوای ماوەیەک لەوێ لەگەڵ

دکتۆر وریا رەواندزی کە ئەوسا هێشتا خوێندکاری پزیشکی بوو لە ڤیەننا و ئەو زمانی ئاڵمانی دەزانی من نەمدەزانی چووین بۆ بارەگای پارتی کۆمونیستی نەمساوی (KPOe) لە بالاخانەیەک بەناوی (گلۆبوس Globus). لەوێ ناوی منیشیان خستە سەر لیستەی ناوی قوتابییانی عیراقی لەنەمسا کە گشتیان چەپڕەو یان کۆمونیست بوون و ئەوانیش دەلەگاسیۆنێکیان رێک خستبوو بۆ بەشداریکردن لە فێستڤاڵەکەی مۆسکۆ.

درێژەی نەدەمێ، کارەکەم بۆ ئاسان کرا، گەیشتینە مۆسکۆ و دیار بوو مام جەلال و کوردەکانی تریش پێش ئێمە گەیشتبوون. لەوێ پێک شاد بووینەوە، من لە ڤیەنناوە ئەوان بە نهێنی لە عیراقەوە دەرچووبوون.

تا ئێرە ئەوە پێشینەیەک بوو بۆ گۆرانییەکەم.

لەو دوو هەفتەیەی کە لە مۆسکۆ بووین (کۆتایی مانگی ٧ تا سەرەتای مانگی ٨) ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی سۆڤییەت سەردانیان دەکردین و دەهاتنە چالاکیە هونەرییەکانمان لە گۆرانی و هەڵپەڕکێ کە نمایشمان دەکرد. ئەو کوردانە کۆڵێک قەوانی گرامۆفۆنیان بە دیاری پێشکەش بە من کرد کە بە زمانی ئەرمەنی و ئازەری و ئۆزبەکی و روسیش بوون.

کە فێستڤاڵ بە پایان گەیشت و منیش گەڕامەوە بۆ ڤیەننا رۆژانە ئەو قەوانانەم لێ دەدا و یەکێک لەو ئاوازانە بە تایبەتی سەرنجی رادەکێشام. زمانی گۆرانییەکەش یەکێک لە زمانە تورانییەکان بوو بەڵام نەمدەزانی ئازەری، ئۆزبەکی، تورکمانی یان قرغیزی بوو و ئاوازەکەش ئێستاش نازانم هی خۆیان بوو یان ئەوانیش لە رووسییان وەرگرتبوو.

جا ئەو ئاوازەی کە بۆ ماوەی پتر لە پەنجاساڵ خۆی لەناو هەست و دڵمدا گیر کردبوو بوو بە هەوێنی گۆرانی (خەون لە خەوندا) کە شەوێکیان لە سلێمانی لە ئۆتێل سلێمانی پالاسا دادەنیشتم وشەی کوردیم

بۆ دانا و دواتر لەگەڵ هونەرمەندانی لێهاتووی (گرووپی سەهەند)ا تۆمارم کرد.

هەر بۆ زانیاریش، هەڵبەستەکەی من بۆ ئەم ئاوازە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە وشە ئۆریگیناڵەکانی ئاوازەکە کە بە زمانێکی تورانی بوو و لە چەند وشەیەک پتر کە وەک تورکی و تورکمانی بوون هیچی تری لێ تێ نەدەگەیشتم.

ئەمەش دەقی گۆرانییەکەی منە کە تا رادەیەک گێڕانەوەی چیرۆکێکی ساڵانی نەوجوانی خۆمە.

خەون لە خەوندا

لیریکی کوردی: هۆمەر دزەیی
ئاواز: نەزانراو
ئەڕانژ: گروپی موزیکاڵی سەهەند لە سلێمانی


دوێنێ شەو بینیم لەخەوێ
لەسەر جێی بەر مانگەشەوێ
خۆم خزاندە سەر جێی فێنک
نەمهێشت بەر هەناسەم کەوێ
قژی خاوی
با لێداوی
ئاڵۆزاوی
جار جار دایدەپۆشت لاچاوی
خوایە گیان چەندم خۆش دەوێ
***
زۆر بە ئاسپایی و بە نەرمی
دەمم برد بۆ لێوی گەرمی

چاوی هەڵهێنا و پێی گوتم
خەونم ئەدی تۆ هاوسەرمی
نەیهێشت هەستم
گرتی دەستم
لێوی گەستم
مووچڕکێکی خۆشی دایگرت
سەرتاپای هەناو و هەستم

***

وێکرا تا مەلا بانگدانێ
تێک ئالآن و دەس لەملانێ
لەناکاو دەنگی مەلای هات
دایبڕیم لە بەژنی جوانێ
بە سەرسامی
بە ناکامی
بێ ئارامی
بەجێم هێشت بەهەشتی خەونم
چاوم پڕ بوو لە گریانێ

***



خەون لە خەودا

9
گۆرانی
(دوو دڵی) و گۆرانی (ئافتاوە)

حەز دەکەم بە خـوێنەرە خۆشەویستـەکانمی رابگەیەنـم کە مـن ئەوەتەی خۆم ناسیوە ئەویـنداری سێ جۆر ئاوازی موزیـک و گـۆرانی بـوویم. یەک: کـوردییە فۆلکلۆرییەکـان و بەنـدە ترادیشـناڵەکانی دانەر نەنـاس و کلاسیکەکانی وەک لاوک و حەیران و بەیـت و مەقاماتی وەک قەتـار و ئەڵڵاوەیسـی و ئـی تـریش. دوو: هەر ئـاواز و گـۆانییەکی نـاکوردی کە حەزم چوویێتێ سا هی هەر میللەتێک و بە هەچ زمانێک بوویێ. سێ: موزیکی کلاسیک و گۆرانییە کلاسیکەکانی رۆژئاوای وەک (لید Lied) و (مادریگال madrigal) و ئی تریش.

لە سـاڵانی کـارکردنم لە رادیـۆی دەنگـی ئەمەریکـا (٢٠٠٥ - ١٩٩٢) بەرنامەیەکی هەفتانەمان هەبوو بە ناوی (فەرهەنگ و تۆرەی کوردی) کە مـن بە شێوەزاری سـۆرانی و خـوا لێـی خـۆش بێ خەلەفـێ زێبـاری بە کرمـانجی بڵاومـان دەکـردەوە. لەو بەرنـامەیە ئەمـن هەرچـی دەمزانـی لە فۆلکلۆر و ئاواز و گۆرانیی کلاسیکی کوردی هەموویم بە شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی ورد و قووڵ دەخستە بەر گوێی گوێگرە خۆشەویستەکانی رادیۆکەمان کە دەسخۆشانەی زۆرمان لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە بۆ دەهات.

بەڵام وەک کە لە سـەرەوە ئامـاژەم پـێ داوە، ئەمـن شـەیدای ئـاواز و گـۆرانی خۆشـی هەم رۆژئـاوایی و هەم ئـی زۆر گەلانـی تـریش بـووم.

ئەوەش سەیر نییە بۆ یەکێک کە ساڵی ١٩٥٥ بە ١٨ساڵی کوردستانی جێ هێشتبێت بۆ ئەورووپا و لەپاشانیش بۆ ئەمەریکا و تەریب لەگەڵ هەستی کـــوردایەتییە زگمـــاکەکەی خـــۆی، فەرهەنـــگ و کولتـــورێکی کۆزمۆپۆلیتیکیش ڕەگی لەناو هەست و هەناویدا داکوتابێ. ئەوەی ڕاستی بێ پێشتر بە منداڵی وام دەزانی هەر کورد شتی خۆشی هەیە بەڵام دواتر بینیم کە نەخێر وا نییە. تێ گەیشتم کە دونیا باخێکە پڕە لە گوڵ و گوڵاڵەی هەمە ڕەنگ و هەمە بۆ.

لە ئەنجام، کە بینیم هەندێ گۆرانی و ئاوازی زۆر سەرکەوتووی ئیسپانی، ئیتالی، فرانسی، ئینگلیزی، ڕووسی، فارسی، عەرەبی، تورکی و ئی تریش بەدەر لە زمانە ئۆریگیناڵەکەی خۆی بە زۆر زمانی دیکەی جیهانیشا گوتراونەتەوە و بڵاوبوونەتەوە منیش بیرم لێ کردەوە بۆچی کورد لەو کاروانەی مێلۆدی خۆش خۆشی جیهان بەجێ بمێنێ. ئەمە هانی دام گوڵبژێرێک لەو ئاوازە خۆشانەی گەلانی جیهان بکەم ئاوازەکە وەرگرم و خۆم وشەی کوردییان بۆ دابنێم. هەر واشم کردووە.

جا ئێستاش با باسی چیرۆکی ئەم دوو ئاوازەتان بۆ بکەم کە بە سی دیش بڵاوم کردوونەتەوە.

هیواداریشـم خـوێنەر و گـوێگرە بەڕێزەکـانم دەمـارگیری ناسـیۆنالیزمی کوردی کاریگەری نەکاتە سەر چێژ و زەوقیان. ئەمن پێشتریش هەمیشە دووپاتم کردۆتەوە کە شتی خۆش خۆشە سا هی میللەتی خۆت بێت یان هـی گەلانـی دیـکە. گـوڵی جـوان و بۆنخـۆش هەر لە کوردسـتانا نیـیە، دیمەنی کوهستانی نایاب هەر لە کوردستانا نییە، خواردنی خۆش خۆش هەر لە کوردستانا نییە، شۆڕە ژنی جوانیش هەر لە کوردستانا نییە. بەم پێوەرە ئاوازی خۆشیش هەر لە کوردستان نییە .

ئەمن کە لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە زەمانی شا سەردانێکی ئێرانم کـرد و شـەوێکیان گـوێم لە هونەرمەنـدی گەورەی ئێرانـی فـارس زویـان

(عارف) بوو ئاوازێکی زۆر دڵڕفێنی ڤاڵسی دەچڕی بە ناوی (سلتان قلبها) یەکسەر کەوتە ناو دڵمەوە و چەند ساڵێک دواتر ئەم وشە کوردییانەم بۆ دانا کە ئیلهامەکەیم لە وشە فارسییەکانیەوە وەرگرت بەڵام تەرجومەی تەواوی ئەو نییە.

دوو دڵی

ئاواز: انوشیروان روحانی

وشە ئۆریگیناڵە فارسییەکە: محمد علی شیرازی

گوتنی بە فارسی: عارف

وشەی کوردی و گوتنی بە کوردی: هۆمەر دزەیی

ئەرانژ: هێرش عەبدولڕەحمان

ئۆرکێسترا: گرووپی سەهەند لە سلێمانی

دڵی پێژێ بڕۆم بڕۆم
دڵەی دیم پێژێ نەڕۆم نەڕۆم
لەم دوودڵیەدا هاوار خوایە
کوانێ ڕێگایە

***

دڵێ پێژێ ئەی دێوانە
چۆن دەڵێی ناچمە ئەو جێ ژوانە
دڵەی دیم پێژێ ئەم دڵ بەردە
بۆ تۆ هەر دەردە

***

دەستەو ئەژنۆ وا دۆش داماوم

لە نێوان دوو بەرداشا ماوم

سیس و زەرد وەک گەڵای بێ ئاوم

سەر لێ شێواوم

***


چەند جار سەرت بە شانمەوە ناوە

پەیمانی دڵداریت پێم داوە

یاری من بی تا دونیا ماوە

بۆچی بات داوە

***



دوو دڵی

چیرۆکی پشت گۆرانی (ئافتاوە)

پایزی ساڵی ١٩٦٧ بە ئۆتۆمۆبیل لە ڤیەنناوە دەگەڕامەوە بۆ عیراق. لەسەر ڕێما لە شاری (بێلگراد)ی پایتەختی یوگۆسلاڤیای ئەوسا لام دا سەردانێکی برادەری دێرینی ساڵانی قوتابخانەی سەرەتاییم بکەم، ڕەحمەتی دکتۆر کەمال خۆشناو (کەمالی حەمەد بەگی خۆشناو)، کە هێشتا لەوێ خوێندکاری دکتۆراکەی بوو. چەند شەوێک لەوێ مامەوە و ئاشنای دوو خوێندکاری کوردی دیکەش بووم کە زۆر خۆشم ویستن، (کەمال عەبدوڵڵا و بەیان ساحیبقڕان). هەروەها دۆستایەتیم لەگەڵ کچە

یوگۆسلاڤێکی زۆر جوانکیلەش بەست کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە.

سەفەرەکەم دەوام پێدا و ئەمجارەیان لەشاری (سۆفیا)ی پایتەختی بولگاریا لامدا سەردانێکی شار و کاک سابیر خۆشناو بکەم کە ناونیشانەکەیم لە کاک کەمال خۆشناو پێ درابوو. کاک سابیر لەگەڵما زۆر ماندوو بوو و لەگەڵیا سەردانی ئارامگای رێبەری نەتەوەیی بولگاری (گیۆرگی دیمیترۆڤ)م کرد. چەند قەوانێکی گۆرانی زۆر خۆشی رووسی و بولگاریشم کڕی کە یەکێکیان بە تایتلی (چوم بالالایکا) بوو و رووسی بوو. دواتر بیستم هی جووەکانی یەکیەتی سۆڤیەتە.

دوای چەند ساڵێک ئەو ئاوازە خۆشە رووسییە و بیری ئەو کچە یوگۆسلاڤە جوانکیلەیە وایان لێ کردم هەردووکیان لە گۆرانییەکدا تێک هەڵکێشم. ئەوە بوو کە وشەی کوردیم بۆ ئەو ئاوازە و بەیادی کیژۆڵە نەشمیلانەیە دانا و ناوم نا:

ئافتاوە

ئاواز: جووەکانی یەکیەتی سۆڤیەت (چوم بالالایکا)

وشەی رووسی: نەزانراو (بۆ من نەزانراو)

وشەی کوردی و گوتنی: هۆمەر دزەیی

ئەرانژ: هێرش عەبدولڕەحمان

ئۆرکێسترا: گرووپی سەهەند لە سلێمانی

ئافتاوە ئافتاوە ئافتاوە ئامان
ئافتاوە ئافتاوە ئافتاوە گیان
وێنەی تۆم هەردەم هەر لەبەر چاوە
وێردی سەر زارمی ئافتاوە گیان

***

ئەو رۆژەی کە تۆم بەدی کرد
تیری ئەڤینی دڵمی کون کرد
ماچی تەڕی نیوە شەوێ
وای کرد خەوم هەر لێ نەکەوێ
تامی ئەو ماچەم هەر لە دەم ماوە
ئافتاوە ئافتاو ئافتاوە گیان

***

چەند ئارەزووی ژوانت دەکەم
بیری بزەی سەر لێوانت دەکەم
دە وەرە با لە باوەشت کەم
وەک ئەو شەوە با تێر ماچت کەم
گەر نەشتبینم دڵ هەتا ماوە
قەت لەبیر ناکا ئەو دوو چاوە

***


ئافتاوە ئافتاوە ئافتاوە ئامان
ئافتاوە ئافتاوە ئافتاوە گیان
وێنەی تۆم هەردەم هەر لەبەر چاوە
وێردی سەر زارمی ئافتاوە گیان

***



ئافتاوه

10
چۆن (تانگۆ جەمیلە)م کرد بە (تانگۆ ئورزولا)



ئورزولا فیشەر کۆلبری

ساڵانی خوێندنی ناوەندیم، کە لە سەردەمی ئێمەدا سێ ساڵ بوو، جا ئەو سێ ساڵە و ساڵێکی ئامادەییش کە دەکاتە چوار ساڵی خوێندنی دوای سەرەتایی ئەمانەم لە کەرکوک تەواو کرد (١٩٥٤ -١٩٥١). واتا نزیکەی نیوەی یەکەمی پەنجاکانی سەدەی بیستەمم لە کەرکوک بەسەر بردووە. بۆ منێکی نەوجوان ساڵانی شاری کەرکوکم وەرچەرخانێک بوو لە ژیانما. کەرکوک لەبەر ئەوەی کە کۆمپانیای نەفتی(IPC) لێ بوو ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندی بریتانی لەوێ لە گەڕەکێکی نوێ بە ناوی (نیو کەرکوک Kirkuk new کرکوک الجدیدة) دادەنیشتن. زۆرێک لە ئاسوری و کلدانی و ئەرمەنییەکانی کوردستان و عیراقیش لە کەرکوک گرد ببوونەوە و لە کۆمپانیای نەفتا کاریان دەکرد.

ئەمن چەند برادەرێکی هاوکلاسی زۆر خۆشەویستم لەناو ئاسورییەکانا پەیا کردبوو وەک سانخیرۆ و سەرجۆن و جۆزێف. جا لە لایەکەوە بە رێگای ئەو برادەرانەم کە کەسوکاریان لە کۆمپانیای نەفت دەست بەکار

بوون و ئەوان زووتر لەگەڵ کولتور و رۆشەنبیریی رۆژاوایی خۆیان دەگونجاند، لە لایەکی دیکەشەوە بە رێگای پوورزاکانم (مەحمود و فوئادی کوڕانی ئەحمەد عوسمانی یەکەم پارێزگاری هەولێر لە بیستەکانی سەدەی بیست) کە لە قوتابخانەی هایسکوولی ئەمەریکی لە بەغدا (Baghdad College) دەیانخوێند ئاشنایەتیم لەگەڵ موزیکی رۆژئاواییشدا پەیا کرد.

بەم جۆرە لەو ماوەیەی کە بۆ خوێندن لە کەرکوک بووم خۆلیام کەوتە سەر موزیکی رۆژئاوا چ کلاسیک چ گۆرانی ئینگلیزی و بە زمانە ئەورووپاییەکانی دیکەش. لەگەڵ کاک سەعدی براما قەوانژەنێکمان کڕی کە جاران سێ ناویان پێ دەگوت: قانون، سندوق، گرامۆفۆن. هاوکلاسێکی کاکە سەعدیم (نائل یعقوبي) دوکانێکی فرۆشتنی قەوانی رۆژئاوایی کردبووەوە. هەرچییەك لە گۆرانی و موزیکی رۆژئاوایی (ئینگلیزی، فرانسی، ئیتالی و ئیسپانی) تازە دەربکەوتایە لەوێ دەست دەکەوت و یەکسەر دەمانکڕی.

ئەمن لێرەشدا هەر ئاوازێک کە کارێکی عاتیفی تایبەتی تێ بکردبام یەکسەر بیرم بۆ ئەوە دەچوو "بۆچی ئەم ئاوازە خۆشە بە وشەی کوردیش نەگوترێت؟" و هەوڵم دەدا وشەی کوردی بۆ دابنێم. لەوساوە ئیتر بۆم دەرکەوت کە ئاوازی خۆش هەر لەناو میللەتەکەی خۆمانا نییە بەڵکو لە هەموو دونیاشدا شتی خۆش هەیە. بەم جۆرە رەوڕەوەی حەزی موزیکم کەوتە سەر رێگایەکی (دوو - لەین two lanes)، لایەک موزیکی فۆلکلۆری کوردی و لایەکەی تریش موزیکی رۆژئاوایی. کە ئاوازێک دڵی پێکابوام ئیتر حەزم دەیچوێ و گوێم لەوە نەبوو هی چ نەتەوەیەکە. وام لێ هات کە لە بواری هونەردا کۆزمۆپۆلیتیزم بەسەر ناسیۆنالیزمە کوردییەکەما زاڵ دەبوو.

جا ئاوازی دانسێکی تانگۆی تورکی زۆر باوی ئەو ساڵانەش (تانگۆ

جەمیله) کە کارێکی بەڕاستی زۆر عاتیفی دەکردە سەر هەست و هەناوم هەڵستام وشەی کوردیم بۆ ئەوە دانا.

تانگۆ جۆرە دانسێکە لە سەدەی هەژدە و نۆزدە لە ئەرجەنتین سەری هەڵدابوو بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم پەرەی سەند و بوو بە یەکێک لە خۆشەویسترین دانسی ئەو سەردەمە. موزیکی تانگۆ خرۆشانێکی تایبەتی تیایە و لە زۆر وڵاتانی دونیادا چ بۆ دەنگی مرۆڤ چ هەر بۆ ئامێری موزیک ئاوازی بۆ داندراوە. هەندێ لەو تانگۆ ناودارانەی سەدەی بیستەم (لا کومپارسیتا La Cumparsita) و (کیس ئۆف فایەر Kiss of Fire = ماچکردنی ئاگر) ئەمانە هەم بەئامێری موزیک و هەم بە دەنگی مرۆڤ و ئامێریش بڵاوبوونەتەوە.

جا، وەک پێشتر گوتم، لەو ساڵانەی کەرکوکم ئەمن ئەوینداری تانگۆیەکی زۆر رۆمانتێکی تورکی ببووم بە ناوی (تانگۆ جەمیله) کە هەر بە ئامێر بوو، بە دەنگی مرۆڤ نەمبیستبوو. نەمدەزانی جەمیله کێ بووە. دیارە کۆمپۆزەری تانگۆکە حەزی لە جەمیله ناوێک کردووە. تەمەنم شانزدە ساڵ دەبوو و حەزم کرد وشەی کوردی بۆ ئەو مێلۆدییە رۆمانسییە پڕ خرۆشانە دابنێم و ئەم زیندە خەونە و خەیاڵەم بۆ هات:

جەمیلە،

فەرمو بابچینە ناو ژووری دانسی رازاو

هەڵپەڕین لەسەر ئاوازی تانگۆ

جەمیلە،

دەستم بگرێ کەمەر شەو هەتاکو سەحەر

هەڵپەڕین لەسەر ئاوازی تانگۆ

***

باسکت باوێ سەرئەستۆم

بە ئەسپایی بە گوێچکەم بڵێ

من هی تۆم

شل شل پشتت لەگەڵ ئاوازی تانگۆ

بچەمێنەوە بۆ ئەژنۆم

جەمیلە،

نە تۆ منت ناسیوە

نە من تۆم بینیوە

هەست دەکەم دڵمان

بە یەک گەییوە

***

جەمیلە،

داخەکەم کورتە شەو توخوا مەڕۆ بۆ خەو

هەڵپەڕین لەسەر ئاوازی تانگۆ

جەمیلە،

ئیمشەو تۆ شاجوانی دڵکەشی هەموانی

هەڵپەڕین لەسەر ئاوازی تانگۆ

***

چاو هەڵبڕە گوێ بگرە

بۆت ئەڵێم گۆرانی

شوێنێکی رۆمانتیکە

لە باوەشم بە تا بەیانی

جەمیلە،

بەو شەماڵی فێنک

بەو کراسی تەنک

با لە سنگم چەقێ

جووتە مەمک

جەمیلە،

لێوی تەڕ و پڕت

مەمکی توند و خڕت

هەڵمژم لەسەر

ئاوازی تانگۆ

چۆن (جەمیلە) بوو بە (ئورزولا)

مـن کە سـاڵی ١٩٥٣ لە کەرکـوک ئەم وشـانەم هەر بە تـایتلە بنەڕەتیـیەکە (جەمیلە) دانابوو لە کوێ بزانم کە چەند ساڵێک دواتر ئەڕۆم بۆ ڤیەننا بۆ خوێنـدن و لەوێ ئێوارەیەکیـان لە دانـس کڵەبـی نـاوداری زۆر رۆمـانتیکی شار (فۆلکس گارتن Volksgarten) لەسـەر ئـاوازی تـانگۆ دڵـم دەچێتە کچێکی نەمساوی.

بۆیە وا دەڵـێم چـونکە لە شـوێن ئەو (جەمـیلە خەیـاڵییە) و ئەو دیـمەن و کەشـە رۆمـانتیکەی کە لە هـۆنراوەکەی سـاڵی ١٩٥٣ ی کەرکـوکم وێنـا

کردبوو ئێوارەیەکی مانگی پێنج یان شەشی ساڵی ١٩٥٨ لەو دانس کلەبەی ڤیەننا لە بەر چرای کز و لە ژێر لک و پۆ و گەڵای دار ئەرخەوانێکا ئەمجارەیان (ئورزولا) ناوێکم لە دانسێکی تانگۆدا، بە واقیع، بە فیزیکەڵ، دە باوەشێدا بوو.

دواتر، زۆر درەنگتر، پەری هەڵبەست و موزیک (میوز muse) خستمیە سەر شاپەڕی باڵی خۆی، "خەیاڵە" تەلیسماوییەکەی پێشوومی لەگەڵ "واقیعەکەی" دواترێی بۆ تێکهەڵکێشام، پێداچوونەوەیەکی بە هۆنراوەکەما پێ کردم و، بە کەمێک دەسکارییەوە، ناوی "جەمیلە خەیاڵییەکە"ی کەرکوکی پێ گۆڕیم بە "ئورزولا راستەقینەکە"ی ڤیەننا. دیارە هەر ئەو پەریخانەش وای پلان دانابوو کە هەردوو ناویش لە سێ بڕگەوە پێک بێن، کە واش بوو (جە می لە - ئور زو لا).

سالان رۆیشتن، سالان گەڕانەوە، دوای ٦٠ دانە ساڵی رەبەق، ساڵی ٢٠١٨ ئەم گۆرانییەم لە سلێمانی لە ستودیۆی دکتۆر ع.ج. سەگرمە بە دابەشکردنی موزیکاڵی کاک سەگرمە خۆی و بەشداریی هاوکارە موزیسیانە لێهاتووەکانی تۆمار کرد کە هیوادارم بەم زووانە بڵاو ببێتەوە.

ئەمە بوو چیرۆکی (تانگۆ جەمیلە) کە چۆن لێم بوو بە (سترانێک بۆ ئورزولا) یان (Tango to Ursula) .

دڵێن قسە قسە رادەکێشێ، کە زۆر راستە و فەرموون ببینن:

ئەمانە سێ پارچە هەڵبەستن کە لەم سالانەی دوایی بە ئینگلیزی و بە ئەڵمانی لەسەر ئورزولام داناون و بۆیم ناردوونەتە ئوسترالیا. ئورزولا زمانی دایکی ئەڵمانی یە چونکە خۆی نەمساوی بوو بەڵام لە ساڵی ٦٣ وە بۆتە ئوسترالی و لەوێ دەژی.

1

Geschichte einer Liebe

Ursula,my unfinished symphony

Homer Dizeyee

Ursula , Ursula Fischer- Colbrie
Ursula , meine unvollendete Symfonie
Oh , was fuer ein schoener Name
Was fuer eine Harmonie!
Schau , wie gerne schlupft er sich
in meinen Verse`s Reim
Da nur in meinem Gedanken
Ist er endlich daheim

***

Ursula , meine unvollendete Symfonie
Bin immer in Dich verliebt gewesen
Und vergessen kann ich Dich nimmer und nie
Ach Ursula , ich liebe Dich bis zur infinitie

***

Ich liebe alle Frauen die Ursula heissen
Nicht etwa dass sie vielleich mir behagen
Sondern nur weil sie Deinen klingenden Namen tragen

Fuer mich war unsere Liebe keine jugend Dummheit
Ach Ursula , ich liebte Dich
Und werde auch bis zur Ewigkeit

***

Ursula , Ursula Fischer - Colbrie
Ursula , my unfinished symphony
Oh , what a beautiful name!
What a harmony!
How easily it finds it`s way to my verse`s rhyme
Hmm, it knows my heart is it`s home
till the end of time

***

I love all women whose name is Ursula
Not because I may have any affection for them
But only because they carry your , Oh , so tinkling name
Ursula , my unfinished symphony
I have always been in love with you
And always will be loving thee
I love you till the infinity

****

2

Homer Dizeyee

Arbil , 12/10/2009

At dawn, while watching a cloudless blue sky, a flock of migrating birds was heading eastwards toward orient. here is what they inspired me.

Ode to Ursula

Oh flock of birds

Flying high above

Do me a favor

Take me along

To the land of my love،

To Farrer where we can be*

Close to each other

For good , forever

***

Gently drop me over there

On a heap of hay

At one of William Farrer`s wheat farms

Hoping that one day

My harvesting dear

Will run to my waiting arms

***

Oh what a happiness to sleep
With some one you love
On the straw at night
Surrounded by a herd of sheep
Under shining stars and moonlight

※※※

Oh Ursula , dear mine،
Loving you rejuvenates my heart،
Thinking of you is the sunshine
That energizes my mind and thought
Let us not be forever apart

※※※

You have been my past
You are my tomorrow
Still I sense not an end
To my suffering and sorrow

※※※

Oh, migrant birds
I envy you all
Soon you`ll be landing
in the realm of my soul

※Farrer is a suburb of Canberra, Australia named after the renowned agronomist William Farrer.

※※※※※※※※

3

Homer Dizeyee

Arbil , 4/4/2021

Die Begegnung

An einem Mai Abend
Im Tanzlokal Volksgarten
Nahe einem Gaeste - Tisch
musste ich ungeduldig warten
Dort wo ein
bildhuebsches Maedchen sass
In deren Hand hielt sie
ein weiss Wein glass
Als Musik Kapelle
fang erneut an
Stuermten viele Jungs
zu ihr heran
um sie zum naechsten
Tanze
laden ein
Doch das suesse Maedel
sagte zu allen Nein
Schicksal wollte

allen wissen lassen
dass Ursula und Omar
ganz und gar
nur zusammen passen

***

11
گۆرانی ماچی بێ دوایی
(بێسامێ موچۆ)ی ئیسپانی

ئەمن خۆم ئاواز دانەر نیم. موزیکم نەخوێندووە. چیرۆکی تراژیکی نەخوێندنی موزیکیشم دوور و درێژە کە بە وردی لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆما گێڕاومەتەوە. بەڵام هەروا بە سەلیقە و بێ نۆتەی موزیک چەند ئاوازێکم بۆ چەند هۆنراوەیەکی خۆم داناوە کە خۆم زۆریش بە دڵمن.

بەڵێ، هۆنراوەشم هۆنیوەتەوە بۆ زۆر ئاوازی بیانی کە خۆم بە سەرپشک هەڵمبژاردوون و کردوومن بە گۆرانی کوردی.

تا ئێستاش هیچ کەسێک هیچ ئاوازێکی بۆ پێشنیاز نەکردووم بیکەم بە گۆرانی هەرچەندە کە ئەگەر ئەوەش بکرێ رەنگە وا بە ئاسانی قەبووڵی نەکەم. ئەمن لە هەموو بوارێکی ژیانا چێژی تایبەتیی خۆم بەکار هێناوە، هەڵسەنگاندنم بۆ هەر شتێک کە دەیبینم، دەیبیسم یان تامی دەکەم ئەوە لە روانگەی کەسایەتی خۆمەوەیە و رەنگە زۆر جار لەگەڵ هەڵسەنگاندنی خەڵکی تر یەکدی نەگرنەوە یان بشگرنەوە. جا ئەمە لە بواری موزیکا بێ، جوانیی ژن و پیاو بێ، هەڵبژاردنی جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە بێ، چ شارێک، چ شوێنی دانیشتنی ئێوارانم بێت و تەنانەت لە بواری سیاسەتیشا بیرو بۆچوونم لەسەر سیاسەتکارانی کورد و جیهانیش، ئەمە هەمووی لە دید و چێژی خۆمەوە سەرچاوە دەگرێ.

جا ئەوەیە کە بەم سروشتە و بەم رەگوریشە زگماکەم ئاوازی موزیکم

لەلا وەک بولبولێکی بە ئاسمانەوەیە کە لە هەر کوێیەکدا چڵی درەختێک یــان گــوڵی جــوان و بۆنخۆشــی گوڵســتانێک بەدی بکــات لەوێ هەڵئەنیشــێتەوە بــێ ئەوەی بزانێــت لە چ وڵاتێــک و لەنــاو چ میللەتێکــا هەواری لــێ داکوتــاوە، نە ســنوور دەناســێت نە پاســەپۆرت و ڤیــزەی گەرەکە.

منێکی کە:

گەڕام کەڕام، گەڕام گەڕام

بە هەر چوار سووچی جیهانا

بەناو کێو و بیابانا

بەناو گشت کووچە و کۆڵانا

جوانیم لەوێدا بەسەر برد

ریشم لەوێدا سپی کرد

کون نەما سەرمی پیا نەکەم

شوێن نەما بەزمی تیا نەکەم

شار نەما نەزانم چۆنە

ئەمیان نوێ، ئەویان کۆنە

تا بڵێی شتی جوانم دی

ئای کە شتی سەیرانم دی

سروشتانە گوێچکەم راهاتووی گۆرانی و ئاوازی هەست بزوێنە لە ناو ئەو هەمــوو گەلە هەمە رەنــگ و هەمە بۆیــانەی دونیــادا، گــوڵبژێرێکم لــێ کردووە و وشەی کوردیم بۆ هەندێکیان داناوە.

گۆرانی (بێسامێ موچۆ Besame Mucho)

یەکێک لەو ئاوازە زۆر خۆشانەی کە لە ساڵی١٩٥٧ گەیشتمە ئەورووپا بۆ یەکەمجار بیستم و یەکسەر خۆی خزاندە ناو قووڵایی دڵمەوە ئەو بێسامێ موچۆ یە بوو. دە هەوەڵێدا گۆرانییەکەم بە زمانی هەنگاری بیست بەتایتلی (سەرەت لەک ئێن = من تۆم خۆش دەوێ) و وام دەزانی هەنگارییە، نەمدەزانی ئەوانیش لە ئیسپانییان وەرگرتووە. ئۆریگیناڵی ئەو ئاوازە بە زمانی ئیسپانیی مەکسیکۆ بوو بە ناوی (بێسامێ موچۆ) واتا (زۆرم ماچ بکە) کە لەپاش بلاوبوونەوەی ئۆریگیناڵە ئیسپانییەکە لە ساڵی١٩٤٠ - ١٩٤١ ئیتر وەختە بڵێم زمان نەما لە دونیادا وشەی خۆی بۆ ئەو ئاوازە ئیسپانییە دڵڕفێنە دانەنابێ.

بەڵام سەیرو سەمەرە لەوەدایە، دانەری لیریک و ئاوازی ئەم گۆرانییە کچێکی مەکسیکی تەمەن شانزدە ساڵی بووە بە ناوی (کۆنسوێلۆ ڤێلاثکوێث Consuelo Velazcuez). ئەو خانمۆڵە جوانکیلەیە گوتبووی کاتێ کە ئەم وشانەی دەنووسی پێشتر لە حەیاتی خۆیدا تامی یەک تاکە ماچیشی نەکردبوو. گوتبووشی کە وشەکانی لە دایکی شاردبووەوە چونکە لە بنەماڵەیەکی کاثۆلیکی زۆر خواپەرست بوون. باوکی نەمابوو بەڵام دایکی پێی بزانیبا شتی وای نووسیوە دونیای بەسەریدا دەڕماند.

هەر بۆ زانیاری خوێنەر وا لێرەدا ئەمن لەم لاپەڕەیە زمانە ئۆریگیناڵە ئیسپانییەکەی ئەو خانمۆڵە شاعیرە هونەرمەندە دەگۆڕمە سەر زمانی کوردی. بەڵام وشە کوردییەکانی کە من بۆ ئەم گۆرانییەم داناوە ئەوە وەرگێڕانی دەقاودەقی ئۆیگیناڵە ئیسپانییەکە نییە هەرچەندە هەر بەو ئیلهامەوە دامناوە.

ئەمەیان تەرجومەی دەقی گۆرانییە ئیسپانییەکەیە کە راستەوخۆ لەو زمانەوە وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی.

ماچم کە،

زۆرم ماچ بکە،

وەک بڵێیت کە ئەم شەوە ئیتر ئەوە جاری دواییمان دەبێ،

ماچم کە،

زۆرم ماچ بکە،

چونکە دەترسم دوای ئەوە ئیتر ونت بکەم،

ئای کە حەز دەکەم زۆر لە نزیک خۆما بتگرم،

تا خۆم لەناو چاوەکانتا ببینم،

چونکە لەوانەیە بۆ بەیانی

لێت دوور......زۆۆۆۆۆر..... لێت دوور کەومەوە،

ماچم کە،

زۆرم ماچ بکە،

چونکە دەترسم دوای ئەوە ئیتر نەتبینمەوە.

***

من کە بینیم ئەو ئاوازە خۆشە بەو هەموو زمانانەی جیهان گوتراوە بیرم کردەوە بۆچی بە کوردیش نەبێ؟

گۆرانییەکەم بە زمانی ئیسپانی و ئینگیزی و هەنگاری ئەزبەر کرد و ئەم لیریکە کوردییەم بۆ دانا کە هەوێنەکەی، وەکو وتم، زیاتر لە دەقە ئیسپانییەکەوە سەرچاوە دەگرێت بەڵام تەرجومەی تەواوی ئەو نییە و ئەوەی من زۆر درێژترە. تا ئەوەی من پێی بزانم، هیچ کامێک لە دەقی

زمانەکانی دیش پەیوەندییان بە ئۆریگیناڵە ئیسپانییەکەوە نیە.

جا ئەمە گۆرانییەکەی منە کە دیسان هەر لەگەڵ (گرووپی سەهەند) لە سلێمانی تۆمارمان کرد:

ماچی بێ دوایی

لیریکی کوردی: هۆمەر دزەیی

ئاواز: کۆنسوێلۆ ڤێلاثکوێث (گۆرانی بێسامێ موچۆ)

ئەڕانژ: گروپی موزیکاڵی سەهەند لە سلێمانی

ماچم کە

ماچی بێ دوایی

با شیلەی لێوت مەستم کا

وەکو بادەی خوایی

ماچم کە

ماچی بێ دوایی

ئەترسم ئەمەیان

ببێ بە ماچی دوایی

***

گەر بەجێم بێڵی

هیچم پێ ناهێڵی

لە تین و لە دین و لە ژین

مەمخەرە ئەم بارە

دڵ بۆ تۆ زامدارە

هەر بۆ تۆ

پڕە لە ئەڤین

***

هەناوم

سەیری ناو چاوم

تۆ جارێک خۆتی تیا ئەبینی

بەڵام من تا ماوم

ماچم کە

ماچی بێ دوایی

ئەترسم ئەم ماچە

ببێ بە ماچی دوایی

***

ماچێکی ئەم لێوە

گازێکی ئەم سێوە

سارێژ ئەکەن کۆنە برین

دڵم مەشکێنە

چیتر مەمگرێنە

سنگتم بۆ بکە بە سەرین

***

ماچم کە

ماچی بێ دوایی

ئەترسم ئەم ماچە

ببێ بە ماچی دوایی

ماچم کە

ماچی بێ دوایی

کێ ئەڵێ ئەم ماچە

نابێ بە ماڵئاوایی

***

ئەو ئاوازە ناوازە ئەوەندە کاری تێ کردم و کردوویەتی کە بوو بە ئیلهامی ئەم هەڵبەستەم بە زمانی عەرەبیش هەرچەندە کە لەگەڵ ئاوازە ئیسپانییەکەش ناگونجێ. دواتر، زۆر دواتر جارێکیان لە دانیشتنێکما لە هەولێر لەگەڵ هونەرمەندی گەورە الهام المدفعي ئەم هەڵبەستەم بۆ خوێندەوە کە بەڕاستی زۆری بەدڵ بوو و لێی وەرگرتم کە ئاوازی بۆ دابنێت و پێکەوە بە دووقۆڵی تۆماری بکەین. بەڵام دوای سەفەری ئیتر لێک دابڕاین و تا ئەمڕۆش یەکتریمان نەدیوەتەوە ئیتر نازانم سەرەنجامی ئەو هەڵبەستە عەرەبییەم بە چی گەیشت.

قبلة بلا نهاية

نووسینی: هۆمەر دزەیی

ئاوازی بۆ دانەندراوە

قبليني قبلة بلا نهاية

و دعي رحيق شفتيك يسكرني كخمر الهي

قبليني

قبلة بلا نهاية

فاني اخشى ان تكون قبلة النهاية

***

لو تركتيني

لجردتيني من ايماني و ذاتي

و حرمتيني مما تبقى من عمري و حياتي

فلم في هذا الموقف ترميني؟

ان قلبي بركان يفور بالعواطف الملتهبة لك

فاخمديه بحبك

انني ضحية هذا البركان

شريد بلا ماوى

فقير لا يرجو الكثير

اذ بين ثنايا صدرك اويني

***

راعيني

انظري الى عيني

فسترين فيها وجهک للحظة

اما انا، فانني اراه بعين ذهني في كل لحظة

قبليني

قبلة بلا نهاية

لاني اخشى ان تكون قبلة النهاية

***

لو طبعت قبلة واحدة على شفتيك

و لمس فاهي بعضة بريئة نهديك

لاندملت كل جراح قلبي السقيم

لانك انت علتي و انت الحكيم

فعلام تحطمين فوادي؟

و لماذا تتركينني انوح و انادي؟

اين اذن ما عرف عنك بالبر و الاحسان؟

و يا عجبي انك تبخلين على اليتيم الضمان

اليس من الانصاف ان تاخذي براسه

و تضمينه برفق الى نهدك الريان

و تمسحينه باناملك الناعمة بحنان؟

***

قبليني

قبلة بلا نهاية


و دعي رحيق شفتيك يسكرني كخمر الهي

و اتركي فمك يسكن في فاهي

الى

مالا نهاية

***



ماچی بێ دوایی

12
من و جوانی
لە روانگەیەکی ئێستێتیکەوە

من و جوانی

ئەمن بولبولم،

پەپوولەم،

هەنگم،

لە باغستانا،

لە ترۆپکە لکی

دار ئەرخەوانا

لە هەرد و وەرد و

دەشت و پاوانا

لەناو سروشتی

جیهانی پانا

لە بەهارانی

دێی دووگردکانا

گوڵێکی جوان و

بۆنخۆش بەدی کەم
مەستی بێ مەی و
سڕبووی بێ بەنگم

***

ئەمن رووبارم
ساڵدانە و سەنگم
بەڵام هەر جارێ
هەورێکی پڕ ئاو
بەسەرما رەت بێ
دایبرژێنێ
گەواڵەی ناکاو
رایهەژێنێ ژێی
گیتار و چەنگم
هەنگی بێ سێ و دوو
هەڵئەبڕم دەنگم

***

ئەمن رێبوارم،
دوورە مەبەستم
بەڵام لەسەر رێم
کیژۆڵەی لادێ

له گەڕی شاییێ

له ژێر کەلانگوچک

راگوشێ دەستم

دایبخورپێنێ

هەناو و هەستم

لەوێ هەواری

لێ دادەبەستم

***

ئینجا با ئەم بەسەرهاتە زۆر رۆمانتیکەتان بۆ بگێڕمەوە کە پێکەوە لەگەڵ ئەو هەڵبەستەی سەرەوە نموونەی زۆر زەق و زیندوون بۆ کۆڵێک چیرۆکی لەو بابەتەم کە هەم لە کوردستان هەم لە بەغدا هەم لە ئەوروپا لە دەفتەری ژیانی نەوجەوانیما تۆمار کراون:

ساڵ هاوینی١٩٦٧بوو. من لە ڤیەننا بووم و ئۆتۆمۆبیلێکی سپۆرتی نوێی رەنگ سووری سەرکراوەی بریتانی دوو نەفەریم هەبوو (ترایۆمف سپیتفایەر Triumph Spitfire). رۆژێکیان ویستم سەردانێکی شارە جوانەکەی بوداپێستی پایتەختی هەنگاریا بکەم کە ئامۆزایەکی زۆر خۆشەویستیشم، شێرکۆ دزەیی، هەر لەوێ خوێندکار بوو. ئێوارەیەکی شەممە بەرێ کەوتم و کەمێک پێش سنووری نەمسا هەنگاریا گەیشتمە گوندێک گوتم با لە گاستهاوسێ (gasthaus = بە زمانی ئاڵمانی ریستۆرانتێکی مەیلەو رەمەکی ئەگەیەنێ) بۆ پشوویەک لا بدەم. کە چوومە ژوورەوە بینیم هەرایەکی زۆر خۆشی موزیک و دانس و حیتەی بەزم و پێکەنینە. خۆی جاران وابوو کە لە هەندێ گوندی ئەو وڵاتانە ئێوارانی ویکێند کچ و کوڕانی ئەوانەی ئۆتۆمۆبیلیان نەبوو (هەر کەم

گەنجی ئەو زەمانە ئۆتۆمۆبیلیان هەبوو) هەر لە گوندەکەی خۆیان لە گاستهاوسی رایان ئەبوارد. خۆی پیرەکان هەر حەزیشیان نەدەکرد دوور بازۆن چونکە دەیانخواردەوە. ئەوسا کچانی لادێی نەمسا زۆریان جلی میللییان لەبەر دەکرد کە بە ئاڵمانی پێی دەڵێن (دیرندڵ Dirndl) ئیتر لەوێ لەگەڵ کیژۆڵەیەکی زۆر نەشمیلانەی دیرندڵ لەبەرا لێمان بوو بە چاوبازی. ئەو لەگەڵ چەند کچێکی تری دەستەخوشکی لەسەر مێزێکا دانیشتبوون و هەر بە چاو بانگی کردم بۆ ئەوەی بچم دانسی لەگەڵا بکەم. هەر واشی لێ هات و لەوەش زیاتر هەر لەگەڵ پێچی یەکەمی دانسا نەک هەر باوەشم بوو بە هێلانەی جەستە نەرمونۆڵەکەی بگرە خورپەی دڵیشمان تێکەڵ دەبوو لەگەڵ ریتمی ئاوازی دانسەکان. خولاسە، پێی سەلماندم کە تازە بەم نیوەشەوە باش نییە ئەو سەفەرە بکەم گوتی شەو لێرە بمێنەوە و بەیانی دەوام بە سەفەرەکەی بودابێستت بدە. رازی بووم و هەر لە گاستهاوسەکە ژووری بۆ کرێشیان هەبوو کە بە ئاڵمانی پێی دەڵێن (تسیمەر فرای Zimmer Frei واتا ژووری بەتاڵمان هەیە). کاتی داخستنی لۆکاڵەکە ئەو لەگەڵ دەستەخوشکەکانی رۆیشت کە بۆ بەیانی بێتەوە لام و منیش شەوەکەم لەوێ لە ژوورەکەی خۆم مامەوە. سەرتان نەیێشینم سێ شەو نەیهێشت برۆم و بەرۆژ کاری دەکردو ئێواران تا درەنگانی شەویش لەگەڵما دەمایەوە و کەوتینە حوب و غەرامێکی تا بناگوێمان کە بە ئەڵمانیش بەو جۆرە حەز لێک کردنە دەڵێن Bis ueber beide Ohren. دوای ئەو سێ رۆژە بامدایەوە بۆ ڤیەننا و هەنگاریا و شێرکۆم هەر لەبیریش نەما.

ئەم هەڵبەستانەی خوارەوەشم ئەوەش هەر رەنگدانەوەی ئەو هەستەی جوانی و هونەر پەرستیمن و کردوومن بە گۆرانی.

گۆرانی (ئایشیلێ) و گۆرانی (هەڵاتن)

جارێکیان لە سەفەرێکی ئێرانێم لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو چوومە ئێوارە موزیکاڵێکی هونەرمەندی گەورە گوگوش. جگەلە گۆرانییە فارسییە خۆشەکانی گۆرانییەکی بە زمانی ئازەری چڕی کە بۆ من و ستایلی من لە گۆرانی گوتنا پڕ بە پێستی خۆی و ئاوازەکەی زۆر نامۆ بوو بە بەراورد لەگەڵ گۆرانی فارسی و ئازەری ترادیشناڵ، گۆرانی (ئایرلق)ی تورکی ئازەری کە بە کوردی واتا (دابڕان). ئاوازەکە ئەوەندە کاری تێ کردم سی دییەکەم کڕی کە نەک هەر گوگوش بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی دیکەی ئازەری زمانیش گوتوبوویان لە ناویانا رەشید بیبیتۆڤ دەنگخۆشی ناوداری ئازەری سەردەمی سۆڤیەت و یاقوب زروفچی ئازەری ئێرانی. جا پشتبەست بە فەلسەفەی جوانیپەرستیم، کە گەڕامەوە بۆ ڤیەننا هەر یەکسەر وشە تورکی ئازەرییەکەم - کە ئەیزانم - وەرگێڕا بۆ سەر زمانی کوردی بەڵام بە تایتلێکی جیا کە ناوم نا (ئایشیلێ). دوای چەندین ساڵ لە سلێمانی بە ئەڕانژکردنی هونەرمەند کاک هێرش عەبدولڕەحمان لەگەڵ (گرووپی سەهەند) تۆمارمان کرد.

ئایشیلێ

(بە ئازەری: ئایرلق)

دانەری وشەکان بە زمانی ئازەری: فەرهاد ئیبراهیمی

ئاواز: عەلی سەلیمی (یان: سالمی)

وەرگێرانی بۆ کوردی بە کەمێک دەسکارییەوە تا لەگەڵ ئاوازەکە

بگونجێ: هۆمەر دزەیی

گوتنی: هۆمەر دزەیی

ئەڕانژ: هێرش عەبدولڕەحمان

گرووپی موزیکاڵ: گرووپی سەهەند لە سلێمانی

شەوان کە رائەکشێم

شەو بەسەر ناچێ

بیری ئەو کیژۆڵەم

لەسەر دەرناچێ

نازانم من چۆن ماوم

گیانم دەرناچێ

ئایشیلێ ئایشەی نەوجەوان ئایشیلێ

شێت بووم بۆ چاو و برۆی کەوان ئایشیلێ

***

دژوارە بەبێ تۆ

شەوی رەشی من

روو لە چ لایە بکا

بەختی رەشی من

ئاخۆ کەی لێم هەڵبێ

ستارەی گەشی من

ئایشیلێ ئایشەی نەوجەوان ئایشیلێ

شێت بووم بۆ چاو و برۆی کەوان ئایشیلێ

***

گۆرانی (هەڵاتن)

Love in Portofino

ئەم گۆرانییە رۆمانسیە کۆنەی بە زمانی ئیتالی کە دەرکەوت وەک ئاگر و پووش بەناو هەرچوار سووچی جیهانا بڵاو بووەوە. نووسەری لیریکە تۆریگیناڵە ئیتالییەکەی (لێیۆ کیۆسسۆ Leo Chiosso) و کۆمپۆزەری ئاوازەکەشی (فرێد بوسکالیۆنی Fred Buscaglioni) یە. چیرۆکی گۆرانییەکەش چیرۆکی خۆشەویستییەکە لە گوندێکی ناو (پۆرتۆفینۆ Portofino) لە باکووری رۆژئاوای ئیتالیا. گۆرانییێژە هەرە ناودارەکانی جیهان هەر یەکە بە زمانی خۆی و بە لیریکی جیا جیا ئەم ئاوازە پڕ لە جۆش و خرۆشەیان بە هەوادارانی ئاوازی خۆشی گەلانی خۆیان ناساندووە. ئەو دەنگانەی لەو گۆرانییەدا بەتایبەتی کاریان تێ کردم دەنگی (ئەندریا بۆچێللی Andrea Bocelli) و (دالیدا Dalida) بوون. منیش بە خۆمم گوت باشە ئەم ئاوازە خۆشە بۆچی بە کوردیش نەبێ؟! ئەوە بوو کە وشەی کوردیم بۆ دانا کە هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەرۆکی زمانەکانی دیکەوە نییە و ناوم نا (هەڵاتن) کە بە ئینگلیزی escape دەگەیەنێ. جا لە سلێمانی بە ئەرانژکردنی هونەرمەندی خۆشەویست (ئاری جەبار) دیسان هەر لەگەڵ (گرووپی سەهەند) تۆمارمان کرد.

هەڵاتن Love in Portofino

لیریکی ئیتالی: لێیۆ کیۆسسۆ

ئاواز: فرێد بوسکالیۆنی

لیریکی کوردی: هۆمەر دزەیی

گوتنی: هۆمەر دزەیی

ئەرانژ: ئاری جەبار

گرووپی موزیکاڵ: گرووپی سەهەند لە سلێمانی

دەستم لە کەمەرت وەرێنم
بۆخۆمت راکێشم بە تین
لێوم لە گەردەنت هەڵسوێنم
ون بین لەناو دنیای ئەڤین

***

فریشتە و پەریمان بێنە یاری
دامان نێن لە تاقی ئاسمان
ئەستێرەت بۆ راخەن بە دیاری
هەوریش وەکوو جێ و بالینگان

***

گەر شەماڵ لێی سەندین ئەو نوێنە
سینگم بۆت ئەکەم بە سەرین
گۆنات بە مووی سینگم دابێنە
نم نمیش دەس کا بە بارین
جەستەی تەڕ لە جەستەم بخشێنە
ون بین لەپشت ئاسمانی شین

***

13
بەندێک بۆ ئەو کچەی کە بەجێی هێشتم

لە رۆژی دووی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٥٧ بە تەمەنی بیست ساڵی گەیشتمە ڤیەننا. دوو مانگێک دەبوو نەدەبوو گەیشتبوومە ئەوێ لەگەڵ کیژۆڵەیەکی حەڤدە ساڵی زۆر جوان (ئێریکا بلیدل Erika Bledl) هەر لە یەکەم چاو پێککەوتنمانا حەزمان لێک کرد. بەڵام ئەوسا ئەمن هێشتا لە سەرەتای فێربوونی زمانی ئاڵمانی بووم کە لە نەمسا قسەی پێ دەکەن و تەنها چەند وشە و رستەیەکی سووک و ئاسانم دەزانی، ئێریکاش ئینگلیزی نەدەزانی کە من دەمزانی هەرچەندە کە زۆر باشیش نا.

جا لە چەند ژوانێکمانا کە دادەنیشتین نەمدەزانی چی پێ بڵێم، چی بۆ بڵێم. دوای ماوەیەکی کورت کچە لێم بێزار بوو و وردە وردە خۆی لێ دوور دەخستمەوە. خۆی بە پێچەوانەی پیاو کە لە ژنا زیاتر مەبەستی جوانییەکەیەتی، ژن بە سروشت زیاتر ئاشقی کەسایەتی پیاو دەبێ، جا کەسایەتی لە هەڵسوکەوت و رەفتارا بێت یان لە شێوەی قسەکردن و شارەزایی لە زانیاریی گشتی general knowledge. بە گشتی دەکرێ بگوترێ کە: لە ژنان جوانی، لە پیاوان شەخسییەت و قسەڕەوانی. جا منی بیست ساڵی کە جارێک، دووجار هەر بە دەمچەفتی بەرامبەر ئێریکای شۆخ و شەنگ دادەنیشتم و چ قسە نەدەبوو بیکەین خۆم هەستم دەکرد وا خەریکە لە دانیشتنەکەمان وەڕس دەبێ. دوا جار بە راشکاوی پێی گوتم حەز دەکا لەوێوە ئیتر پەیوەندیمان بپچڕێنین و هەروا جاروبار، وەک برادەر نەک وەک دۆست و یار، بمێنینەوە. ئەوەشی خستە سەر قسەکانی کە پێش ئەوەی من بناسێت پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکەی

٢٩ ساڵیی بە ژن و منداڵ هەبووە بەڵام کە منی بۆ یەکەمجار بینی ئەوی لەبیر کرد. ئێستا دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆنە یارەی.

چاکم لەیادە وەک دوێنێ بووبێ هاوینی ساڵی ١٩٥٧ کە بۆ یەکەمجار لە (کافێ ئۆپەرن پاساژ Cafe Opern Passage) ی ناو شار هەروا سەرپێ یی بە رێگای کورێکی یۆنانی ناسیاوی هەردووکمان (کۆستا Costa) لەگەڵ ئێریکا یەکتریمان بینی هەستم کرد منی راستەوخۆ کەوتە ناو دڵەوە و یەکسەر ژمارەی تەلەفۆنی لەگەڵما ئاڵوگۆڕ کرد و ژوانی لەگەڵما گرت. بەڵام وەکو لەسەرەوە باسم کرد دیار بوو کێشەی زمان و شکستی من لە سەپاندنی شەخسیەتی خۆم بە سەریا وای کرد کە دڵی لێم سارد بێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ کۆنە دۆستەکەی. پێم وایە دەبێ ئێریکا هەردوو یار (من و ئەویتر)ی، یان با زیاتر روونی بکەمەوە (جوانێک و قسەزانێک)ی خستبێتە ناو تای تەرازوو. دیارە بە رەنگ و روخسار منی لا پەسندتر بووە ئەگینا بۆچی پشت لەو بکات و روو لە من بکات ! جا لەوە دەچێ دواجار ئەوەی دواییان، قسەزانەکە، تەرازووەکەی لاسەنگ کردبێ. ئەمە لێکدانەوەی خۆمە. بەڵام دیسان هەر بە بۆچوونی خۆم، بۆچوونی زۆر دواتری خۆم، دیاردەیەکی سایکۆلۆژی لە سروشتی ژنا بەگشتی هەستی پێ دەکرێت: کچێک یان ژنێکی بێ مێرد لە ناخەوە دڵی بە جۆش دێت و هەست بە جۆرە سەرکەوتنێک دەکات ئەگەر پیاوێکی بە ژن بکەوێتە داوی خۆشەویستیی ئەو. ئەمە فلێڤەرێک flavor ی بەتام و بۆنخۆش بە حەزحەزۆکێکەی وەر دەکات.

ئەمانە هەمووی لێکدانەوەی دواتری خۆم بوو بۆچی ئەو کچە منی نەویست. لەوانەشە بەهەڵەدا چووبم و دوور نییە هۆی تر لە پشتەوە بووبێ کە من پەیم پێ نەبردووە.

هەر چۆنێکی بێ، ئەم حەزە کورتخایەنە هەست و هۆشم داگیرکەرە و ئەو لێکدابڕانە ناچاوەڕوانە، بوو بە هەوێنی هەڵبەستێکی گەرم و ناسکم

کە شەوی ١٩٥٧/١١/١١ لە ژوورەکەی خۆما لە شەقامی (پافرات گاسسە Paffrath Gasse ٥) ی گەڕەکی دووەمی ڤیەننا بەدەم سوراحییەک شەرابی لەعلی رومانییەوە بۆم هات.

هۆمەر دزەیی

(ڤیەننا ١٩٥٧/١١/١١)

بەندێک بۆ ئێریکا بلێدل

Ode to Erika Bledl

ئاوازی کام ژێ یە لە گوێما دەنگ ئەداتەوە؟

شەپۆلی کام زێ یە لە سنگما پەنگ ئەخواتەوە؟

بۆنی کام گوڵە؟ لەرەی کام چڵە،

رائەهەژێنێ ئەم لانەی دڵە!

***

سەرنجم گرت دڵم وا دێ

تەماوی و پەست و شێواو بێ

وەکوو سەنگیی هەموو گێتی

بەسەریا کەوتبێ وا بێ

ئەناڵێنێ و ئەدا پەل وەک

نێچیری کەوتە ناو داو بێ

یا وەک دارێکی تینوو

تاقە ئاواتی یەک قومی ئاو بێ

***

دڵە، چاک تێت ئەگەم بۆیە

منیش وەک تۆ پەشێواوم

لە فرمێسکی گوڕ و گەرمم

گەلێک رشت بۆیە کزچاوم

شەوانی بەزمی جارانم

بەسەر چوو بۆیە داماوم

هەزار داخ کورت بوو ئەو خەونەی

کە ئێستا وا لێی هەڵساوم

***

ئەزانی ئێستا پیشەی من

هەمیشە کاری بەدکارە؟

شەوانم هەر لە مەیخانان

بەرۆژ بێهۆش و ئاوارە

هەڤاڵانم هەموو تۆران،

تەنانەت خۆمم لێ بێزارە

بەڵام توخوا مەکەن لۆمەم

بڵێن قەیناکا دڵدارە

***

بە تی چاوی تەلیسماوی
دڵم گیراوی ناو تۆڕە
لە ئاستی لێو و شیرناوی
هەموو لێویٚ سەری شۆڕە
بە بۆنی پەرچەمی خاوی
گوڵاڵەی دەوری بەستۆڕە[1]
بە بەژنی شلکی لاولاوی
هەتا خوا حەز ئەکا شۆڕە

***

هەموو هەست و هەموو کاتم
هەتا توانی هەمووم دایێ
لە پێشی هەر ژوانێکا
هەزار جار: خوایە دێ، نایێ!
لە باخی شار، لەسەر دانوب
لەژێر هەر دار و پەنایێ
گەلێکم مژت لە لێوانی و
گەلێش ئامێزی باڵایێ

***

[1] بەستۆڕە: بەستێکە لە نێوان شاری هەولێر و هاوینە هەواری سەلاحەدین و سەیرانگای بەهارانی دانیشتووی ئەو ناوەیە.

لە ئاسۆی ژینی پڕ هیوام

وەکو مانگێکی هاوینی

کە وام زانی بەرەو سەرما

ئەکشێ ڕووناکیم بۆ دێنێ

کەچی تووەمەز کە ئەو مانگە

لە زەردەی ژینی وەک خوێنی

دڵم بوو هاکا ون بوو لێم

جا دڵەی ساوام کێ ئەینوێنێ

***

بەڵێ، ڕۆیی، لەدەست چوو،

کۆترەکەم ڕۆیی بەدەم باوە

هێلانەی دڵ لەپاشی ئەو

ئەوا وێران و ڕووخاوە

گوڵی گوڵدانەکەی ژینم

لەبۆیە سیس و ژاکاوە

بەکورتی، ژینی پاشی ویم

لەناو تاریکیدا ماوە

***

بەڵام دوور یا نزیک، شەرت بێ
لەبیرت قەت نەکەم تاوێ
وەفادار بم منت ویست و
تەنانەت گەر منت ناوێ
ئەگەر نەشبین بە هاوسەر
خۆ ئەمن تازە، ئەمن هەر
بە بەهرەی تۆ، بە چەهرەی تۆ
ئەکا هەسپی هونەرمەندیم
لە دڵ سمکۆڵ و پڕتاوێ

***

تێبینی ١: ئەم شیعرەم نەکردووە بە گۆرانی و داخی گرانیشم هیچ وێنەیەکی ئێریکام نییە تەنها دوو نامەی نەبێ کە دوای لێک دابڕانمان لە ١٩٥٧/١٢/٢٢ و ١٩٥٨/٣/١٨بۆی نووسیوم.

تێبینی ٢: هاوینی (٢٠١٧) دوای تێپەڕبوونی شەست دانە ساڵی ڕەبەق بەسەر یەکترناسینمان لە سەردانێکی ڤیەننام بەدوای ئێریکادا گەڕام. چوومە ئەو باڵاخانەی کە ماڵەبابی ئەوی لێ بوو لە گەڕەکی پانزدەی ڤیەننا Wien 15, Gablenz gasse بەڵام کە سەیری تەختەی ناوەکانی بەر دەرگای باڵاخانەکەم کرد ناوی ئەو فامیلییەی لەسەرا نەمابوو. بە

پلیکانەکەشا نهۆم بە نهۆم سەرکەوتم و لە ناوی سەر هەموو دەرگاکانا ورد دەبوومەوە ناوی (بلێدل Bledl)م بەرچاو نەکەوت و نەکەوت. ئای کە هەناسەی سەردم هەڵدەکێشا و خەفەتم دەخوارد. بۆ من کوژانەوەی لایەکی ساڵانی جوانیم بوو. زۆر بە دڵساردی و کورد گوتەنی (دەست لە گونان درێژتر) بە هەنگاوی نابەدڵییەوە پلیکانە بە پلیکانە ڕێی خوارەوەم گرتەوە بەر.

14
لاواندنەوەی دووگردکان

دووگردکان ئەو گوندەیە کە ئێمە حەوت برا و دوو خوشک لێی لەدایک بووین: ئەحمەد، محەمەد، عوسمان، قەدریە، نەجیبە، ئەنوەر، موحسین، سەعدی، عومەر (وەک دەیبینن من بچووکترینیانم) و داخی گرانم ئەمڕۆ تەنها ئەم چوارەمان ماوین: قەدریە، موحسین، سەعدی و خۆم. باوکمان حەمەدەمین ئاغای بایز ئاغا لە بنەماڵەی خانەدانی عەشرەتی دزەیی بوو و دایکمان کافیە خانی شێخ مارفی شێخ کەریمی کۆیی نەوەی شێ حەسەنی گڵەزەردەی بەرزنجی زانای ئایینی و فەلەکناسی ناوداری کوردستان بۆ سەردەمی خۆی بوو. شێ حەسەنی گڵەزەردەی باپیرە هەرە هەرە گەورەی من مامی شێخ مارفی نۆدێی باپیرە هەرە گەورەی شێخ مەحمودی حەفید بووە. شانازییەکی گەورەیە بۆ من زادەی ئەو دوو بنەماڵە نۆبڵەی کوردستانم.

دووگردکان بە نزیکەی ٢٥ کیلۆمەترێک کەوتۆتە باشووری شاری هەولێر و بە ٥ کیلۆمەتریش لە باشووری رۆژئاوای شارۆچکەی قوشتەپە. گوندەکە لە سێ گەڕەک پێک هاتووە: گەڕەکی ناوەندێ، گەڕەکی خەلیلاوا و گەڕەکی رەحمانی (رەحمان ئاغای مامی من). ماڵەکەی ئێمە لە گەڕەکی ناوەندێ لە بناری گردی سەید وەسمان بوو و دیوەخانەکەشمان لە لایەکی سەر گردەکە. کەندێکیش بەناو ئاواییدا دێت کە لە زستانی بە باران پڕ دەبوو لە ئاو و بۆ چەند رۆژێک هاتوچۆی دانیشتوانی گەڕەکەکانی رادەگرت. دوو گۆمیش کە زستانان پڕ ئاو دەبوون لە قەراخی گوندا بوون: گۆمی کەندێ تاراوان و گۆمی باوە. کەندەڵانێکی زۆر بەرز و سەختیش (کەنداره سۆر) هەبوو لە دووڕیانی

سەر ڕێی قوشتەپە و ڕێی گوندی پلێنگە کە بۆ خشخشۆکێ و خۆشاردنەوەی ئێمەی منداڵ زۆر گونجاو بوو. چونکە دووگردکان دوو گردیشی لێیە (گردی سەید وەسمانی) و (گردە خەجیلە) بۆیە ناوی بووەتە (دوو . گردک . ان) چونکە (گردک) چکۆلاندنی (تەسغیر dimunitive)ی وشەی (گرد)ە بۆیە ئەگەر ناوی (دووگردان)یش بوایە هەر ڕاست دەبوو.

جاران دووگردکان گوندێکی زۆر ئاوەدان و خۆش بوو. بەڵام تەبای هەموو گوندەکانی کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو کەوتە بەر شاڵاوی ئەنفالی بەعس و وێران و خاپوور کرا. ئەمن ساڵی ١٩٨٨ لە ئەمەریکا گیرسابوومەوە و دوای چەند ساڵێک لەپاش کشانەوەی حکومەتی بەغدا لە کوردستان سەردانێکی دووگردکانەکەی ساڵانی منداڵی و مێردمنداڵیی خۆمم کردەوە. بەڵام چێم دی؟! کە چاوم بە کاولە دووگردکان کەوت ئاتاری لەسەر پاتاری نەماوە خۆم پێ نەگیرا فرمێسکی چاوم کاروان کاروان بەسەر گۆناکانمدا ڕێچکەیان دەبەست. کە گەڕامەوە بۆ ئەمەریکا دانیشتم ئەم سەردوولکەیەم بۆ هات کە لاواندنەوەی کاولە هەواری هەوەڵ بیست ساڵی ژینمە. ئاوازێکیشم گونجاندێ کە هەوایەکی کۆنی کوردییە لە کاتی خۆی بۆ شیعرێک بە تورکی لەسەر وێرانکردنی شاری دەرسیم لە باکووری کوردستان داندرابوو. ئەم گۆرانییەم بە دوێت لەگەڵ لارای کچما تۆمار کردووە.

گوندەکەم دووگردکان

لیریک: هۆمەر دزەیی

گوتنی: هۆمەر دزەیی و لارا دزەیی کچی

ئاواز: ترادیشناڵ (دەرسیمن ساوغ سوولاری)

ئەڕانژ: دکتۆر .ع.ج. سەگرمە

دووگردکان گوندە خۆشەکەم

هەوا و خاکە بۆنخۆشەکەم

زەوی و زارە گوڵپۆشەکەم

کوێراییم دایە دووگردکان

***

دووگردکان گوندە جوانەکەم

خەوی خۆشی سەربانەکەم

دەنگی دووری حەیرانەکەم

کوێراییم دایە دووگردکان

***

کەند و لەند و کەندەرانت

ڕەوە تەیری ئێوارانت

مریشک و جووچکەی کۆرانت

کوێراییم دایە دووگردکان

***

کوا لە کوێن کیژ و کارانت

بەزمی شەوانی جارانت

قسەی خۆشی ئێختیارانت

کوێراییم دایە دووگردکان

***

دووگردکان کوێراییم دایە

بریا قەت وام نەدیبایە

کە تۆ چوویت منیش بچوومایە

کوێراییم دایە دووگردکان

***

داخوا ئەو ڕۆژە دێتەوە

وەک جارانت لێ بێتەوە

هەنگی هەقمە نەزر بگرم

لە باوشت بمرم دووگردکان

***

بەڵام خۆ هەر تەنها ئەمە نەبوو نیشانەی دەربڕینی هەستی هەڵچووم بەرامبەر بە دووگردکان. پێشتریش بەیتێکی دوور و درێژم لەسەر هەردوو قۆناخی ژیانم، ژیانی کوردەواریم و ژیانی هەندەرانم بە ناوی (چیرۆکی ئەویندارییم The Story of my Love) نووسیبوو. لەو بەیتەشدا بەم شێوەیە باسی ئەو گوندە جوانەم کردبوو کە زاگەی خۆم و خوشک و براکانم و تەواوی دانیشتووە خۆشەویست و بەڕێزەکانی بوو.

داخەکەم گردی دووگردکان

چەندە بە دیدار عەزرەتم

ئا ئێستا جەستەی شەکەتم

دڵی زامداری لەت لەتم

تاوێ لەلات بسرەوێتم

خۆم لەم دنیایە دەربێنم

بچمە دنیایەکەی ئەو دیو

بۆ لای یارانی خێر نەدیو
بۆ لای جوتیار و گاوانی
لای گیشەکەر و سەپانی
بابەلباب هەر دووگردکانی
بۆ لای مام عەولا و حەمەد و
عەیشۆک و پلکە سوڵتانی
بۆ لای نەختێ و خانەگور و
خامەک و پلکە بسکانی
دەستێ لە ملی کاکم کەم
سەرێ بە سینگی داکم کەم
شەوێک لەگەڵیان دانیشم
لەسەر گردی سەید وەسمانی
سکالا بۆ یەکدی بکەین
بە یادی رۆژانی جوانی
سەربردە و دەردی دڵمیان
بۆ باس بکەم تا بەیانی
ئەوجا بێمەوە ناو ژینی
پڕ لە خەمی دنیای فانی
چەند وردە کەستەکی ماوە
لەو سێ گەڕەکە رووخاوە
هەمووی بە ماچ و چاو تەڕکەم
بە سەر و کۆکرم وەرکەم
چاوێ بە هەوارگەی وێران
بە کەرتە خشتی جێماوی
کاولە دیوەخانی شێران
دا بگێڕم و ببینم

دووبارە وێنەی ڕۆژانی
هەوەڵ بیست ساڵەکەی ژینم
دە وەرنەوە، دە وەرنەوە
ڕۆژانی ڕابردووی ژینم
من لەگەڵ خۆتان بەرنەوە
با پتر پیری نەبینم

***

ئەو بەیتە درێژەم کە ئەم لاواندنەوەی دووگردکانەکەشی تێدایە وەک کتێب بە ناوی (چیرۆکی ئەویندارییم) دووجار لەچاپ داوە، لە ستۆکهۆڵم و لە سلێمانی. باسەکەی دووگردکان لەو کتێبە کەوتۆتە لاپەڕە ۹۸ ی چاپەکەی سلێمانی ساڵی ۲۰۰٦ .



گوندەکەم دووگردکان

15
دەردی دووری

لە ساڵانی ١٩٧٤ - ١٩٧٠ لە ماوەی پێکهاتنی یانزدەی ئازاری نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی بەعس ئەمن لە باڵیۆزخانەی عیراق لە ڤیەننا بە کارمەند دامەزرابووم بۆ کاری وەرگێڕانی زمان و رۆژنامەوانی.

ساڵی ١٩٧١رۆژێکیان نامەیەکی جوانم لە ئامۆزام، شاعیر و راوچی و پسپۆری کەش و هەوا، کاک حەوێزی حاجی جوکل ئاغای دزەییەوە (٢٠٢٠ -١٩٢٧) کە نازناوی شیعری (زانا) بوو پێ گەیشت کە بە شیعر باسی کوردستان و خزم و کەسانی بۆ کردبووم.

ئەو شیعرە پڕ لە باسی رۆژگارانی بەسەرچوو و هەوارگە وێرانەکانی جاری جاران بۆ منێکی بە سروشت رۆمانتیک کولاندنەوەی کۆنە برینی ژیانی ساڵانی منداڵی و نەوجەوانیم بوو لە دەشتی دزەییاتی. هەر یەکسەر دانیشتم و منیش هەر بە شیعر کوڵی دڵی غەریباتیی خۆمم دوور لە وڵات و دوور لە دۆست و یاران بەم هەڵبەستە دامرکاند و بۆ کاک حەوێزاغای ئامۆزامم ناردەوە بۆ کوردستان.

هەڵبەستەکە هەندێ وشە و ناوی هەندێ شوێنی تیایە کە رەنگە بۆ هەندێ خوێنەر نامۆ بن بۆیە پێویستی بە پەراوێز کرد کە لە خوارەوە ریزبەندم کردووە.

دەردی دووری

هەڵبەست: هۆمەر دزەیی

ڤیەننا، تیرمەهی ١٩٧١

(دیارییە بۆ ئامۆزای خۆشەویستم حەوێز ئاغای حاجی جوکل ئاغای دزەیی کە نازناوی شیعری: "زانا" یە) .

شیعرەکەت گەییە ڤیەننا ئەی برا نازدارەکەم

ئاگری بەردامێ باسی دەشت و کێو و شارەکەم

من لە دووریی نیشتمان و میللەت و دۆست و کەسان

دەردمە و جارێ بە "مەی" وا دەردەکەم تیمار ئەکەم

ئەی برای راوچی و تفەنگچیم، شارەزای ئاو و هەوا

پسپۆڕی "هات و نەهات"م، ئامۆزا شاسوارەکەم[1]

من لەسەر رووباری دانوب چاو ئەڕێژم وا بە کوڵ

بەڵکو فرمێسکم بگاتە کەندێناوەی یارەکەم[2]

من لە قوتکەی کێوی ئەڵپا پڕ بەدەم بانگت ئەکەم

بەڵکو دەنگم داتەوە ئەو دارەکەی بزمارەکەم[3]

---

[1] حەوێزاغای حاجی جوکل ئاغای ئامۆزام جگەلە زەوقی شیعرنووسین بەم هەموو سیفەتانەشەوە بە ناوبانگە و بەڕاستی وەستا بوو: راوکردن ، نیشان شکاندن ، شارەزایی لە کەش و ئاو و هەوا و ساڵی (هات و نەهات) بۆ کشتوکاڵ.

[2] کەندێناوە یان (کەندی ناوە) کەندێکی گەورەیە بەناو دەشتێکی بە پیت فەڕدا تێ دەپەڕێت کە بە هەمان ناو ناسراوە و کەوتۆتە خوارووی شاری هەولێر. شیاوی باسە کە هاوسەرەکەی خۆشم خەڵکی ناوچەی کەندێناوەیە بۆیە گوتوومە ، کەندێناوەی یارەکەم.

[3] دارە بزمارە : کۆڵکە دارێکە لە کلکەی رۆژهەڵاتی چیای قەرەچوغ و جاران جێی نەزر و مرازی خەڵکی ناوچەکە بووە. چونکە ئەوەندە بزماری مرازدارانی تێ کوتراوە بۆیە پێی دەڵێن دارە بزمارە. شایانی ئاماژەیە کە لە ناوەڕاستی شاری ڤیەنناش لە نەمسا کۆڵکە دارێکی بزمار رێژکراوی وا هەیە بە ناوی (Stock im Eisen) کە دەڵێن چەند سەت ساڵ کۆنە و ئێستا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی شوێنەوار شووشەبەند کراوە و گەشتیارێکی زۆری دەچنە سەر.

خۆ "گرۆس گلۆکنەر" ئەڵێی بووکە لەچاو بێزنگ بەسەر[1]
بەس ئەمن هەر حەز لە کیژی سادەو و ساکار ئەکەم
چیم لە ئۆپرا یا لە مۆزارت، چیم لە"گرینسینگ"و لە مەی٥
من تەمەننای بەزم و رەزمی یەک شەوی رەشمار ئەکەم[2]
گەر حەمەسوور لێ بدا حەیران و مەیتەرخانەیێ[3]
سوارەکەی خۆتم وەتەن هەر پێشەبڕکێ و غار ئەکەم
(بەو خودایەی بێ شەریک و لامەکان و واحیدە)[4]
دوو قسەم پێیە بەڵام تۆ پێم نەڵێی فیشار ئەکەم[5]
کاتێ کە ستێک و شتێڵچە و شاتۆبریانێ ئەخۆم
بیر لە کفتە و نیسک و دۆینە و دۆغەوا و ساوار ئەکەم
کوانێ ئاسمانی شەوانی فێنک و ئەستێرەدار
کوانێ بەزمی گەوزە گەوزی لاو و کیژ و کارەکەم

---

[1] گرۆس گلۆکنەر Gross Glockner : بەرزترین لوتکەیە لە زنجیرە شاخەکانی ئەلپی نەمسا. (بێزینگ بەسەر) یش بەرزترین لوتکەیە لە چیای قەرەچوغی خوارووی هەولێر.
[2] گرینسینگ Grinzing لە بنەڕەتدا گوندێکی نزیک شاری ڤیەننا بووە. ئێستاکە بووەتە گەڕەکێکی ئەو شارە بەڵام خانووەکانی و کووچە و کۆڵانەکانی ئێستاش هەر شێوەی لادێیاتی روستیکاڵی جارانیان پاراستووە و کراون بە مەیخانەی فۆلکلۆریی زۆر خۆش.
[3] رەشمار : بە شێوەزاری ناوچەی هەولێر واتا رەشماڵ.
[4] حەمەسوور : بەناوبانگترین هونەرمەندی ئامێرژەنی میللی بوو لە ناوچەی هەولێر. (مەیتەرخانە)ش ئەو ئاوازە موزیکاڵەیە کە جاران لە کاتی بووک گواستنەوەی بە سواری ولاخان بە زوڕنا لێ ئەدرا و سوارەکانیش لەپێش ماینی بووکێ لەسەر ئەو ئاوازە هەڵپەڕینە تەڕادانێ و نەرمەغاریان دەکرد.
[5] ئەم تاکە دێڕە هی (بێکەس)ی شاعیرە.

من لەسەر گردی دوگردکان گەر تەماشایێ بکەم [1]
پاکی دەشتی وەک بەهەشتی هۆزەکەم بەدیار ئەکەم
گردی پیرداود، هەوارگەی باو و باپیرانی خۆم[2]
قەت نەڵێی من بێ وەفام و خاکەکەت ئینکار ئەکەم
با بچێ کاروانی جوانیم ئەمڕۆ بۆ هەر لایەکی
ئاخری خۆ هەر لەپای تۆیە دەیێخم بارەکەم
دەردی دووری پەککو ناخۆشی! کوڕینە گوێ گرن:
من لەمێژە بە جیهاندا گەشتی گوند و شار ئەکەم
بەس کە ناوی کورد و کوردستان ئەبیسم ئەبمەوە
کۆرپەو و بۆ باوەشی دایکم گرین و زار ئەکەم

***

---

[1] ئەمانە گشتیان خواردنی خۆش خۆشی گرانبەهای ئەوروپان.
[2] گردی پیرداود : جاران (ئێستا نا) گۆڕستانی بەرەبابی بایز ئاغای دزەیی بووە و بە ١٥ کیلۆمەترێک کەوتۆتە باشووری هەولێر کە بۆ مەخمور دەڕۆیت.

16
گۆرانی
(چاوەڕوانی) و گۆرانی (بریا هی من بوای)

لەو سالانەی کە لە بەغدا راوێژکاری سیاسی مام جەلال بووم لە ۲۰۰۵ وە تا نەخۆشکەوتنی و گواستنەوەی بۆ بەرلین بۆ چارەسەری، بە راسپاردەی مام جەلال خۆی خانوێکیان بۆ تەرخان کردبووم هەر رێک لە تەنیشت ماڵەکەی خۆی. لەوێ بە تاقی تەنیا دەژییام، ژن و منداڵەکانم هەموویان لە ئەمەریکا بوون. ئێواران کە کاروباری رەسمیم تەواو دەبوو بەدەر لە دانیشتنی ناو برادەران و هاوکاران دەکەوتمەوە ناو ژیانی تایبەتی خۆمەوە. لێرە ئیتر خۆم بە شیعر و ئەدەبییات و موزیک و گۆرانی خەریک دەکرد.

زۆر جار خەیاڵ وەک مەلێکی ئەفسووناوی دەیخستمە سەر شاپەڕی باڵی خۆی یان وەک (تایم مەشین Time Machine) ەکەی H.G.Wells دەیگەڕاندمەوە بۆ دواوە بۆ سالانی پڕ لە هیوا و خەونە خۆشەکانی نەوجوانیم. سەر و سەربردەی شەست ساڵێک پێشترم وەک فیلمی سینەمایی دەهاتەوە بەر چاو. شتم دەنووسی و دەمکوژاندەوە. بیرم دەڕۆیشت بۆ لای ئەو کچە شۆخ و شەنگ و جوانانەی حەزمان لێک دەکرد، بۆ لای کچی جوانی واش کە من حەزم لێی دەکرد بەڵام ئەو نا.

هەر بەو خەیاڵە قەدیفەییە نەرم و لووسەی رۆژانی رابردووم ئەم هەڵبەستەم بۆ هات کە هەر خۆیشم ئاوازم بۆ دانا و لەگەڵ موزیککاری لێهاتوو دکتۆر عەبدولا جەمال سەگرمە تۆمارمان کرد و ئەمەی لێ دەرکەوت.

چاوەڕوانی

لیریک: هۆمەر دزەیی

ئاواز: هۆمەر دزەیی

ئەڕانژ: ع. ج. سەگرمە

من هەتا مابم هەر چاوەڕێتم

نائومێد نابم هەر چاوەڕێتم

تا دێیتەوە لام ئەتگرمە باوەش

تێر تێر هەڵئەمژم لێوی تەڕی گەش

باوەڕت هەبێ بە هەستی دڵم

من هەنگە زەردە تۆ سوورەگوڵم

لە هەر کوێیە بیت من بۆنت ئەکەم

خوا وای نووسیوە حەزت لێ ئەکەم

"لە قاسەی دڵما کلیل دراوی

کلیل ون بووە لەوێیت تا ماوی

کلیل ون بووە لێی نایەیتە دەر

هەتا پێکەوە ئەنێینەوە سەر[1]

دەبا تێپەڕن ڕۆژگار و شەوگار

مانگ نێنە ئەژمار ساڵ بینە هەزار

خۆ چاوەڕوانی هەر ئەبڕێتەوە

خۆ ڕۆژێک هەر دێ بگەڕێیتەوە

هەنگێ ئەبینی هەر چاوەڕوانم

باسکت وەردێتی بە مل و شانم

پەنجەت دادێتی بە ناوچەوانم

بە ئاخ و ئۆخەی ناخم ئەدوێتی

تا هەتایەش بێ هەر چاوەڕێتم

دەس بە چەناگە چاو هەر لە ڕێتم

هەتا دێیتەوە جووت ئەبینەوە

تا دنیا مابێ لێک نابینەوە

(بریا هی من بوای)

دیسان بیری ساڵانی لاویم سەرتاپای هەست و هەناوی داگرتمەوە و گەڕاندمیەوە بۆ رابردوو . بە کورتی، ئەمن هەر چەندی بکەم و بکرێتم

---

(١) ئەم دوو بەیتەم لە شاعیرێکی نەناسراوی ئەڵمان وەرگرتووە کە لەوانەیە پتر لە هەزار ساڵ کۆن بێت و کردوومە بە کوردی. ***

ناتوانم خۆم لە رابردووم دابپچڕێنم. ئەوەش سروشتی هەموو شاعیرانی سەردەمی رۆمانتیکی ئەورپا بووە کە (فریدریک فۆن شیلەر ١٨٠٥ - ١٧٥٩) ی شاعیری گەورەی ئاڵمان بەم چوارینە دەری بڕیوە و منیش لە ئاڵمانییەکەیەوە کردوومە بە کوردی. ئەوەتا ئاڵمانییەکە و کوردییەکەی:

Dreifach ist der Schritt der Zeit

Zögernd kommt die Zukunft hergezogen

Pfeilschnell ist das Jetzt entflogen

Ewig still steht die Vergangenheit

جا من خۆیشم کە بە توندی گرێدراوی رێبازی رۆمانتیکم بەم جۆرەی خوارەوە کردوومە بە کوردی:

هەنگاوی رۆژگار سێ جۆرە

دوارۆژ، نازانین چی تیایە

ئێستا، تیر ئاسا خێرایە

هەر رابردووە نەگۆڕە،

هەر هەیە و هەتا هەتایە

ئیتر ئەو جیهانە پشت حەوت ئاسمانە وا لە شاعیر و هونەرمەند دەکات باڵ بگرێت بفڕێ بۆ بۆشاییەکی بێ بنی پڕ لە تەلیسم و فانتازی.

جا ئەم هەڵبەستەشم زادەی ئەو خەیاڵەیە و ئاوازەکەشی گۆرانییەکی ترادیشناڵی کوردی باکوورە.

بریا هی من بوای

وشەکان: هۆمەر دزەیی

گوتنی: هۆمەر دزەیی

ئاواز: ترادیشناڵی کوردی باکوور

بەو دەشت و کێوانە بووم بە دێوانە

ئاگری تێ بەرداوم تی ئەو چاوانە

بریا بە بریای خوای

ئەتۆ هی من بوای

روو لە هەرکوێ ئەکەم شێوەی تۆی تیایە

بە شەو کە رائەکشێم هەر تۆم لەلایە

بریا بە بریای خوای

ئەتۆ هی من بوای

لە هەر گوڵێکی سوور رووی تۆ ئەبینم

شەو تا بەیان خەو هەر بە تۆوە ئەبینم

بریا بە بریای خوای

ئەتۆ هی من بوای

ویستم لەبیرت کەم قەت بەلاتا نێم

وەک پووشی پایز خۆ ئاگر بەربوو تێم

بریا بە بریای خوای

ئەتۆ هی من بوای


وەک نەخشی سەر بەرد وا لە دڵما گیری

ئێستاش هەر بەتەمام سەرەڕای پیری

بریا بە بریای خوای

ئەتۆ هی من بوای

***



بریا هی من بوای

17
گۆرانی
گەڵا وەریوەکان و گۆرانی ئەوسا و ئێستا

لەو ساڵانەی کە لە پاریس دەمخوێند (١٩٦٥ -١٩٦١) ئاشقی شانسۆنی فرانسی بووم. پێشتریش، لە قۆناخی قوتابخانەی ناوەندیم لە کەرکوک (١٩٥٤ - ١٩٥١) لەپاڵ قەوانی ئینگلیزی هەندێ گۆرانی خۆشی فرانسی و ئیسپانی و ئیتالیشم دەکڕی هەرچەندە کە ئەوسا هیچیش لە زمانەکانیان نەدەگەیشتم، بەڵام مێلۆدییەکانیان ئێستەشی لەگەڵدا بێ کارێکی عاتیفی زۆری دەکردە ناو دڵ و هەست و هەناوم. ئێستاش وەک دوێنێ بووبێ ئەوهام لەبیرە کە لەگەڵ کاک سەعدی براما ئەو قەوانانەمان بە گرامۆفۆن لێ دەدا خەیاڵ دەیبردمە جیهانێکی پڕ لە فانتازی و خەونی خۆش خۆشی نامۆ و دوور لە جیهان و ژینگە کوردەوارییەکەی خۆمان و مووچڕکیان بەناخمدا دێنا کە هێشتا چاوم بە هیچ وڵاتێکی دەرەوەش نەکەوتبوو. زۆرێک لەو گۆرانییە بیانییانەم ئەزبەر کردبوو بەڵام بە خەڵەتوپەڵەتی و لە واتای یەک وشەشیان نەدەگەیشتم. ئەمن هەر بەسروشتێکی زگماک ئاشقی هەر مێلۆدییەکم کە رۆحم بخرۆشێنێت و بیوروژێنێ، گوێم لەوە نییە بە چ زمانێکە. بێ گومان زۆر کاریگەرتریش دەبێ ئەگەر لە وشەکانی بگەم. خۆ باسی گۆرانی ئیتالی و ئیسپانی و مەکسیکی و ئینگلیزی و رووسی و فارسی و تورکی با هەر نەکەم باشە چونکە هەر خۆم دەزانم چ کارێکی عاتیفیم پێ دەکەن. پێشتر کە هێشتا بە جیهانا نەگەڕابووم وام دەزانی هەر کورد شتی خۆشی هەیە. جاران ئێمەی لاوی کوردی ناسیۆنالیست بەرهەڵستی کۆزمۆپۆلیتیزممان دەکرد چونکە دەمانگوت دژی ناسیۆنالیزمە

کوردییەکەی خۆمانە. بەڵام ئێستا دوای ئەو هەموو گەشت و گەڕانەم بە جیهانـدا و دەوڵەمەنـدبوونی هـۆش و جـۆری بیرکـردنەوەم بە جۆرەهـا فەرهەنگـی رەنگـاوڕەنگی جیاجیـا، ئێسـتا کۆزمۆپـۆلیتیزم بەلامەوە جیهـانبینییەکی زۆر تەندروسـتە و فـرە -کولتـوری بە لایەنێکـی ئەرێنـی مرۆڤایەتی دەبینم کە دروست نییە بە بەرئاوەژووی خۆشەویستیی خۆت بۆ گەل و وڵاتی خۆتی تێ بگەیت. رەنگە هەندێ کەس کۆزمۆپۆلیتیزم بەس لە روانگەیەکی سیاسییەوە لێک بدەنەوە. بەڵام هەر ئەوە نییە.

یەکێک لەو گۆرانییە خرۆشێنەرانەی کە کردمن بە کوردی شانسۆنێکی فرانسی زۆر باو بوو بە ناوی (گەڵا مردووەکان Les feuilles mortes). ئەم گۆرانییە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٤٥ بە فرانسـی بڵاو کـراوەتەوە کە دانەری وشـەکانی ژاک پریڤێـر و کۆمپـۆزەرەکەش ژۆزێـف کۆزمـا کە فرانسـییەکی بە رەچەڵەک هەنگـاری بـوو. لەپاشـان چەنـدین گـۆرانیبێژی جیاجیا گوتیانەوە و بە دەیان زمانانی دیکەی دونیاش ناوبانگی پەیا کرد.

من سەرناوی (گەڵا وەریوەکان)م دانا بۆ ئەم گۆرانییە کە فرانسـییەکەی، وەک گـوتم (گەڵا مردووەکـان = Les feuilles mortes) ە و بە ئینگلیزیش (گەڵاکانی پایز = Autumn leaves)ی بۆ دانراوە. ئەوە بوو کە بە ئەڕانژکردنـی بـرادەری خۆشەویسـتم هونەرمەنـد بـژار دیـلان لە ستۆدیۆکەی خۆی لە هەولێر تۆمارمان کرد.

گەڵا وەریوەکان

ئاواز: ژۆزێف کۆزما (فرانسیەکی بە رەچەڵەک هەنگاری)

وشە ئۆریگیناڵە فرانسیەکە: ژاک پریڤێر

وشەی کوردی و گوتنی: هۆمەر دزەیی

ئەڕانژکردنی موزیکاڵی: بژار دیلان

ئۆ نۆستالگیا بۆ ئەو زەمانەی پڕ لە جۆش بووین
نۆستالگیا بۆ باوەشی گەرمت کە سەرخۆش بووین
بیرم ئەڕوا بۆ ئەو ئاوازە سێنتیمێنتاڵەی
لە مەیخانان بۆ بیستنی پەرۆش بووین

***

بیرت ئەکەم رۆژانی نەوجوانی
پڕ لە ژیان، پڕ لە هیوا و دڵخۆش بووین

***

پایز هەمووی پێچایەوە
کردییە ناو چاڵی کۆتایی
ئەوەی کە بۆ من مایەوە
ژینێکی تار و تەنیایی

***

گەڵای وەریو لەو دیو پەنجەرەم
ئەڕژێنە خوار بەبێ ئەژمار
لە دارستان لەژێر پێم دەردێ
ورشەی گەڵای هەزار هەزار

***

لەو رۆژەوەی تۆ بەجێت هێشتووم
شەوگار لەمن نابڕێتەوە
ئای کە چەندت بیر ئەکەم، رابردوو
هەر ساڵ کە پایز دێتەوە

***

تێ بینی: دواتر ئەم گۆرانییەم دووبارە، ئەم جارەیان لەگەڵ دکتۆر ع. ج. سەگرمە تۆمار کردەوە و لەو ڤێرژنە دوو سێ وشەی سەرەتای هەڵبەستەکەم بەم شێوەیە داڕشتوەتەوە:

ئۆ نۆستالگیا بۆ ئەو شەوانەی پڕ لە جۆش بووین

لەبیر ناکەم باوەشی گەرمت کە سەرخۆش بووین

***



گەلا وەریوەکان

چۆن مەریوانم ناسی لە مەدرید و چیرۆکی پشت گۆرانیم (ئەوسا و ئێستا)

چەند ساڵێک لەمەوپێش لە مانەوەیەکی هاوینانەی خۆم و خێزانم لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا کە بۆ سەردانی کۆچەری کوڕیشم چوویووین کە لەوێ دەستبەکار بوو ئەم رێکەوتە بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوان نەکراوەمان لێ رووی دا.

رۆژێکیان لەناو شارا ئەگەڕاین و بە بەردەم رێستۆرانێکا رەت بووین. من هەڵوەستەیەکی کورتم لەپێش شووشەبەندی رێستۆرانەکەدا کرد سەیری خواردەمەنییەکانیم دەکرد و لەپاشان رۆیشتم و بەگەڵ خێزانەکەم کەوتمەوە. تەنها چەند هەنگاوێک دوور کەوتینەوە بینیم کوڕێکی ئێسک سووک لە پشتەوەڕا هات پێشی لێ گرتم و بە ئیسپانی گوتی (تۆ کوردی ...؟) کە بە ئەرێنی وەرامم دایەوە ئینجا کردییە کوردی گوتی (تۆ عومەر دزەیی نیت ؟) زۆر لام سەیر بوو لەو مەدریدە کەس کەس نەناسە ئەو کوڕە کوردە چی ئەکا لێرە و چۆن منی ناسییەوە. گوتی من ناوم مەریوانە خەڵکی سلێمانیم و ئەوە چەند ساڵێکە لەگەڵ کامەرانی براما لە مەدرید دەژین و خاوەنی ئەو ریستۆرانەم کە تۆ هەر ئێستا سەیری شووشەبەندەکەیت دەکرد. گوتی منیش لە ژوورەوە تۆم دی و تۆم

ناسییەوە بەڵام دڵنیا نەبووم تۆ بیت. ئیتر بە سەرسووڕمان و دڵخۆشییەکی زۆرەوە هەموومانی گەڕاندەوە بۆ ریستۆرانەکە و لەو چەند هەفتەیەی کە لە مەدرید ماینەوە، بووین بە هۆگری یەکتری و لەگەڵ کامەرانی برای و برادەرێکی تری کەرکووکیشیان بۆ نانخواردن بانگهێشتی ماڵەوەیان کردین و زوو زووش دەچووینە ریستۆرانەکەیان. مەریوان و کامەران و برادەرەکەیان و هاوسەرە ئیسپانییەکانیان هەر هەموویان تا بڵێیت رۆح سووک و ئەرباب و کوڕ و کچی جوان و قسەخۆش و هونەردۆست بوون کە هەرگیز لە یادما دەرناچن.

ئێوارەیەکیان مەریوان ئێمەی برد بۆ دانس کڵەبێک. لەوێ بۆ یەکەم جار گوێم لە گۆرانییەکی بە زمانی یۆنانی بوو کە یەکسەر سەرنجی راکێشام. پرسیار بە پرسیار بۆم دەرکەوت کە گۆرانییەکە ناوی (تانگۆ تو ئیڤۆرا Tango to Evora) یە و کچێکی کەنەدی ناو (لۆرینا مەک کێنێت Loreena McKennitt) نووسیویەتی. واتاکەشی (تانگۆیەک بۆ ئیڤۆرا)یە و ئیڤۆراش شارۆچکەیەکی مێژوویییە لە پۆرتوگاڵ. بۆ رۆژی دواتر لەگەڵ مەریوانا چووین سی دییەکەم کڕی.

کە گەڕامەوە بۆ ئەمەریکا وشەی کوردیم بۆ ئەو ئاوازە دڵکێشە دانا و دواتر لەگەڵ هونەرمەندی گەورە دکتۆر ع.ج. سەگرمە و هاوکارە لێهاتووەکانی لە ستودیۆی خۆی لە سلێمانی تۆمارمان کرد کە دەنگی زۆری دایەوە. ئەمەش گۆرانییەکەیە:

ئەوسا و ئێستا

وشەکان: هۆمەر دزەیی
ئاواز: لۆرینا مەک کێنێت
ئەرانژ: دکتۆر ع.ج. سەگرمە
خوایە ئەبێ ئێستا کێ ماچی بکا
خوایە ئەبێ ئێستا کێ بۆنی بکا

خوایە ئەبێ ئێستا کێ بگوێنێ
ئەو کاڵە مەمکانەی ئی من بوون دوێنێ
***
خۆزگەم بەو کەسەی کە ئەیگەوزێنێ
پەنجەی بەناو قژیا ئەگێڕێنێ
لێوی لە لێوی گەرمی ئەخشێنێ
دوگمەی سوخمەی یەک یەک لێک ئەترازێنێ
***
خۆزگەم بەو کەسەی کە ئەیورووژێنێ
دەس بەو رانە نەرمانەی دادێنێ
رازی دڵ بە گوێیدا ئەچرپێنێ
***
ئاخۆ ئەبێ ئێستا کێ پێی شاد بێ !
ئاخۆ ئەبێ ئێستا منی لە یاد بێ !
یادی دێرین بیباتەوە دوێنێ
***
دەردی دڵ گرانە، بێ دەرمانە
ئاخەلێوەیە(١)، دەس لێک بەردانە
دنیا هەر وا بووە و هەر واش ئەمێنێ
بەختەوەری تاسەر بۆ کەس نامێنێ



ئەوسا و ئێستا

---

(١) ئاخەلێوە: لە هەولێر و لە بادینان بە مانگی (خاکەلێوە)ی پایز دەڵێن (ئاخەلێوە) چونکە بە شێوەزاری کرمانجی بە خاک دەڵێن ئاخ.

18
چیرۆکی پشت گۆرانیم (ڕێبواری شەو)

جـــاران، تەبـــای کۆمەڵگـــا جیهانییەکـــانی ڕۆژگـــارانی رابـــردوو، لە کوردەوارییەکەی خۆمانیشدا هاتوچۆ و گواستنەوە بەتایبەتی لە دێهاتەکانا بە سـواری وڵاخ بـوو، ئەگەر ماڵێـک وڵاخـی هەبـوا. ئۆتۆمۆبیـل زۆر کەم بـوو و ئەگەر هەشـبوا زیـاتر هـی دەوڵەمەنـدەکانی شـار بـوو و ئاغـا دەوڵەمەنـدەکانی دانیشـتووی گونـدانیش سـەرەتا هەر بە ئەسـپی رەسـەنی رازاوە هاتوچۆیان دەکرد و درەنگتر ئەوانیش ترومبێلیان کڕی . یەک دوو تاکسیش لە هەولێر هەبوون بۆ هاتوچۆی نێوان شارەکان و نێوان شار و دێهاتا. گوندییە جوتیارەکانیش هەر گوێدرێژ و وڵاخی بەرزە (ئەسپ و ماین و ئێستر)یان بۆ هاتوچۆکردنیان بەکار دەهێنا ئەگەر هەیانبوا. ئەمانە ئەگەر هێچ وڵاخێکیشیان نەبوایە ئەوا دەلینگی شەرواڵەکانیان لەناو جووتە (گۆرەویە بەن)ەکەی، کە هەر خۆیان چنیبوویان، دەپێچایەوە و بە کاڵە و کلاشە ئەوەش هەر خۆکردییەکانیان بە پیادەیی رێیان دەگرتە بەر.

ئەمـن خۆیشـم لە دەسـپێکی چلەکـانی سـەدەی بیسـتەم کە تەمەنـم هێشـتا شەش حەوت ساڵێک دەبوو و هێشتا ترومبێلمان نەکڕیبوو زۆر جار هەر بە سـواری وڵاخ لەگەڵ کەسـوکارما سـەردانی مـاڵە خاڵانمـان و خزمـانی دیکەمان لە گوندەکانیانا دەکرد. لەبەر تینی هەتاو و گەرمای هاوین ئەو سەفەرانە یان بە شەو یانیش سەر لە بەیانی پێش خۆرهەڵات دەکران.

دواتـر، زۆر دواتـر، سـاڵی ١٩٦٣ لە پاریسـەوە گەڕابـوومەوە و وێسـتگەی رادیـۆی نهێنیـی شۆڕشـی کـورد (دەنگـی کوردسـتان)مان لە ئەشـکەوتی گردەڕەشـی نزیـک شـارۆچکەی مـاوەت دەگێـڕا. هەڵـبەت هـاتوچۆی

پێشــمەرگایەتیمان لە نێــوان گونــدەکانا یــان بە پیــادەیی یــان بە ســواری گوێدرێژێک دەبوو ئەگەر گوێدرێژمان دەست بکەوتایە. شەوان کە بە رێبــواری بەنــاو گونــدەکانی لاپــاڵ چیاکانــا رەت دەبــووین ســەرەتا لەو کشــوماتییەی گونــدی خەوتــوودا تەنهــا گوێمــان لە قوڵتەقــوڵتی ســمی وڵاخەکــانی خۆمــان دەبــوو. دواتــر نــاوە نــاوە زریــنگەی زەنگــوڵی ملــی نێــرییەک لە هەوێــزێ، پــرمەی وڵاخێــک لە ئــاخوڕێ و، لەوانەش زیــاتر، ئۆرکێســترای ســەگوەڕی بەدوای کاروانــا هێمنــی و بێــدەنگیی ئــاواییەکەی دەشڵەژاند. لێرەدا ئەو سەگوەڕە ئاماژەیەک بوو بۆ خەڵکە نووستووەکە کە رێبوارێ، کاروانێ، لایدەیێ، وا بەناو گوندەکەیاندا رەت دەبێت یانیش دزێک وا خەریکی برینی دیواری ماڵێکە.

هەنگــی ئەلەتریــک نەگەیشتبووە هــیچ یەکێــک لەو گونــدانە. مانگەشــەوان کێشــەمان نەدەبــوو. بەڵام بــابەتی ئەم شــیعرەی مــن تــاریکە شــەوەکانە. لە تاریکەشەوانا کزە رووناکیی چرا رەنگ زەردەکانی ماڵە گوندییەکان لە کــولانکە چوارخشــتەکییە چکۆلەکــانی ژێــر گوێســواندەی خانوەکانیــانەوە لێمــان ئەتریســکانەوە. بــۆ مــن ئەمە دیمەنێکــی زۆر شــاعیرانەی ســەردەمی رۆمانتیزمی ئەورووپای دەهێنایەوە بەرچاوم کە زۆرم لەسەر خوێندبووەوە و تابلۆکانیشــیان لە موزەخانەکانــا ســەرنجی زۆری رادەکێشــام و ئێســتاش هەر رامدەکێشن.

جا ئا ئەلێرەدا، لەو تاریکە شەوانەدا بوو کە (میوز muse = پەری شیعر و هونەر لە میتۆلۆگیای گریک و لاتین) لێم قوت دەبووەوە، هەڵیدەگرتم دەیخســتمە ســەر شــاپەڕی بــاڵی خــۆی و لەم دنیــا واقیعیــیەی خــۆمی دەگواستمەوە بۆ دنیای فانتازی و خەون و خەیاڵات. بیرم دەڕۆیشت و بەناو ئەو کولانکە رەنگ زەردانەی بن سواندەی خانوە قوڕەکاندا خۆی دەکرد بەژوورا بۆ باوەشی کیژۆڵە جوانکیلەیەکی لەناو نوێن راکشاوی وەک خۆم زیندەخەون بین.

دەیان ساڵ دواتر کە لە ئەمەریکا گیرسابوومەوە میوز muse هێشتا هەر بەرۆکـــی بەرنەدەدام و ئەو خەون خەیـــاڵەی هەینێکەمـــی لە کۆتـــایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لێ کردم بەم هەڵبەستە کە دواتر ئاوازیشم بۆ دانا و لە سلێمانی لەگەڵ دکتۆر سەگرمە و هاوکارە موزیسیانەکانی تۆمارمان کرد.

رێبواری شەو

لیریک: هۆمەر دزەیی

ئاواز: هۆمەر دزەیی

ئەرانژ: دکتۆر ع.ج. سەگرمە

شەوان کە رێبواریم دەکرد

بەناو دێی لاپاڵ چیا و هەردا

حەزم هەڵدەستا و خۆی دەکرد

بەناو کولانکەی رەنگ زەردا

***

دەمگوت داخوا چ نازدارێک

ئێستا لە خەوی خاو دایە

بە خەیاڵ لەگەڵ چ یارێک

لە باوەشی کام لاو دایە

***

منیش خۆمم هەر بە خەیاڵ

دەکردە ئەو شۆڕەسوارە

دەممژت لچی ناوەڕاست چاڵ

دەملێستەوە و هەڵمدەپشافت

سەرتاپای ئەو لەشولارە

***

لە لووتکەی خەیاڵی مەستی

لەپڕ راچڵەکیم بە سەگوەڕ

بە دڵساردی و غەم و پەستی

جێم هێشت ئاوایی و ئەو یارە

***



ڕێبواری شەو

گۆرانییەکی تۆمار نەکراو (نەبووە و ناشبێ)

هەر وەک کە دەیان جار گوتوومە و ئێستاش و دواتریش دووبارە و دەبارەی دەکەمەوە ئەمن لەبەر ئەوەی کە دەیان ساڵ لە دەرەوەی کوردستانا ژیاوم و رەنگە بکاتە سێ هەندەی ساڵانی ژیانی کوردەواریم بۆیە زۆر ئاساییە کە کولتووری بیانیش تەریب لەگەڵ کولتوورە کوردییەکەی خۆم و باب و باپیرانم کاریگەریی گرانی بێ لەسەر جۆری بیرکردنەوە و چێژ و هەڵسەنگاندنم بۆ هەر هەموو شتێک.

باسی چێژم کرد. بەڵێ، لەو ساڵانەی ژیانی هەندەرانم جۆرەها موزیک و گۆرانی وسەمای وڵاتانی جۆراوجۆری دونیام بیستوون و بینیومن. هەر جارێکیش ئاوازێک یان گۆرانییەکی خۆشم بەر گوێ کەوتبێ یەکسەر بیرم بۆ ئەوە چووە بۆچی ئەم ئاوازە خۆشە کە بە زۆر زمانی جیهان گوتراون بە کوردیش نەبێ.

یەکێک لەو ئاوازە خۆشانەی کە وشەکانیم وەرگەڕاندە سەر کوردی گۆرانی (impossible) بوو. ئەم گۆرانی و ئاوازە لە بنەڕەتدا ئیسپانییە بە ناوی (somos novios) واتا (ئێمە یاری یەکترین) کە (ئە. مانزانێرۆ . A Manzanero) دایناوە و وشە ئینگلیزییەکەشی (سید وەین Cid Wane) نووسیویەتی و لەلایەن زۆر هونەرمەندانی ناودارەوە، ژن و پیاو، گوتراون.

ئەمن ماوەیەک لە سلێمانی لە ئۆتێل سلێمانی پالاس دەژییام و شەوی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/٩ لە ماوەی ٤٥ خولەکدا (٤:١٥ - ٣:٣٠)ی بەرە بەیان وشە ئینگلیزییەکەی ئەم گۆرانییە خۆشەم وەرگێڕا سەر زمانی کوردی. ئەمە وەرگێڕانەکەی منە کە هێشتا وەک گۆرانی تۆمارم نەکردووە:

نەبووە و ناشبێ

It`s impossible

ئاواز و وشەی ئیسپانی: ئە. مانزانێرۆ

وشەی ئینگلیزی: سید وەین

وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزییەکە بۆ کوردی: هۆمەر دزەیی

نەبووە و ناشبێ،
ڕێ لە ڕەوتی خۆر لە ئاسمانێدا بگری
نەبووە و ناشبێ،
داوا لە بەبیلەیە بکەیت ئیتر نەگری
گەر وێنەت بێتە ناو چاوم

تۆش نەچیتە ناو هەناوم
چرکە ساتێ تێپەڕ بووبێ و
تۆم لەبیر چووبێ،
قەت نابێ
هەرگیز نابێ
***
نەبووە و ناشبێ،
ئاوی دەریا بێ شەپۆل و شڵپ و هوڕ بێ
نەبووە و ناشبێ
تۆم هەبێت و لەوە زیاتر ژینم پڕ بێ
گەر بەیانی داوای دونیاشم لێ بکەیت
هەر بۆتی دێنم
بێ پەشیمانی گیان بۆی ئەدۆڕێنم
چون ژیان بێ ئەڤینی تۆ
هەرگیز نابێ
هەرگیز نابێ
هەرگیز نابێ
***



ڕێبواری شەو

19
هێی گیانی من

دیسان هەر لە سەفەرەکەی مۆسکۆم لەمانگی حەوت و هەشتی ساڵی ١٩٥٧ کە بۆ بەشداریکردن لە فێستڤاڵی لاوان و قوتابییانی جیهانی لە ڤیەنناوە چووبووم، ئەم گۆرانییە خۆشەم بەر گوێ کەوت. زمانی گۆرانییەکە ئازەری بوو بەڵام تا ئێستاش بۆم دەرنەکەوتووە ئەگەر ئاوازەکەش هەر ئازەری بێ یان وەک هەندێ کەس دەیانگوت لەوانەیە رووسی بێ. هەر چۆنێکی بێ، ئازەری یان رووسی، بەلای منەوە گرینگ نەبوو چونکە زۆر خۆش بوو.

کە گەڕامەوە بۆ ڤیەننا ئەم وشە کوردییانەم بۆ دانا بەڵام تا ئەم ساڵانەی دوایی بێ تۆمارکردن هەروا لام مابووەوە. دوا جار لەسلێمانی لەگەڵ (گرووپی موزیکاڵی سەهەند) ی خۆشەویستم تۆمارمان کرد.

هێی گیانی من

وشەکان: هۆمەر دزەیی

ئاواز: یان ئازەری یان رووسی

ئەرانژ: گرووپی موزیکاڵی سەهەند (سلێمانی)

هێی گیانی من
تۆی هۆی ژین و مانی من
هەناسەی خاوی تۆ
نیگای تێرئاوی تۆ
دەرمانن بۆ ژانی من

دەوەرە هەی گیانی من

***

هێی رەشتاڵە
مەمکت نەگەیوە کاڵە
سوخمەت دەترازێتم
بۆ خۆمی دەردێتم
پڕ چنگ و تونگ و خرپن
دەوەرە هەی گیانی من

***

هێی چاو ڕەشێ
روومەت گەش گەردن کەشێ
بزەی لێوانی تۆ
ددانی جوانی تۆ
دڵ ئەکەن ئەنجن ئەنجن
دەوەرە هەی گیانی من

***

هێی هەناوم
رووناکیی هەردوو چاوم
ئەتۆی باوانی من
نازدار حەیرانی من
هەر ئەتۆی شایانی من
دەوەرە هەی گیانی من

***



هێی گیانی من

20
چیرۆکی پشت سروودم
(کوردستان هەر دێینەوە)

لە کاتی کوشتارەکەی هەڵەبجە و ئەنفالکرنی کوردستان ساڵی ١٩٨٨من و خێزانەکەم لە ڤیەننا بووین و خۆمان ئامادە کردبوو برۆین بۆ ئەمەریکا و لەوێ دابمەزرێین. دەوڵەتی نەمسا بەشێک لە بەرکەوتووەکانی هێرشی گازە کیمیاوییەکەی هەڵەبجەی لە نەخۆشخانەکانی شاری ڤیەننا دەرمان و تیمار دەکرد. زۆرێک لەمانە تووشی کەمبینایی و هەناسەبڕکێ ببوون. ئێمەش، کوردانی نەمسا، رۆژانە سەرمان لێ دەدان، گوڵمان بۆ دەبردن و دڵی ئەوانەشمان دەدایەوە کە تەواوی یان هەندێ لە کەسوکارانیان لە هێرشە کیمیاوییەکە لەدەست دابوو.

ئەم دیمەنە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتانەی کە ئەو لێ قەوماوانە لەبەر هەناسەتەنگییان بە پچڕپچڕی بۆیان دەگێڕاینەوە پێکەوە لەگەڵ هەواڵی رووخاندنی سەرتاپای گوندەکانی کوردستان لەلایەن بەعسی سەدام حوسێنەوە کە پێمان دەگەیشت ئەمانە بۆ من بوون بە سەرچاوەی سەردولکەیەک کە دوای گەیشتنە ئەمەریکام نووسیم و ئاوازیشم بۆ دانا. کاتی خۆی هەڵبەستەکەم لە رۆژنامە کوردییەکانا بڵاو کردەوە بەڵام وەک سروودێکی بە موزیکەوە هێشتا تۆمارم نەکردبوو.

دوای چەندین ساڵ کە ژەنۆسایدەکەی برا ئێزدییەکانمان و قارەمانەتی خوشکە شەڕڤانەکانی رۆژئاوامان لە کۆبانێ چەشنی ئەفسانە بە دنیادا بڵاوبووەوە منیش کەمێک دەسکاریی هەڵبەستەکەم کرد و شنگال و کۆبانێم خستە سەری. ئینجا کە گەڕامەوە بۆ کوردستان هونەرمەندی گەورە دکتۆر عەبدوڵا جەمال سەگرمەم راسپارد ئەم سروودەم بە بێ

بەشداریکردنی دەنگی خۆم لەگەڵ گروپێکی کوایەری ئەورووپی، بێ دەنگی سۆلۆ، تۆمار بکات. هەر واشمان کرد.

ئەمە هەڵبەستەکەیە:

کوردستان هەر دێنەوە

لیریک: هۆمەر دزەیی

ئاواز: هۆمەر دزەیی

گوتنی: گروپێکی کوایەری ئەورووپی

ئەرانژ: ع.ج. سەگرمە

بادێهات گشتی رووخاو بێ

باوباران پڕ لە ژەهراو بێ

جۆگەو کانی و گۆم بێ ئاو بێ

چۆلەکەی ئاسمان بێ چاو بێ

هێشتا هەر خۆشترین جێگای

بۆ شادیمان تاکە رێگای

***

با گوڵ لە رەنگان بێ بەش بێ

بەفری زۆزانان با رەش بێ

کۆرپەی ساوا بێ باوەش بێ

بووک بۆ زاوا سەر بە هەش بێ

هێشتا هەر جوانترین بووکی

خوێن شیرین و ئێسک سووکی

***

با لە خاکت بۆنی گاز بێ

ئاوی رووبارت ناساز بێ

بی مراوی و سۆنە و قاز بێ

بێ خورە و بێ بەردەباز بێ

هێشتا هەر بەردێکی هەڵگورد

"حجر الاسود"ە لای کورد

***

با جوتیار هەر بێ هەوار بێ

کاولە دێی پڕ مشک و مار بێ

با لە شاران شین و زار بێ

با ژن رەشپۆش، تازیەدار بێ

هێشتا هەر ئاشقی خاکین

رۆڵەی وەفادار و چاکین

***

با ئەمرۆ ماڵمان وێران بێ

با رۆژمان دیدەی کوێران بێ

رێوی با لەجێی شێران بێ

شەرت بێ لە شەرتی مێران بێ

مێژوو هەڵگەڕێنینەوە

مژدە بۆ کورد بێنینەوە

***

با ئەمڕۆ وڵات کاول بێ

با کورد سندمی لە مل بێ

بەهار بێ سەوزەگیا و گوڵ بێ

بولبول تامەزرۆی یەک چڵ بێ

تۆلی ئێزدی نابڕێتەوە

شنگال وەک خۆی لێ دێتەوە

***

با کورد لە سەحرای عەرعەر بێ

یان لای تورکان دەست بەسەر بێ

با لە سیستان دەربەدەر بێ

لە ئەمریکا پەنابەر بێ

ناتوێتەوە، ناتوێتەوە

رۆژێک لە رۆژان دێتەوە

***

دوژمن، هەرچی بۆت کراوە

هەرچی بە کوردت داداوە

گشتی بەو خەیاڵ پڵاوە

کە گوایە ئیتر بڕاوە!

ڕەگی لێرە داکوتاوە

کورد هەر دەمێنێ و هەر ماوە

***

دوژمن، ئەو هەموو کێوانە

ئەو بەفر و سەرمای زستانە

هەر لە کورد دێ و بە کورد جوانە

کەی بۆ تۆ جێگای ژیانە؟

هەڵەبجە و عەگاڵ و عەبا

پێم ناڵێی کوجا مەرحەبا !

***

کوردستان، مێگەل و شوانت

بزنەڕێی لاپاڵ کێوانت

رانکە شڕەکەی گاوانت

داس و دروێنەی سەپانت

لای ئێمە جوانن، شیرینن

سەرچاوە و هەوێنی ژینن

***

کوردستان، غەم مەخۆ، دایە

داربەڕۆ قەت لەبن نایە

وا کۆبانێ وێنەی چیایە

بۆتە ئەفسانەی دنیایە

تۆ لانکەی پێکەوە ژیانی

ئیسلام و جوو و داسنی و دیانی

***

کوردستان، دەگەڕێینەوە

بەڵێن بێ دەبێ بێینەوە

بناغەی نوێ دەنێینەوە

لە باوەشتا دەسێینەوە

کوردستان، هەر هی کوردانی

بۆ ئێمە وەک ئاو و نانی.

***

تێ بینی: نیازم وایە ئەم سرووودە جارێکی تریش بە ئەڕانژێکی جیاواز تۆمار بکەمەوە.



کوردستان هەر دێینەوە

21
کۆبانی
بووکی کوردستان، باڵیۆزی گەلان

کورد بەدبەختە و بێ خودانە. ئەگینا توخوا لە چ کۆمەڵگایەکی دونیادا شەڕکەرانی مێیینە پتر لە هی نێرینە بەرەنگاری دوژمن بوونەتەوە، شکاندوویانن و شارەکەی خۆیانیان لێ پاک کردوەتەوە و پاراستوویانە. مێژوو چیرۆکی ئازایەتی و نەبەزیی قارەمانی فرانسی، کیژۆڵەی نەوجوان، (ژان دارک) مان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئینگلیزەکان گرتیان و خستیانە ناو گڕی ئاگری چەند بارەدارێکی بڵێسە بۆ ئاسمان لێ هەڵساوەوە و سووتاندییان. مێژوو چیرۆکی ئازایەتی و نەبەزیی قارەمانی وڵاتی سۆڤیەت، کیژۆڵەی حەڤدە ساڵی (تانیا زۆیا) مان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئاڵمانە نازییەکان تەنافیان خستە گەردەنە ناسکە بلوورییەکەی و بە سێدارە هەڵیانواسی. ئەمڕۆ لە تەواوی دونیادا چیرۆکی ئەو کچە فیداکارانە لە کتێبەکانی مێژوو لە قوتابخانەکانیاندا بە وانە دەگوترێتەوە. ئەوانە لەبیر ناکرێن، ساڵیادیان دەکرێتەوە، مەیدان و چوارپیان و شەقام و هۆڵیان بە ناو دەکرێ، بەند و هەڵبەست و سروودیان بەسەردا هەڵدەدرێ.

ئەمن لە سەردانی مۆسکۆم ساڵی ١٩٥٧ پێکەوە لەگەڵ مام جەلال و دەلەگاسیۆنێکی عیراقیی کورد و عەرەب سەردانی دایکی (تانیا زۆیا)مان کرد کە مێدالیای لینینی پێ بەخشرابوو. شیعرەکەی (پیرەمێرد)ی خۆمان سەتا سەت بەسەر ئەواندا پیادە دەکرێت کە شایەستەین:

تا ئێستا رووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا

قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا

***

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و کرین

نامرن، ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

***

بەڵام کێ لە دنیا نێوی (لەیلا قاسم) ە کوردەکەی خۆمانی بیستووە؟ توخوا کەسێک هەیە لە مێژووی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیشدا بیستبیەتی کچێک لەسەر وڵاتپارێزی یان بیروباوەڕ ئیعدام کرابێ؟ عەرەبە بەعسییەکان ئەوەیان کرد. ئەوە هەر لە کورد قەماوە و بەسەر کورد هاتووە.

بۆ پاککردنەوە و پاراستنی شاری کوردی (کۆبانێ)ی رۆژئاوا لە دوژمنە دڕندەکانی داعش پتر لە ٧٥٠ کیژۆڵەی نازداری شەڕڤانی کورد گیانان فیدا کرد.

بەڵام خۆ بەرەنگاربوونەوەی داعشی خوێنخوار لە لایەن ئەو کچە کوردە شەڕڤانانەوە هەر لەبۆ پاراستنی شاری کۆبانێ نەبوو. ئەوەیان تەنها نموونەیەک بوو بۆ لەناوبردنی ئەو ئافاتەی کە بەسەر تەواوی گەلی سوریادا هاتبوو بە عەرەب و کورد و ئاشوری و ئەرمەنی و تورکمانیەوە.

توخوا هەقی رەوای خۆیان نییە کچە کوردی رۆژئاڤا لە هەموو کتێبی مێژووی سیاسیی دونیادا هەر نەبێ چەند چاپتەرێکیان بۆ تەرخان بکرێت؟

جا بە یادی ئەو کیژۆڵە شەڕڤانانەی رۆژئاڤا ئەم هەڵبەستەم بۆ هات کە شەوێکیان لە هەولێر لە ماوەی تەنها ٤٥ خولەکدا نووسیمەوە. لەپاشان کە لێی ورد بوومەوە بینیم کە بڕگەکانی کتومت لەگەڵ ئاوازی سروودێکی بە زمانی عەرەبی کۆمپۆزەر نەناسراوا دەگونجیت کە من هەر لە کۆنەوە، لە ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوو لە حزبی شیوعی عیراقی گوێم لێ دەبوو و بەڕاستی کەوتبووە ناو دڵمەوە. جا ئەم هەڵبەستە نوێ یەی خۆم و ئەو ئاوازە کۆنەم تێک هەڵکێشا و ئەم سروودەی لەسەر (کۆبانی)ی لێ دەرکەوت. سەرەتای شیعرە عەرەبییەکە بەم جۆرە بوو:

الشعب ما مات يوما

و انه لن يموتا

ان فاته اليوم نَصر

ففي غد لن يفوتا

***

نضالنا انت ادری

صخر و شوك كثيرا

والموت عن جانبينا

لكننا سنسير

***

کۆبانی، بووکی کوردستان، باڵیۆزی گەلان

لیریـک: هـۆمەر دزەیـی (شـەوی ۲۰۱٥/۱/۱۷ لە هەولێـر بە ٤٥ خـولەک دامناوە)

ئاواز: نەناسراو

پیانۆ ژەن: دکتۆر ع. ج. سەگرمە

هێ کۆبانی، هێ کۆبانی
کچە جوانەکەی کوردستانی
دەستە خوشکەکەی هەڵەبجە و
هی شنگالی ئێزدییانی
تۆ چلچرای رۆشەنکەری
رێگای چل ملیۆن کوردانی

***

تۆ ناوی کوردت گەیاندە
هەرچوار سووچی ئەم جیهانە
کێ دەیزانی لە رۆژئاوا
کیژ بەو تین و بەو تەکانە
سینگی خۆی دەکاتە قەڵغان
بۆ بەرگری لەم خاکانە؟!

***

ئای کە ناوت خۆش و جوانە!

بۆتە ئەفسانەی زەمانە
چەند بەناو مێژوودا گەڕام
نەمدی وێنەی ئەم کیژانە
تۆ دایە تێریزا و ژان دارکی
بۆ مرۆڤ لە مەرگ بێ باکی

***

هێ کۆبانی گیان، کۆبانی
تۆ لانکەی پێکەوە ژیانی
فرە ڕەگەزی و گشت ئۆلانی
مێژوو لەبۆت تۆمار دەکا
تۆ نموونەی سینگ فرەوانی و
نوێنەری گشت ئینسانی

***


پێشمەرگەکەی بە نانەڕەق،
پاسەوانی ژیان و هەق،
باری گرانی ئەم دنیایە
هی دیمۆکراسی و ئازادی
وا لەسەر شانی تۆ دایە
هێشتا زرمەت دێ و دڵشادی

***

هێ کۆبانی گیان، کۆبانی
تۆ ئاوازی پڕ لە سازی
کاوێس ئاغا و مریەم خانی

سۆز بێ دوایی بتخەملێنین
خێلیت لەسەر هەڵدەینەوە
تۆ نۆبووکی کوردستانی

***



کۆبانی

22
هەڵوەستەیەک لەسەر گۆڕستانان

وەک پێشتریش ئاماژەم پێ داوە لەو ساڵانەی کە هێشتا منداڵ بووم هاتوچۆی بە ئۆتۆمۆبیل لە دێهاتەکانی کوردستانا زۆر کەم بوو. خەڵکەکە وڵاخیان بەکار دەهێنا یان هەر بە پیادەیی دەگەڕان. منیش لە بەرایی چلەکانی سەدەی بیستەم بە منداڵی لەگەڵ دایک و خوشک و براکانم و، بیست ساڵێکیش دواتر، لە بەرایی شەستەکانا، بە پێشمەرگایەتی گەلێک جار ئەو هاتوچۆیەی بە وڵاخ و بە پیادەییشم بەناو دەشت و هەرد و تەلان و شاخ و دۆڵ و یاڵەکانی کوردستانا کردووە.

لەو گەڕانانەمدا گۆڕستانی سەیر سەیرم لەسەر ڕێما دەدی. هەندێکیان زۆر کۆن بوون و تەرک کرابوون چونکە گوندەکەی کە ئەو گۆڕستانە سەر بەو بووە هەر گوندەکە خۆی نەمابوو. هەندێ کاولە گوند تەنها شوێنەواری بناغەی هەندێ لە خانوەکانی ئەگەر بەدی بکرابا. یان هەر بارستاییەکیش ئەگەر لە دەوروپشتەکەی خۆی زیاتر بە گژوگیا بوا ئەوەش نیشانەی ئەوە بوو کە ئەوێ کاولەوار بووە چونکە شوێنی سەرنەوێلک و گوفەک بۆ گیا و گوڵ کیمیایە و گیایەکەی پڕتر و چڕترە.

ئەمن وێڕای بەسەرکردنەوەی "گۆڕستانە ئاوەدانەکان"ی گوندی هێشتا ماو، کە ئەو گۆڕستانە چۆڵکراوانەم دەدی دیسان خەیاڵ دەیگەڕاندمەوە بۆ دواوە بۆ رۆژگارانی بەسەرچوویی، بۆ سەردەمانی پێشان، زەمانی سوارچاکی و پیاوەتی و نرخ و بەهاکانی مرۆڤایەتی.

ساڵەهای ساڵان دواتر کە لە ئەمریکا دامەزرام ئەو دیمەنانەی گۆڕستانە هەم تازەکان و هەم تەرک کراوەکانی کوردەواری لێم بوون بە هەوێنی ئەم هەڵبەستەم.

هۆمەر دزەیی

هەڵوەستەیەک لەسەر گۆڕستانان

گۆڕی گوم بوو و نوێی کوردان
لە دەشتایی، لەسەر گردان
لە پەنا شاخ و ناو دۆڵان
یان کەس پێ نەزان لە چۆڵان
چ رازاوە لە کەنار شار
یان لە لادێ بە کێلی لار
چ بە بستە کێلی شکاو
یان تەخت بووی شوێنیش نەماو
چ بە تەقیلە و ژێرپیاڵە
چ سەر بە دڕک و گوڵاڵە
ئەویان بە کاشی و مەڕمەڕە
ئەمەشیان تازە نێژراوە و
گڵی سەری هێشتان تەڕە
هی شەهیدی رێی ئازادی
یان هی دۆست و گراوانی
جوانەمەرگ بە نامرادی

هی جوتیاری رەنج بابردوو
یان گڵی پێشمەرگەیەکی
چواردە سەدە ساڵە مردوو
ئەمەیان پیاوچاک و پیرە
ئاڵای بەسەردا شەکاوە و
بەردی سەوزی لەسەر گیرە
هەیە بە ئایاتی قورئان
هەر چوار بەردی داپۆشراوە
هەشە بۆ کورد و کوردستان
هەمووی بە هەڵبەست رازاوە
هەیە ناو و رۆژی دیارە
هەشە هەر کەسیش نازانێ
ژنە یان پیاوە یان مردووی
بەستریێراوە یان پارە
یەکێک کەندری ئاورێژە
هەشە کەدینە و ساردداوی
لەکن تاتەبەردی نوێژە
هەیە کەپری بەسەروەیە
هەندێکیشیان لە بێکەسی

هێسک و پرووسکیان بە دەروەیە

***

هۆ گشت گڵکۆی ئەم وڵاتە،

چەندم غەریبی هەڵدەستێ

کە بەناوتانا دەگەڕێم

دەڕوانمە سەوزەگیای بەر پێم

یان کە پشت بە کێلێ دەدەم

دەستم داوێمە ژێر چەنەم

بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ

قامکم لە عەردی وەردەدەم

هەزار وردە بیرم بۆ دێ

بیری پچڕپچڕی کۆن

بە مێشکمدا دێن و دەڕۆن

هەندێک ڕێکوپێک، لەسەر یێک

هەندێکیشیان بێ سەروپێ

***

هۆ گشت گڵکۆی ئەم وڵاتە،

چەندم غەریبی هەڵدەستێ

لەم چۆڵییە کش و ماتە

نایە دەنگێ، نایە هەستێ
مەگەر گزەی مێشوولەیێ
فڕکەی باڵی چێژوولەیێ
یان بێ هەست و خوست ڕەتبوونی
وەک خاتوونی پەپوولەیێ
یان مێروولەیەکی بار گران
بە کێشەکێش، بێ پشوودان
کەوا دەڕوا بە هەنکە هەنک
بۆ کونی شارە مێروولان
لەپڕ بەرێوە دەگاتە
مێروولەیەکی هاو ڕەگەز
دەستێک لەم و دەستێکیش لەو
ڕێی دوور دەبڕن بە لەز و بەز
دەڵێم مەگەر ئەم شتانە
لەم چۆڵییە بێ پایانە
جار جار خەیاڵم لێ تێک دەن
سەرنجم بۆ خۆیان ببەن

***

هۆ گشت گڵکۆی ئەم وڵاتە

ئێوە گشتتان کەسی منن

هاندەر و داردەسی منن

بۆ من هەمووتان یەکسانن

باب و باپیری کوردانن

بەو خوایە دڵ بە گریانم

بۆ هەمووتان خەفەتخوانم

***

گردی سەیوان، قەرزارتم

قەرزاری هەر تەڵە گیایە و

هی خاک و بەرد و دارتم

لەو رۆژەی دە لانکێیان ناوم

بە لایلایەی شاعیرانی

شاری هەڵمەت و قوربانی

بۆ سەربەخۆیی و یەکبوونی

کوردستان فرچکیان داوم

لەو رۆژەی چوومە فێرخانە

سروودی ئەو شاعیرانە

بەسەر کورد و کوردایەتی

بۆ یەکێتی و مەردایەتی

بە ژێی دڵم لێ دراون

لەگەڵ خوێنم تێکەڵاون

ئەمڕۆکە ئەو شاعیرانە

وا لەناو دڵی تۆ دانە

بۆیە هەستی کوردایەتیم

سەرچاوەی وا لە سەیوانە

دەسا چۆن قەرزارت نەبم؟

تا هەم، منەتبارت نەبم!

***

ئاخ چی بکەم گردی پیرداود!

گۆڕستانەکەی لەمێژم

چەند بە ئاواتم ئێستاکە

بێمە سەر ئەو خاکە پاکە

لەسەر گۆڕی باپیرانم

خزم و کەس و گشت یارانم

کێل بە کێل دەستتان لە مل کەم

چاوم بە فرمێسکان شل کەم

دوو بەندە حەیران ببێژم

غەمی دەس لێک بەردانمان

لە بنڕا هەمووی هەڵڕێژم

***

داخەکەم گردی دووگردکان

چەندە بە دیدار عەزرەتم

ئا ئێستا جەستەی شەکەتم

دڵی زامداری لەت لەتم

تاویَ لەلات بسرەوێنم

خۆم لەم دنیایە دەربێنم

بچمە دنیایەکەی ئەو دیو

بۆ لای یارانی خێر نەدیو

بۆ لای جوتیار و گاوانی

لای گیشەکەر و سەپانی

بابەلباب هەر دووگردکانی

بۆ لای مام عەلا و حەمەد و

عەیشۆک و پلکە سوڵتانی

بۆ لای نەختیَ و خانەگور و

خامەک و پلکە بسکانی

دەستیَ لە ملی کاکم کەم

سەریَ بە سینگی داکم کەم

شەوێک لەگەڵیان دانیشم

لەسەر گردی سەید وەسمانی

سکاڵا بۆ یەکدی بکەین

بە یادی ڕۆژانی جوانی

سەربردە و دەردی دڵمیان

بۆ باس بکەم تا بەیانی

ئەوجا بێمەوە ناو ژینی

پڕ لە خەمی دنیای فانی

چەند وردە کەستەکی ماوە

لەو سێ گەڕەکە رووخاوە

هەمووی بە ماچ و چاو تەڕ کەم

بە سەرو کۆکرم وەرکەم

چاوێ بە هەوارگەی وێران

بە کەرتە خشتی جێماوی

کاولە دیوەخانی شێران

دابگێڕم و ببینم

دووبارە وێنەی ڕۆژانی

هەوەڵ بیست ساڵەکەی ژینم

دە وەرنەوە، دە وەرنەوە

رۆژانی رابردووی ژینم

من لەگەڵ خۆتان بەرنەوە

با پتر پیری نەبینم

***

24
گۆڕی ئەسحابان

هەر لە منداڵیمەوە بە سواری ولآخ لەگەڵ دایکم سەردانی ماڵە خاڵانم دەکرد، شێخەکانی کوڕان و نەوەکانی شێخ مارفی شێخ کەریمی بەرزنجی کۆیی گڵەزەردەیی لە دایکمەوە باپیرم لە گوندەکانی وڵاتی کۆیەیان. هەندێ لەو گوندانەی کە لەبیرم مابن و ئاموشۆی زۆرم پێدا کردوون ئەمانە بوون: هەڵەجە، بیرە جنە (کە هەڵەجەی گچکەشی پێ دەگوترا)، میرزاغا، سەردەشت، لاجان، رەسوڵ بسکۆڵ، ئاخوڕە، تەڕوار. لەو سەفەرانەمان بە هەندێ گۆڕستاناندا رەت دەبووین سوارەکانی لەگەڵمانابوون دەیانگوت ئەمەیان گۆڕی (ئەسحابە سپییە) ؛ لە گۆڕستانێکی دیکە دەیانگوت ئەوە گۆڕی (ئەسحابە رەشە) ؛ جارێکیشیان گەیشتینە گۆڕستانێک پێیان گوتین ئەمە گوڕی (ئەسحابە درێژە)، ئیتر بەم جۆرە. لەسەر هەموو ئەو گۆڕانەشا دەبوایە هەڵوەستەیەک بکەین، دایکم و هەموو ئەوانەی لەگەڵمانا بوون فاتیحایەکیان هەدیە دەکرد و لەو ئەسحابانە دەپاڕانەوە واسیتەمان لای خوا و پێغەمبەران بۆ بکەن لە گوناهەکانمان خۆش ببن. جگە لەوە دیسان هەندێ جار هەر لەگەڵ دایکم و بنەماڵەی خۆمان و جاروباریش لەگەڵ خزم و کەسانم سەردانی گوومەتی (سوڵتان عەولای عارەبی) لە دەشتی قەراجی و گۆڕستانی (حوسێنی غازی) لە بناری چیای قەرەچووغ و غەری (هەیبەت سوڵتان)ی لە بناری چیای هەیبەت سوڵتانی کۆیە و مەزارگای (وەکاشە)ی دەشتی ساڵەیی نێوان پردێ و کەرکوکمان دەکرد.

ئەوسا ئێمەی منداڵ وا تێ دەگەیەندراین کە ئەم گۆڕانە هی یارو یاوەرانی

حەزرەتی پێغەمبەر (س) بووینە یان نەوەی حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب. یانیش هەر کەسایەتی دینداری سەردەمی تازە پەیدابوونی ئایینی ئیسلام بووینە و لە کوردستان یان "شەهید" کراون یان وەفاتیان فەرمووە.

دواتر، زۆر دواتر لە سەردەمی پیشمەرگایەتیشما دیسان بە چەند کۆنە گۆڕستانی تەرک کراودا تێدەپەڕیم. لەوێشدا هەندێ گۆڕی ئەسحابانم دەکەوتنە بەرچاو کە هەر یەکە ناوێکی هەبوو. بەڵام ئەمجارەیان هەندێ گۆڕی تریش سەرنجیان رادەکێشام. ئەوانەی کە لەگەڵما بوون دەیانگوت ئەمەیان گۆڕی ئەسحابەی پێغەمبەرە و ئەو گۆڕەی ئەولاش گۆڕی کافرێکە کە لە شەڕی دژی ئەسحابەکە "تۆپێنراوە"، بەڵی بەڵی تۆپێنراوە.

بەڵام ئەمجارەیان ئەمنیش منداڵەکەی جاران نەبووم بە عەقیدەی پڕو پیرێژنان و قسەی پڕوپووچ مێشکم زاخاو بدرێ. کە پێشمەرگایەتیم تەواو کرد و گەڕامەوە بۆ ئەورووپا و دواتریش بارم کرد بۆ ئەمریکا بیری ئەو گۆڕانەی ئەسحابان و کافران بەرۆکی بەر نەدام و هەمیشە لێی ورد دەبوومەوە و لێکم دەدایەوە.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و پرس و ڕایەکی زۆرم یەک تاکە عەرەبی لە مێژووی ئیسلام شارەزام نەدۆزییەوە ناوی ئەسحابەیەکی پێغەمبەرم پێ بڵێ گۆڕی لە کوردستان بێ. ئەوانە دەیانگوت بەڵێ لەوانەیە ئەوە لە سەردەمی سەرەتای فتوحاتی ئیسلامی بووبێ کە هێزی ئیسلامەکان دەچوون کوردانی زەردەشت مەزهەب بگۆڕنە سەر ئایینی ئیسلام و دیارە هەندێکیان لەوێ کوژراون و لەوێ نێژراون. هەندێ لەو مێژوونووسە عەرەبانە بە ویژدانەوە ئەوەشیان دەخستە سەر کە لە مێژووی سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا زۆر باو بووە و مەشروعیش بووە جیهادییەکان بۆ غەزا و راورووت و دەسکەوتی ماڵ و ژنی جوان دەچوونە شەڕ و هیچ یەکێکیشیان ئەسحابەی پێغەمبەر نەبووە بەڵکو تەنها

هێرشبەرێک بووە و کوژراوە. جا دیارە هەر کوردە حەیاتەکەی خۆمانن کە ئەو هێرشبەرە تاڵانکەرە بێگانانەیان بە ئەسحابەی پێغەمبەر لەقەڵەم داوە و خۆمانیشیان بە کافر داناوە.

خولاسە، گەیشتمە دەرئەنجامێک کە ساڵی ١٩٩١ لەم هەڵبەستەمدا نمایشم کرد. سەرەتا ناوێکی خوازراوم بۆ خۆم هەڵبژارد وەک دانەری هەڵبەستەکەم (مەلا حوسێنی عەندەلیب) بەڵام تا ئەمڕۆ لە هیچ شوێنێکا بڵاوم نەکردبووەوە. ئێستا ئەوە یەکەم جارە وا هەر بە ناوی خۆم بڵاوی دەکەمەوە.

هۆمەر دزەیی

گۆڕی ئەسحابان

لەقەد شاخ و لە تەلانان

لە تەک هەندێ گۆڕستانان

ریزە بەردێک بە جیایە

لەسەری دەخوێنن کوردگەل

سەت فاتیحا و قولوەللایە

رێگای دوور و دژوار دەبڕن

بۆ ئەوەی رێزی لێ بگرن

گۆڕێک، دەڵێن ئەسحابەیە

گوایا یاری پێغەمبەرە

بە سەدان بەردی جوان جوان و

ئاڵای ئایینی لەسەرە

***

کۆمەڵە بەردێکیش لەولا

دەڵێن کافری بەدفەڕە

چون بە ئەسحابان وڕیوە

بۆیە وا واک سەک تۆپیوە

هەزار جنێوی پێ دەدرێ

تف و لەعنەتی لێ دەکرێ

ئافرەتان گەشکەی پێ دەگرن

چەکداران گوللەی تێ دەگرن

مناڵ بە میز دەیپرژێنن

کێلەکانی لێ دەشکێنن

***

مەسەلەکە ئەوها نییە

ئیسلامەتی تیا نییە

گەرەکتە بزانی چییە؟

گوێ شل کە بۆ ئەم راستییە:

***

خۆی ئەسحابەکە یابەیە

کافرەکەشمان کاکەیە

لەو بیابانە ئارانە

کە دەمردن لە برسانا

ئەگەر لەبۆ تاڵان نەبێ

بۆچی زیندە لەم جیهانە
گۆڕیان هەر لەناو کوردانە؟

***

ئەسحابەی چی، کاکی برا!
چاوچنۆکێکی کوژراوە
بۆچی لە خاکێکی ترا
ئەسحابەیەک نەنێژراوە؟
ئەسحابەی چی، کاکی برا!
عەرەوێکی حوشترەوانە
ئەم قەوانە و دەف لێدانە
گاڵتە بە ئەقڵی کوردانە
ئەسحابەی چی، کاکی برا!
خۆی عەرەب دڵی بێ مزگەوتە
تاکەی باژۆین بێ شەوچرا؟،
با لادەین لەم بیرە چەوتە

***

کابرا گەر ئەسحابە و یار بێ
خۆ دەبێ نێویشی دیار بێ
گەڕام بە پەڕەی مێژووا
نەمدۆزیەوە نێوێکی وا
تومەز ئەسحابەی موبارەک
نێوی (چلێب) یان (حمیر)ـە

نێوی گوایا کافرەکەش
یان (بایز) ە یان (باپیر)ـە

***

مەسەلەکە ئەوها نییە
ئیسلامەتی تییا نییە
ئەسحابەکەمان نەیارە
فڕی بەسەر ئیسلامەوە
نییە و دوژمنی خوێنخوارە

***

ئەسحابەکە داگیرکەرە
عەرەوی عەگاڵ وەسەرە
کافرەکەش پێشمەرگەکەی
خاکپارێزی کورد پەروەرە

***

لە مێژووی کوردەواریدا
یەکەم پێشمەرگەی سوارچاکە
چونکە لە دوژمن دەیپاراست
سنووری ئەم خاکە پاکە

***

لە مێژووی کوردەواریدا
یەکەم پێشمەرگەی کەوتووە

چونکە خاکی کوردستانی
هەر لەبۆ کوردان ویستووە

***

ئەم کۆنە پرۆپاگەندەیە
گشتی بە دژی ئێمەیە
ئەوەی پێی بکا متمانە
دیارە جاهیل و نەزانە
کورد لە کۆنەوە ئازانە
لەبۆ خزمەتی بێگانە
نەک تەنها بێگانەی زیندوو
بەڵکو تەنانەت هی مردوو

***

دەسا ئەمجارە، کاکی کورد!
گەر رێت کەوتە ئەو دۆڵانە
چەند بەردی سەوز و سووری کە
لەسەر گۆڕی ئەسحابانە
بیانخەرە سەر ئەو گۆڕەی
باپیرە گەورەی خۆمانە

***

هەر گەلێک بوو بە موسڵمان
خۆ نابێ خاکی بگیرێ و
بگۆڕێ بە عەرەب زمان !!!

لەو ڕۆژەی کە پای ئەسحابان
کەوتۆتە سەر خاکی کوردان
ڕاوەڕووتە و ڕەنج بردنە
خاکی کورد بە عەرەب کردنە

***

خوایە، ئێمە موسڵمانین
خاوەن ئایین و ئیمانین
لەپاش خولەفای ڕاشدین
کەس نەیکردووە خزمەتی دین
بە ڕادەی ڕۆڵەکەی کوردان
ئەویش سوڵتان سلاح الدین

*** *** ***

25
چیرۆکی ئەویندارییم

چیرۆکی ئەویندارییم تایتلی شیعرێکی دریژی پتر لە ۱۲۰۰ بەیتی بازنە بازنەمە کە دوو جار بە چاپم گەیاندوە، ساڵی ۱۹۹۷ لە ستۆکهۆلم و ساڵی ۲۰۰٦ یش لە سلەیمانی. لێرەدا لەم کتێبەی کە ئێستا وا لەبەر دەستی خوێنەرە خۆشەویسەکانم دایە ئەوە تەنها بژاردەیەکە لە بازنەکانی (چیرۆکی ئەویندارییم) کە خستوومنەتە ئێرەشەوە. بابەتی ئەم چەند بازنانە زیاتر وەسفکردنی دیمەنێکە و گێڕانەوەی چیرۆکێک، سەربردەیەک، یان رووداوێکە کە بە ئینگلیزی بەم جۆرە وێنە هەڵبەستانە دەڵێن Discriptive Poetry یان Imagery in Poetry و بە عەرەبیش (صورة شعرية). (چیرۆکی ئەویندارییم) دوو قۆناخی ژیانی خۆم لە خۆ دەگرێ: ژیانی هەندەرانم و ژیانی کوردستانم.

۱ - قۆناخی ژیانی هەندەرانم

پێشەکی

گەڕام گەڕام

گەڕام گەڕام

بەهەر چوار سووچی جیهانا

بەناو کێو و بیابانا

بەناو گشت کووچە و کۆڵانا

جوانیم لەوێدا بەسەر برد

ریشم لەوێدا سپی کرد

کون نەما سەرمی پیا نەکەم

شوێن نەما بەزمی تیا نەکەم

شار نەما نەزانم چۆنە

ئەمیان نوێ، ئەویان کۆنە

تا بڵێی شتی جوانم دی

ئای کە شتی سەیرانم دی !!!

***

شاری تازە

شاری تازە، بە ئەندازە

باڵاخانەی قیت و بڵند

رووەو ئاسمان هەڵکشاون

دیواری شووشەبەندی جوان

مەگەر هەر خوا

خۆی بزانێ چۆن کراون

لەسەر چ ئەندازەیەک وا

بە یەک ستوون راوەستاون

(لیفت)ێک دەتبا بەرەو تەلار

یەکێک بە گوڕ دەتهێنتە خوار
لایەک پەیژەی کارەبایە
هەر دەڵێی نەخشی خودایە
ساڵدانە ساڵدانە دەخشێن
حەشاماتیان لەسەر دایە
شۆڕەژنی بە لەنجەولار
شان و مل رووت،
ناسک، تەنک،
چاو بە خومار
پرچ زەردی چاو ئێجگار شین
دەم و لێوی سوور و قوت و
هەمیشە بە بزە و پێکەنین
دوو مەمکی خڕ
لاق و لەتەر
لووس، رێک و پێک
باریک کەمەر
سمت کەمێک پڕ
بۆ کوێ دەچن ؟
لە کوێوە دێن ؟
کەس نازانێ

چ باسێکە و

چ هەرایە

ئەدی شارێی پان و بەرین ؟

چرای سوور و زەرد و سەوزی

درەخت و فوارە و حەوزی

جامخانەی پانی دوکانی

بانک و بارِ و ریستۆرانی

پێیدا دەچن هەزار ماشین

پێیدا دەچن هەزاران کەس

کچ و کوڕی دەس لەناو دەس

یان لە پەنای دار و دیوار

کوڕی قۆز، کیژۆڵەی نازدار

ملچەی ماچە

دەس لە مل، مەمک گرتنە

دەم و لێو، گەردن مژتنە

تێک ئاڵانی قۆڵ و قاچە

***

شاری کۆن

با بچینە ناو کۆنە شاران

بەیادی رۆمانسی جاران

تەمەنەکانی ناوەندی
سەردەمی سوارچاکی و تیر و
شمشیر و گورز و کەمەندی
سەردەمی سوارانی دڵدار
سەرتا بە پایان زرێدار
چەند تەخت و تاراجیان دەگرت
لە پێناو دولبەری نازدار
ئەدی رێنێسانس و تابلۆی
داڤینچی و مایکل ئەنجلۆی !
هونەر لێرە خۆی دەنوێنێ
هەستی مرۆڤ دەبزوێنێ
بیر دەتبا بۆ لای نەپۆلیۆن
بۆ لای هەپسبورگ و بوربۆن
بۆ بەزم وموزیکە و جوانیی
رۆژگارانی خانەدانی
ئەو کۆشک و سەرا و دیوانە
نەخشی دیواریان بارۆکە
ئەو سورەییا و چرادانە
تێکرا پرشنگ دەپرژێنن
بەناو ئەو مینا و نەینۆکە

هەر چوار دیوار سەر تا بەخوار
بە مەخمەڵی سوور گیراوە
تابلۆی خێزانی شەهریار
یەکە یەکە هەڵواسراوە
زۆپایەکی فەخفوری سەیر
لە ژووری خاوەن شکۆیە
لەگەڵ نەخشی تەخت و تاخم
شاکارێکی رۆکۆکۆیە
جێ و بالینگان قەدیفەی سوور
کورسی و مێزی ئیمپراتۆری
لەسەریان رادەکشان جاران
میرزادەی خرپن و حۆری
بن دالآن، دەروازەی دەربار
چەند شازادە، چەند شۆڕەسوار
ئەسپی رەسەن و گالیسکە
پێیدا دەچوون بە نەرمەغار
هەیکەلی جوان لە بەردی لووس
لە ناوەندی هەر مەیدانێک
لەبەر هەر دەرگا و هەیوانێک
گشت پەنجەرە و کون و دیوار

هەیکەلی شۆخێکی سنگ پڕ
پەل و پۆ خڕ، مەمک هەنار
لە شوێن ستوونی ژێر تارمە
پاڵەوانێک ئەو هەیوانەی
لە ئەستۆی خۆی کردۆتە بار
دیوار ڕەشە، بە دومانە
هونەری ئارشیتێکتی دێر
یان گۆتیکە یان ڕۆمانە
کووچە و کۆڵان وەک خۆی ماون
بە بەردی داتاشراوی خنج
وەکو حەسیر هەڵچنراون
کەس نابێ دەسیان لێ بدا
تەرزی خانووەکان تێک بدا
گشتیان بە یاسای تایبەتی
زۆر بە جوانی پارێزراون
بۆ هونەرمەند، بۆ خاوەن چێژ
بۆ ڕۆشەنبیر و بۆ بوێژ
بۆ ئەو کەسەی کە بریندارى موزیکی کلاسیکە
بۆ ئەو کەسەی ئەویندارى سروشتێکی ڕۆمانتیکە
بۆ ئەو کەسەی سەرمەستی پێچە ڤالْسێکی ڤیەننایە

بۆ ئەو کەسەی مەبەستی چوونە ئۆپەرێت و ئۆپرایە
بۆ ئەو کەسەی مێژووی کۆنی لا گرینگ و بە بەهایە
بۆ ئەو کەسەی مەراقی تابلۆی رەسەن و
شوێنەواری بێ هاوتایە
سەردانێکی ئەو شارانە
وات لێ دەکات هەست پێ بکەیت
کە رۆژگار جاری جارانە

***

بەفرە خلیسکێ

کە دەچیە سەر لووتکە چیایێ
دنیا سپی هەڵگەڕاوە
ئۆتێلی جوان، کەفێی دڵگیر
لە چیلکە و دار دروست کراوە
تەرزی خانوو روستیکاڵە
سەلکە ئاسکی پێوە کراوە
لە ژێر هەر جووتە قۆچێکا
رۆژی راوەکەی نووسراوە
تاخچە و دیوار و ساپیتە
بە شێوەی لادێ رازاوە
بە شتی کۆنینەی دەگمەن

وەک موزەخانەی لێ کراوە
بەفر دەڵێی کریستاڵە
ڕەنگی هەتاوی تێ زاوە
تیریژێک مۆر، یەکێک ئاڵە
خرم و نەرم و درەوشاوە
دەستە دەستە جەوان و پیر
بەگوڕ دەخشێن هەروەکو تیر
خۆ داوێژن لەسەر زنار
دەخشێن بەسەر بەفری نزار
هەوراز و نشێوان دەبڕن
بۆ دۆڵی هەزار بە هەزار
لەوێ کورسی کارەبایە
پێی دەچنەوە ئەو حەوایە
دیسان خۆ داوێنە خوارێ
هەزار کوڕ و کچ بە جارێ
هەندێکیشیان چاوەڕوانن
دارخشۆکیان لەسەر شانن
یان بە شەڕەبەفر و گەوزین
خەریکی گاڵتە و گەمانن
ڕوومەت دەڵێی گوڵی گەشن

چاویلکەی هەتاویان رەشن
بەم جۆرە رۆژ دەبەنە سەر
خەفەتی دڵ دەهێننە دەر
تەڕ و تازە و نوێ بۆوە
بۆ بەزمی شەو سەر لە نۆوە
بەشەو "هۆیریگە" گمەی دێ
ژیکەڵێک بە سینی مەی دێ
" دیرندڵ "ی لەبەردایە
ناوی "هێلگا " یان " گێردا "یە
سوخمە زریزەی پێوە کراوە
دوگمەی لە زیان ترازاوە
بۆ وێکهێنانی درزی تەنگ
مەمک پاڵیان پێک وەناوە
پۆتین لە هەوراز گۆزینگی
هێندەی تر جوانی پێ داوە
بۆ سەیری رەفت و رۆینی
هەر پێنج هەستی پیاو هەر چاوە
بۆن شەراب، کۆنەدار، توتن
لەگەڵ بۆن ژن تێکەڵاوە
باندێکی دوو یان سێ قۆڵی

"شرامل موزیک"ی ناوە

بە ئاوازی "داس ئاڵتە لید"

خەیاڵ دەتباتەوە دواوە

یان قەرەجێکی سوخمە سوور

کە ژێی کەمان دەبزوێنێ

بە " ئۆچی چیۆرنیا " دەس پێکا

بە " ساد سەندەی" دوایی بێنێ

مووچڕکی یادی دێرینت

بە هەموو گیانا دادێنێ

دانسە، حیتەی پێکەنینە

هەللایە، بادە نۆشینە

کەس نییە خەو بیباتەوە

سەگ ساحێبی ناناستەوە

***

کەناری دەریا

کەناری دەریای بێ پایان

لمی زێڕین، شینایی ئاو

بە هەزاران لەشی جوان جوان

لەتەک یەکەوە راکشاو

سەری لووت و شان و ملیان

لەبەر هەتاو هەڵکرووزاو

ئەمیان مایۆی دوو پەنجەیە

ئەویان پێستی پەمەیی یە

یەکێک مەمکی بێ سوخمەیە

یەکێکیان رەنگ قاوەیی یە

کچ سواری ملی کوڕ دەبن

چەند لووس و نەرم و نیانن

بەناو ئاوی دەریای بێ بن

هەر وەک ماسی مەلەوانن

مۆتۆرێکی تیژ جار جارێک

تەنافێکی پێوە کراوە

شۆخێک لەسەر تەختە دارێک

دەبڕێ ئەو شەپۆل و ئاوە

لە دوای بەسەر ئاوا خزین

لەسەر لمی گوێ ئاوی شین

کوڕ لە بەژنی کچ دەئاڵێ

شەپۆل دێت و رادەماڵێ

شوێنی پاڵکەوتن و گەوزین

دیمەنی زەردەی رۆژئاوا

کە لە ئاسۆی بەرفراوان

دەیدا لە شەپۆل و ئاوان

هەست ونستی گەورە و ساوا

دێنێتە لەرزین

***

بیابان

بیابانی کش و مات و بێدەنگ جۆرە ئارامی و دامرکاندنەوەیەک دەبەخشێ بە مێشکی مرۆڤی ماندوو لە ژیانی رۆژانەی شارستانییەتی مۆدێرنی ئەمرۆمان.

دیمەنی زەردەی رۆژئاوا

کە لە ئاسۆی بەر فراوان

دەیدا لە لمی بیابان

دەیدا لە کاروانی حوشتر

حوشتری بەسەبری پێ پان

سێبەری دووری حوشترسوار

زلتر لە خۆی بە هەزار جار

سەحرا بە رۆژ چەند گەرمایە

بە شەو فێنک، کزەی بایە

خۆشی لەخۆت ئەی حوشترسوار

گەرو گەرو دەڕۆیتە خوار

خۆت بە پشووی درێژەوە

حوشتر بەدەم کاوێژەوە
کش و مات، ئارام، بێدەنگی
دووریت لە پەژارە و تەنگی
دووریت لە گڕەی مەکینە
دووریت لە بەغیلی و کینە
لە دەردەسەریی رۆژانە
لە ژێر ئەو ئاسمانە جوانە
دووریت لە شەڕ و بێدادی
دەچێژیت تامی ئازادی
کەس ناپرسێ تۆ خەڵکی کوێیت
بۆ کوێ دەچیت، لە کوێوە دێیت؟
کەس ناپرسێ لە ناسنامە و
باجی بار و پسوولەی رێت
خۆراکت قاویت و ئاوە
پۆشاکت چوار گەزە جاوە
بارت یان خورما یان خوێ یە
قۆناغت لەو دوورە رێ یە
رەشماڵێکی شڕ و ورە
بەختیاریت بەم ژینە کرە

***

٢ - قۆناخی ژیانی کوردستانم

پێشەکی

گەڕام گەڕام
گەڕام گەڕام
بە هەر چوار سووچی جیهانا
بەناو کێو و بیابانا
بەناو گشت کووچە و کۆڵانا
جوانیم لەوێدا بەسەر برد
ریشم لەوێدا سپی کرد
کون نەما سەرمی پیا نەکەم
شوێن نەما بەزمی تیا نەکەم
شار نەما نەزانم چۆنە
ئەمیان نوێ، ئەویان کۆنە
تا بڵێی شتی جوانم دی
ئای کە شتی سەیرانم دی!!!

جا لەپاش ئەم گەشت و گەڕانە ئۆدیسێ Odyssey ئاسایەی هۆمەری گریک ئینجا سۆزی غەریبی و دەردی دووری و نۆستالجیا بۆ کۆنە هەوارەکانی کوردستان هۆمەری کوردیش دەگەڕێتەوە سەر ڕێیە گڵێنەکانی پیرە وڵات و بەم چەند بەندانە کۆتایی بە ئۆدیسێی خۆی دێنێ.

پیرە وڵات

ئەرێ ئەی کوردی پەنابەر
ئەی لە هەندەران دەر بە دەر
هۆ کوڕ و کچ، خانمینە
بەخۆڕایی نەگوتراوە
بەرد هەر لە جێی خۆی سەنگینە
ئەمن بەم هەموو ئەزموونە
بەم ئاموشۆ و بەم قاڵبوونە
بەو هەموو گەشت و گەڕانە
بۆم دەرکەوت و بوو بە وانە
نە ڕۆژئاوا، نە ڕۆژهەڵات
قەت نابێتە پیرە وڵات
هەر سوارێ مەیدانی خۆی
هەر کلچووکێ کلدانی خۆی
جیهان با هەر بۆخۆی خۆش بێ
پیرۆزی میللەتانی خۆی
منیش وەک ئا..... ئەو خەڵکانە
خۆشیم وڵاتی کوردانە
من کۆرپەم و کۆرپەی ساواش

لەناو ژنی ئەم جیهانە

هەر دایکی خۆی لەلا جوانە.

***

پوختەیەکی ساڵانی لادێییم لەکوردستان

پێشان بنەماڵەی ئێمە، کە خێڵەکی بووین، سروشتانە جگەلە زەوی و زارێکی زۆری کشتوکاڵ، مەڕ و ماڵات و گاگەلێکی زۆریشمان هەبوو لە گوندەکانی دەشتی هەولێر و دەشتی کەندێناوەمان. ئەمن کە لە ساڵانی چلەکانا لە قوتابخانەی سەرەتایی هەولێر دەمخوێند و لە کاتی پشووی بەهارانا لەگەڵ برا لەخۆم گەورەترەکانم دەگەڕاینەوە بۆ لادێ خەنی خۆشیم بوو کە سەردانێکی ئەو شوانکارانەی خۆمانمان دەکرد. ئەو زەمانە وا باو بوو کە شوانکارە گەرمیان و کوێستانیان بە مەڕو ماڵاتەکانیان دەکرد. جا بە پێی لەوەڕ، ئەوانەی ئێمەش هەندێ بەهاران بنەگەیان لە هەرد و تەلانەکانی گوندەکانی ماڵە خاڵانم، شێخەکانی بنەماڵەی شێخ مارفی بەرزنجی، لە وڵاتی کۆیە لێ دادەکوتا و هەندێ بەهاریش روویان دەکردە دەشتی قەراجی کە لەوێ هۆبەی دزەییان تێکەڵ دەبوو بە هۆبەی جۆرەها ئێل و خێڵاتی تری کوردی رەوەند و هەندێ عێل و عوربانی عارەبانیش. ئێستاش کە بیر لەو سەردەمە دەکەمەوە یەکسەر تامی بەربەسێری، کە لە هەندێ ناوچەکانا قوڕاوی پێ دەڵێن، و ناسکەنان و ماست و پەنیر و لۆر و فرۆ و دۆی بن رەشماڵی هەینێکە ناو زارم پڕ دەکەنەوە لە ئاو.

هێشتا منداڵ بووم بەڵام هەر لە هەینێکەوە دیمەنی سروشت و ژیانی روستیکاڵی سادە و ساکاری ژێر رەشماڵ و لادێ کارێکی زۆری دەکردە سەر هەست و بیرکردنەوەم. بە تەمەنی هەنگینێم نەمدەزانی چۆن ئەو هەستە غەریبە کەڵەکە بووەی ناو کەللەی سەرم و بیرکردنەوەم

هەڵڕێژم. بەڵام حەفتاساڵێک دواتر، بەڵێ بەڵێ حەفتا ساڵ، ئەو هەموو دیـمەنە کۆنـانەی کە وەک فۆتـۆگرافی رەشـبەڵەک (= رەش و سپی) لە بنەبـانی مێشـک و قـووڵایی ناخمـدا جێگیـر ببـوون وەک شـریتی فیلمـی سـینەمایی دەهـاتنەوە بەر چـاو. جـا بەم تەمەنەی ئێسـتاکەم وا هەسـتە غەریبەکەی ئەوساکەم لەم نیگارە ـهەڵبەستانەدا دەربڕیوە.

دەیان ساڵ دواتر کە لە ئەمەریکا دەژییام بیر و خەیاڵ دەیگەڕاندمەوە بۆ دواوە، بـۆ ئەو سـاڵانەی تەمەنـی لاویـم لە گونـدە حەیـاتەکەی خۆمـا، دووگردکـان و هەڵبەسـتێکی دوور و درێـژم بـۆ هـات لەسـەر هەردوو قۆنـاخی ژیـانی کـوردەواریم و ژیـانی هەنـدەرانم بە تـایتلی (چیرۆکـی ئەویندارییم).

ئەمـانەی خـوارەوەش وەک ئەوانەی سـەرەوە بـژاردەیەکە لەو هەڵبەسـتە درێژەم.

کچە کورد

من ئاشقی کچی کوردم

ئەشقی سوخمە و مێخەکبەندم

ئەشقی پەرچەمی شێتاریم

ئەشقی کچی لادێ و شاریم

سەیری کوڵمی لە خۆڕا سوورا!

سەیری گەردەنی وەک بلوورا!

ئەدی کیژۆڵە لادێ یی

دانیشتووی بەر تەونی مافوور؟!

سەیری ئارەقەی مابەینی

سەری کوڵمەی و بەرچاوی
ئەدی ئەو رەنگە جوان و
گەشەی بێ سوورە و سپیاوی؟!
ئەشقی باخەڵی بە بۆمە
ئەشقی هارەی گۆبەرۆمە
هی بۆن ئارەقەی بن باڵی
ئەشقی چەناگەکەی چاڵی
ئەشقی رۆیین و لەنجەیمە
ئەشقی سەر نووکی پەنجەیمە
هی گۆزەکەی لەبان شانی
تیرۆکی سەر شلکەی رانی
ئەشقی سۆل و پانی بەرزیم
هی دەست و دورمان و دەرزیم
ئەشقی کیژۆڵە گاوانم
ئەشقی زەریی بێریوانم
ئەشقی پاوپووزی جوانم
هی دەسلەملانەی شەوانم
هی دڵی تەڕ و پڕ حەزی
کیژە بەگزادەی جافانم
هی خرینگەی بازنی دەستیم

هی چاوی خەواڵوو و مەستیم
ئەشقی تێڕ و tووری کۆڵی
نازداری بۆڵی و بابۆڵی
من ئاشقی مەمکی خڕم
هی کچانی چاو جوانی
شنۆ و مامەش و مەنگوڕم
ئەشقی مەمکی نەگیراوم
هی لچ و لێوی تەڕ و پڕ
بۆ ژێر و ژوور لێک تۆراوم
هی ناسکە کیژۆڵەکانی
تازە بنی مەمک داناوم
هی قژ و پەرچەمی خاوی
تێک ئالاوی با لێداوم
هی ئەو رووە ساف و لووسەی
لە شەرما سوور هەڵگەڕاوم
من ئەشقی تاسەکەی سەری
تەبەش پانانی خۆشناوم
ئەشقی دەمی گەورە و گەپم
هی کچی بەژن و گەردەن قیت
کەمەرە شلی سنگ رەپم

هی " کوڕە وا مەکە"ی سەر زاری
دەسرۆکە و تیلاکی لاری
ئاشقی دەست و تەشیمە
من ئاشقی پووزەوانە و
پەنجەوانەکەی خوریمە
ئەشقی پشتێنی ژنانی
مەهاباد و دێبوکری مە
هی "یێژم"ی کچە فەیلی و
"فرەخاسە"ی سنەیی مە
هی کرمۆکە زیوینەکە و
ژێرچەنەی کیژە کۆیی مە
هی چارۆگە و بەرامپیل و
داودەلینگی دزەیی مە
هی ژنانی قەزمەلاری
چەکمەداری هەولێری مە
هی بەزمی چارشەمە سوورەی
پشت منارەکەی چۆڵی مە
هی سەدای پڕ خرۆشانی
سیاچەمانەی هەورامی مە
هی دەنگی پڕ لە "مێیاتی و

ئارەزوو"ی کچە سلەیمانی مە
هی کچانی ئاتەش گەرمی
باوەش نەرمی کەرکوکی مە
هی بەر و باخەڵ و سینگی
پڕ مەمکی دهۆکی مە
من ئەشقی بسک و کەزی مە
هی کچانی بەر دەستاڕ و
"هەی هێری بە من هێری"ی مە
هی جێ ژوانی بەیانیانی
بەر سێبەری شۆڕەبی مە
من ئاشقی حەزحەزۆکێ و
ماچ و مووچی بە دزیمە

***

ژیانی لادێ و شوانکارەیی لە کوردەواری جاران

چەند جوانە ڕێچکەی مانگایان
کە ئێواران بۆ ئاوایی
شۆڕ دەبنەوە لەقەد چیایان
چەند خۆشە سەگوەڕی شەوان
کە دێتە گوێی چاو لەخەوان
هی کەڵەبابی دوورە ماڵ

که دەخوێنێ و لێک دەدا باڵ
یان مریشکی کووچه و کۆڵان
چەندە جوان دەکەن پێکۆڵان
چەند جوانە لەبەر هەوری تار
کوڵکەری دەو جۆم و رووبار
بە هەڵەداوان دەبەزن
بۆ ژێر کەپر و بۆ پەنا دار
چەند خۆشە گرمەی گەواران
دوا بەدوای تیشکی برووسک و
کەمێک پێشی رێژنەی باران

چەند خۆشە تۆزی ئێواران
که مەڕ و بەرخ تێک بەردەدرێن
دەبتە قاڕەی بزن و کاران
خۆشە بۆن دووکەڵی داران
له هۆبەی کۆچ و کۆچباران
لەناو بەیار و پاوانی
رازاوەی وەرزی بەهاران:
لایەک سێپێکی مەشکانه
لایەک بێر و بێریوانه

لەملا هرەهرِی شوانە

لەولاش قازان و کابانە

لەو لایەیان کۆلی ئاوە

لەملا کۆزی بەرخی ساوا

لە دوورەوە مەرِە کەترە

دیارە سورِناتک لێی داوە

دوو کارمامزی گەردەن کەش

چاو گەورە و رەش

ناوچەوان قەش

لەگەڵ کار و بزنەگەلان

بێ جیاوازی تێکەڵاوە

لەولایەش زەرِەی نێرەکەر

تێکەڵ حەپەحەپی سەیە

یان کۆکەی مەرِێکی دەغەر

یان بۆڵەبۆڵی "بەهیە" یە

لەژێر رەشماڵی حەوت ستوون

گشت رایەخ و سەرەنداوە

سەوەشیری سەرەو نخوون

دایپۆشتووە شیری تازە

لبادی خۆماڵیی رەنگین
چەندە نەرمە و راخراوە
نەخش و مێرابی ساکاری
ناو " یونس" ی لێ نووسراوە
بالیفی بە گوفک و گوڵنگ
هەمووی بەرِیز داندراوە
وردە نەخشی چیغی تاوڵ
چەند بە وەستایی کراوە
لەسەر ئاگری سێ کوچکە
مەنجەڵی گۆشتی کوڵاوە
مەسینە و دەسشۆر و گۆسکە
ئاوی شیرتێنی لە ناوە
سەرەند و بێژینگ و هێڵەگ
لە سووچێکا هەڵواسراوە
کۆتکی دار و کەوچکی
نەخشی مامزی لێ کراوە
لەولاش تیرۆک و ناوبرێشکە
لەلووک و رەورەوە و بێشکە
ئەم هەموو دارە جوانانە
شاکاری دەستی دۆمانە

حەوجۆشێکی رەش و گران
لەسەر رۆخی ئاگردانە
چاپەست و پیاڵە و شەکردان
گشت دەستکردی ئیسفەهانە
لەملا خورج و توورەگەیە
لەولا خراڵ و جەواڵە
لەملا کەژی و بەنقادەیە
لەولاش کەرِک و گۆپاڵە

ماست و کەرە، لۆر و فرۆ
کۆتکی پرِ ماستاو و دۆ
لەنگەرییەکی پرِ سەرتوێژ
هەمووی تازە، هەمووی بە چێژ
قاپێک ژاژی پەنیر لەناو
چەند بە جوانی قاش کراوە
هەنگوێنی تازە خۆشکراو
یەکسەر لە شانە بڕاوە
نان و ئەستورک تازە برژاو
بۆنی پرِ دەکا ئەو ناوە
ناسکەنان، شلکێنە و دۆشاو،

هەرمیشک شەکری پێدا کراوە
هەرچی بخوا ئەم خۆراکە
مەترسیی قەڵەویی نییە و
لە کۆلسترۆلیش بێباکە
چمکی تاوڵ لە هەموو لا
بە سنگ و رستان بەستراوە
پارگینێکیش بە دەوریدا
بۆ گرتنی باراناوە

سوسنەو بەیبوون و هەڵاڵە
حاجیلە و هێرۆ و لاولاوە
نێرگز و گاگرۆ و گوڵاڵە
تێکەڵ بە گیابەند و خاوە
تۆڵکە، قورِادە، خەرتەلە،
بزنترِێنە و قەلۆغان،
سێوەرۆک، پیفۆک، قێزبەلە،
کاردی و کەنگر و دوومەڵان
سۆتکە و سملّ، پوونگ و رەیحان،
زەرگەزەوی و گونەپاڵە،
پەڵپینە و کووزەڵەی جوان جوان،

شەکرۆکە و ترشۆکە و ژاڵە،
سێ بسکۆرە، گیا برژانە،
گەپرۆکە، ترپۆک، رازیانە،
کەربەشە و گلێخە و گوژارک،
رنک و رێواس و کوارگ

هەوێردە، قوڵت، تورپلی، کێشکە،
تیترواسک، کوند و حەبارە،
ریشۆڵە، رەنگاڵە، سوێسکە،
داڵاش و چێرگ و کۆلارە،
سۆفەقیتە و جورەپووتە،
کۆترە کێویلکەی بە جووتە،
خەرتەل و سیسالکە کەچەڵ،
پۆڕ و پەپوسلێمانە،
باشوکە و بارانبرە و قەل،
گشت دەگەڕێن لەم شوێنانە

چەند جوانە جێ سمی ئاژەڵ
لەسەر زەوی کزری بەهار
هێشتا پڕ ئاوی بارانە

چەند جوانە جێ پێی بێچوە مەل
لەسەر تەنکە بەفری نسار
دەڵێی وردە نەخشی خەنەی
ناولەپ و پەنجەی یارانە

چەند خۆش بوو لەناو گیای بەهار
لەگەڵ کیژە بەرخەوانێ
لە دوای قسەی خۆش و پلار
دەبووە ماچ و دەس لەملانێ
چەند خۆش بوو خۆڵەپۆکانێ
لە بستیی رێی " ترپەسپیانێ"
کە "فسەگورگ "مان دەردێنا و
شەوێش دەبووە "قاوقاوانێ"
خۆش بوو لەو دەشت و وەردانە
بەسەر ئەو گرد و هەردانە
بە پای پەتی، بە ئازادی
دەگەڕاین چەند بە دڵشادی

گەشتێکی ئەم هەوارانە
دەرمانی دەردەدارانە

لەم بەهەشتە خۆش و جوانە
کەوەتا گیا لە چۆکانە
خۆشە لەگەڵ ناسکە کیژان
لێی بکەی " گوریس کێشکانە "

***

کاکێشانەوە

چەند خۆش بوو سەردەمی پێشان
کە بانگ دەکراین بۆ کاکێشان
هەر لە دوای بانگی شێوانا
کچ و کوڕ لەسەر خەرمانا
کوڕ بە کا رەشکان پڕ دەکەن
کچ بە با مەمکان خڕ دەکەن
بە بازدان و زۆرانێ و پاڵ
کوڕ بە زۆڵی خۆی دەخست و
دەکەوتە سەر یاری مناڵ
لەناکاو دەبووە بێدەنگی
دوو مەمکۆڵەی خەپەتۆڵەت
وێکرا دەکەوتنە دوڕ چەنگی
وەک تۆزی سەر میوەی سەر دار
کوڵمی کاڵیم دەسڕیەوە

به لێوی بۆ ماچ شێت و هار
به دەنگی پڕ له شەرمەوە
هەناسەی خاو و گەرمەوە
که دەیگوت " جارێ نا ..... دیارن ! "
وەها تێکەڵ دەبوو گیانمان
لەتوابێ ئاگر و دارن
ئێستاش ئەو چەند وشەی دوێنێ
تەزووم به ناخا دادێنێ
گەوزە گەوز و ماچ ماچانێ
لەناو لەودە و سەرگیندانێ
لەلای من گەلێک خۆشتر بوو
له چارپایەی شای ئێرانێ

***

کوردەواری

من ئەشقی شنەی شەماڵم
من تامەزرۆی " بەربەسێری "
بەهارانی بن رەشماڵم
ئەمن شوانێکی رەبەنم
ئاشقی دەست و لۆلەپی
کچە شوانکارەی مەشکەژەنم

خۆشیم لە دەشت و لە دێ یە
لە ڕێچکۆڵە و بزنەڕێ یە
لە درەختی خوار و خێچە
لە ڕێگای بە پەنا و پێچە
خۆشیم لە ڕێ و بانی خۆڵە
لە کەرویێشکی توند و تۆڵە
خۆشیم لە کۆنە هەوارە
لە کەرتکە شاخی دژوارە
چەند خۆشە بچیە ڕێواسان
دەگەڵ کیژۆڵە بڵباسان
خۆشیم دەگەڵ توتنەوانە
دەگەڵ ڕەز و باخەوانە

***

چەند نایابە لەسەر هەڵگورد
بڕوانیە ئەم نیشتمانە
لەملا گۆلی ورمێ دیارە
لەولایەش دەریاچەی وانە
ئەگەر چاوێکیش بگێڕی
بەو بنار و نەوالآنە
ڕەواندزە، سیدەکانە

بلە و زێبار و بارزانە
چەند جوانە لەسەری سەفین
لە تاریکە شەوی هاوین
ئاسمانی رەش، ئەستێرەی گەش
کە جاروبار دەڕژێنە خوار
بەسەر سەربەن و سەری رەش
ئای خۆشە ئێستاکە لێرە
چاو و مێشکت بکەی تێرە
بەو خوارە و چرا رێزانی
بە قەڵا کەلبووی هەولێرە
هێشتا خوارتر لەو دوورەوە
ئاسۆ بە تارای سوورەوە
دادراوە بەسەر نۆبووک
شارە زێڕینەکەی کەرکووک
ئەگەر هاتو ناوە ناوە
ئاورێکت بۆ دوا داوە
تارمایی ملی هەزاران
چیایە و چەمی شەقڵاوە
بریا لەسەر بێژینگ بەسەر
بتدیبا ئەو دەشتە شینە

بەو هەموو گوڵ و گولیلکە
دەڵێی مافووری نائینە

***

خۆشیم لە گوڵ و نێرگزە
لە جلیتی کارمامزە
خۆشیم لە خەرەند و گەلیی
ئەملا و ئەولای رەواندزە
ئەشقی شەوە و شەولەبانم
هی لانک و دەسرازەی جوانم
من ئەشقی گورگانە شەوێ و
چیرۆکی گوێی ئاگردانم
ئەشقی ئەو دەنگ و سەدایە
بە سۆز و نەرمەی لایلایە
خۆشیم لەگەڵ کزەی بایە
کە دەیدا لەو سەوزەگیایە
من ئەشقی منداڵی کوردم
بە تایبەت کە دەڵێ: دایە !!!

***

کاکەینە من ئەویندارم
ئەویندارى کۆلکە دارم

ئەشقی چرپەی پێی دەواری
بەشەو تێپەڕبووی ڕێبوارم
ئەوینداری شڵپ و هۆڕی
ئەسپی دەربازبووی ڕووبارم
ئەوینداری گاشەبەردی
بە قەوزە خزبووی جۆبارم
هی پیرە داری کلۆرم
هی سمۆرەی کلک پانی
سمێڵ لەرزانی گوێزخۆرم
هی دۆڵی بە تەم و مژی
کپ و بە سامی ڕەنگ مۆرم
ئەوینداری مانگەشەوم
ئەوینداری قاسپەی کەوم
من ئاشقی سترانبێژم
هی نووسەر و هی بوێژم
هی هەوراز و سەرەولێژم
هی ئەستێرەی گەلاوێژم
هی پێروو، هی تەرازوومە
هی دڵی پڕ ئارەزوومە
من ئەشقی ئەستێرەی دوورم

که دەیڕوانمێ گریانم دێ
لەبۆ ژیانی رابوورم
ئەشقی سەر نوێنی فێنکی
شەماڵ لێداوی سەربانم
هی خەوی خۆشی سەپانی
راکشاوی سەر خەرمانم
هی زرینگەی زەنگوڵی ملی
نێری و بەرانی شەوانم
هی کاروانکوژەی بەیانم
هی رەوە قەتێی گەرمیانم
هی کوردی سادە و ساکارم
هی پیر و نەخوێندەوارم
ئەشقی قامیشلو و حەسەکە و
هی هەڤێرکان و ئەفرینم
ئەشقی " هەزارگۆل " و ئورفە و
چیای گریداغ و ماردینم
ئەشقی شوورەی دیاربەکر و
" بورجا بەلەک " و زێندینم
ئاشقی ئەحمەدێ خانی و
داستانەکەی مەم و زینم

من ئەشقی قەڵای دم دم و
شۆڕەسواری لەپزێڕینم
هی بەردەکەی کێلەشینم
هی زۆزانا فەڕاشینم
ئەشقی ملان و زلانم
ئەشقی چیایێ سیپانم
ئەشقی لاوک و حەیرانم
هی دەنگی خۆشی نەمری
کاوێس ئاغا و مریەم خانم
ئەشقی زاگرۆسی دێرین و
دەشتی سندوس و لاجانم
من ئەشقی بەیت و بالۆرە و
هۆرە و قەتاری کوردانم
هی هەموو دەنگخۆشەکانی
سنە و سابلاخ و بۆکانم
هی زەردەشت و هی یارسانم
هی سەردەشت و مەریوان و
بانە و سەقز و کرماشانم
هی رانک و چۆغە و پەستەک و
کڵاشەکەی هەورامانم

من ئەشقی جێگەی ژووانم
ئاشقی کانی ژنانم
من ئاشقی چاوچاوانێی
پەنجەرەی کووچەی شارانم
من ئاشقی شوێنەوار و
بەزمی رۆژانی جارانم

***

پیرە وڵات

ئەریّ ئەی کوردی پەنابەر
ئەی لە هەندەران دەر بە دەر
هۆ کوڕ و کچ، خانمینە:
بەخۆڕایی نەگوتراوە
بەرد هەر لە جێی خۆی سەنگینە
ئەمن بەم هەموو ئەزموونە
بەم ئاموشۆ و بەم قاڵبوونە
بەو هەموو گەشت و گەڕانە
بۆم دەرکەوت و بوو بە وانە
نە رۆژئاوا، نە رۆژهەڵات
قەت نابێتە پیرە وڵات

هەر سوارێ مەیدانی خۆی

هەر کلچووکێ کلدانی خۆی

جیهان با هەر بۆ خۆی خۆش بێ

پیرۆزی میللەتانی خۆی

منیش وەک ئا، ئەم خەڵکانە

خۆشیم وڵاتی کوردانە

من کۆرپەم و کۆرپەی ساواش

لەناو ژنی ئەم جیهانە

هەر دایکی خۆی لەلا جوانە

***

پوختە

خولاسەی گشت ئەم قسانە

هێندێ شوێن هەن لەم جیهانە

ئێستاش کە سەریان لێ دەدەم

کۆنە برینم دێنەوە سوێ و

هەناوم پڕ دەبێ لە غەم

بەڵام چی بکەم ئەوەتەی هەم

من بەندەواری دوو وشەم

پێت بڵێم چین ئەم وشانە ؟

یەکیان کورد، یەک کوردستانە

***

تێ بینییەک:

بێ گومان لەم بەندانەدا ژمارەیەک لە وشەی کوردی خۆجێ یی ناوچەی دەشتی هەولێر بەکار هاتوون کە لەوانەیە بۆ ناوچەکانی تری کوردستان نامۆ بن. واتای ئەو وشانە هەمووی لە فەرهەنگۆکێکی تایبەت لە کتێبی (چیرۆکی ئەویندارییم) دا روون کراوەتەوە.

26
ئاوازم بۆ هەڵبەستێکی ئیبراهیم ئەحمەد دانا

لەو ماوەیەی کە لە وێستگەی رادیۆی دەنگی کوردستان دەست بە کار بووم ١٩٦٤ - ١٩٦٣ مامۆستا برایم ئەحمەد سکرتێری پۆلیت بیرۆی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوو و لەگەڵ ئەندامانی تری پۆلیت بیرۆ بارەگایان لە گوندی عیساوێی سەر بە ناحیەی ماوەت داکوتابوو. دەزگای رادیۆکەی ئێمەش پێشان لە ئەشکەوتی گردە رەشی بەرامبەر گوندەکە بوو و پاشان گواستمانەوە بۆ سەر لوتکەی کێوەکە کە کێوێکی زۆر سەختی پڕ لە بەرازە کێوی بوو کەچی هەر بەناو گردەڕەشیان پێ دەگوت. مامۆستا برایم هەر لەوان رۆژان دوو پارچە هەڵبەستی دانابوو و بۆ رادیۆکەمانی نارد بڵاوی بکەینەوە. یەکێکیان لەسەر جاشەکان بوو کە من ئەوەندەیم لەبیر ماوە:

هەی جاش هەی جاش

جاشی عەفلەق

پیسی زیان داری گوێ لەق

تینووی کوتەک و بەندەیی

عەزرەتی بارکێشان و شەق

کەی تۆی جاشی کەری فەقیر

دایک دێڵەی باوک مشیر

***

گەر جاش بهاتایە زمان

پڕ بە دنیایە ئەیزەڕان

لە دەست جەوری ئاخر زەمان

کەوا بە تۆ ناویان زڕان

کەی تۆی جاشی کەری فەقیر

دایک دێڵەی باوک مشیر

***

ئەوەی دووەمیان لەسەر پێشمەرگە بوو. جا ئێوارەیەکیان من لە پەنا بنەدار بەڕوویەکی بەرزا، لەسەر لوتکەی کێوی گردە ڕەشا دانیشتبووم ئەم هەڵبەستەم چەندین جار دەخوێندەوە و تا دەهات زیاتر کاری تێ دەکردم. مەلی شیعر (میوز muse) ئاوازێکی مارشی زۆر خۆشی بۆ ئەم شیعرە خستە ناو بیر و هۆشمەوە کە هەڵستام هەر ئەو شەوە لەگەڵ گرووپی خۆشخوانانی رادیۆکەمان تۆمارم کرد و ڕۆژانە پەخشمان دەکرد. ئەو سروودە دەنگی دایەوە و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ بوو بە یەکێک لە مارشە سەرکەوتووەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی.

ئەمە دەقی سرووده‌کەیە.

من پێشمەرگەی کوردستانم

هەڵبەستی: ئیبراهیم ئەحمەد

ئاواز: هۆمەر دزەیی

پەخش کردنی بۆ یەکەم جار: گرووپی خۆشخوانانی ئێستگەی رادیۆی دەنگی کوردستان لە لوتکەی کێوی (گردە ڕەش)ی سەر بە ناحیەی ماوەت یان کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ یان بەرایی ساڵی ١٩٦٤.

من پێشمەرگەی کوردستانم
ئامادەی جەرگەی مەیدانم
بە سەر و ماڵ و ژیانم
ئەیپارێزم نیشتمانم
دەس لە چەکم هەڵناگرم
یان سەر ئەکەوم یان ئەمرم

***

نە تانک و نە تۆپ نە بۆمبا
نە کوشتنی وەک لۆمۆمبا
نە ئازاری بەندیخانە
لەسەر ئەم رێ یە لام نابا
دەس لە چەکم هەڵناگرم
یان سەر ئەکەوم یان ئەمرم

***

نامەوێ ژینی ژێردەستی
پڕە لە شوورەیی و پەستی
خاک و گەلم رزگار ئەکەم
سەر ئەدەم نرخی سەربەستی
دەس لە چەکم هەڵناگرم
یان سەر ئەکەوم یان ئەمرم

***

بەم کوردستانە ڕەنگینە

کە بەهەشتی سەر زەمینە

بەو کوردەی بەشی لەم ژینە

دیلی و کوشتن و بڕینە

دەس لە چەکم هەڵناگرم

یان سەر ئەکەوم یان ئەمرم

***

27
ڕێبوار سیوەیلی ئیستاتیکای دزەیی

ئیستاتیکای نوێبوونەوە و یاخیگەریی

ئیمپراتۆریەتی بیرخەرەوەی جوانی[1]

ئایا عومەر دزەیی کاریگەریی لەسەر زەوقی هەموومان هەبوو؟ ئەو (هەموومان)ە کێ یە، لە کاتێکدا هەر کات باسی ئیستاتیکا و هونەر دەکەین مەبەستمان لە زەوقی تاکەکەس و سەبجەکتیڤانەی مرۆڤە؟ ئەمەیە ئەو پرسیارەی لە کاتی قسەکردندا لەسەر ئیستاتیکای دزەیی پێویستە بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێم.

هونەر هەم دەربڕی ئاستێکی زەوق و هەم بەخشینی کاریگەریی بگۆڕی زەوقیشە. ئەو یەکێک بوو لەو دەگمەنە هونەرمەندانەی کاتی لە تەلەڤیزیۆن یان رادیۆ بەرهەمێکی بڵاودەکرایەوە باوکم کەناڵەکەی نەدەگۆڕی . دزەیی لە زومرەی ئەو دەنگانە بوو کە باوکمی دەوەستاند و ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی من گوێی بۆ بگرم. من و باوکم هەم مەودایەکی تەمەن و هەم مەودایەکی کولتووری لە نێوانماندا بوو بەڵام ئەو کاریگەریی لەسەر هەردووکمان هەبوو.

هەر کات من باسی پەروەردەی زەوقی و بیستنی خۆم بکەم نابێت رۆڵی رادیۆکەی باوکم لەبیر بچێ کە جیهان و گەردوونیی لە تۆنە دەنگییەکاندا بە من ناساند: هەر لە گرمە و شریخەی ئەو هەورانەوە کە

[1] کۆڤاری سیڤیل، ساڵی چوارەم، ژمارە ١٥، ٢٠١٢/٩/٢٢.

ئاسمانی وڵاتانی دەتەنی تا دەگاتە ئەو مۆسیقا دەنگیانەی کە لەملاولای ئەو کەناڵەوە کە باوکم مەبەستی بوو گوێی لێ بگرێ خۆیان دەکرد بە گوێچکەماندا و کاریگەرییان لەسەر دادەنایێن. ئەو رادیۆیە گوێچکەی منی راهێنا لەسەر مۆسیقای زمانەکان و ئامادەی کردم بۆ فێربوونیان و لەویشەوە فێربوونی ئەو جیاوازییەی لە زمانەکان و جیهانبینیی بەکاربەرەکانیاندا هەیە. وەک لە (دنیای شتە بچووکەکان) دا نووسیومە رادیۆ کاریگەرییەکی بێ ئەندازەی بەسەر ژیانی کوردییانەی ئێمەوە هەبووە. رەنگە بێ زیانترین میدیا و تەکنۆلۆژیا مۆدێرنەکان بوویێت ئەگەر بەراوردی بکەین بەو توند و تیژیانەی لە تەلە ڤیزیۆنەوە ئاراستەمان دەکرێت بەو فاشیزمەی لە راگەیاندنەکانەوە سروشتی مرۆییمان دەشێوێنێ و وامان لێ دەکات بە چاوی بەدگومانی بڕوانینە یەکتر و کۆمەڵگاکەمان و دۆخی هێوریی و ئارامی وەک دۆخێکی ریزپەڕ وێنا دەکات.

من باسی ژیانی گوند و راکشانی سەربانی شەوانە لەبەر ئەستێران و گوێگرتن لە دوورترین شەپۆلە دەنگییەکان دەکەم کە جاروبار لەتەک هەموو ئەوانەدا حەپەی سەگ و دەنگی کوندەبۆ و باعەی رێوی و جریوەی ئەستێرە و گریانی درەنگەشەوانی منداڵێکیش خۆیان تێکەڵ دەکرد بەو هارمۆنیانە.

من لەناو ئەو کەشوهەوایەدا کەسانی وەک ئێدیت پیاف، ئوم کەلسوم، فەرید ئەترەش، محەمەد عەبدولوەهاب، وەردەی جەزائیری، ئەسمەهان، عەلی مەردان، سێوە، محەمەد عارف جەزراوی، شاروخ، زیرەک، داودە و قورئانخوێنی مەزن عەبدولباسیت عەبدولسەمەد و گەلێکیتر و پاشان عومەر دزەیی گوێبیست بووم و بۆم دەرکەوت ئەمانە لەو خواوەندانەی دەنگ بوون کە باوکم لە هەنگامەی گەڕانیدا بۆ کەناڵێکی تایبەتیی رادیۆیی تا هەواڵێکی نوێی لەسەر چارەنووسی کورد پێ بڵێت دەیدۆزینەوە و لەسەریان دەوەستا.

مـن ئەو کـاتە هـیچ کـام لەم ئەسـتێرە گەورانەم نەدەناسـین و پاشـان لە شوێنی جیاواز و قۆناغی پاشتری گەورەبوونە لەعنەتییەکەمدا سەر لە نوێ هەموویـانم دۆزیـنەوە و ئەمجارەیـان هەم بە یـادی بـاوکم و هەم بـۆ تێگەیشتنی زیاتر لێیان و هەم لەژێر ئەو کاریگەرییانەی لەسەریان دانابووم گـوێم لـێ گـرتنەوە و لاسـایی هەنـدێکیانم کـردەوە وەک لاسـایی کردنەوەی دزەیی.

گوێم لێ گرتنەوە و گوێم لێ گرتنەوە هەتا سەر لەنوێ گوێچکەی منداڵیی خۆمم دۆزییەوە و ئەمەش چێژەکەی چەندین جار دەبردە سەری. چێژی منـاڵبوونەوە و خـۆدیتنەوە لە ژێـر ئاسمانی پڕ ئەسـتێرە و شـەوانی تەنیـایی. بەڵام ئیتـر بەبێ پەنجەکـانی بـاوکم کە میلی رادیـۆکەی بـادەدا و لەپـای گـوێگرتن لە هەواڵەکـان لە بەردەم دەنگێکـی وەک دزەیـی دا دەوەستا و خامۆش ...

بـاوکم نەمـابوو، هەر بـۆیەش رادیـۆکەی مـن جـگەلە گـۆرانی و دەنگـی خۆش هەواڵی ناخۆشیشی بڵاو دەکردنەوە وەک هەواڵی مەرگی شاملو و حەمەی مامڵێ کە لە کتێبی (نەتەوە و حەکایەت) دا باسم کردوون.

هۆمەر دزەیی زۆر جیاواز بوو چونکە گۆرانییەکانی ئەو وەک بۆ یەکەم جـار بێـت فرەدەنگییـان لە موزیکـدا پـێ ناسـاندم و گـوێچکە و بیسـتنیان پەروەردە کـردم. ئەمەشـم پاشـتر لەگەڵ منـداڵەکانی خۆمـدا، زەریـاب و نایـاب، دووبـارە کـردەوە هەر لەو کـاتەوەی لە سـکی دایکیانـا بـوون گۆرانییەکانی قادر کابان و عومەر دزەییم بۆ گوتن و لە گەشەی دوای لەدایکبوونیشیاندا هەر کات ئازار و خەمێکیان هەبووبێت بەو مێلۆدییانە ئارام و لەسەرخۆبوونەوە.

لە کارەکانی کابان (جادە چۆڵ و سێبەر بوو کاتی بەیانی و زۆر قژی زەرد ...) و لە کارەکانی دزەیی مەزن (قژ کاڵی لێو ئاڵی، کانیەکی روونی بەر تـریفەی مانگەشـەو..) هێنـدەی دوو پزیشـک و حەکیمـی کـارامە

سوودیان بۆ تەندروستی و رۆحدروستی ئەو دوو منداڵەمان هەبووە.

سەیریش نییە کە هەردوو ئەم هونەرمەندە بە گوتنەوەی شیعری (عەبدوڵا گۆران) ی مۆدێرنیست مۆدێرنیزمیان هێنایە ناو گۆرانی و مێلۆدیی کوردییەوە و مۆدێرنیزمی وشە و زمانیان هەڵگێڕایەوە بۆ مۆدێرنیزم لە مێلۆدی و دەنگدا. مۆدێرنیزمی کابان زیاتر لە ناوەڕۆکی گۆرانییەکانیدا دەبینمەوە و مۆدێرنیزمی دزەیی لە ناوەڕۆک و ئاوازەکانیشدا، ئەمە وێڕای رەهەندی نمایشیانە و فرەدەنگییانەی بەرهەمەکانی. لە راستیشدا کارە هونەرییەکانی دزەیی وێڕای ناوەڕۆکە شارییەکەیان گوزارشتێکی هەستەکیش لە کات و سەردەمێکی تایبەت دەکەن کە خەون و نۆستالژیا، خەیاڵ و داهاتوو بەرجەستە دەکەن . بەم مانایەش، دزەیی لە پرۆسەی هونەریی خۆی و لەو کاریگەرییەی بە دەنگ و مێلۆدییەکانی کردییە سەر نەوەی من زۆر پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو. ئەو مژدەبەخشی جۆرێکی دیکەی چێژ و جۆرێکی دیکەی کوێگر بوو. پێش ئەوەی شار لە جەنجاڵی خۆیدا ناچارمان بکات خۆمان بدەینە دەست ئەو ریتمە ئایرۆبیکیانەی لەو سەرەوە تەنی فێری هەڵەکەسەمامان دەکەن. هەر بۆیەش ئێستا بەبێ ئەوەی لە نزیکەوە بیناسم یان هاوڕێیی هاوبەشمان و ئەو بۆی گێڕابمەوە بە سەختی ئەو هەستەم هەیە کە ئەو ئەمێستا وەک هونەرمەندێک هەست بکات هەموو خۆشی و چێژەکانی خۆی لە رابردوودا ژیابێت و ئەم کەشوهەوا کولتورییە داخراوەی هەنووکە ئەویان لەچاو خەونە هونەرییەکانیدا هەناسەسوار کردبێت.

کۆمیدیای ژیان لەوەدایە کە هونەرمەندێک هەست بکات لە رابردووی کاتدا کە کۆمەڵگا زۆر لەئێستا بێ ئیمکانییەتر و دەستکورتتر بووە ئازادی ئەو زیاتر بووە و کرانەوەیەکی فرەتر. لە کاتێکدا ئێستای کۆمەڵگا بەو سانسۆرە کولتوورییانە دەورەیان گیرابێت کە لە دژی کرانەوەی کولتووری و هونەریی رەسەنن !!. ئەگەر هونەمەند و جوانیدۆستێک

هەست بەمە نەکات خۆی و باوکی ملهوڕن و هونەر بۆ ئەو جگەلە خۆنواندن و کلیپ کردن هیچیتر نییە. کلیپ ئەم دیوەی هەستی هەموومانی شێواند و فێری درۆی گوێگرتنی کردین بەبێ ئەوەی گوێمان لە هیچ بێت.

ژمارەی ئەمانەش کە بە فیتی بازاڕ سەمایەکی ناڕەسەن دەکەن لەچاو ئەو گەورە تەنیایانەی وەک دزەیی مۆدێرنیست ئاسمان و ڕێسمانە بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کەس و هیچ شەپۆلێک لەم هونەرە بازاڕی و بێ کەسایەتی و تەمەن کورتە نەیانتوانی پاشەکشی بە کەسانی وەک دزەیی بکەن لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمیان بەرهەمی کەم و ئەوانی دیکە بازاڕیان پڕ کردووە.

زەبەلاحێکی وەک دزەیی بەم ڕوخسارە ماکیاژکراوانە یادوەریی و هەنووکە چۆڵ ناکات. ئەو بە دەنگێکی هێندە لە یاسا بەدەرەوە هات ناو گوێی کوردییەوە کە بەیادهێنەرەوەی ئیمپراتۆرییەتە گەورەکانی مێژووە. بەڵام نەعرەتە دەنگییەکانی ئەو لە جیاتی ئەوەی لەشکرکێشی و مەیدانی جەنگەکانمان بیر بخاتەوە بیرخەرەوەی جوانییە و هەر ئاواش خستییە بواری خزمەتکردن و پەروەردەکردنی هەستەکیی ئێمەوە. ئە نەڕڕەی شێرێک بوو کە لە خەمی بولبول و مەست بوو بە وەسفکردنی کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەودا...

بە مانایەکی دیکە، هەرچەندە دەنگی ئەو بەیادخەرەوەی تۆنە دەنگێکی نێرانە و باوکسالارانەیە کە بە هۆیەوە شوناسی هۆز و عەشیرەت لە شێوەی (تێخوڕین، هەڕەشە و گوڕەشە و هاوارکردن) دا بەرجەستە دەبێت. کەچی ناوەڕۆکی ئەم دەنگە لە هونەری دزەییدا دەبێتە دەربڕی خودێکی جوانپەرست و ژندۆست و ئەڤیندار. هەر بۆیەش ئەو، لەلایەن کولتووری خێڵەکیی کوردییەوە وەک نێرینەیەکی یاخی کە لە یاساکانی هۆز هەڵگەڕاوەتەوە و ملکەچی ڕێنماییە عەشیرەییەکان نییە دژایەتیی کرا و

بگـرە سـووکایەتیی پـێ کـراوە و هەوڵ دراوە شوناسـێکی نزمتـری پـێ ببەخشرێ لەوەی ئەندامانی دیکە شانازی پێوە دەکەن.

بەم جۆرەش نـاوەڕۆکی یـاخیگەرانە و جوانپەرستانەکەی هـونەری دزەیـی هەیـمەنە و دەسـەڵاتی دەنـگە نێرانەکەیـان شـاردەوە و دەنـگەکەی بـووە گوزەرگـای پەڕیـنەوە بـۆ شـتی لە خـۆی گەورەتـر و مرۆییتـر و بـووە بەرجەسـتکەری سـۆزێکی مۆدێرن کە کە مرۆڤی نـوێی شـاری بەردەوام پێویستیی پێیەتی بۆ گەڕانەوە ناوخۆی و شکانی شەرمە عەشیرەییەکانی...

ئـا لێـرەوە ئەو نـوێنەرایەتی لقێکـی بەرزی هونەرێـک دەکـات کە تێیـدا دەنگـی نێـرانە کـارکردە کـۆمەڵایەتیە تونـدڕەوانەکەی خـۆی لە دەسـت دەدات و دەبێتە دەنگـی پـاڕانەوە لە یـار و دەبێتە دەنگـی ئەڤینـدارییەکی مەزن کە لە چوارچێوەی کاتـدا ژەنـگ هەڵناهێنێ. دزەیـی پرۆمیسۆسـێکە کە دەنگـی دەسـەڵاتخوازانە و نێرسـالارانەی عەشـیرەتەکەی و باوکسـالاری کولتووری کـوردی دزی و بەخشـیە جوانی و ئەڤـین و ئـازاد و رەهـای کرد. هەرکەسی دیکە بوایە لە جێی دزەیی لەو زەمان و هەلومەرجەدا کە ئەوی پێدا تێپەڕی، سەردەمی حەماسە و کوردایەتی و شۆڕشگێڕیتی (بۆ ئەوەی لە هاوپیشەکانی جێ نەمێنێ و شانازی بە خۆیەوە بکا) ئێستا وڵاتی پڕ کردبوو لە سروودی نیشتمانیی ئێکسپایەر.

ئەمە یەکەمین شۆڕشی یاخیگەرانەی دزەییە کە پێی گـوتین ئەو خاوەنی دەنگی خۆیەتی و دەنگی ئەو لە یادوەریی مندا بەیادهێنەرەوەی فۆرمێکی مۆدێرنیسـتانەیە کە دەتـوانم بڵـێم رەگێکـی لە شـێوازە دەنگـی رەفیـق چالاکیشــدا دەبیســتینەوە بەبــێ ئەوەی چــالاک تــوانیبێتی خەســڵەتی مۆدێرنیستانە بەرجەستە بکات.

دووەمین خەسڵەتی دزەیی بریتییە لە بەرجەستەکردنی مەعشوق وەک ژن نەک وەک میتافۆرەکانی چن چ نیشتمان بێ و چ تێکۆشان و هەر شتێکی دیکە. ئەو باسـی ژن دەکـا، مـاچی ژن دەکـا و تـامەزرۆی ژن دەکـا وەک

ئەوەی ژنە نەک ژن وەک سیمبۆل و میتافۆر. هەر بۆیەشە کاتی ژنان گوێ لە دزەیی دەگرن هەست دەکەن باسی جوانی ئەوان دەکرێ و تامەزرۆیی و تاسەی ئەوان دەکرێ و منی نێرانەش ناسک و شاعیر دەکەنەوە.

بەرهەمەکانی دزەیی پڕن لەم ئاشتکردنەوەیەی سۆزەی مێیایەتی و هونەر بەبێ ئەوەی ژن وەک بابەتێکی خرۆشێنەر و سێکسی یان پۆڕنۆگرافییانە و وەک بابەتێک بۆ نێرینە بخرێتە روو بەبێ ئەوەی تۆنە دەنگییەکەی ئەو بەیادهێنەرەوەی فەرمان و هەڕەشەی پێگە کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتەکەی نێرینە بێت لە ئاست مێینە و ژندا. دیاردەیەک کە لە کلیپەکانی ئێمەدا بەو پەڕی نەشارەزاییەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە و ئەمەش خزمەتێکی زۆری بە زیندووکردنەوە و بەرهەمهێنانەوە و نومایشدانەوە و بەرجەستەکردنەوەی بیرۆکە نێرسالارییەکانی کولتووری کوردیی کردووە.

ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم لێشاوێک لە گۆرانی و کلیپ و میلیپدایین کە هێندەی هەر بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیی توندڕەو خزمەتیان بە پیرۆزکردنەوەی ئایدیالە نێرسالاری و رەگەزسالاری و ئاینسالارییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی کردووە. زۆرینەی ئەو کلیپانە نەک هەر تەنیا جیاوازییەکانی نێوان نێر و مێ بە پێی بەرژەوەندی کولتووری نێرسالاری قووڵتر دەکەنەوە بەڵکو پڕن لە دەستدرێژی زمانی و بینراو. من لە بۆنە و ئاهەنگگەلیدا بەشدار بووم کە گۆرانییەکانی جگەلە ئیهانە و سووکایەتی کردن بە رەگەزی ژن لە روانگە کولتوورییە باوەکەوە هیچ شتێکی دیکەم گوێ لێ نەبووە. هەر بەو تۆنە دەنگییەی دزەیی هەفتانە گوێمان لەو وتارانە و خوتبە سیاسییانە دەبێت کە جگە لە بەیادهێنانەوەی تۆنە دەنگییە نێرانەکەی باوکسالاری و نێرسەروەری بێڕێزییەکی زۆریشیان تێدایە بەرامبەر بە مرۆڤ..

دزەیی دەگمەنە هونەرمەندێکە نەکەوتۆتە ئەم زەلکاوی رەگەزسالارییەی

پیاوی کوردەوە و لە بەرهەمەکانیدا جوانیی هێندەی ئەوەی بیرخەرەوەی ڕەهەندیی ئیرۆتیکانە و ئەڤینداارانەی ژنە ئەوەندە خرۆشێنەر و هاندەری حەزەکانی نێرینە نییە بۆ بینینی ژن وەک بابەتێکی جەستەیی ڕووت. ئەم ئاشتکردنەوەیە و لە هەمان کاتدا دەستنیشان کردنە بۆ خودی ژن، نەک بابەتی ژنانە، گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو بەشە، نەک هەمووی. لە ڕەسەنایەتی گۆرانی و بەیت و حەیرانی کوردی کە تێیدا هەموو شتێ بەناوی خۆیەوە ناودەبرێ نەک وەک ئاماژە بۆ شتێکی دیکە، هەموو شتێ لە ئاستە ئیرۆتیکیەکەیدا نەک لە ئاستیی سێکسی و جەستەییەکەیدا وەسفی دەکرێ.

لەگەڵ هونەری دزەییدا شوناسی ئێستاتیکیانەی ئێمە گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا دێت و گوێچکەی ئێمە بە تۆنە دەنگی ئاشنا دەبێ کە بۆنی مرۆڤبوون و ئڤینی لێ دێت نەک هەڕەشە و تووڕەیی باوکانە. ئەم پرۆمیسیۆسەی هونەر فۆرمێکی ئێستاتیکیانەی یاخیبوونی بەرهەم هێنا بیبێ ئەوەی هیچ خوێنێ برێژێ و شوڕش بەرپا بکا. ئێستاتیکایەک لە جوانیی مرۆڤ و ژن بە تایبەتی و جوانیی وشە، جوانیی دەنگ و مێلۆدیی بەرهەم هێنا بۆ ئەوەی ژیان ڕەهەندیی جوانیناسانەی خۆی لە دەست نەدات.

28
دانا شەدەڵە

هۆمەر دزەیی دوای ٥٠ ساڵ بە شوێن پێیەکانی ڤیەننایدا دەڕوانێتەوە[1]

لە شاری سلێمانیی پایتەختی رووناکبیریی کوردستانەوە هاتۆتەوە شارەکەی سەمای ڤالس و ئۆرکێسترای ناو هۆڵی زێڕین. بە شوێن پێ یەکانی ٥٠ ساڵ لەمەوبەری ڤیەننایدا دەڕوانێتەوە و دەچێتەوە ژوانی ئێریکا بلێدڵ و خەونی پڕ لە تامی ماچگەلی شیرین شیرین.

هونەرمەند و ئاشقە سەوداسەرەکەی ئۆپێرا و موزیکاڵ، هۆمەری دزەیی دڵ تەر و دڵ هەمیشە بەهاری ئەڤینداری گوڵ و شیعر و گۆرانیی پڕ لە هەست و تین و تاوی لاویتیی ڤیەننای بەر لە پەنجا ساڵ، ئەدرێسی هەموو خانەخوێ یەکانی لە ١٩٥٧ەوە لە رۆژمێرێکی بەرباخەڵدا هەڵگرتووە. گەشتیارێکی شەیدای شەپۆل بە شەپۆلی رووبارێکە کە یۆزێف هایدن و یۆهان شتراوس لە دەیان کوارتێت و ئاوازەی پڕ لەنجەی سیحراویدا بۆ مرۆڤایەتی گوێش کردووە. دەڕوا و دەڕوا لە بەردەم ماڵەکەی شەقامی ئۆپەرن گاسسە لە گەڕەکی یەکەمی {گەڕەکی یەکەم و چوارەمیشە، من لە چوارەمەکە بووم - هۆمەر} ڤیەننادا هەناسەیەکی لاویتیی خۆی لە پەنجەرەی ماڵەکەی جارانی دەستێنێتەوە. دەبێتەوە بە لاوە تەمەن ٢٠ ساڵەکەی دەشتی دزەیی و ئەمجارەیان بە رەنگی ئەرخەوانێکی سلێمانییەوە نیگای پەمەیی خۆی لە ئینجانەی پڕ لە گوڵی باڵکۆنێک دا دەڕوێنێتەوە . هاتۆتەوە بەردەم دواترین ماڵی بێتهۆڤن لە شەقامی شڤارتس شپانیەر و لەوێ بۆ قاوەخانەکەی جارانی جێ ژوانی چاوانی دەکاتە رێنوما، سەرنجی دەبێتە تەتەر و بە زوویی هاوارێکی

---

[1] کۆڤاری خاک ژمارە ١٢٤، ٢٠٠٧/١٠/١٠.

تەزوویی بۆ دێنێت و پێی دەڵێ: هۆ ئاشقە گەڕیدەکە .. لەمێژە ئەم قاوەخانەیە بۆتە کۆگایەکی بازرگانی. بە دڵساردییەوە دەڕوا و لەبەر خۆوە لاوێتیی خۆی دێتەوە سەر ڕێگەی، ژوانی نیو سەدە لەمەوبەری لێ دەبێتە سەراب و لە ئامێزی دەگرێتەوە جەستەی یارێکی ناپەیدا و ئامادەی بەر خەیاڵ و دیدەی.

لە جوانیی پەرستیدا نە زەمەن ڕێگرە و نە تەمەن. بە شوێن پێیەکانی ٥٠ ساڵ لەمەوبەریدا دەڕوانێتەوە ئەم فەرهادە گەروو پڕ لە ستران و حەیرانەی کوردستانی دووری پشت دەیان سنوور و کەوشەن.

شەدەڵە: دوای بەخێرهاتنەوەت بۆ شاری ڤیەننا پێم خۆشە لە نزیکەوە گوێبیستی هەستەکانت بەرانبەر شارێک بم کە موزیکستانێکی کۆنساڵەو ئێوە بەر لە نیوسەدە هاتوونە دیتنی؟

دزەیی: هەستم هەستی منداڵێکی ساوایە کە لەپاش دابڕانێکی دوور و درێژ لە دایکی لەپڕ بکەوێتەوە ناو باوەشی ئەو دایکەی کە بە لایلایەی ئەو خەوی لێ دەکەوت. من کە پەنجا ساڵی خشت لەمەوبەر لە تەمەنی بیست ساڵیدا هاتمە ئەم شارەی خەون و خەیاڵاتم شەوان کە بۆ خەوتن رادەکشام، ئەگەر بە رادیۆ یان بە گرامۆفۆن، گوێم بۆ مێلۆدییەکی ڕۆمانتیکی موزیکی کلاسیک شل نەکردایە خەوم لێ نەدەکەوت. هەستم هەستی دڵدارێکی بێ وەفای لە دولبەرەکەی تۆراویشە کە ئەم هەموو ساڵانە بەجێی هێشتووە و ئێستا هاتۆتەوە و داوای لێ بووردن دەکات.

لەسەر دەر و دیوار و پەنجەرە و بنداڵانی بە ڕەنگی نارنجیی قەیسەری بۆیەکراوی ئەو هەموو پالاس و کۆشک و دیوەخانانەی میر و میرزادە و شا و شازادە و خانەدانانی ڕۆژگارانی La belle epoque، لە ژێر تارمە و هەیوانی ئەو هەموو باڵاخانەی بە هونەری ئاکیتێکتووری گۆتیک و ڕۆمان و گریک و بارۆک رازاوە هەیکەلی شۆخێکی سنگ پڕ، پەلوپۆ خڕ، مەمک هەنار کە ئەو هەیوانەی لە ئەستۆی خۆی کردۆتە بار، بە گازاندە و لەبن لێوانەوە بانگم دەکات و پێم دەڵێ هەی بێ وەفا چەند

جار لە پاڵ و پەنای مندا دەس لەملانە و مەمک گوشینی کیژۆڵە نازدارانی ئەم شارەت کردووە و تازە وا بەم ریشی ماش و برنجەوە بەسەرمان دەکەیتەوە!.

بەڕاستی خۆم بە رووزەرد و شەرمەزار دەزانم کە بەناو ئەو هەموو کووچە و کۆڵانە مێژووییانەدا گوزەر دەکەم یان دەچمەوە بەر دەرکی ئەو ماڵانەی کە نیو سەدە لەمەوبەر ژوورم لێ بە کرێ گرتبوون و هەڕەتی لاویم وەک فیلمێکی سینەمایی دێتەوە بەر چاو. کە سەر هەڵ ئەبڕم و تەماشای پەنجەرەکانی ژوورەکەم دەکەم کە چەند جار مۆمێکی کزی رەنگ زەرد یان چرایەکی سوورم لێ دادەگیرساند بۆ ئەوەی کەشێکی رۆمانتیک و شاعیرانە بدەم بە هێلانۆکەی دەسلەملانە و ئەڤینداری. بەڕاستی هەست دەکەم دار و دیوار دەمناسنەوە و قسەم لەگەڵدا دەکەن.

بەڵام لەلایەکی تریشەوە، هەستم هەستی مردووێکی تازە لە گۆڕستان گەڕاوەی ناو هەوارگەی هەڕەتی لاوییەتی یە کە خۆی بە نامۆ دەبینێ لەناو ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەر یار و هەواری جارانیدا هاتووە: جلوبەرگ گۆڕاوە، خەڵکی سەر شەقامەکان ئەوانەی پێشان نین، رێستۆرانت و گاستهاوس و کافێکان رەنگێکی تریان لە بەردایە، ڤورستشتاندەکان هەر تەنیا ڤورست پێشکەش ناکەن بەڵکو بە زەوق و چێژی ئەم هەموو خەڵکە گۆڕاوە خواردەمەنییان داناوە، مەیدانی بەردەم راتهاوس و کارلس پلاتس وەک خۆی نەماوە، جاران شڤێدن پلاتس یەک تاکە کەفێی لێ نەبوو و ئەمسەر ئەو سەری ناش مارکتیشت بکردایە چاوت بە یەک فرۆشگای تورکان نەدەکەوت . گرینتسینگ (شاری مەی خواردنەوە و حەز لێک کردن) ئێستا خواردەمەنی چینی و ئیتالیانیش پێشکەش دەکات. ئۆگستینەر کیللەر مێزە دار خەپلەستوورەکانی جارانی کە بۆ ئەو مەیخانە کۆنە پڕ بەپێستی خۆی بوو بەداخەوە ئێستا هەمووی بە چەرچەفی سپی داپۆشراوە .

جاران دوکانێکی چکۆلەی شیرەمەنی فرۆشی

(مۆلکەرای) لە نزیک ماڵەکەی خۆت هەبوو کە پیرێژنێکی ئێسک

سووک بە ڕوویێکی خۆشیەوە نانی گەرم و شیر و پەنیرەکەتی بۆت دەپێچایەوە و هەروا سەرپێیی دوو قسەی خۆشیشتان دەکرد چونکە ئەو هەڵپەیەی کەمکاتیی ئێستا ئەوسا نەبوو. پەیوەندیی ئینسانی لەو تەرزە جێگایە سادانە زۆر بەهێزتر بوو تا لەسوپەر ماکێتەکانی دنیای ئەمڕۆ کە قسە لەگەڵ کەس ناکەیت و مەکینە هەموو کارەکان دەکات. شتراسەنبان (ترامەوای) یەکان وەک ئەوانەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر زەنگیان تێدا نازرنگێتەوە. جاران شافەرێک جانتایەکی بە ملەوە بوو و بەسەر هەموو سوارەکاندا دەگەڕا و بە دەنگی بەرز بانگی دەکرد Bitte alles Fahrscheine واتا (تکایە کێ بلیتی نەبڕیوە). ئەمانەی ئەمڕۆ زۆر بە خشکەیی و بێ دەنگی و بێ شافەر وەک مار بەناو شەقامەکاندا پێچ دەکەنەوە بەڵام لە خۆشبەختیی من هێشتا لەسەریان نووسراوە: رینگ، کێی، شۆتن تۆر، شڤارتسنبێرگ پلاتس، رۆزاوەر لێندەر، هایلیگن شتات، نوس دۆرف، لیۆپۆڵدس دۆرف، پراتەر، ئۆتاک رینگ، ڤێرینگەر شتراسە، ئۆپەر، سود بانهۆف و ئیتر ئەو هەموو گەڕەک و شوێنانەی کە هاتوچۆی لێ دەکەن. ئەمانە گشتی تەزووم بە ناخدا دێنن و نۆستالجیایەک دامدەگرێت و دوو دڵۆپ فرمێسکی گەرمم بە قولینچکی چاودا دێننە خوارێ. چونکە لە هەر هەموویان لە کاتی ماڵاوایی شەواندا کیژۆڵەیەکی خرپشی پڕ باوەشم بەو شتراسنبانانە بۆ ماڵەوەی بەڕێ کردووە (ئەو زەمانە کچە ڤیەننایی بە خرپنیی پشیلۆکەیی و خەپەتۆڵەیی ناسراو بوون .) بەکورتی کورد وتەنی " نە ئەو بوار و نە ئەو هەوار."

شەدەڵە: ئێوە بە حەیران و لاوکی کوردەواری گۆش کراون و ئەو پردە بێ وێنەیەن کە دەیان ساڵە لە نێوان فۆلکلۆری کوردی و موزیکی خۆرئاوایی دان. کاریگەریی موزیکی خۆرئاوا لەسەر ئێوە تا چ ڕادەیەک بووە؟

دزەیی: ڕاستە من لادێییەکی کوردستانیم و بە حەیران و لاوک لە گوندەکەی خۆمان (دووگردکان) گۆشکراوم. بەڵام کە تۆزێک هەراش بووم و گەیشتمە قۆناغی خوێندنی ناوەندی لە کەرکووک هەستم کرد کە

شـــتێک لەنـــاو دڵ و دەروونمـــدا هـــانم دەدات و بەرەو کولتـــووری خۆرئاوایی پاڵم پێوە دەنێ بە تایبەتی لە بواری هونەر و ئەدەبییات و مێـژوو و ژیـانی کـۆمەڵایەتیی خۆرئاواییەکانـدا. ئیتـر هەر بەو تەمەنـی مێردمنـــداڵییەم ئەم مەراقەی فەرهەنگـــی خۆرئـــاواییەم لـــێ بـــوو بە ڕێچکـۆڵەیەکی تەریـب لەگەڵ ڕێچکـۆڵە بنەڕەتیـیەکەی کـوردەواریم تـا ئێستەش و تا ماویشم پێیاندا ڕۆیشتووم و دەڕۆم: پێیەک ئەم لا، پێیەک ئەو لا. دیـارە ئاسـۆی دنیـای خەیـاڵاتی هونەرمەنـد و شـاعیر دەبـێ لە سنووری کۆمەڵی وڵاتەکەی خۆی تێپەڕ بکـات و ئەگەر ناسیۆنالیسـتیش بێ دەبێ کولتـوورێکی کۆزمۆپۆلیتیشـی لەنـاو فەرهەنـگە نەتەوەییـەکەی خۆیـدا بتـوێنێتەوە. بەڕاسـتی ئێسـتا مـن خـۆم زۆر بە شـاناز دەزانـم کە تێکەڵەیەکم لەم دوو کولتوورە، ناسیۆنالیزم و کۆزمۆپۆلیتیزم.

شەدەڵە: موزیکی کلاسیک بەگشتی و کلاسیکی ڤیەننا لە سەدەی هەژدە بە دواوە تا چ ئاستێک پێی سەرسامی؟

دزەیـی: مێـژووی مـوزیکی کلاسـیک لە ئەورووپـا دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەردەمانێکی کـۆنی پـێش ڕینێسـانس کە پێـی دەڵـێن مێـدئیڤاڵ واتـا تەمەنەکانی ناوەندی. دواتر، شارەزایانی فەرهەنگی ئەورووپایی قۆناغیان بۆ فەرهەنگـی خۆیـان دیـاری کـرد و هەر سـەردەمێک کە لە ئەنجـامی پێشـکەوتن و گـۆڕانی زەوق و چێـژی نەوە و کـۆمەڵەوە گـۆڕانی تـێ کەوتبێ بەم جۆرە ناویان لێ نان: مێدئیڤاڵ، ڕینێسانس، بارۆک، کلاسیزم، ڕۆمانتیزم، ڕیئالیزم، سوریالیزم و مۆدێرن . مۆدێرنەکەش لک و پۆپێکی زۆری لێ بووەوە وەک سوریالیزم، ئیمپرێسیۆنیزم، ئێکسپرێسیۆنیزم و ئی تریش. هەروەها لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدە کە پێی دەگوترا La fin du siecle بزووتنەوەیەکی هونەری لە تابلۆکێشیدا لە ڤیەننا سەری هەڵدا بە ناوی seccession و یەکێک لە دامەزرێنەرەکانی (گوستاف کلیمت) بوو و (ئەلفرێد کۆکۆشکا)ش دواتر بەگەڵ کەوت.

لە بواری موزیکیشدا قوتابخانەیەکی تازە هەر لە ڤیەننا پەیدا بوو بە ناوی Die Zweite Wiener Schule کە دامەزرێنەرەکانی ئارنۆڵد شۆنبیرگ و

ئانتۆن ڤێبەر و ئالبان بیرگ بوون. ئەم پۆلاندنە زیاتر لە بواری موزیک و رەسم و ئەدەبییاتدا خۆی دەنواند بەڵام لە بواری ئارکیتێکتور و مۆبیلیات و رازاندنەوەی ناوماڵیش رەنگی دەدایەوە. ماوەی ئەو سەردەمانەش لێک جیا بوون. هەبوو ١٥٠ساڵێکی دەخایاند وەک بارۆک، هەشبوو لەوە کورتتر وەک کلاسیزم و رۆمانتیزم. بەڵام راستییەکەی ساڵێکی دیاریکراوی تەواو بۆ ئەم قۆناغانە نییە چونکە پرۆسەی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵ بەرە بەرەیە نەک بە شەو و رۆژێک. تۆ کە دەڵێیت موزیکی کلاسیک ئەمە دوو واتا دەگەیەنێ یەکێکیان موزیکی کلاسیک بە گشتی و بە هەموو سەردەمەکانی، ئەوی تریان تەنها سەردەمی کلاسیزم دەگرێتە خۆی (١٧٥٠ -١٨٢٥) کە هایدن و مۆزارت و بێتهۆڤن موزیککارە هەرە ناودارەکانی بوون. جا بۆ وەرامدانەوەی پرسیارەکەت من کلاسیکم بە هەموو سەردەمەکانی لا خۆشە و چێژێکی تا بڵێی زۆر لە موزیکی ئایینی سەردەمانی رێنێسانس و بارۆک وەردەگرم وەک ئەوانەی Josquin و Bach بەڵام لە هەموو سەردەمەکان لام خۆشتر کە هەست و هەناوم تا رادەی گریان رادەهەژێنێ سەردەمی رۆمانتیزمە (١٨٢٥ -١٩٠٠) هەم لە بواری موزیک و شیعر هەم لە بواری تابلۆکێشیشدا. پێم وایە ئەو سەردەمەش، سەدەی نۆزدەهەم، لە هەموو ئەوانی تر پڕترە لە هونەرمەند. سەیر ئەویە ئەو موزیککارانەی کە زیاتر ئاواز و دیلانەی لادێی وڵاتەکەیان لەناو پارچە موزیکەکانی خۆیان دەتواندەوە و بەرگێکی کلاسیکی جیهانییان لەبەر دەکردن بەڵام تام و بۆی نەتەوەییان هەر پێوە دیاربوو . ئەوانە زیاتر لەوانی تر کارم تێ دەکەن و سەرسامم دەکەن. هەر بەو پێوەرە تابلۆکێشەکانی کە زیاتر لەوانی تر نیگاری سروشتی لادێ و ژیانی سادە و ساکاری جوتیارانیان landscape کێشاوە ئەوانەش زیاتر نۆستالجیام بۆ دێنن. باوەڕ بکە کاک دانا ئەو رۆژە چوومە بێلڤێدێر بۆ سەردانی پیشانگایەکی گوستاف کلیمت لەوێ ئەوەندە بە دیار تابلۆکانی ژیانی لادێی هونەرمەندە رۆمانتیکەکان دانیشتم گوستاف کلیمتم هەر لەبیر نەما (کە راستییەکەی زۆریشم حەز لێی نییە.) دیارە ئەوەش هەر وەکو پێشتر گوتم کاریگەریی دوو کولتوورە تەریبەکەی ناو خوێنمە

(فۆلکلۆر و کلاسیک) کەوا بەم رادەیە دەمبزوێنێ. دەبا ناوی هەندێک لەموزیککارانەت پێ بڵێم کە پتر لەوانی تر کارم تێ دەکەن: دڤۆرژاک، لیست، برامز، شمێتانا، چایکۆڤسکی، مۆزۆرجسکی، کۆرساکۆڤ ئینجا ئەوانی تری وەک مێندڵسن و شومان و (لیدەر) واتا سترانەکانی شوبێرت و زۆری تریش کە هەندێکیان تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش هەر مابوون. ڤیەنناش بەڕاستی پایتەختی موزیکی کلاسیک بووە . ژمارەیەکی زۆر لەو موزیککارە کلاسیکانە خەڵکی ئەم شارە بوون یان بێگانەش بووبن ماوەیەکی ژیانیان لێرە بەسەر بردووە.

شەدەڵە: پەیوەندی نێوان شیعر و موزیک چۆن دەبینی؟

دزەیی: ئەمن پێم وایە هەر لە زەمانی کۆندا کە شیعر دادەندرا بۆ ئاواز دادەندرا. شاعیرانی، یان باشترە بڵێین شایەرانی، کۆن لە هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە بەراییدا نزیکەی خڕیان نەخوێندەوار بووین. ئەوانە کە بەندێکیان هەڵدەبەست هەر خۆیشیان دەگەڕان و بەندەکانیان بۆ پادشا و میر و دەرەبەگان بە دەنگ دەگوت. لە تەمەنەکانی ناوەندیی ئەورووپا سەردەمی سوارچاکی و بە تایبەتی لە باکووری فرەنسا جۆرە بەندبێژێک پەیدا بوون بە ناوی ترویادوور troubadour، ئەوانە بەندی سوارچاکی و ئازایەتی و شەڕ و شۆر و هەروەها چیرۆکی خۆشەویستییان دادەنا و دەگەران لە کۆشک و دیوەخانی مارکیز و کۆنت و میران دەیانچڕی. لە سەردەمی گریکە کۆنەکان ئامێرێکی موزیکیان دەژەنی کە یێی دەگوترا (لیر lyre). شایەرانی ئەو سەردەمە شیعرەکانی خۆیان بۆ ئەو ئامێرە دادەنا و پێکەوە لێ دەدرا و بە دەنگیش دەگوترا. ئێستاش لە خۆرئاوا بەم جۆرە شیعرانە دەگوترێ لیریک و بەو جۆرە شاعیرانەش دەگوترێ (لیریکەر) بە ئەڵمانی و (لیریسیست) بە ئینگلیزی وفرانسەیی. لە کوردەواری دێرینیشدا ئەوەی کە شیعری دادەنا گۆیندەیەکی نەخوێندەوار بووە. ئەوانە بەندیان هەڵدەبەست (من وای بۆ دەچم کە کورد لە کۆندا وشەی بەندیان لەجیاتی شیعر هەبووە و وشەی بەندبێژیشیان بۆ شاعیر هەبووە لەپاشان کە ئیسلامەتی پەیدا بوو ئیتر

ئەمانەیان گۆڕی بە وشەی شیعر و شایەر.) ئیتر ئەو بەندبێژانەی وەک عەلی بەدەشانی هەم خۆیان بەندەکانیان هەڵدەبەست و هەم بە دەنگ و ئاوازی خۆیشیان دەیانگوت. ئەگەر پیاو سەرنجێکی بەیتە کۆنەکانی کودەواری وەک مەم و زین، خەج و سیامەند، لاس و خەزاڵ و ئەوانی تریش بدات دەبینی هەر هەموویان بە دەنگ دەگوترێن. باوەڕ ناکەم ئەمە هەر لای کورد وا بووبێ. بە بۆچوونی من دەبێ (ئێپیک epic) واتا بەیتە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی خۆرئاوای وەک

Beowulf, Das Lied der Niebelungen , El Cid, Le chant de Roland

هەروەها مەهابەهاراتای هیندی دەبێ هەمووی بە دەنگ و ئاواز گوترابن.

جا با بێمەوە سەر پرسیارەکەی جەنابت کاک دانا، پێم وایە شیعر و موزیک خوشکن و ئەمیان تەواوکەری ئەویانە. خۆ شیعر هەر خۆیشی موزیکە و تێمپۆی هەیە.

شەدەڵە: لەدایکبوونی کۆمپۆنیستی گەورەی ئەڵمان یۆهان سێباستیان باخ و نزار قبانی لە ٢١ مارس دا کە دەکاتە نەورۆزی کوردستان رێکەوتێکی جوانە ئایا ئێوە بڕواتان بە تۆڕێکی زێڕین هەیە کە رۆح و گیانی هونەرمەندان پێکەوە گرێ بدات؟

دزەیی: ئەو تۆڕە زێڕینە بێ گومان هەیە کە رۆحی هونەرمەندان و شاعیران پێکەوە گرێ دەدات. زۆر جار بووە کە خاتیراتی دوو موزیککار یان دوو شاعیر کە هەر یەکە خەڵکی وڵاتێکن و، هەر ناوی یەکتریشیان نەبیستووە، لە وەسفێکی جوان و نایابدا دەگەنە یەک و بە هەمان شێوە باسی شتێک دەکەن. من نموونەی وام لەنێوان حەیرانبێژێکی کورد و لیریکبێژی رۆمانتیکی ئینگلیز جۆن کیتس. خۆ باش دەزانین کە حەیرانبێژی نەخوێندەواری کوردی داماو هەرگیز ناوی جۆن کیتسی نەبیستووە کە سەدو پەنجا ساڵێک لەمەوبەر ژیاوە و ئەڵبەت ئەمیش هی ئەوی نەبیستوو. ئەمە بۆیە وایە چون جیهانی هەست ناسکان یەک جیهانە

کە بیریـان بە ناویـدا دەخـولێتەوە و خەیاڵیـان جاروبـار وەک دوو پەڵە هەوری ئاسمان لێک دەدەن و شێوەی هەورێکی نوێی لێ دەردەچێت کە دیارە ئەمەشیان زادەی رامان و وردبوونەوەی هەردووکیانە. بەڵام من باوەڕ ناکەم رۆژی لە دایکبوونی یۆهان سێباستیان باخ و نزار قبانی و رێکەوتـی رۆژی نەورۆز ئەمـانە پەیوەنـدییان بەم بۆچـوونەی تـۆرە زێڕینەکەوە هەبێت چونکە پێم وایە ئەمە زانستی نیە. لەپاشان خۆ نەورۆز بە رێکەوت و پاش لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا ئەم مێژووە زایینییەی وەرگرت ئەگینا خۆ پێش زایینش (پێش دوو هەزار ساڵ) نەورۆز هەر هەبووە و یەکی یەکی ساڵی نوێ بووە. ئەو وەختە بیست و یەکی مارس هەر داشنەندرابوو.

شـەدەڵە: بە کـام شـاعیر زۆر سەرسـامن و ئایـا هەڵبژاردنـی ڤێرسـەکانی (جوانی بێ ناو) و (تاقانە غونچەکەی) مامۆستایان گۆران و هەردی بە هۆی مێلۆدیی هۆنراوەکانەوە بووە یاخود ناوەرۆکەکانیان؟

دزەیی: هی کوردی بە هەموو شاعیرە کلاسیکەکان و لەپاشانیش گۆران و هێمن و هەردی. هی خۆرئاوایی زوربەی شاغیرانی سەدەی نۆزدەهەم واتا رۆمانتیکەکان و هی فارسی عومەر خەیام و عەرەبیش جاهیلی زیاتر. هەڵبژاردنی (جوانی بێ ناوی گۆران) و (تاقانە غونچەکەی هەردی) لەبەر ناوەرۆک و مێلۆدییەوە بووە. شیعر و مێلۆدی دەبێ لێک بوەشێنەوە. زۆر ئاوازدانەری کورد هەن کە بەداخەوە زوڵم لە هەندێ شیعری شاعیرانی گەورەی وەک گـۆران دەکەن و مێلـۆدییەکی بـۆ دادەنـێن کە لە شـان و شەوکەتی شیعرەکە ناوەشێتەوە، (گۆران)ی خاک بەسەریش نەماوە پێیان بڵـی ئەرێ بـراینە ئەم شـیعرەی منتـان بەم مێلـۆدیە ناگونجـاوە بـۆ وا شـێواندووە؟ بە تێگەیشـتنی مـن ئەم دوو پـارچە شـیعرەی کە باسـیان دەکەیت لەگەڵ مێلۆدییەکانیان کاڵای پڕ بە باڵان. زۆر جار زوڵم لە نالی و شاعیرانی دیکەی عەرووزیش کراوە. ئەمن وای بۆ دەچم کە زوربەی شیعرە کلاسیکەکانمان ئەگەر کران بە گۆرانی نابێ مێلۆدییەکی وا سووک و سەمایی ئەوڕۆیان بۆ دابندرێ. خۆشترین و گونجاوترین مێلۆدی بۆ

ئەو جۆرە شیعرانە ئاوازی غەزەلیات و مەقاماتی کلاسیک و هەوای دەرویشی و فەقێیانەن.

تایەر تۆفیقی نەمر باشترین گۆرانیبێژ بوو کە هەقی خۆی داوەتە ئەم شاعیرانە و لەپاش ئەویش هونەرمەندی جەوان عەدنان کەریم وا خەریکە هەمان رێچکە بگرێتە بەر و تا ئێستاش باش رۆیشتووە.

شەدەڵە: مامۆستا مەسعود محەمەدی نەمر وتوویە: چونکە گەلی کورد نیگارکێشی گەورەی نەبووە هەر بۆیەشە شاعیران و بە تایبەت (نالی) لە سەردەمی ڤان کۆخ دا بە شیعر تابلۆی کێشاوە، ئێوە چی دەڵێن؟

دزەیی: لە وەرامی پرسیارێکتدا گوتم دنیای هەست ناسکان (شاعیر، نیگارکێش، موزیککار) یەک دنیایە و زۆر جار خاتیراتیان دەگەنە یەک. ئەم قسەیەی کاک مەسعودی نەمریش - کە ئەمەش هەر خاتیراتی دوو هەست ناسکانە گەیشتوونەتە یەک، ئەو وەک بیرمەندێکی خەیاڵ دوور رۆیشتوو و منیش وەک هونەرمەند و شاعیرێکی هەستیار - هەر پشتڕاستی بۆچوونەکای من دەکاتەوە . نالی و ڤان کۆخیش بەهەمان شێوە.

***

١ - بەستۆرە: بەستێکە لە نێوان هەولێر و چیای پیرمەم سەیرانگای بەهارانی خەڵکی ئەو ناوچەیە.

٢ - باخی شار: بە زمانی ئەڵمانی (شتات پارک) باخێکی یەکجار خۆش و جێی ژوانانە لە شاری ڤیەننا.

٣ - دانوب: ئەو زێ یەیە کە بەناو ڤیەننادا تێپەڕ دەبێ.

29
ماڵ ئاوا کوڕێنی چیرۆکی پشت گۆرانیم
(برادەران دوێنێ کە جوان بووم)

ساڵ ١٩٤٨ بوو. حزبی شیوعی عیراقی نەک هەر لە عیراقی عەرەبیدا بگرە لە کوردستانەکەشدا رەگی قووڵی لەناو چینی رۆشەنبیر و چینی جوتیار و کاسب و تەنانەت لە ناو هەندی مەلاکانیشا داکوتابوو. قوتابییانی کوردی ئەو سەردەمەش ئەوەی حزبایەتی بکردایە یان بێ حیزبایەتی کردنیش هەر دەمی لە سیاسەت بدابا یان شیوعی یان پارتی یان اخوان المسلمین بوون. بەڵام ئەمانەی دواییان، بە بەراورد، زۆر کەمتر بوون. منی یانزدە ساڵیش لەگەڵ چوار برا لەخۆم گەورەترەکانم تەبای زۆر لە بنەماڵە کوردەکان پیش بڕانەوەی دووەم جەنگی جیهان (١٩٤٥ - ١٩٣٩) ئەندامەتیی هەر هەموو حیزبە کوردییە ناسیۆنالیستە یەک بە دوای یەکەکانمان دەکرد وەک (هیوا، ژ. ک .، رزگاری). بەڵام دوای کۆتایی جەنگ بە سەرکەوتن و پەرەسەندنی بەرەی سۆسیالیزم و کۆمونیزم بە رێبەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت دەرفەت بۆ حیزبی شیوعی عیراقی رەخسا، دەتوانم بڵێم، بەسەرکەوتوویی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم لە کوردستانا بەرەو ئینتەرناسیۆنالیزم و کۆمونیزم تی بکاتەوە. جا لێرەدا جۆرە شپرزەیی و سەر لێ شێوانێک کەوتە ناو رۆشەنبیرانی کوردستان و کردنی بە دوو بەرەوە: بەرەی ناسیۆنالیستەکان کە پارتی هەر ساڵێک دوای بڕانەوەی جەنگ لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا و رێبەرایەتی ئەو بەرەیەی دەکرد ؛ بەرەی حیزبی شیوعی عیراقیش کە، بە تایبەتی دوای بڕانەوەی

جەنگ، پەلوپۆی بە تەواوی هاوێشتە ناو چینی رۆشەنبیری کوردەوە. ئەو سەر لێ شێوانە ژمارەیەکی زۆری رۆشەنبیرانی کوردی گرتەوە لە ناویانا بنەماڵەی ئێمەش. جا ئێمەی پێنج برا لەگەڵ کوڕانی بەڕێز حەیدەر ئەفەندی حەیدەری عاسم و ساڵح و جەمال و مهیب (یادیان بەخێر) و مومتاز و جەمشید، کە تێکڕایان رۆشەنبیری نیشتمان پەروەر و کوردپەروەر و شیوعیش بوون پەیوەندییەکی نەک هەر حزبایەتی بەڵکو عائیلی زۆر پتەویشمان لە نێوانا دروست بوو. لەناو ئێمەی پێنج برادا کاک ئەنوەر و کاک موحسین و خۆم بووین بە شیوعی کەچی کاک ئەحمەد و کاک سەعدی ئەوان هەر لەسەر رێچکەی حیزبە ناسیۆنالیستە کوردییەکانا مانەوە و بوون بە ئەندامی پارتی. بەڵام بۆ مێژوو دەڵێم کە ئەو دوو ئایدیۆلۆژیە لێک لالووتەی ناسیۆنالیزم و کۆمونیزم ئەو دوو بنەماڵەی ئێمە و حەیدەرییەکانی لێک نەترازاندبوو و هەستمان دەکرد هەردوولامان لەسەر هەر هەمان رێچکەی خەباتاین: کوردایەتی بە چەپڕەوی. زۆر جار بەهاران ئەو بنەماڵە تێکۆشەرە بە دایک و خۆشک و براوە بۆ سەیران دەهاتنە گوندەکەی ئێمە دووگردکان و میوانی ئێمە و دایک و خۆشکی ئێمە دەبوون. یادیان بەخێر ئەوانەی کە لەناومانا نەماون.

رۆژێکیان کاک جەمالیان لەگەڵ منا دانیشت و سروودێکی بە شیعر و ئاوازەوە زۆر دڵهەژێنی فێر کردم تا لە ئاهەنگەکانی نەورۆز و خۆپیشاندانە بەردەوامەکانی ئەو ساڵانە بیچڕم، سروودی (نیشتمان ژێر دەستە هەڵسن). ئەمن نە ئەوسا و نە ئێستاش نەمدەزانی و ناشزانم شیعر و ئاوازەکە هی کێ بوون. ئێمە ئەوسا نەشمانبیستبوو کاک جەمال خۆی، کە ئەندامێکی پلە بەرزی حزبی شیوعی عیراقی بوو، شاعیر یان

ئاوازدانەر بوویێ. لە خۆیشیمان نەدەبیست کێ ئەو شیعر و ئاوازەی داناوە. دەیان ساڵ بەسەر چوون کاک جەمال و کاک مهیب، یادیان بەخێر و رەوانیان شاد شەهید کران، هەدووکیان لەلایەن بەعسی ٦٣ وە لە سێدارە دران. ئەو سروودە، نەک هەر لەبەر وشە سیاسییەکانی بەڵکو زیاتر لەبەر ئاوازە عاتیفییەکەی لە گوێی مندا زۆر خۆش دەهات. بەڵام داخی گرانم ئێستا تەنها دوو بڕگەم لەو شیعرە بە ئاوازەکەشیەوە لە بیر ماوە کە ئاوا دەستی پێ دەکرد:

نیشتمان ژێر دەستە هەڵسن
ئەی گەلی هۆزی پتەو، دەی!
راپەڕن، تا کەی بێ خەوتن؟
هەڵبڕن زنجیری شەو، دەی!
رەنجبەران، رەنجبەران، رەنجبەران
تێپەڕی کاتی ژیانی
عەبدی ژێر چنگ میرەکان
بەرزی کەن ئاڵای نەمانی
چینەکەی رەنج خۆرەکان
رەنجبەران، رەنجبەران، رەنجبەران

جا دوای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ ئەو بەشە ئاوازەی کە لەبیرم مابوو خۆی لەناخمدا چەسپاندبوو و هەمیشە لە گوێمدا دەزرینگایەوە. پێم مخابن بوو ئەو ئاوازە دڵڕفێنە هەر ئەوها وەک بەردی بن گۆم کەس پێی نەزانێ.

بۆیە بیرم بۆ دانانی هەڵبەستێک چوو بۆ ئاوازەکە تا بیکەم بە گۆرانییەکی نوێ، گۆرانییەکی خرۆشانی خۆشەویستی نەک سیاسی. بەڵام دەشمزانی ئەوەی کە لە ئاوازەکە لەبیرم مابوو زۆر کورتە کە نەدەکرا لە گۆرانییەکدا هەر ئەوەندە دووبارە و سێ بارە بکرێتەوە و گوێگر پێی وەڕس ببێت چونکە زۆر مۆنۆتۆن دەردەچوو. بۆیە هەڵستام خۆم ئاوازێکی تەواوکەرم بۆ دانا و خستمە سەر کۆنەکە. ئیتر لەسەر ئەو ئاوازە کۆن ونوێ یە هەڵبەستێکی نوێشم دارشت کە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبێت و زۆر بە زانایی لەگەڵ برگە و ریتمی ئاوازە تێک هەڵکێشراوەکەدا گونجاندم.

ئەمەش هەڵبەستەکەی منە کە بەم دواییانە بە ئاوازەوە لەستودیۆی دکتۆر عەبدلڵا جەمال سەگرمە لە سلێمانی تۆمارمان کرد و هەر خۆیشی سەرپەرشتی ئەرانژی واتا دابەشکردنە موزیکاڵییەکەی کردووە.

دوێنێ کە جوان بووم

وشەکان: هۆمەر دزەیی

ئاواز: دوو ستانزای یەکەم کە هەردوکیان هەر هەمان ئاوازن نەناسراوە.

دوو ستانزای دوایی ئاوازی خۆمە.

هۆمەر دزەیی

برادەران، دوێنێ کە جوان بووم

نەمدەزانی غەم چیە

نەمدەزانی ماندوبوون و

خەو و واتای دەم چیە

برادەران، برادەران، برادەران

***

تێپەڕی کاتی جوانی و
ژیانی بێباکی من
دەرپەڕی تیری کەوانی
تەکانی لاوچاکی من
برادەران، برادەران، برادەران
***
ساڵەهای منداڵی و
مێردمنداڵیم لە گوندەکەمان
رائەبوارد بە پای پەتی و بە
رووی بە گەرد و بە گەمان
گرد و بستی و کەند و جۆم و
کەندەڵان و وەرد و شۆ
بەهاران لە مێرغوزاران
هاوینان پەرێزە جۆ
***
وەک پەپوولە و هەنگ و بولبول
شیلەم ئەمژی گوڵ بە گوڵ
شەو هەتا سۆزەی بەیانان
دەم لەناو دەم، دەس لە مل
ئێستەش وا ئەستێرەی ژینم
زەرد و کز ئەبێتەوە
رۆیی، رۆیی، رۆیی
جارێکی تر نایێتەوە
***


برادەران، دوێنێ کە جوان بووم
نەمدەزانی غەم چیە
نەمدەزانی ماندوبوون و
خەو و واتای دەم چیە
برادەران، برادەران، برادەران
ئیتر ئەمەیە چیرۆکی لەدایکبوونی ئەم گۆرانییەم.

***



برادەران

30
خاڵۆ لوقمان چاکی بۆ چووە[١]



لوقمان بابەرەسول بەرزنجی

کۆمێنتیکی سەرنجکێش لە لایەن خوێنەرێکەوە

لەم چەند رۆژانەدا خوێنەرێکی وردبین و هەستیار کۆمێنتێکی زۆر سەرنجکێشی لەسەر هەڵبەست و گۆرانییەکی من، گۆرانی (گوندەکەم دووگردکان) داوە و لەفێسبووکا بڵاوی کردۆتەوە. ئەمن وێڕای سوپاسگوزاری و منەتباریی زۆرم بۆ نووسەرەکەی، کۆمێنتەکەم لا زۆر ئەکادیمیانەیە و نووسەرەکەیشم زۆر بە ئاگادار و شارەزا لە هەڵسەنگاندن و رەخنەی ئەدەبی کەوتۆتە بەر دڵ. لەبەر گرنگیی ئەو نووسینە کە بەلای منەوە تەواوکەر و شی کردنەوەیەکی پڕ بە پێستی مەبەستی شیعرەکەی منە پێم وایە زیانی بۆ پەز نابێ بازنەی ئەمجارە بۆ ئەو تێ بینییە وردانەی کاک لوقمان بەرزنجی تەرخان بکەم.

---

[١] هۆمەر دزەیی : " کاک لوقمان کوڕی بابە رەسووڵی شێ عەزیزی بەرزنجی یە کە دەکاتە برازازای کافیەخانی بەرزنجی دایکی من و قەدریەخانی دایکیشی ئامۆزای دایکمە ، رەوانی کۆچ کردووەکان شاد بێت و بۆ من ئەو خاڵوانە بەرزنجییە بەرێزانەی کوردستان مایەی شانازی و سەربڵندین. "

لوقمـان بەرزنجـی لە ئەڵمانیـاوەلە نێـوان داغسـتانەکەی حەمزاتـۆڤ ودووگردکانەکەی هۆمەری دزەیی

چەنـد سـاڵێک لەمەوبەر تـازە هونەرمەنـدی گەورە هـۆمەری دزەیـی گۆرانییە بە چێژ و خرۆش و پڕ لە وەسفێکی (کوێراییم دایێ دووگردکان) ی بڵاوکردبـۆوە، برادەرێکـی نووسـەر و رۆشـەنفیکرم کە خەڵکـی دەڤەری سـلێمانییە، لێـی پرسـیم ئەرێ ئەتـو گوێـت لەو بەرهەمە تـازەی هۆمەری دزەیـی بـووە کە لەگەڵ کچێـک بە دووقـۆڵی دەیڵێتەوە. گـوتم بەڵێ زۆر چاک گوێم لێ بووە و ئەو کچەش لارای کچیەتی. ئینجا بە پێکەنینـەوە وتـی ماڵئـاوا ئەو پیـاوە زۆر گەورە و بلیمەتە، وەرە بـزانە لەو تەمەنەش هەر لە داهێنـانی تـازە ناکەوێـت، وەرە گـوێ لەو تێکسـت و ئەدایەی دووگردکـان بگـرە هێنـدە بە لەزەت ئەو گـۆرانییە دەڵێـتەوە پیـاو دەخـاتە دونیـایەکی پڕ عیشـق و ئینتیمـای خـاک و پـڕ لە سۆز، وات لـێ دەکـات لە دووری شـەش هەزار کیلـۆمەتر بـۆنی خـاک و واری خـۆت بکەیت. هەم دیسان لێی پرسیم ووتی باشە تۆ دووگردکانت دیوە ؟؟؟

گـوتم بەڵـێ بەڵام لە تەمەنێکـی بچـووک دووگردکـانم بینیـوە لەگەڵ پوورەکـانم سـەردانی دووگردکـانم کـردووە چونکە شـێخ زادە کافیەخانی دایکی کاک هۆمەری دزەیی کچەمامی دایکم و پووری باوکمە رەوانیان شاد بێ. لە رێگەی ئەوانەوە سالآنی زوو سـەردانی دووگردکـانم دەکـرد. ئەو برادەرە گوتی تۆ خۆت کە گوێت لەو گۆرانییە بوو چ هەستێکت هەبوو یا چ هەستێکت لا دروست بوو لەسەر ئەو گۆرانییە و چۆنت بینی وەک خۆشت دووگردکانت بینیوە؟؟؟؟

گـوتم مـرۆڤ تـا لە ژیانـدایە وابەسـتەی ئەو ژینـگەیە کە تێـدا گەورە بووە، من وابزانم هیچ کەسێک ناتوانێ دەست بەرداری ئەو ئەرزە بێـت کە یەکەم جـار چـاوی لـێ هەڵێنـاوە جـا ئەو خـاکە لەهەر قـوژبنێکی ئەو دونیـایە بێـت. ئەوەی مـن بـزانم لە مێـژووی ئەدەبـی جیهانیـدا تەنیـا دوو

کەس توانیویانە هێندە جوان وەسفی شوێنی لە دایک بوونی خۆیان بکەن، یەکەمیان بە رۆمان دووهەمیان بە تێکستی شیعری گونجاو لەگەڵ ریتم و ووشەی کولتوری زۆر ناسک و هەست بزوێنەر و سەرنج راکێش. ئەوانە هێندە عەشقی ئەو شوێنە بوونە تەنیا بە ناوهێنانیشیان دڵیان تێیدا ئاو دەخواتەوە و تێیدا دەحەوێتەوە و ئەو شوێن و گوندە بە بەرچاوی ئەوان دەبێتە (بەهەشتێک) و شوێنی بێ پایان لە جوانی. ئەو دوو کەسەش یەکەمیان رەسووڵی حەمزاتۆڤ گەورە نووسەری داغستانە کە کۆمارێکی پێشووی یەکیەتی سۆڤیەت بوو دەکەوێتە ئاسیای ناوەڕاست. حەمزاتۆڤ کە باس لەو گوندەی خۆی دەکات لە چیرۆکی (داغستانی من) هێندە جوان باسی (تسادا) دەکات مرۆڤ دەخاتە دونیای خەیاڵاتێکی ئەفسووناوی، وا لە مرۆڤ دەکات هەرگیز دەستبەرداری خاک نەبێت. جگەلەوەش هەر لەو داغستانە باس لە جوانیی رەوشت و جوانیی مرۆڤەکانی ئەو داغستانەدا دەکات. دیارە هۆمەری دزەییش بە عیشقێک و سۆیەک باس لە دووگردکان دەکات کە مرۆڤ لە لەرینەوەی ژێی دەنگیەوە (کوێراییم دایێ دووگردکان) هەست بەو گڕە دەکات کە بیر و هزر و جەرگی سووتاندووە بۆ ئەو بستە خاکەی کە ناوی دووگردکانە. لەو رووبەرە گەورەی کە پێی دەگوترێ کوردستان بەهەمان دید و عیشقەوەش هونەرمەندی گەورە هۆمەری دزەیی لە دوای تەمەنێکی درێژی پڕ لە غوربەت لە ئەورووپا و ئەمریکا سۆز و عیشقی گوندەکەی دەکاتە هەوێنی حەسانەوەی دڵ و دەروونی و بای بن باڵی غوربەتی پتر لە شەست ساڵ دوورکەوتنەوە لە دووگردکان دێت دەڵێت:

دووگردکان گوندە خۆشەکەم

هەوا و خاکە بۆنخۆشەکەم

زەوی و زارە گوڵپۆشەکەم

کوێرایی‌م دایێ دووگردکان

هەڵبەتە ئەو سۆز و عیشقە لە سۆی هەناسەیەکی ماندوو ماندوو و شەکەت دا وەک شنەبای شەماڵ رۆحی خۆی پێ فێنک دەکاتەوە و سۆی شەست ساڵی غوربەت و لە دەستدانی نزیکترین کەسە خۆشەویستەکانی ئەمانە هەموو دەبنە هەوێنی داڕشتنی ئەو تێکستە جوانەی:

دووگردکان گوندە جوانەکەم

خەوی خۆشی سەربانەکەم

دەنگی دووری حەیرانەکەم

کوێرایی‌م دایێ دووگردکان

لەم تێکستەی دووگردکان هۆمەری دزەیی داهێنانێکی تری دیکەشی خستە پاڵ ئەو هەموو بەرهەمە بە پێز و نەمرانەی کە هەرگیز لە زاکیرەی ئینسانی کوردی ناسڕێنەوە و کۆن نابن، گۆرانییەک لە ئێستای سەردەمی تەکنۆلۆژیا دەیان گەنج سەرسامن بەو جۆر و ووشە جوان و ئادا جوانەی قورگی هۆمەری دزەیی کە بوو بە یەکەم کەس هێندە بە جوانی گوندەکەی بلاوێنێتەوە.

خۆ ئەگەر تێکستی ئەو گۆرانییە بکرێت بە ئینگلیزی یا رووسی یا هەر زمانێکی دیکە لەوانەیە وابزانن دووگردکان دەکەوێتە جوانترین نەخشە و شوێنی فێنکایی و قەد پاڵی چیایەکی بەرزی پڕ لە کانی و کانیاو لە جیهانا. لە کاتێکدا دووگردکان دەکەوێتە دەشتێکی پان و بەرینی کاکی بە کاکی پڕ لە خێر و بەرەکەت، ئەرزێکی تەختایی کە

بەهاران سەوز دەچێتەوە، هاوینان زۆر گەرم و شەوانیش شنەیەکی شەماڵی ساردی حەیراناوی پڕ لە بۆنی قەنەفر و مێخەکی نازدار حەیرانێ کە مرۆڤ دەخاتە خەوێکی ئێجگار قووڵی پڕ لە ئارامی.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم هونەرمەندانی دونیا کاتێک کە دەکەونە تەمەنەوە زۆر دەگمەن هێزی ئەوەیان تێدا دەمێنێ کە بتوانن جارێکی دیکە و لە بوارێکی دیکە داهێنان بکەن بەڵکو کونجیماڵەکانیان دەگرن نموونەی رەسووڵی حەمزاتۆڤی داغستانەکەی تا ساڵی ۲۰۰۸ خەڵاتی رووسیای وەرگرت لەسەر ئەو رۆمانەی ئەوە لە کاتێکدا رەسووڵی حەمزاتۆڤ بۆ یەک دەقیقەش لە داغستانەکەی دوور نەکەوتبۆوە و هەموو ژیانی لە ئیسراحەت بوو ئینجا ئەو رۆمانە گەورەی نووسی. ئینجا وەرن با تەماشای ژیننامە و پرۆفایلی هۆمەری دزەیی بکەین بزانین خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە نەهامەتی و دووره وڵاتی و ژیانی سیاسی و قورسیی باری ژیان ئینجا لە دوای تەمەنێکی پڕ لە هیلاکی و دووره وڵاتی جارێکی دیکە دێتەوە مەیدان بە داهێنانێکی تازە و کولتوورێکی زۆر تازە دەهێنێتە ناو دونیای ئەدەب و کولتوری کوردی و پێمان دەڵێت ئەوە منم هۆمەری دزەییم و هەمان ئەو کوڕە جوانەی جارانی دووگردکانم و لە هەگبەکەمدا داهێنانی تازەم بۆ هێناون.

دوا ووتەم لەگەڵ هاوڕێکەما ئەوە بوو ئەگەر رووسیا و گەلانی ناوەڕاستی قەوقاز شانازی بە رەسووڵی حەمزاتۆڤ و داغستانەکەی دەکەن و بە داهێنانێکی گەورەی دەزانن، لە دونیای تەکنیکی چیرۆک ئێمەش مافی خۆمانە و مافی هەموو کوردێکە شانازی بکات بە تێکستی دووگردکان و یەکێک لە قامات و لوتکە هەرە بەرزەکانی هونەریی و ئەدەبیی کوردستانیمان ئەویش زۆر بەڕێز و نازدار مامۆستای هونەرمەند

و شاعیر هۆمەری دزەییە هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم بەو هیوایە کە رۆژێک ئەو ملوانکە زێڕینەی لە ملی حەمزاتۆڤ کرا لە لایەن ڤلادیمیر پوتینەوە ملوانکەیەکی هاوشێوەی ئەوە و گەورەتریش لە ملی ئەو کەڵە هونەرمەندەی خۆمان ببینم کە ئەوەش یەکێکە لەو ئاواتەم هیوادارم بێتە دی و هەقی خۆی پێ بدرێت و نازناوێکی گەورەشی پێ ببەخشن.

هۆمەری دزەیی لەو هونەرمەندانەیە کە لە زاکیرەی مێژوودا زۆر بە گەورەیی و نەمری دەمێنێتەوە و دەنگێک بۆ هەموو نەوەکانی ئێستا و ئاییندە و ئاییندەی ئاییندەش.

سڵاو لە هۆمەری دزەیی مرۆڤ و نیشتمان پەروەر.

31
ئاواتە مەخمەڵییەکان

هەر وەک کە هەمیشە گوتوومە و دەشیڵێمەوە ئاوازی خۆش بۆ من نە نەتەوە دەناسێ نە نیشتمان. باڵندە ئاسا بەو ئاسمانە شین و پانەدا گوزەردەکات و لە کوێ بۆی گونجا لەوێ هەڵدەنیشێت و هێلانەی لێ دادەبەستێ.

کاک هۆشمەندی کوڕی کاکە زەید ئەحمەد عوسمانی پووورزام لەمێژە لە پاریس نیشتە جێ یە، هاوسەرەکەی، ئیلەین Elaine فرانسییە و دوو کچی زۆر جوان و زیرەکیان هەیە، ئەڤین و لارا Avin، Lara. هەر هەمووشیان هونەر و ئەدەب دۆستن. کاک هۆشمەند کە بە ڕەوانی بە چوار زمان قسە دەکا (فرانسی، ئینگلیزی، عەرەبی و کوردییەکەی زمانی دایکی) شارەزای ستایلی تایبەتی منیشە لە ئاوازو گۆرانی بۆیە جارێکیان گۆرانییەکی بە زمانی فرانسی بۆ ناردم کە هی سەردەمی بارۆک Baroque ی فرانسییە و دەیزانی کە یەکسەر دەکەوێتە ناو قووڵایی دڵمەوە. چاکی بۆ چووبوو کاک هۆشمەند. کە گوێم لێ گرت هەر یەکسەر بڕیارم دا وشەی کوردی بۆ دابنێم. ئیلهامم لە ناوەرۆکی گۆرانییە فرانسییەکە وەرگرت و ئەم (ئاواتە مەخمەڵیانە)ی لێ لە دایک بوو. ڕاستە گۆرانییەکە، بە زمان، فرانسییە بەڵام لە ناوی دانەری ئاوازەکەیەوە دیارە ئیتالییە. ناشزانم ئەگەر ئۆریگیناڵەکەی بە زمانی ئیتالی بووبێ.

هێندەی یەک دونیا منەتباری کاکە هۆشمەندم کە لە پشت دەرکەوتنی ئەم گۆرانییە کوردییە دڵڕفێنەیە کە پێشوازییەکی بێ وێنەی لە لایەن گوێگری کوردەوە لێ کراوە.

ئاواتە مەخمەڵییەکان

Les Tendres Souhaits

ئاواز: جیۆڤانی باتیستا پێرگۆلێسی

لیریکی کوردی و گوتنی: هۆمەر دزەیی

موزیک و تۆماری دەنگ: د. ع. ج. سەگرمە

بریا سەوزەگیای بەهار بوام

ئێواران پێش رۆژئاوا

ئەو کچە جوانە بەرخەوانە

لەسەرم راکشابوا

***

بریا من سروەی بەیان بوام

لێوی تۆم فێنک دەکرد

بریا من هەوای ئاسمان بوام

خۆم بەناو دەمتا دەکرد

***

بریا من ئاوی رووبار بوام

دەمشت لەشولاری تۆ

بریا من سوخمە و شەڵوار بوام

دەممشت جێی هەستیاری تۆ

بریا من ئاوێنە بوام خۆت

دەگۆڕی لەبەر چاوما

جەستەی جوانت هەڵدەگیرا

لەناو هەست و هەناوما

بریا من پەڕەسێلکە بوام

لە بنمیچی ماڵی تۆ

هێلانەی خۆم دادەبەستا

چاو لە دانەی خاڵی تۆ

***

شەو و رۆژ تەوافم دەبوو

بە دەوری بەژن و باڵات

ساڵانە دوو حەجم دەبوو

لە ماڵی خوا و ماڵی تۆ

بۆچ ئەم خەونە مەخمەڵییانەم

بۆ لێم نابن بە راستی

تا ئەو مەمک و سمت و رانەم

بوگشیبایە بە دەستی

بۆچ ژیان هێندە بە غەمە

بۆچی یەک خۆشیم نەدی

خۆ........هیوای من سادە و کەمە

دەبا جارێک بێتە دی

***

تێ بینییەک:

ئەم گۆرانییەم بە ڤێرژنێکی دیکەش تۆمار کردووە کە تەنها ئەم چەند وشەیەم لە شیعرەکەدا گۆڕیوە و وام لێ کردووە:

بریا من ئاوی رووبار بوام

دەئالاّم لە لەشی تۆ

بریا بالیفی شەوگار بوام

لەژێر گۆنای گەشی تۆ


***



ئاواتە مەخمەلّیەکان

32
یۆهان لودڤیگ روونەبێرگ[1]

هۆمەر دزەیی



کورتەیەکی ژیانی شاعیر

روونەبێرگ بە وڵات فینلاندی و بە نەژاد و زمان سوێدی بوو. ئەو زەمانە فینلاند بەشێک بوو لە وڵاتی سوێد و ناوچەیەکی گەورەی فینلاند سوێدی زمان بوو و روونەبێرگ ساڵی ١٨٠٤ لەوێ لە شاری یاکۆپستاد (بە فینلاندی: پێتاساری) لە خێزانێکی مەیلەو هەژار لەدایک بوو‌بوو. روونەبێرگ هەرچەندە کە هەڵبەستەکانی بە زمانی دایکی بە سوێدی دەنووسی بەڵام فینلاندای زۆر خۆش دەویست بۆیە ئەوساو ئێستاش رێزێکی زۆری لە لایەن گەلانی ئەو هەردوو وڵاتەوە لێ دەنرا و دەنرێ.

هێشتا چوار پێنج ساڵان بوو کە شەڕی روسیا و سوێد (١٨٠٩ - ١٨٠٨)

---

[1] وەرگێڕانی هەڵبەستێکی شاعیری بە وڵات فینلاندی بە نەژاد و زمان سوێدی، یۆهان لودڤیگ روونەبێرگ Johan Ludvig Runeberg 1804 1877.

قەوما و لەو شەڕەدا سوێد فینلاندی دۆڕاندە روسیا، هەڵبەت بە ناوچە سوێدی زمانەکەشیەوە. لەوساوە ئیتر روونەبێرگ بوو بە سوێدی - فینلاندی - روسی. کە گەورە بوو، روونەبێرگ زۆری لەبارەی ئەو شەڕە دەبیست و دەخوێندەوە.

هەرچەندە کە فینلاند ئۆتۆنۆمییەکی تەواوی لەناو روسیای قەیسەریدا پێ درابوو بەڵام روونەبێرگ زۆر بەتوندی دژایەتی ئەو پێکەوەلکاندنەی دەکرد و زۆربەی شیعرە سیاسییەکانی سانسۆری روسیایان لەسەرا بوو.

بەمە ئیتر روونەبێرگ لە رووی سیاسییەوە بوو بە شاعیرێکی نیشتمانپەروەری فینلاندی و، راستییەکەی، یەکەم شاعیری فینلاندیە کە ناوبانگێکی نەتەوەیی و نێونەتەوەییش دەربکات و لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکی گەورەشی کردە سەر ئەدەبیاتی سوێدی.

روونەبێرگ بۆ خوێندن و پاشانیش بۆ کارکردن چەندین شاری کرد لەناویانا شاری تورکو Turku کە لەوێ چوو بۆ زانکۆ. کە بەهرەی ئەدەبی لێ دەرکەوت، یەکەم هەڵبەستەکانی لەسەر کچە قەشەیەکی ژیکەڵانە، فرێدریکا یوڤێلیوس بوو.

لەو ماوەیەی کە بۆ کاری مامۆستایی لە شاری ساری یارڤی، لە ناوەڕاستی فینلاند، دەژیا ئاشنایەکی تەواوی لەگەڵ سەوادی میللەت و جوتیار و لادێ یی سادەی فینلاندی زماندا پەیدا کرد. ئەمەش کارێکی قووڵی کردە سەر بیر و سروشتی. ساڵی ١٨٢٧ روونەبێرگ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبیات وەرگرت و پاش ئاگرە گەورەکەی شاری تورکو زانکۆی ئەو شارە کاروباری خۆی گواستەوە بۆ هێلسینکی پایتەخت و روونەبێرگ لەوێ بوو بە مامۆستا. ساڵی ١٨٣١روونەبێرگ ژنی هێنا، فرێدەریکا شارلۆتا تێنگسترۆم، کە رۆماننووسێکی ناوداری بابەتی مێژوویی و تابلۆکێشێکی چاکیش بوو. ساڵی ١٨٣٧روونەبێرگ کرا بە مامۆستای فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کلاسیک لە کۆلێژی بۆرگا لە

شارۆچکەی پۆرڤوو و ساڵێک دواتریش دەستی بە دەرهێنانی کۆڤاری (بۆرگا تیدنینگ) کرد. گوتارەکانی هەمووی لیبەراڵ بوون و هێرشێکی زۆری دەکردە سەر دیندارەکانی کلیسا و مشتومڕێکی گەورەی لەسەر ئایین نایەوە. قسەو قسەڵۆکێکی زۆریش لەو شارە بچووکە بڵاو بووەوە کە روونەبێرگ پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ کچە جوانکیلانەکەی گەورە قەشەی شار، ئێمیلی بیۆرکستێن، هەیە کە ٢٠ ساڵ لەخۆی بچووکتر بوو. ئێمیلی زۆر جار سەردانی ماڵی روونەبێرگی دەکرد و فریدەریکای ژنی هەستی بەو پەیوەندییە دەکرد بەڵام زۆر بە راشکاوی دەیگوت " خۆ من دەزانم مێردێکم هەیە حەز لە کیژی گەنج دەکا بەڵام چی بکەم !!". ساڵی ١٨٣٩ ئەکادیمیای سویدی بۆ ئەدەبیات بەرزترین خەڵاتی هەڵبەستی بە روونەبێرگ بەخشی. ساڵی ١٨٦٣ کاتێ کە دەچێتە راو (راوکردنیش یەکێک بوو لە خولیاکانی) روونەبێرگ لە پڕێکا شەپرەی لێ دەدات و ئیتر ئەو ١٣ ساڵەی دوایی ژیانی بە ئیفلیجی لەناو جێگا بەسەر دەبات و توانای نووسینیشی نامێنێ. فریدەریکای هاوسەری رۆژی ١٢ سەعات لای سەرینگانی دادەنیشت و کتێبی بۆ دەخوێندەوە تا رۆژی ٦ ی مایسی ١٨٧٧ روونەبێرگ بۆ دووا جار چاوی لێک دەنێت و ئەم دنیایە بەجێ دێڵێ.

هەڵبەستەکانی

هەڵبەستەکانی روونەبێرگ وەک ئەوانەی شاعیرە رۆمانتیکەکانی ئەورووپا تەماشا دەکرێن بە تایبەتی هی ڤیکتۆر هوگۆ، شێلێ، کیتس، لێرمۆنتۆڤ و پێتوفی. ساڵی ١٨٣٠یەکەم کۆمەڵە شیعری بە ناوی (دیکتەر) بڵاو کرایەوە. ئەم کۆمەڵە شیعرەی بریتی بوو لە خۆشەویستیی بۆ سروشتی وڵاتی فینلاند و خەڵکی دێهاتە دوورەکانی. کۆمەڵەی دووەمی هەر بە ناوی دیکتەر سێ ساڵ دواتر لە ١٨٣٣ دا بڵاوکرایەوە. بەڵام یەکەم شاکاری (هاننا) بوو کە ساڵی ١٨٣٦ لەچاپ درا و نموونەیەک بوو لە

رۆمانتیکی بوورژوازی. هەروەها لە شاکارە بەناوبانگەکانی (راوکەرانی گاکێوی - ١٨٣٢)، (کونگ فیالار - ١٨٤٤) و (فێرک ستالزسێگنەر - ١٨٦٠ - ١٨٤٨) کە بە گەورەترین ئێپیک (واتا بەیت)ی کلاسیکی فینلاندی دادەنرێت. شیعرە گۆرانییەکانی لەسەر شەڕی (١٨٠٩ - ١٨٠٨) لەگەڵ روسیا لەسەر هەموو زارێک بوون بە کەمێک دەسکاری لەلایەن سانسۆری رووسییەوە. یەکێک لەو گۆرانیانە بەناوی (نیشتمانەکەمان) لەپاشان کرا بە (هیمنی ناسیۆنالی) واتا سروودی نیشتمانیی فینلاند.

ژمارەیەک لە هەڵبەستەکانی روونەبێرگ موزیکیان لە لایەن موزیککارانی بەناوبانگی ئەو سەردەمە و هی دواتریش وەک کارل کۆللان، ئاکسل ئینگلیوس و جان سیبێلیۆسەوە بۆ دانرا و کران بە ستران. هەروەها یەکێک لە شیعرەکانی، لەسەر شەڕی روسیا و سوێد، بوو بە ئیلهامی تابلۆکێشی بەناوبانگی سوێدی هێلێن شیسەرفبێک کە تابلۆیەکی بەناوی (سەربازە بریندارەکە) ١٨٨٠ کێشا. ئەمرۆکەش لە ٥ی مانگی رەشەمەی هەموو ساڵێک کە ناویان ناوە (رۆژی روونەبێرگ) یادی ئەم شاعیرە خۆشەویستە دەکرێتەوە. لەو رۆژەدا کێکێکی تایبەت بەو بۆنەیەوە دروست دەکەن و ناوی (روونەبێرگ تارت)ە.

ئەمەش نموونەیەکە لە هەڵبەستەکانی روونەبێرگ لەسەر خۆشەویستی کە من لە ئەڵمانییەوە وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی.

Die Begegnung

پێک گەیشتن

هەڵبەستی بە زمانی سوێدی: یۆهان لودڤیگ روونەبێرگ

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە هەر بە شیعر بۆ کوردی:

هۆمەر دزەیی

هاوین بوو کاتیش زەردەی خۆرەتاو
کیژێک لەسەر کانی دەیڕوانیە ناو ئاو
" خوایە گیان چەندە جوان و شیرینم !،
بەڵام داخەکەم خۆشیی لێ نابینم،
بۆ چیمە جوانی، کە یاری دوێنێ
نە گوێم بداتێ، نە بمدوێنێ.
دەسا سوورەگوڵەی خوار ئەم قولەتێنە
وەرە سوورایی لێوم بڕفێنە،
دەسا پەڵە هەور، پەمەیی بان ئاسۆ
پەمەیی کوڵمەم ببەرە بۆ خۆ،
ئەستێرە کزەی ئاسمانە ڕەشە
بۆ تۆش بێ تیشکی ئەم چاوە گەشە،
هەر چی دیم ماوە لە لەش و لە گیان
خۆراکی تۆ بێ گوڕ و گۆڕستان ".
بەڵام یارەکەی لە پەنا دارێ
گوێی خۆی دابووە رازی نازدارێ
لەپڕ بازی دا و بۆی هاتە خوارێ
بە خۆی وەنووساند کەمەری یارێ.
هێندەی لێوی سوور مژی و ماچی کرد
سوورگوڵ ڕەنگەکەی هەموو بۆ خۆی برد

هێندە روومەتی لە کوڵمی هەڵسواند
پەڵە هەورەکە رەنگەکەی لێ ساند
هێندە روانییە ناو چاوی پڕ نوور
تیشکی هەڵکشا بۆ ئەستێرەی دوور
ئەوەندەی گوشی لەشولاری جوان
پێی گوت: " گیانەکەم، کیژۆڵەی بەناز
باوەشم بۆ تۆ گۆڕە و گۆڕستان
هەتا هەتایە لێی نابی دەرباز ".

تەواو

سەرچاوە: Lyrik aus aller Welt

Liebesgedichte

Ullstein Buecher

لەگەڵ کۆڵێک زانیاری لە گوگڵ

33
جۆن کیتس
سروود بۆ بولبولێک



Ode to a nightingale
By John Keats

هەڵبەستی شاعیری رۆمانتیکی ئینگلیز جۆن کیتس.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، هەر بە شیعر بۆ کوردی، لەگەڵ شیکردنەوە و پێشکەشکردنی: هۆمەر دزەیی

١ - کورتەیەکی ژیانی کیتس

جۆن کیتس لە سالی ١٧٩٥ لە شاری لەندەن لەدایک بووە. باوکی مەیتەر بووە و هیچ کەسێک لە خێزانەکەی کەم و زۆر پەیوەندیان بە شیعر و ئەدەبەوە نەبوە. جۆن هێشتا منداڵ دەبێ کە دایکی دەمرێ. خۆیشی ماوەیەک پزیشکی دەخوێنیت بەڵام حەزی لەو زانستە نەدەکرد و خولیای کەوتە سەر میتۆلۆژیای گریکی و رۆمانی و ژیانی تەمەنەکانی ناوەندی Middle Ages

لە ئەنجامی زۆر خوێندنەوەی شاکارەکانی شەکسپیر و سپێنسەر، جۆن وەستاییەکی بێ هاوتای پەیدا کرد لە دارشتنی وشە و زاراوای جوان جوان و رازاو. بەم جۆرە دەستی دایە شیعرنووسین و زۆربەی هەرە زۆری هەموو شیعرە باشەکانی لە ماوەی سێ چوار ساڵی دوایی ژیانیدا نووسی واتا لە تەمەنی ٢٥ - ٢٠ ساڵاندا. لەبەر ئەوە جۆن کیتس بەبێ سێ و دوو لێکردن بە گەورەترین شاعیری ئینگلیز دادەنرێ کە توانیبی بەم لاویـیە، لەو ماوە کورتەدا، ئەو هەموو هەڵبەستە ناسکانە دابنێ کە پایەی ئەدەبییان شان بە شانی شاعیرە هەرە گەورەکانی ئینگلیز بڕوات.

نەخۆشیی بەرهەنگ، کە ئەوسا ترسناک و کوشندە بوو، لە دایکەوە پەڕیبووە ناو ئەو خێزانە و جۆنی بەستەزمانیشی گرتبۆوە. ئەوە بوو کە لە دەوروبەری ١٨١٩دا ئەو دەردەی گرت. رۆژگار، نەک هەر ئەو دەردە، بەڵکو چەندەها کارەساتی دیکەشی ــ کە دواترێ باسیان دەکەم ــ بۆ هەڵگرتبوو. لە پایزی ١٨٢٠ دکتۆرەکانی ئامۆژگارییان کرد کە ئینگلتەرەی سارد بەجێ بێڵێ بۆ وڵاتێکی گەرمتر. ئەوە بوو کە چوو بۆ ئیتالیا بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو بێچارە لە ١٨٢١/٢/٢٣ لە رۆما گیانی سپارد کە تەمەنی تازە خۆی لە ٢٥ ساڵان دەدا.

٢ - کیتس و رۆمانتیزم

جۆن خاوەنی هەستێکی ئێجگار ناسک و تەنک بووە. حەزێکی بێ پایانی لە سەردەمە بەسەرچووەکانی مێژوو کردووە بۆیە پیاو کە شیعرەکانی دەخوێنێتەوە هەر دەڵێی شاعیر وا دەستی گرتووە و بەناو کون و قوژبن و پێچ و پەنای مێژوودا دەیگێڕێ. رۆمانە ئەنتیکەکان، سەردەمی بەدیارکەوتنی خریستیانەتی و تەمەنە تاریکەکان و چەرخەکانی ناوەندی کەم و زۆر خۆیان لە زۆربەی شیعرەکانیدا دەنوێنن. وەک هەموو شاعیرە رۆمانتیکەکان جۆن ژیانی سەردەمی خۆی ناکاتە بابەتی شیعرەکانی چونکە ئەمانە بەگشتی رابردوو پەرست و دوژمنی ریالیزم "واقع" بوون.

جوانی، بۆ کیتس، هەموو شتێک بوو. بەڕاستی هەموو شتێک بوو. کە شتێکی جوانی بەدی دەکرد، سا هی شۆخێک، دیمەنێک، موزیکەیەک، بولبولێک یان هی هەر شتێکی تر بوا، هەر پێنج هەستەکانی بەجارێ گوێقولاغ دەبوون، مووچڕکێک لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی دایدەگرت. بەڕاستی جوانی نەبوو بەسەریدا تێپەڕ بێ .

جۆن کیتس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە شیعرنووسین پێویستە هەر بە تەنها هەستی دەروون بەرامبەر بە جوانی و سروشت دەربڕێ ؛ شاعیر نابێ لە بابەت بگەڕێ بۆ شیعرەکەی، بابەتی شیعر ئەوەتا لەناو دەروونی خودی مرۆڤ دایە. شیعر بە هیچ جۆرێک نابێ بکرێتە پرد تا بە هۆیەوە بگەیتە ئامانجێکی تر. واتاشیعر نابێ خزمەتی هیچ ئامانجێک، بیرێک یان فیلۆسۆفیایەک بکا جگە لە ئامانجە سەرەکی و تاکەکەی خۆی کە " دەربڕینی هەست و خوستی هەناوە بەرامبەر بە سروشت و جوانی."

بیر و روانگەی کیتس وا دەگەیەنێ کە تەنها سروشت و جوانی راستن و حەفت و هەشتیان لەسەردا ناکرێ ؛ کە هەموو بیرێکی فیلۆسۆفیک و هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ــ کە لەو بیرە فیلۆسۆفیکانەوە هەڵدەقوڵێن ــ پووچن یان لەوانەیە چەوتییان تێدا بێ. خۆ ئەگەر راستیش بن قەت ناشێ ئەم راستییە تا سەر بێ، رۆژێک هەر دێ کە تێیدا بە هەڵە دەربچن. جا لەبەر ئەو بیر و بینینەی خۆی، جۆن کیتس دانوولەی بە هیچ جۆرێ لەگەڵ کەڵە شاعیرە رۆمانتیکەکانی هاوچەرخی وەک: وۆردسوۆرث Wordsworth، کۆڵریج Coleridge، بایرۆن Byron و شێلی Shelly دا نەدەکولا کە گوایا لە فرمانی راستەقینەی شیعر لایاندابوو. یەکەمیان کەوتبووە ناو گێژەنی چاکردنی باری کۆمەڵایەتی، دووەم دەستی دابووە میتافیزیکس، بایرۆن هەر خەریکی خۆپەرستن و بە خۆدا هەڵگوتن بوو، شێلیش خۆی هاوێشتبووە ناو دنیای شۆڕش و بیرو باوەڕی ئازادی و یەکسانی و دیمۆکراسی کە رێ و پێکیان دەگەڕایەوە بۆ

سەردەمی شۆڕشی فرانسەیی ١٧٨٩. لای کیتس مخابن بوو شیعر بکرێتە بارکێشی ئەو جۆرە بیرو باوەڕانە. فرمانی راستەقینەی شیعر ئەوەیە کە بچێتە ناواخنی جوانی و بیخولقێنێ ؛ ئەمەش بەلای ئەوەوە بە رێگای "هێنانەوە بەرچاو و رامانەوە" imagination and contemplation دێتە دی.

لە هەڵبەستەکانی کیتس دا، سەرەڕای گیانێکی گەش، لێرە و لەوێ پیاو هەست بە خەفەتباری و دڵتەنگی دەکات. ئەمەش رەنگە هەر دەنگدانەوەی ژیانە پڕ لە پەژارە و مەینەت و غەمبارەکەی خۆی بێ .

هەتا مرد کیتس هەر لە لایە تاریکەکەی ژیاندا ژیا: هەر لە منداڵییەوە دایک و بابی مردن، برایەکی لە تەمەنی ١٧ ساڵاندا بە بەرهەنگ چوو، برایەکی دیکەی سەری خۆی هەڵگرت و کۆچی کرد بۆ ئەمەریکا ئیتر یەکتریان نەدیتەوە، ئەو کچە شۆخەی جۆن ئەویندارى بوو وە ببووە هەوێنی زۆربەی شیعرە خۆشەکانی ئەمی نەدەویست، هەمیشە لات و بێ پارە، بە لەش لاواز و نەساخ هەتا بە نەخۆشی بەرهەنگ سەری نایەوە.

جا لێرەدا پیاو دەتوانێ بڵێ کە هەموو مەرجەکانی رۆمانسییەت (پەرستنی سروشت و جوانی و رابردوو) لە قاڵبێکی خەماویدا لە جۆن کیتس دا کۆ بیوونەوە.

٣ - کیتس و سروود

گوتمان شیعرە هەرە باشەکانی جۆن کیتس لەو سێ چوار ساڵەی دوایی ژیانیدا نووسراون. سەرتۆپی ئەمانەش هەمووی سروودەکانیەتی کە گشتیانی لە ساڵی ١٨١٩ دا داناوە.

من لێرەدا وشەی " سروود " م بەکار هێناوە بەڵام " گۆرانی " و " ستران " و " بەند " یش دەتوانن هەمان واتا بدەنەوە. خۆی وشە ئینگلیزییەکەی " ئۆد - Ode " کە لە بنەڕەتدا گریکی یەو بە واتای "

پارچە هەڵبەستێک کە بۆ بۆنەیەکی تایبەت داندرابێ " دێ. ئۆد بە گشتی بریتی یە لە چەند " stanza " یەک واتا " کەرت " یان " پارچە " کە باسی بەشێک لە بابەتی هەڵبەستەکە دەکا. ژمارەی دێڕەکان دەبێ لە هەموو " ستانزا " کاندا یەک بێ. هەرچی دانانی سەرواکەیە ئەوە دەمێنێتەوە بۆ زەوق و وەستایی شاعیر. لە دوای هەر ستانزایەک پشوودانێک هەیە بەرلەوەی بچیتە ناو بەشێکی تری بابەتی شیعرەکەوە.

" سروود بۆ بولبولێک " بریتی یە لە هەشت ستانزا، هەر ستانزایەک لە دە دێڕ. سەروادانانی ئەم دە دێڕانە بەم جۆرەیە: چواری یەکەمیان لەسەر شێوازی " سۆنێت "ی شەکسپیرانە واتا " abab " و شەشەکەی دواییشیان لەسەر شێوازی " سۆنێت " ی پێترارکانە واتا " cde cde " داندراون.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە " ئۆد "ەکانی کیتس لەسەر بناغەی " سۆنێت " دا داڕێژراون. بەڵام وا دیارە دڵی کیتس بە سۆنێتەکانی شەکسپیر و پێترارکاوە دانەکەوتووە بۆیەکا هەستاوە تێکی هەڵکێشاون و بەم جۆرە نموونەیەکی نوێی " ئۆد "ی لێوە دروست کردووە.

بەڕاستی جۆن کیتس لە ئۆدنووسیندا لێزانێکی ناقۆڵا بووە. زۆر هونەرمەندانە توانیویە ڕۆمانتیک و کلاسیک لێکدا بتوێنێتەوە. ڕۆبەرت بریجز Robert Bridges بەخۆڕایی نەگوتووە "جۆن کیتس ئەگەر بە تەنها ئۆدەکانی بۆ بەجێ هێشتباین ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی بیگەیەننە ریزی شاعیرە هەرە گەورەکانی ئینگلیز."

کیتس بۆ رازاندنەوەی " ئۆد "ەکانی کۆمەڵێک هونەری بەکار هێناوە لەمانە:

* Alliteration واتا پێکچوونی پیتێک یان پتر لە چەند وشەیەکی جۆراوجۆرا. ئەمەیش بێ گومان موزیکا و دەنگدانەوەیەکی دڵگیر دەداتە هەر دێڕە شیعرێک بۆ خۆی. وەک کە لە ستانزا (٣) ی دێڕ (١) دا - بە نموونە - دەڵێ:

" سەرم هەڵگرم، ون بم، لەبیر کەم ".

لێرەدا ئەو هەموو "میمە" هارمۆنییەکی خۆش دەدا بەو تاکە دێڕە.

* Assonance جگە لەوە کیتس بۆ موزیکاندنی هەڵبەستەکانی تەکنیکی " ئەسۆنانس " یشی بەکار هێناوە کە ئەمەیشیان بریتی یە لە پێکچوونی نەک چەند پیتێک لە وشەی جیاجیادا بەڵگو پێکچوونی چەند وشەیەک لە رووی موزیکاوە وەک کە لە ستانزا (٢) دێڕ (٦) دا دەڵێ:

" پرۆڤانسالی، ئاڵی کەف بەسەر "

یان لە ستانزا (٨) دێڕ (٩) دا:

" دەنگی مەلوولی مەل دوور کەوتەوە "

* internal rhyme واتا (سەروای ناوخۆ) کە هونەرێکی ترە لەو هونەرانەی کیتس بەکاری هێناون بۆ رازاندنەوەی هۆنراوەکانی. بڕوانە ستانزا (٧) دێڕ (٩ ، ١٠):

رەنگە شۆخێکی بەندی ناو تەلار

تۆی کردبێتە یار تا دێ شۆڕەسوار

ئەگەر پیاو سەرنج بداتە دێڕی دووەم دەبینێ کە سەروای ناوخۆی وای لێ کردووە وەک کوپلەیەک لە گوێدا بزرینگێتەوە نەک وەک تاکە دێڕێکی تەپ.

لە پێناوی موزیکاندنی شیعرەکانی دەرگای هونەر نەماوە کیتس لێی نەدابێ.

* onomatopoeia ئۆنۆماتۆپۆئیا واتا ناونانی شتێک بە دەنگەکەیەوە وەک " گڤەی با "، " خوڕەی ئاو "، " شەقەی باڵ " کە یەکێکە لەو دەرگایانە کیتسی هونەرمەند، بێ منەت، بەناویدا چووە وەک کە لە ستانزا (٥) دێڕ (٩)دا بە جوانی دەری خستووە.

ڤنگە ڤنگی مێش، گزەی مێشوولە

سەرنج:

"من لە وەرگێڕدراوە کوردییەکەدا کە هەر بە شیعر کردوومە بە کوردی هەندێ نموونەی ئەو هونەرانەی کیتسم هێناوەتەوە کە مەرج نییە لە هەمان ستانزا و هەمان دێڕی دەقەکەی شاعیر خۆیدا بێ. مەبەستی من نمایشکردنی ئەو هونەرەیە کە کیتس بە کاری هێناوە"

لە دوای پێشکەش کردنی کیتسی شاعیر، کیتسی رۆمانتیک و کیتسی سروودنووس وابزانم ئێستا کاتییە بێینە سەر یەکێک لە گۆرانییە هەرە خۆشەکانی.

٤ - سروود بۆ بولبولێک Ode to a nightingale

سەرچاوەکەی:

لە بەهاری ١٨١٩دا جۆن کیتس میوانی چارلس براون ی برادەری دەبێ کە لە هامستید لە باکووری لەندەن دەژییا. چارلس براون کارەکەرێکی لا ئیش دەکرد ناوی " فانی براون " بوو. کیژۆڵە تابڵێی ناسک و نازدار و دڵتەڕ بوو. جۆن پڕ بە دڵ ئەویندارى فانی دەبێ و جارەها داوای لێ دەکا کە مێردی پێ بکا. هەرچی فانییە، هەرچەندە کە رووی خۆی دەداتێ و حەزحەزۆکێی لەگەڵدا دەکا وا دیارە بە تەواوی دڵی نەچۆتە جۆنی لات و لەڕ بۆیە خوازبێنییەکەی شاعیر دەخاتە پشت گوێ و هەر دەڵێ ئەمساڵ نا ساڵێکی تر.

بولبولێک هێلانەکەی لەسەر لکێکی بەرزی دار هەڵووژەیەکدا کردبوو کە دەیڕوانییە ماڵەکەی چارلس براون. بولبولە جوانکیلە هەموو رۆژێ پڕ بە زار دەیخوێند و ئەو ناوەی پڕ کردبوو لە موزیکا. لەو دەنگ و ئاوازەدا پیاو هەستی بە گیانێکی شاد و بەختەوەر دەکرد. رۆژێک لە رۆژانی مانگی گوڵان سەر لە بەیانی کیتس کورسییەک رادەکێشێتە دەرەوە، لەبن دار هەڵووژەکە بۆی دادەنیشێ و گوێ بۆ ئەو دەنگ و ئاوازەی مەلە

چکۆلانەکە شل دەکات. چەند تیلمە کاغەزێکی نارێک لە گیرفانییەوە دەردێنێ و ئەم " سروود بۆ بولبولێک "ەیان تێدا دەهۆنتەوە.

ئەگەر راستیت دەوێ، هەڵبەستەکە ئاوێنەیەکی روونی ژیانە پڕ مەینەت و تاڵەکەی خۆیەتی. کیتس لەو کاتەدا دوچاری ئەوەندە ناخۆشی و دڵساردبوونەوە ببوو لە ژیاندا ـ مردنی تۆم ی برای بە جوانەمەرگی، کۆچکردنی جۆرج ی برای بۆ ئەمەریکا، فانی نەیدەویست، بێ پوول و کار و کاسبی و تەندروستییەکی خراپ، هێرشی رەخنەگران بۆ سەر شیعرەکانی و قسەی ناشیرینیان ـ بە ئەندازەیەک کە گیان و تەن و هەستی تەنکی بابایەکی وەک جۆن خۆیانیان لەبەر رانەدەگرت.

لەکاتی دانانی ئەم هەڵبەستە کیتس، وەک دەڵێن، بەتەواوی چووبووە ژێری. بەڕاستی ئارەزووی هەڵاتنی لەم دنیایە دەکرد. بەدڵ حەزی دەکرد بەگەڵ ئەو بولبولە بەختیار و دڵشادە بکەوێ بۆ جیهانی ئەو، دارستانی دوور. ئینجا لێرەدا، وەک پێشتر باسمان کرد " هێنانەبەرچاو، تخیل، imagination " رۆڵی خۆی دەنوێنێ بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاواتەی کیتس. بە خەیاڵ، شاعیر فیعلەن بۆ تاوێک لەم دنیایە دەردەچێت و دەکەوێتە ناو دنیای خەیاڵات. دەبا بزانین چۆن:

شیکردنەوەی بست بە بستی هەڵبەستەکە

ستانزا
-١-

چۆن دەروێش لەکاتی زیکرکردنا لەم دنیایە دەردەچێ، "حاڵ" دەیگرێت و دەلەرزێ شاعیریش ئە ئاوای بەسەر دێ.

خۆی لە بەرایيدا دەڵێ چۆن ژەهر یان ئەفیونی خواردبێ و بەرەو بێهۆشی و مەرگەوە بچێ ئەوهای لێ هاتووە. دەڵێ زۆری نەماوە بگەمە رووباری

" لێت Lethe" و قومە ئاوەکە بخۆمەوە. " لێت یان لێتە" لە میتۆلۆژیای گریکی دا رووبارێکە مردوو یەکەم شت کە لەو دنیادا دەیکات خوارنەوەی فڕێک لە ئاوەکەیەتی. ئیتر بەمە ژیانی سەر دنیای پێشووی بەتەواوی لەبیر دەچێتەوە.

کیتس بە دڵ و گیان حەزی دەکرد ئەو بولبولە بوا و لە جێگاکەی بوا. دەڵی، مەلە جوانەکە خۆ من بەغیلی بە تۆ نابەم، بەڵکو خۆشیی من لە خۆشیی تۆدایە. شاعیر ناوی "پەری داران، Dryad" لە بولبولەکە دەنێت کە دیسان بە پێی ئەفسانە پەری دارستان هەبووە کە لەگەڵ داراندا ژیاوە و لەگەڵیشیاندا مردووە، واتا بێ دارستان نەیتوانیوە بژی. ئەمەش دیارە نموونەیەکە لە رۆمانسییەت و حەز لە سروشتکردنی کیتس.

ستانزا

- ٢ -

لێرەدا کیتس بە شوێن رێگایەکدا دەگەڕێ کە بتوانێ بە هۆیەوە ئەم دنیایە بەجێ بێڵێت و بەگەڵ بولبول کەوێ. لە پێشاندا بیری بۆ شەراب دەچێ واتا هەوڵی ئەوە دەدا بەڵکو (مەستی) بتوانێ ئەم دونیایەی لەبیر باتەوە. جا لێرەدا ئەم بیرکردنەوەیەی لە شەراب رایدەکێشێ بۆ زۆر شتی تر کە پەیوەندییان بە شەرابەوە هەیە. یەکەم شت لەمانە ناوچەی " پرۆڤانس Provence " ە لە خوارووی فرانسە کە لە سەردەمە ئەنتیکەکانەوە بگرە تا ئێستاش هەر بە شەرابی چاک نێوبانگی دەرکردووە. کیتس هەر بە شەرابی پرۆڤانساڵی واز ناهێنێ بەڵکو دەیەوێ شەرابەکە خەست، سارد، کۆن و لە تاریکایی ژێرزەمیناندا هەڵگیرابێت. جا ئەمانەش بە نۆرەی خۆیان شتی تر رادەکێشن. کە پیاو ئەم چەشنە شەرابەی دەست کەوێ، لە وڵاتێکی وەک پرۆڤانسدا بژی باشتر نییە بەجارێ بشگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رۆمانە کۆنەکان ! باشتریش نییە بگەڕێتەوە بۆ رۆژێکی پیرۆز کە جەژنی " فلۆرا " یە !!

فلۆرا flora بە لاتینی واتا گوڵ. لەو ڕۆژەدا ڕۆمانەکان ــ وەک کورد و نەورۆز ــ شایی و زەماوەندیان دەگێڕا. کیتس بەمەش دڵی داناکەوێت و ئاواتەخوازە ئەو جەژنە لە کۆشی سروشتدا واتا لە لادێ لەگەڵ گوندییان راببوێرێ. ئینجا شاعیر دێتەوە سەر نۆشینی شەرابەکە. وەسفێکی جوانی پەرداخە پڕەکە دەکات. خۆی راستە شەرابی ئاڵی چاک کە تێ دەکرێ کەفێکی سپی شاش و واش هەڵدێنێ و بەناو کەفەکەشدا نم نم وردە بڵق بۆ تاوێکی کورت دەپەڕنە سەر لچ و لووتی ئەوەی دەیخواتەوە تا شەرابەکە بەتەواوی لە پەرداخەکەدا دادەمرکێتەوە و ئارام دەگرێ. هەروەها شەرابی خەست لێوی پەرداخەکە لە دوای هەر قومێکدا سوور هەڵدەگەڕێنێ کە ئەمەشیان نیشانەی چاکی و کۆنەییە. لێرەدا پیاو دەتوانێ ببینێ کە چۆن جۆن کیتس رۆمانتیک و ئەنتیکی لێکدا تواندۆتەوە. ئینجا لەدوای سازکردنی ئەو ئەتمۆسفێرە شاعیر ئاوات دەخوازێ و دەڵێ ئای کە خۆشە ئەو شەرابە بە کرێ نۆش کەیت و لەگەڵ بولبولا بدەی لە شەقەی باڵ و بزر بیت لەناو تارمایی نیوە شەودا.

بەڕاستی دیارە شاعیر بە خەیاڵ فیعلەن لەم دنیایە دەرچووە.

ستانزا

-٣-

لێرەدا شاعیر دەڵێ سەرم هەڵگرم، بارکەم و ئەو هەموو خەم و پەژارەیە، ئەو هەموو پیاوخراپانە و دنیا هیچ و پووچە - کە هەمووی باسی ژیانی خۆیەتی - لەپاش خۆمدا بەجێ بێڵم . جا لە پاشاندا باسێکی وردی لاوی و نەخۆشی و مردن دەکا کە گوایا لەمەیشدا مەبەستی برا جوانەمەرگەکەی خۆیەتی.

ستانزا
-٤-

لەم بەشە هەڵبەستەدا شاعیر لەپڕ دەست لەو ڕێگایە، ڕێگای مەستی، بەر دەدا کە یەکەم جار هەڵیبژاردبوو بۆ کۆچکردنەکەی. هەڵدەستێ ئەمجارە ڕێگای شیعر تاقی دەکاتەوە. دەڵێ نا، من بە هۆی باخۆس (خوای شەراب)ەوە ناچمە هەواری بولبول بەڵکو بەسەر باڵە سووکەکانی (خواوەندی هەڵبەست). شاعیر دەڵێ ڕاستە کە بیر و هۆشم نەکراونەتەوە و لەسەر خۆ نیم بەڵام زۆری نەماوە لە مەی ئازاد بم و بەگەڵی کەوم. لە دوای ئەوە ئیتر باسی نیوەشەو و مانگ و ئەستێرە و دارستانی ڕەش دەکا کە چۆن شنەی با جارجار گەڵا و لکان لادەدا و تریفەی مانگەشەو ئەو تاریکستانە دەدڕێ.

ستانزا
- ٥ -

بەم ستانزایە وا دەردەکەوێ کە شاعیر گەیشتبێتە تازە هەواری خەیاڵاتی. زۆر وەستایانە باسی دارستانی نیوەشەوان دەکات. دەڵێ ڕاستە بەم تاریکییە ئەنگوستەچاوە ناتوانم بەرچاوی خۆم ببینم، نازانم چ دار و گوڵ و گولیلک لەسەر ڕێگامن . بەڵام - هەر قسەی شاعیرە - بە بۆنەکانیان هەموویان دەناسمەوە. کیتس تەنانەت دەنگی مێش و مەگەز و مێشوولە و بێدەنگیی پەپوولەی ناو دارستانیش ناخاتە پشت گوێ.

ستانزا
-٦-

ڕاستە شاعیر بە جیهانی نوێی شاد دەبێتەوە، خۆی لە ترۆپکی بەختیاری و شادمانیدا دەبینێتەوە بەڵام مەترسی گەڕانەوە بۆ دۆزەخی سەر زەمین وای لێ دەکا خۆی هێشتا پتر دوور خاتەوە و ڕێگای گەڕانەوەی ئیتر بۆ نەبێ. بۆیەکا هانا وەبەر مردن دەبا کە گوایا هەر بە هۆی ئەوەوە بە

تەواوی دەگاتە مرازی. شاعیر دەڵێ بەڵام لەدوای مەرگم توخوا دەنگە خۆشەکەی بولبول با هەر بەردەوام بێ هەچەندە کە خۆم گوێم لێ نابێ. دەڵێ خۆ هەرنەبێ بە سەردولکەیەکی بەسۆز و کوڵ دەلاوێندرێمەوە.

ستانزا

- ٧ -

لێرەدا کیتس دووبارە دەمانباتەوە ناو مێژووی کۆن و هی سەدەکانی ناوەند. ئەمجارە ئەنتیک و کلاسیک و رۆمانتیک تێک هەڵدەکێشێ. شاعیر کە دەڵێ " مەلە چکۆلەی نەمر " هەڵبەتا مەبەستی نەمریی بولبول نیە چونکە بولبولیش وەک هەموو گیاندارێکی تر دەمرێ. بەڵام مەبەستی شاعیر لێرەدا دەنگی بولبولەکەیە. دەڵی کە ئەو دەنگە هەر لەگەڵ دانانی دنیاوە بیستراوە، کە ئەو دەنگە هەر هەمان دەنگ بووە بۆ پاشا و گەدا، بۆ میر و یەخسیر. بۆ پتر روونکردنەوەی هەستی خۆی جۆن کیتس دوو نموونەی سەیرمان بۆ دێنێ. لە یەکەمیاندا دەڵی لەوانەیە رۆژێک بووە (رووت Ruth) ی چارەڕەش لە دوور وڵاتی و تەنیاییدا سەبووریی بە دەنگی بولبولەکەوە هاتبێ . لە دووەمیشیاندا دەڵێ بۆی هەیە کچە شازادەیەکی سەردەمی تەمەنەکانی ناوەندی سەبووریی بە دەنگە خۆشەکەی تۆوە هاتبێ کە لە کولانکەی دژ و تەلارە بەردبەندەکانی ئەو رۆژگارەوە هاتبێتە گوێ و تۆی کردبێتە یار و هاودەم هەتا شۆڕەسواری رزگارکەری بە شیر و تیر و کەمەندەوە بە هاوارییەوە دێ.

ستانزا

- ٨ -

لەوانەیە ئەم (ئۆد)ەی کیتس لە ٨ ستانزایان درێژتر بوا ئەگەر بولبول نەفڕیبا و خەیالەکەی لێ تێک نەدابا. بەڵام بەداخەوە بولبول لەناکاو دای

لە شەقەی باڵ. شاعیر وەک لە خەوێکی خۆشدا بە دەنگی زەنگوڵ راپەڕیبێ ئاوای لێ دێ. لە بەرزایی شادی و خۆشییەوە بەردەبێتەوە سەر زەمینی ناخۆش. دەگەڕێتەوە ناو راستی و ریئالیتە. لێرەدا شاعیر بە دڵێکی ساردەوە دەڵی خەیاڵ وەک (لەمەچێتر) تەفرەی دام.

لەو کاتەی کە شاعیر لەسەر شەپۆلی هەوری فانتازییەوە دەکەوێتە خوارەوە باڵداری هەمیشە دڵگوشاد هەر بەرزتر و دوورتر دەبێتەوە. دەنگ و ئاوازە مێلانکۆلییەکەشی هەتا دێ نزم دەبێتەوە. شاعیری بێچارەش، سەرسام و داماو، تا تاوێک نازانێ ئەمە خەونە یا راستی یە.

تا ئێستا کەسایەتی شاعیری لاوی ئینگلیز هی سەردەمی رۆمانتیک (جۆن کیتس)م نمایش کرد لەگەڵ شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی بست بە بستی یەکێک لە هەڵبەستە بەناوبانگەکانی کە بە ئینگلیزی بەم چەشنە هەڵبەستە دەگوترێ (ئۆد Ode). ئێستاکەش دەمی هاتووە دەقی هەڵبەستەکە پێشکەش بکەم کە لە ئینگلیزییەوە هەر بە شیعر، بە میتەر و دوادەنگ (meter and rhyme)، گۆڕیومەتە سەر زمانی کوردی.

تێ بینی:

لەبەر زۆریی وشە و تێرمی، رەنگە بۆ کورد، نامۆ لە هەڵبەستەکەدا پەراوێزم لە دامەنی نووسینەکەدا داناوە.

جۆن کیتس

سروود بۆ بولبولێک

Ode to a Nightingale

- ١ -

دڵم دەلەرزێ، گشت گیانم سڕە
وەک مەرگەمووشم خواردبێ ئەوهام

یانە بە ئەفیون هۆشم وا هورە
هێندەی نەماوە و "لێت"ە سەرەنجام [١]
ئەمەش نەک گوایا بەغیلیم پێتە
بەڵکو چوون شادیم لە دڵشادیتە
پەرییە سووکەڵەی خنجیلەی داران
کە لەناو گەڵای سەوزی بەهاران
یان لەسەر لک و پۆپی بەرز و چڕ
دەنگی زولاڵت دنیای کردووە پڕ

- ٢ -

ئاخ چی بکەم لەبۆ یەک فڕ ئاوی ڕەز [٢]
خەست و سارد و کۆن، هی ژێرزەمینان
لە جەژنی فلۆرا[٣]، لەنێو شوان و پەز[٤]
مەست بم لە خۆشی و لە پێکەنینان
ئاخ لەبۆ جامێک شەرابی باشوور [٥]
پرۆڤانساڵی[٦]، ئاڵی کەف بەسەر
لێوی کاسەکەی پێ ببێتە سوور

---

[١] لێت، لێث، لێثێ، Lethe: لە میتۆلۆگیای گریکی دا ڕووبارێکە، مردوو یەکەم شت کە لەو دنیادا دەیکەن خواردنەوەی قومێک لە ئاوەکەیەتی. ئیتر پاش ئەوە ڕابردووی سەرزەمینیان بە تەواوی لەبیر دەچێتەوە و دەست بە ژیانی نوێیان دەکەن - ژیانی مردووان.

[٢] ئاوی ڕەز: مەی، شەراب

[٣] جەژنی فلۆرا: جەژنی گوڵان. فلۆرا لە میتۆلۆگیای ڕۆمانی دا خواوەندی گوڵ و گولیلکان بووە. جا هەر لەو سەردەمەشدا هەموو بەهاران، وەک نەورۆزی خۆمان، ڕۆژێکیان بۆ تەرخان دەکرد و ئاهەنگ و زەماوەندیان بۆ دەگێڕا. بە لاتینیش فلۆرا واتا گوڵ.

[٤] پەز: لە هەندێ ناوچەی کوردستانا پەز واتا مەڕ.

[٥] باشوور: مەبەست لە باشووری فرەنسەیە کە زۆر لە کۆنەوە تا ئێستەش بە شەرابی چاک نێوبانگی دەرکردووە.

[٦] پرۆڤانس: ناوچەیەکە لە باشووری فرەنسە و شەرابی ئەوێ بەتایبەتی خۆشە. پرۆڤانساڵ یان پرۆڤانساڵی واتا هەر شتێک تایبەتی ئەو ناوچەیە بێت.

بڵقۆکەش جار جار سەر بهێننە دەر
ئینجا نۆشی کەم زۆر بە ئاسپایی
ون بم لەگەڵ تۆ، لەناو تارمایی

- ٣ -

سەرم هەڵگرم، ون بم، لەبیر کەم
ئەو خەفەتانەی تۆ قەت نەتبوونە
نە کەس پەستم کا، نە کەس دڵگیر کەم
لەم دنیا هیچە و پیرە گەردوونە
چەند پیری لەرزەک، سەراپا بادار،
چەند جوانکەی رەنگ زەرد، لاواز، بەرهەنگدار،
چەند چاو ئێستا پووت، جاران پرشنگدار،
چەند لەشی شلک، ئێستا دەردەدار
ئەمانە هەبن لەسەر رووی زەمین
سا توخوا تەمای چیت هەبێ بە ژین !

- ٤ -

نا، من بە باخوس[1] ناچمە هەوارت
بەڵکو بە باڵی سووکی خوای هەڵبەست
هەر بزانە بوومە هاوژین و یارت
هەرچەندە هۆشم هێژ[2] نەبوە سەربەست
بەڵام کە ئێستا لە مەی ئازادم
بەو شەوی فێنک گەیمە مرادم
چۆن شاژن لەناو کەنیشکان دیارە
ئەوهاش مانگ لەناو گەلی ستارە
دارستان رەشە، بەڵام شنەی با
جار جار رووناکی مانگی بۆ دەبا

---

[1] باخوس: خواوەندی شەراب بووە لای گریکە کۆنەکان.
[2] هێژ بە شێوەزاری کوردی کرمانجی واتا هێشتا.

- ٥ -

ڕاستە، کە چاوم بەرپێم نابینێ
نازانم چ گوڵ پەرش و بڵاون
نازانم ڕەنگیان چۆن خۆی دەنوێنێ
نازانم تەنیان یان تێکەڵاون
بەڵام بەو بۆنەی لێرە و لەوێ دێ
دەزانم مسکە، گوڵە، نەسرینە
دەزانم چ دار، دەوەن، وان لە ڕێ
دەزانم گۆیژن، توونە یان بی نە
ڤنگە ڤنگی مێش، گزەی مێشوولە
تێکەڵاون بە بزەی پەپوولە

-٦-

ئای چەند خۆشە لەو تاریکستانە !
گوێ شل بکەیت بۆ دەنگ و ئاوازت
لەو پەڕی شادی، لەو گوڵستانە
چەند خۆشە بمریت، بگەیتە مرادت،
چەند خۆشە بمریت، بەم نیوەشەوە
بچیە جیهانی بێ خەم و خەفەت
ڕزگار بیت لە دەست ئەم زیندەخەوە
نەگەڕێیتەوە بۆ کۆشی مەینەت
بەڵام لە دوای من دەنگت هەر با بێ
هەرچەندە گوێم لە سەردولکەت نابێ

- ٧ -

مەلە چکۆلەی نەمری شادان[1]
ڕۆژ هاتن، ڕۆژ چوون، بەڵام دەنگی تۆ

---

[1] نەمر: مەبەستی شاعیر لێرەدا دەنگی بولبولە نەک مەلەکە خۆی. چونکە بولبول دەمرێ و دەنگەکەی هەزاران ساڵە هەر هەمان دەنگە.

لە گوێی یەخسیر و پیر و ئازادان
هەر بیسراوە لای میر و ڕەنجەڕۆ
ڕەنگە ئەو دەنگە دڵی غەمناکی
بەدبەختێکی وەک " رووت"[١]
" ی پێکابێ
کە لە غەریبی، بە تەنیا و تاکی
لەناو پەرێزان جێی پووشکە و کا بێ
ڕەنگە شۆخێکی بەندی ناو تەلار [٢]
تۆی کردبێتە یار، تا دێ شۆڕەسوار

- ٨ -

لەپڕ خانەخوێم دای لە شەقەی باڵ
وەک لە پڕێکا لێی دابێ زەنگوڵ
منیش کەوتمەوە سەر زەمینی تاڵ
ماڵاوایم کرد لە ماڵی بولبول
دیارە خەیاڵیش گەلێک فێڵبازە
وەک " لەمەچێتر" دەس دەوەشێنێ[٣]

---

[١] رووت Ruth: یان رووث ئافرەتێکە لە تەوراتدا باسی چیرۆکەکەی کراوە کە بریتی یە لەوەی کە رووت لەدوای کوژرانی مێردەکەی لەگەڵ خەسووی دەکەوێتە وڵاتی غەریبیان. لەوێ خۆی و خەسوەکەی بە تێلەکێشی و گیشەکەری بەڕێوە دەبات. بەڵام ئاگری غەریبی بۆ وڵاتەکەی خۆی بە هیچ ئاوێک نەدەکوژایەوە.

[٢] دیارە شاعیر بەرە بەرە لە سەردەمی خۆی نزیک دەبێتەوە و ئەمجارە هەڵوەستێک لە تەمەنەکانی ناوەندی middle ages دەکات. لێرەدا باسی کچێک یان میرزادەیەکی ئەو سەردەمە دەکات کە چۆن لەناو تەلارێکی دوورە وڵات لەلایەن دوژمنانی باوکییەوە بەند کراوە و چاوەڕێی شاسواری خۆی دەکا کە بە شیر و تیر و کەمەند و قەڵغانەوە بێتە هاواری. هەڵبەتا هەموومان دەزانین و لە زۆر فیلمی مێژووییشدا دیومانە کە ئەم جۆرە وێنەیە زۆر باو بووە لە سەدەکانی ناوەندی.

[٣] لەمەچێتر: ئەم وشەیە کورتکراوەی (لە ئێمە چاکتر)ە کە لە هەندێ ناوچەی دەشتی هەولێر لەباتی ناوی (جنۆکە) بەکاری دێنن وەک ڕێز لێ نانێک بۆ ئەوەی خۆیان لە شەڕ و خراپەی جنۆکە بپارێزن.

خۆی بۆت دەگۆڕێ بە سەد ئەندازە
کەچی لەناکاو ملت دەشکێنێ
دەنگی مەلوولی مەل دوور کەوتەوە
ئیستەش تێناگەم راستە یان خەوە.

سەرچاوەکان:

١ - S.C. Agarwal , John Keats, selected poems
٢ - F.T. Pelgrave, The Golden Treasury
٣ - Ifor Ivans, A short History of English Literature
٤ - Dorothy Hillyers, A short History of English Literature

34
یادەوەری
Souvenir

هەڵبەستێکی شاعیری فرانسی سەردەمی رۆمانتیک
ئەلفرێد دی مووسێ
Alfred de Musset



باسی ژیانی و وەرگێڕانی لە ئۆریگینالە فرانسییەکەوە هەر بە شیعر بۆ کوردی: **هۆمەر دزەیی**

پێشکەشکردنێکی سەرپێیی

چونکە لێ تێگەیشتنی هۆنراوەی وەرگێڕدراو وەک لێ تێگەیشتنی هۆنراوەکە بە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆی سووک و ئاسان نییە، بە پێویستی دەزانم خوێنەرانی بەڕێز ئەم پێشکەشکردنە بە وردی بخوێننەوە بەر لەوەی یەکسەر هەڵبکوتنە سەر هەڵبەستەکە خۆی بۆ ئەوەی پانۆرامایەکی

هەڵبەستەکەیان بێتە بەرچاو و بە ئاسانی تێی بگەن . جا لێرەدا چەند پنتکێک هەن دەمەوێ روونیان بکەمەوە: ۱ - ناساندن بە شاعیر ۲ - ئەو سەردەمەی کە شاعیر تێیدا ژیاوە لە فرانسە ۳ - کورتە شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی هەڵبەستەکە.

۱ - ئەلفرێد دی مووسێ کێ یە ؟

یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی سەردەمی رۆمانتیکی فرانسا. لە ساڵی ۱۸۱۰ لە پاریس لە بنەماڵەیەکی خانەدان لە دایک بووە و لە ساڵی ۱۸۵۷یش هەر لەوێ سەری ناوەتەوە.

ئەلفرێد هەر لە منداڵییەوە سروشتێکی مێلانکۆلیک و سێنتیمێنتاڵی لێوە بەدی کراوە. لە تەمەنی چواردە ساڵیشا یەکەم هۆنراوەی بۆ دایکی داناوە. ئەلفرێد لاوێکی شۆخ و قۆز و حەیرانی ژیانی سروشت بووە. هەڵڕژاندنی هەست و خوستی بەڕاستیی دڵ و دەروونی مرۆڤی کردۆتە ئامانجی ژیانی. واتا " سروشت و دەروون" بوونەتە ئایدیۆلۆژی ئەلفرێد دی مووسێ، ئەگەر بتوانین وشەی ئایدیۆلۆژی لێرەدا بەکار بێنین. " جوانی و خۆشەویستی" کە دوو ئەدگاری هەرە دیاری سروشت و دەروونن بوونەتە بابەتی هەموو هەڵبەست و رۆمانەکانی دی مووسێ. بۆیە بە "درێژایی" ژیانی کورتی هەر بەدوای هەوینی (love) دا گەڕاوە.

بەڵام رۆمانتیکاتی دی مووسێ بە ئاشکرایی لەوەوە بەدیار دەکەوێ کە ئەو بەدواگەڕانەکەی پتر لا مەبەست بووە تا گەیشتن بە ئامانج. تەنانەت کە گەیشتۆتە ئامانجیش وەنەبێ خۆی بە بەختیار زانیبێ چونکە ئا لێرەدا - بە بیر و بینینی خۆی - دەهاتەوە سەر رێئالیتی reality (ئێستاکە، واقع) و خۆیشی، تەبای هەموو رۆمانتیکەکان، بڕوای بە ریالیزم هەر نەبووە. کەچی کە ئەو "ئێستاکە" یە بەسەر دەچوو و دەبوو بە "رابردوو" ئیتر هەنگی نۆستالگیا (غەریبی) دایدەگرت و هەستی ناسکی بەو پەڕی تەوژم و تەکانەوە خۆی دەردەبڕی و جوانترین و بەسۆزترین شیعری گۆرانی و لاواندنەوەی لێوە هەڵدەقوڵا.

دی مووسێ خۆشیی لەوە وەردەگرت کە بگری بەسەر وێرانەی دڵداریدا، دڵی بەوە دەکرایەوە فرمێسک ببارێنێ بۆ کۆنە یار، بەسەر کاولە هەوار، بۆ یادی دێرینی یار و هەوار. ئەم چوارینەی خوارەوە راستیی ئەو پنتکەمان زۆر بە جوانی بۆ روون دەکاتەوە:

هەموو هەناوم دەسووتێ بۆ تۆ

قەت نەمدەزانی ئازاری برین

هێندە ناخۆش بێ و شەو و رۆژ بە سۆ

کەچی کۆنە برین ئەوەندە شیرین

واتا دی مووسێ کۆنە برینی پتر لا خۆش بووە نەک برینی گەرم و نوێ، دەسلێکبەردان و جودایی پتر کاری تێ کردووە نەک پێکگەیشتن و تیری ئەڤینیی گەرماو گەرم. جا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە شاعیرە رۆمانتیکەکان بە گشتی، ئەلفرێد دی مووسێش بە تایبەتی، عاشقی رابردوو بووین. لای دی مووسێ (یارێکم هەبوو) زۆر خۆشتر بووە لە (یارێکم هەیە).

بە پێی رەخنەگران، ئەلفرێد دی مووسێ لە هەڵبەستەکانیدا جاروبار وشەی وای بەکار هێناوە کە چ جێگایەکی وەک دەڵێن (فیت fit)ی نەبووە لەناو هەڵبەستەکەدا و تەنانەت تا رادەیەک " بێ مانا "ش بووە. بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە رێکن کە ئەم شاعیرە، بەبێ هیچ گومانێک، راستگۆ و سەرراست بووە لە دەربڕینی هەستی دەروونی کۆمەڵگای سەردەمی رۆمانتیزم لە فرانسا.

٢ - دی مووسێ و سەردەمی رۆمانتیزم لە فرانسا

ئەو سەردەمەی کە ئەلفرێد دی مووسێی تێدا دەژییا (١٨٥٧ - ١٨١٠) بە سەردەمی رۆمانتیزم ناسراوە. لەو سەردەمەدا شێوازی رۆمانتیک ببووە رێبازی هەموو جۆرە بزووتنەوەیەک، سێنتیمێنتالیزم (هەستی بەسۆز) خۆی لەناو هەموو بابەتەکانی بیرکردنەوەدا دەنواند: هۆنراوەی رۆمانتیک، رۆمانی

رۆمانتیـک، مـوزیکەی رۆمانتیـک، تـابلۆ و پەیکەرتاشـیی رۆمانتیـک و هەمـوو بابەتەکـانی فیلۆسـۆفیاش. لەپـاش دامرکـانەوەی شۆڕشـی فرانسـی (١٧٨٩) بە چەند ساڵێک ئەم رێڕەوە فیکرییە لە ئەوروپا بە گشتی سەری هەڵدا و چ زوو چ درەنگ لە یەکە یەکەی وڵاتانی ئەوروپادا خۆی پیشان دەدا. ئەوەش هەم وەرامدانەوەیەکی بە توندی سەردەمی کلاسیکی پێش خـۆی بـوو و هەم بەگژداچـوونەوەیەکی بە رکـی ئەو رووداوە ئـاڵۆز و پـاڵۆزانە بـوو کە شۆڕشـی فرانسـی لەگەڵ خۆیـدا هێنـابوونی. جـا دی مووسـێ کە هـاتە دنیـا و چـاوی کـرایەوە رۆمـانتیزم و سـێنتیمێنتالیزم لەوپەڕی گەشانەوەدا بوون. ئەویش وەک ڤیکتۆر هیگۆی زاوای، وەک لامارتین، وەک دی ڤینیی، وەک جۆرج ساندی دولبەری سروشتانە هەر کەوتە سەر ئەو رێڕەوە هەرچەندە کە ژمارەیەک لەوانەی کە باسم کردن و هەنـدێکی تـریش کە نـاوم نەهێنـاون بەرە بەرە، کەم و زۆر پشـتیان لە رۆمانتیزم دەکرد و کەوتبوونە ناو دنیای فیلۆسۆفیا و تەنگ و چەڵەمەی ژیـانی کـۆمەڵایەتی وەک لامـارتین و جـۆرج سـاند بـۆ نمـوونە. بەڵام هەڵبەسـتبێژی ئـێمە کـۆڵی نەدا و هەتـا دوا هەناسـەی هەر بە مەشـخەڵ هەڵگری رۆمانتیزم مایەوە و نەیاریی لەگەڵ هەموو جۆرە رێبازێکی نوێدا دەکـرد و سـێنتیمێنتالیزمی نۆسـتالجیکی وەک مەلـۆتکەی نـاو لانـکە دەپاراسـت و بەرەنگـاری هەمـوو ئەو بیـر و بینینـە نوێیـانە دەبـوو کە خەریکی پڕدانی کۆرپەکەی دەبوون. هەر لەبەر ئەوەشە کە پیاو دەتوانێ نووسینەکانی دی مووسێ بکات بە دوو بەش. بەشی یەکەمیان لە ساڵانی (١٨٣٥ - ١٨٢٩) بوو. لەپاش ئەوە ئیتر مێلانکۆلییەکە بەجارێ لێی تیر دەبێـت و تەشـەنە دەکـات بە جۆرێـک کە روو دەکـاتە هەڵبەسـتی سـەردولکانە (elegy) و هەسـتی زۆر لە جـاران ناسـکتر و بەجـۆش و سۆژتر دەبێ. دی مووسـێ زۆر سـەخڵەت و دڵتەنـگ دەبێ بەوانەی کە بیری ئەویان بە خەیاڵاوی و فانتازی و بە دوای کڵاوی بابردوو کەوتنا دەزانی. ئەویش نەبەزانە دەستی بە رەخنەگرتن و هێرش کردنە سەریان دەکات. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە خەڵک بە نوێنەری بەڕاستی دڵسۆژی رۆمانتیزمیان دەزانی.

لە هەڵبەستی (یاداوەری) - کە پاش تۆزێکی کە دەیخوێنینەوە - دی مووسێ ڕەخنەکەی بە (دانتێ Dante) ی شاعیری هەرە گەورەی ئیتالییەوە دەست پێ دەکات هەرچەندە کە دانتێ چەند سەت ساڵێک پێش خۆی ژیاوە. بەڵام دی مووسێ کە خۆی بە دەروێشی دانتێ دادەنا و تەنانەت ناوی (خوای خەم)ی لێنابوو هێشتا لە هەندێ لە هەڵبەستەکانی - یان چاکترە بڵێین بیر و باوەڕەکانی - ئەو بە گازاندە بوو و تا ڕادەیەک دڵی لە دانتێ سارد ببووەوە کە دەڵێ:

دانتێ ! چۆن دەڵێی لێی تاڵتر نییە

بیرەوەری خۆش لە ڕۆژی بە غەم

کێ فێری کردی ؟ ئەم قسە چییە !

بۆچ سووکی دەکەی ڕۆژی بە ماتەم ؟

لێرەدا دی مووسێ گلەیی لە دانتێ دەکا چۆن بیرەوەری کۆن، لە ڕۆژێکدا کە پیاو دڵی تێدا تەنگە، بە شتێکی وا تاڵ و ناخۆش دادەنێ ! بیروباوەڕی دی مووسێ ئەوەیە کە چاکترین دەرمانی دڵپەستی و ڕۆژی تەنگانە ئەوەیە کە پیاو دانیشێت و یادی کۆن بێنێتەوە بەر چاوی خۆی، واتا نۆستالگیا.

بە کورتی، لە ساڵەکانی دوایی ژیانیدا وا دەردەکەوێ دی مووسێ لە زۆرانبازییەکی ناو گیانی خۆیدا ژیابێ. لەلایەک پاراستنی ڕێبازی سێنتیمێنتالیزم، لە لایەکیش توانج و پەلاری بەرەی ناحەزان. بەڵام ئەو، وەک باسمان کرد، کۆڵی نەدا و لەلایەک بێشکەکەی غەمگینی دەلاواندەوە، لە لایەکیش بەرهەڵستیی ئەو باوبارانەی دەکرد کە بە تەمابوون هێلانۆکەی لێ تێک بدەن و خانوێکی لە جێدا بۆ دروست بکەن.

ئەم زۆرانبازییەی ناو دەروونی شاعیری هەستیاری ئێمە بە جوانترین وێنە لە هەڵبەستی (یاداوەری) یان (بیرەوەری)دا وەدەر دەکەوێ.

٣ - لێکدانەوەیەکی کورتی هەڵبەستی (یاداوەری)

ئەم هەڵبەستە یەکێکە لە سەردولکە هەرە خۆشەکانی شاعیر. لە ساڵی ١٨٤١ دا نووسیویەتی واتا لەگەڵ دەسپێکردنی لەسەرەخۆی کۆتایی سەردەمی رۆمانتیزم و بەرزبوونەوەی دەنگ و هەرا دژی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە تایبەتی لەلایەن ریالیستەکانەوە (رێبازی ریالیزم، واقعیەت).

دی مووسێ ئەم هەڵبەستەی کردووە بە سێ بەش.

بەشی یەکەمی هەڵبەستی (یاداوەری souvenir)ی دی مووسێ بریتی یە لە نۆستالگیای شاعیر بۆ کاولە جێ ژوانان و ئەو جێ و بالینگانانەی کە لە کاتی خۆیدا دڵداری تێدا کردوون. دی مووسێ زۆر بە وردی وەسفی ئەو کۆنە هەوارانە دەکات و هەمووی کۆ دەکاتەوە لەناو یەک تاکە وشە و ناوی دەنێ "گۆڕ، گلکۆ". لەبەر ئەمە مرۆ ئەگەر هاتو بێ ئاگا ئەم هەڵبەستەی خوێندەوە وا دەزانێ دی مووسێ بەڕاستی باسی گۆڕێکی راستەقینەی خۆشەویستێکی دەکات. بەڵام وانیە، مەبەستی ئەو گۆڕی بەڕاستی مردووێک نییە بەڵکو هەموو ئەو جێگایانەیە کە خۆشی ویستوون و تێیاندا رایبواردووە بە تایبەتی سروشت و ژیانی لادێ کە ئێستاکە بوونەتە یادگار. تەنها تاکە سەردانێک یان تەنانەت بیر کردنەوەیەک لەو شوێنانە ژێیەکانی دڵی دەلەرێننەوە و ئاگر لە هەناوی بەر دەدەن. ئەوەی کە بۆی ماوەتەوە تەنها ئەو یادگارانەن کە لە کەلێنی دۆڵ و دارستان و رووبار و هەرد و تەلانانددا بۆنیان دەکا. بە بیری خۆی هەر ئەمیان " راستی " یە و " هەیە " و هەر ئەمیشیان مانەوەی بۆ هەیە. ئەوی تر واتا " ئێستا " و "داهاتوو" یەکەمیان تەنها چاوتروکاندنێکە کە نە بە "کات" نە بە "رۆژگار" دەژمێردرێ. دووەمیشیان هێشتا هەر نەناسراوە و نەزانراوە و پشتی پێ نابەسترێ. کەواتە ئەو دوو هەنگاوەی رۆژگار ــ ئێستا و داهاتوو ــ نابێ پیاو هیچ حیسابێکیان بۆ بکات. بەم جۆرە، بۆ رۆمانتیکەکان تاکە هەنگاوێک کە رۆژگار نایبێت و راست بێت و هەبێت و هەتا هەتایەش هەر بمێنێتەوە هەر " رابردوو "ە و هیچی تر. بەڵام رابردوو بریتی یە لە هێنانەوە بەرچاو، هێنانەوە خەیاڵ، کە ئەوەش بە

ڕێگای یاداوەرییەوە ئەنجام دەدرێ. واتا ئەگەر ڕێیەک هەبێ بتگەڕێنێتەوە بۆ دواوە، بۆ باوەشی گەرمی رابردوو، ئەوە تەنها بیرەوەری و خەیاڵ و نۆستالگیایە. بۆیە ئەمانە تێکەڵ بە خوێنی دی مووسێ ببوون بە چەشنێک کە خۆی دەسنیشانی کردووە:

دەبا بەسەرما بکەوتە خوارێ

قورسایی ئاسمان پانم کاتەوە

چۆن خنکاو دەگرێ توند شەپکە دارێ

هێز نییە من لە یاد جیاکاتەوە

دی مووسێ بڕوای بە گۆڕین نییە، سا چ گۆڕینی سروشت چ گۆڕینی کۆمەڵ، ڕکی زۆری لە هەموو شتێکی نوێ یە. لەو سەردەمەشدا ڕووداوی سیاسی گەورە گەورە و خێرا خێرا بەسەر فرانسادا دەهاتن - لە ئیمپراتۆراتییەوە بۆ کۆمار و لە کۆماریشەوە دووبارە بۆ ئیمپراتۆراتی - کە هەمووشی پاشماوەی هەرا و هۆریاکانی ناپلیۆن بوو. هەڵبەتا ئەو ڕووداوانە گۆڕانێکی گەورەی کۆمەڵایەتیشیان لەگەڵ خۆدا هێنا کە ئەمیشیان بووە سەرچاوەی بزووتنەوەیەکی ئەندێشەیی نوێ و فیلۆسۆفیک.

لە بەشی دووەمدا، شاعیر دەست بە ڕەخنەگرتن دەکا لەو کەسانەی هەوڵی لەناوبردنی هەستی خەیالاوی مرۆڤ دەدەن. دانتێی لێ بترازێ، کە باسم کرد، دی مووسێ هاوچەرخەکانی خۆی بە جۆرێک دەشواتەوە کە دەیگەیەنێتە رادەی گاڵتە بە ئەقڵ کردنیان. لە پاشاندا بەزەییشی بە جۆری بیرکردنەوەیان دا دێت کە دەڵێ:

زۆر دوورن لەمن هەستی ناشیرین

زۆر دوورن لەمن بیری بێ مانا

بەلام بێ بەشان لە یادی دێرین

بێ بەشیشن لە، خۆشیی زەمانە

دی مووسێ باوەڕێکی یەکجار بەهێزی بە جۆری بیرکردنەوەی خۆی هەیە. لەوە دڵنیایە کە ئەوانەی بەردی تێ دەگرن ڕۆژێک لە ڕۆژان پەشیمان دەبنەوە لە کاتێکدا کە پەشیمانی دادیان نادا:

بەڵام کە هۆشتان هاتەوە سەرخۆ

دەپاڕێنەوە لە قاپی ی ئاسمانی

ئەوسا پێ بە پێ دەیچێنن وەک تۆو

فرمێسکی گیانی پڕ پەشێمانی

بەشی سێیەمی "یادەوەری" دووبارە بە سەردولکەیەکی زۆر بە سۆز و کوڵ دەست پێ دەکات. لێرەدا وەسفی ناشتنی کۆنە یارێک و گۆڕە تەنگ و تاریکەکەی دەکات بە شێوازێک کە پیاو وا دەزانێ ئەمە مردن و ناشتنێکی بەڕاستی یە، کەچی ڕاستییەکەی تەنها فانتازیایە و هیچی تر. دی مووسێ دڵە ناسک و هەستیارەکەی بە تیری ئەڤینی نووسەر و شاعیری وەک خۆی ڕۆمانتیک، جۆرج ساند، دووبەدەر ببوو. جۆرج ساندیش ماوەیەک حەزی لەو دەکرد بەڵام ئەو کچە شۆخ و شەنگە تۆزێ بە " چاولەدەر و کەیفچی" ناوی دەرکردبوو و زوو زوو دۆست و یاری دەگۆڕی. جگەلەوەش، ڕووداوە سیاسییەکانی باسم کردن کاریان تێ کردبوو و بیر و باوەڕی دیمۆکراتیک و چاککردنی باری کۆمەڵ گەرایان لە مێشکیدا داکوتابوو بە جۆرێک کە ڕەنگی ڕۆمانتیزمەکەی خەرێک بوو کاڵ دەبوەوە. سروشتانە، ئەم گۆڕانەی جۆرج ساند بەرەواژ بوو لەگەڵ گیانی نەبەزی ئەلفرێد دی مووسێ. جا ئەو گۆڕە تەنگ و تاریکەی بە وردی باسی دەکا هەر ئەو دەسلێکبەردان و جیابوونەوەی - بە لەش و بە گیان - ی خۆی و جۆرج ساندە.

لەپاش ئەو لاواندنەوەیە، دی مووسێ ئیتر دنیای لەبەر چاودا تاریک دەبێت و لەبەر چاوی دەکەوێت. بەم جۆرە، بەشی هەرە دوایی "یادەوەری" بریتی یە لە هەناسە ساردبوونەوە و بێ باکییەکی تەواو لە

ژیان و تەنانەت لە دام دەزگای خودی خالق هەرچەندە کە دیارە ناشوێری ئەمەیان زۆر بە ئاشکرایی دەربڕێت.

" یاداوەری " بە پێی رەخنەگرانی ئەدەبییات بە کارێکی مام ناوەنجی - نەک زۆر باش -ی ئەلفرێد دی مووسێ دادەندرێت چونکە، یەک: بۆنی شێوازی سەردولکاویی لامارتینانەی لێوە دێ. دوو: هەروەک باسم کرد، ژمارەیەک لە وشەی بێ مانای تێدایە کە چ جێگایەکی وایان نییە لە شیعرەکەدا یان پڕ بە پێستی خۆی نین. لەوانەیە ئەگەر دی مووسێ خۆی بمابا بیتوانییا پێمان بسەلمێنێ بۆچی!! بەڵام پیاو دەبێ لێرەدا قەناعەتی خۆی بەوە بێنێ کە " المعنى في بطن الشاعر"ە.

زنجیرەی " هەڵبەستەکانی شەوان " گوایا بە چاکترین کاری ئەدەبیی دی مووسێ دادەندرێن.

لە کۆتاییدا دەمەوێ دوو قسان لە بارەی وەرگێڕانی ئەم هەڵبەستە بکەم لە زمانی فرانسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی هەر بە هەڵبەستی سەروادار نەک هەڵبەستی سەربەست:

بە بینینی من، پیاو کە هۆنراو وەردەگێڕێتە سەر زمانی خۆی مەبەستی هەر ئەوە نییە ماناکەی وەرگێڕێ. ئەمە کارێکی زۆر گران نییە بۆ وەرگێڕ چونکە بە ئاسانی دەتوانێ بیبەخشێنێ. هۆنراو بریتی یە لە مانا و میتەر و موزیک و دوادەنگ (سەروا) و شێواز. تەنها وەرگێڕانی ئەم هەموو لایەنانە پێکەوە لە توانایەتی ئەتمۆسفێرێکی (ژینگە) رەسەن بداتە هەڵبەستەکە. ئەگەر لەمانە هەر یەکێکیان کەمتەرخەم کرا ئەوا نابێتە وەرگێڕانێکی بەڕاستی و بە چێژ. چونکە خوێنەری زمانی مەبەست target language (زمانی دووەم) ئاشنایییەکی تەواو لەگەڵ شاعیری زمانی سەرچاوە source language (زمانی یەکەم) دا پەیدا ناکات. لەپاشاندا وەرگێڕانی پەخشانیی چونکە نەبەستراوەتەوە بە دوادەنگ (سەروا، قافیة، rhyme) وەرگێڕ لەوانەیە (دەڵێم لەوانەیە) وشە بە وشە بیگوێزێتە سەر

زمانی مەبەست کەئەمەش وەرگێڕانێکی پەسند نییە. زۆر وشە هەن لە زمانێکدا کە هەمان واتا نادەنەوە لە زمانێکی دیکەدا. لێرەدا خوێنەر سەری لێ دەشێوێت و بزر دەبێ و ئیتر چێژ لە هەڵبەستەکە وەرناگرێ. بەڵام وەرگێڕانی هەڵبەست لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر هەر بە شیعری دوادەنگدار (rhymed) بێ گومان دوورت دەخاتەوە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە. چونکە خۆ بەستنەوە بە دوادەنگ ئازادیت دەداتێ بە دوای وشەیەکی گونجاو لە زمانی مەبەستدا بگەڕێیت کە هەمان واتا بداتەوە نەک هەر خۆت ببەستیتەوە بەو وشەیە کە شاعیر لە زمانی سەرچاوەدا بەکاری هێناوە و دوور نییە واتاکەی زمانی سەرچاوەت لێ بشێوێنێت. بۆ نموونە، شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز ئێدوارد فیتزگێراڵد (١٨٨٣ -١٨٠٩) کە بەشێک لە چوارینەکانی عومەر خەیامی (٧٥ چوارین) هەر بە هەڵبەستی دوادەنگدار گۆڕیوەتە سەر زمانی خۆی و هەر لەوەوە زۆرترایەتی شاعیرە ئەوروپاییەکانیش گۆڕیویانەتە سەر زمانەکانی خۆیان ئاشکرایە کە وەستاییەکی تەواوی نواندووە لەو کارەدا کە مایەی شانازی قسە پێکەرانی زمانی فارسیشن. بەڵام تۆ وەرە بەراوردی وەرگێڕانەکەی فیتزگێراڵد یان ئەوەی شاعیری عیراقی ناودار، احمد السافي النجفي بکە کە ئەمیش هەر بە شیعری دوادەنگدار وەریگێڕاوە و بە پێی شارەزایانی زمانی فارسی باشترین وەرگێڕانی خەیامە بۆ عەرەبی، دەڵێم وەرە بەراوردی وەرگێڕانی ئەم دووانە بکە لەگەڵ زمانی خەیام خۆیدا دەبینی کە زۆرجار وشەی وایان هاوێشتۆتە ناو شیعرەکانیانەوە کە زۆر دوورن لە وشەکانی شیعرە بنەڕەتییەکە بەڵام لە زمانی خۆیاندا هەمان واتا دەگەیەننەوە و خوێنەری ئینگلیز وعەرەب پانۆرامایەکی روون و بەرفرەوانی واتا و موزیک و شێوازی شیعرە بنەڕەتییەکەی دەخرێتە بەر چاو. جا لەبەر ئەمە دووپاتی دەکەمەوە هۆنراو، هەتا لە تواناد بێ، با هەر بە هۆنراو وەربگێڕدرێ. تا چ رادەیەک ژینگە بنەڕەتییەکەی شیعری

سەرچاوە لە شیعرەکەی مەبەستدا دەپارێزرێت و بە تەواوی هەستی پێ دەکرێت ئەوەیان دەمێنێتەوە سەر توانایی ئەدەبی و هونەریی وەرگێڕ.

زۆرمان دەزانین کە زۆرترایەتی شاعیرانی کلاسیکی ئەوروپایی هەڵبەستەکانیان بەم فۆرمە دەهۆندەوە: abab

واتا دوادەنگی دێڕی یەکەم لەگەڵ هی سێیەمدا و هی دووەمیش لەگەڵ ئەوەی چوارەمدا یەکدی دەگرنەوە.

لەم هەڵبەستەشدا " یاداوەری" دی مووسێ هەر وا رۆیشتووە. تەنها لە چەند چوارینێک نەبێ کە لەمەی لاداوە و هەر چوار دێڕ یان سییانی چوارینەکەی بە هەمان دوادەنگ کۆتایی پێ هێناوە. جا منیش لەبەر ئەو بۆچوونەی کە لە سەرەوەتر باسم کردووە ئەم لایەنەی وەرگێڕانەکەم لەبەر چاو گرتووە بۆ ئەوەی موزیکی چوارینەکان ناساز نەبێت و بتوانم تا رادەیەک ببم بە ئاوێنەیەکی بەڕاستیی ئەلفرێد دی مووسێ بۆ خوێنەری کورد. دەڵێم " تا رادەیەک"، بەڵێ، چونکە وەرگێڕانی هەڵبەست راستەوخۆ لە زمانی سەرچاوە بۆ سەر زمانی مەبەست رەنگە هێشتا ئەو چێژ و بۆنەی لێ بێت کە لە زمانی سەرچاوەکەدا هەن و منیش هەر ئەوەم کردووە کە شیعرەکەم یەکسەر لە فرانسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی. بەڵام ئەگەر وەرگێڕان بە رێگای دوو، سێ زمانانەوە بکرێت ئەوا ئاشکرایە کە لە هەر زمانێکا وردە وردە تۆزێک لەو بۆن و چێژەی زمانی سەرچاوەی لێ هەڵدەفڕێت و تا دەگات بە دواقۆناخ دەبینین کەمی پێوە ماوەتەوە و ناتوانێ ببێتە ئاوێنەیەکی بێ گەردی شاعیری هەڵبەستی سەرچاوە. بەڵام لێرەشدا دیسان دەبێ تازەی بکەمەوە کە هەمووی پەیوەندە بە لێزانی و شارەزایی وەرگێڕ لە زمان و زمانەوانی و ئەدەبیاتا.

جا هەرچەندە کە لێرەدا باوەڕی بەتینم بەخۆمە لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووبم بەڵام دەبێ بزاندرێ کە وەرگێڕان با ئەوپەڕی پسپۆڕی و وەستاییشی تێدا کرابێ هەر کۆپییە و، کۆپییش نابێ بە ئۆریگیناڵ.

یاداوەری Souvenir

وەرگێڕانی لە ئۆریگیناڵە فرانسییەکەوە هەر بە شیعر بۆ کوردی

هۆمەر دزەیی

دوێنێ ئارەزووی گریانم دەکرد
تەزووی پیا دەهات دڵەی نامراد
هەرکە بیری تۆ و سەردانم دەکرد
هەوارگەی پیرۆز، کۆنە گڵکۆی یاد

***

پێی ناوێ دەستم بگرن، خزمینە!
پێم پیشان مەدەن ئەو رێی لەبەرمە
چونکە خووێکی کۆن و شیرینە
کە دەمبا بۆ وێ و رێ پیشاندەرمە

***

سەیری ئەو گرد و هەرد و بەیارە
سەیری ئەو زیخەی بەر پێلی زیوین ١
سەیری بزنە رێی ناو شاخ و دارە
جێی دەس لەملانە و قسە و پێکەنین

***

سەیری ئەو سروەی بەرز و سەوزپۆش
سەیری دەربەندی پێچاوپێچی سەخت ٢
خەمخۆری من بوون بە لایلایەی خۆش
رۆژانی ئەوسام پڕ دەبوون لە بەخت

***

کۆمەڵە مەلی فڕیوی ئاسمان

دەستم دامێنتان دەچن بۆ کوێندەر
دەچنە هەوارگەی یاری خان و مان ؟
چاوەڕێم دەبن، دەمبەنە وێندەر ؟

***

لێی گەڕێن بڕژێ ئەشکی شیرینم
کە هەڵدەقوڵێ لە دڵەی پڕ برین
لەسەر برژانگما با تێر ببینم ٣
ئەو پەردە جوانەی یادەکەی دێرین

***

من پەشێمان نیم لەوەی کە بووە
ئەو دارستانە خۆش و هێمنە
بۆنی دڵداریی مەی هەڵگرتووە ٤
خۆشیی لە داران، خۆشیی لە منە

***

ئاخ دەبا بگریم ! خۆشیم گریانە
کڕنووش دەبەم بۆت کۆنە گۆڕی چۆڵ
سەیری هەر لایێ دەکەی ژیانە
بەڵام لەسەر تۆ سەوز نابن گیا و گوڵ

***

سەیری سێبەری داران دەکەی تۆ
جارجار دەیبڕێ تیشکی مانگەشەو
بەڵام لە ئاسۆ کە هەڵدێ رووی تۆ
رۆژە و هەموو شت رادەبن لە خەو

***

ئەوجا لەو زەویەی تەڕی پاش باران
بە تیشکت دەردێن هەزار بۆنی خۆش

ئەوساش دڵداریە کۆنەکەی جاران
لە گیانما دەردێ، ئای کە چەند بە جۆش !
***
چییان بەسەر هات ناخۆشیی ژیان
کە پیریان کردم، پشتم بوو چەماو
ئۆخەی پیرە دۆڵ، دۆستەکەی هاوگیان
کە تۆ دەبینم، دەمکەیتەوە لاو
***
هۆ هێزی رۆژگار، ساڵانی خۆشڕەو
ئێوەن لابەری گریان و مەینەت
بەڵام بەزەیی دەتانکا لە خەو ٥
گوڵی ژاکاومان راناماڵن قەت
***
هەموو هەناوم دەسووتێ بۆ تۆ
قەت نەمدەزانی ئازاری برین
هێندە ناخۆش بێ و شەو و رۆژ بە سۆ
کەچی کۆنە برین ئەوەندە شیرین
***
زۆر دوورن لەمن هەستی ناشیرین
زۆر دوورن لەمن بیری بێ مانا
بەڵام بێبەشان لە یادی دێرین
بێبەشیشن لەخۆشیی زەمانە
***
دانتێ ! چۆن دەڵێی لێی تاڵتر نییە ٦
بیرەوەریی خۆش لە رۆژی بە غەم
کێ فێری کردی ؟ ئەم قسە چییە ؟

بۆچ سووکی دەکەی رۆژی بە ماتەم ؟

***

چۆن لەبیرت چوو رووناکی هەیە
لە دوای رووناکیش تاریکی دادێ
لەتۆ قەت نایێ ئەم چەند قسەیە
خۆت کە خوای خەمیت، چۆن بە بیرتا دێ !

***

ئای خۆشە تروسکەی تاکە مەشخەڵێک
ئەم کفرەت چۆن کرد، بەو خوایە تاکە:
لای من یادێکی کۆن و خۆش گەلێک
خۆشترە لە گشت خۆشیی ئێستاکە

***

ئەی ئەو بەدبەختەی تروسکێ دەبینێ
لەبن سووتووی گەرم کە خۆی لەناوە
پڕ دەداتە گڕ، واق وڕ دەمێنێ
چاوی لە مەوڵەق وا راوەستاوە !

***

گیان خنکاو لەناو رابردووی بێ بن
خەوبینین بەو ئاوێنە شکاوە
پێی دەڵێی کابرا ! گوێ بدەرە من
ئەم شادییە سادەت شێتیی تەواوە

***

بە پەری شۆخت "فرانسواز" بێژە ٧
ئەم قسانە کە بە کەڵک مە نایێ
با بۆت بڵێ ئەو بەندە درێژە
چیرۆکی ماچی هەتا هەتایێ

***

مرۆ بۆچ ئەوها بیر دەکاتەوە
قەت ناچێ بەلای راستی و ریاڵتە ٨
خۆشی و ناخۆشی لێک ناکاتەوە
ئەی بۆ من گومان لێی ناکەم، ماڵتە !!

***

ئێوە چۆن دەژین، خەڵکی بەستەزمان !
بە خەندە و ستران، هەنگاوی پان پان
ئاسمانی جوان و دنیای دووزمان
بێزارتان ناکەن، قەت ناڵێن ئامان !!

***

باشە، چارەنووس گەر هات لە ناکاو
ئێوەی راپێچا بەلای هەیکەلێ
هەیکەلی عەشقی، ئاخ! لەبیر کراو
خۆ پەشێمانیی ناوداتێ هەلێ

***

ئەوسا دەزانن ژیان خەونێکە
تەمەنی هێندەی بڵقی سەر ئاوە
چونکە سەرابە و سەراب هەینێکە
نامێنێ کە پیاو دەیگاتە لاوە

***

هەی بەدبەختینە، ئەو بڵقی ئاوە
کە گیانی ئێوەی تێدا سڕ بووە
ئاسن نەرم دەکا ئەوترووکەی چاوە
خۆ پەشیمانی گەلێک لە دووە

***

گیانی تەزیوتان بە زەوی بەسترا

لەناو خاک و خوێن هەر دەخۆن خەمان
شەوتان بێ ئومێد، ڕۆژتان بێ چرا
هەر ئەوەیە کە پێی دەڵێن: نەمان
***
بەڵام کە هۆشتان هاتەوە سەرخۆ
دەپاڕێنەوە لە قاپی ئاسمانی
ئەوسا پێ بە پێ دەیچێنن وەک تۆو
فرمێسکی گیانی پڕ پەشیمانی
***
بەڵێ کۆتایی گشت شت نەمانە
دنیا خەونێکە کەم لەبەر چاوە
شادیش وەک پووشێ کە بە دەستمانە
لەپڕ بایێ دێ و دەیبا بەولاوە
***
بەڵێ، بەڵێن و ماچی یەکەم جار
کە پێکدی دەدەن دوو گراوی کەم ژیاو
لەبەر زەردگەڵای هەڵوەریوی دار
لەسەر گابەردی لە تۆز وەردراو
***
شایەتی عەشقی ئەو دوو گراوە
ئاسمانێکە کە لە گۆڕانە
لەگەڵ ئەستێرەی کە بە حەواوە
چاو دەترووکێنن بۆ ئەو کوڕانە
***
هەموو شت مردوو لەسەر رووی ئەرزا
گوڵ، مەڵ، زیندەوەر، کانییەکەی جاران

کە رووی ئەوانی تێدا دەلەرزا
ئێستاش نە کانیاو، نە وێنەی یاران

***

ئەوسا لەسەر ئەو هەوارگەی کاول
چنگێ دادەرنن لەو خۆڵ و خاکە
دەس بۆ دەس دەچێ و دەئاڵێ لە مل
گیانیان لە مردن گەڵێ بێ باکە

***

ژیران پێم دەڵێن: ئای کە بێهۆشی !
شاعیران دەڵێن: بەخوا دڵخۆشی !
کە ترست لە وڕەی با و خوڕەی ئاوە
ئەم خۆشەویستییەت لە کوێ هێناوە؟

***

من زۆر شتی دیم لەژێر خۆر دیوە
نەک هەر گەڵای دار، نەک هەر رەنگی گوڵ،
نەک هەر کەفی زێی کە هەر وەک زیوە
نەک جریوەی مەل، نەک دەنگی بولبول

***

چاوانم فێربووی هەزار شین و زار
رەشتر لە مەرگی جولیێتی نازدار
رەشتر لەو ژەهرەی کە لە شەوی تار
هەڵیدەقوڕاند رۆمیۆ بە یەکجار

***

من بە چاوی خۆم بینیم تاکە یار
شۆڕ دەکرێتەوە ناو گۆڕێکی رەش
گۆڕێکی تاریک تێیدا مشک و مار

ئەو لەشە نەرمەی دەگرنە باوەش

***

لە هێلانەی دڵ، بە شەوی تاری
دەمانهەژاند ئەو بێشکەی دڵداری
ئەوە بوو ژیان، ئەوە بوو جیهان
بەڵام هەزار داخ ! رۆیی یەکجاری

***

بەڵێ، جوانکە و جوان، جوانتر لە جاران
وەک جاری جاران چاو پرشنگاوی
لێوی نیو کراوەی دەنگی دەباران
کەمێکیش مەیلەو زەردەخەناوی

***

بەڵام نە دەنگ نە ئەو قسە خۆشانە
نە ئەو نیگایەی تێکەڵ بە هی من
دڵەی بەو پڕبووم بە دوای ئەو جوانە
دەگەڕا بەناو ئەو دەریای بێ بن

***

چەند خۆشە ئێستا بام ئاوێزانت
دەستێ بەرم بۆ سینەی سارد و سڕ
تا پێم بگوتبای: کوانێ پەیمانت،
بێ وەفا بۆچی جێت هێشتم لە پڕ!؟

***

نا، نا، وا بزانم ژنێکی بێ ناو
ئەو نیگا و دەنگەی لەگەڵ خۆیا برد
منیش هەیکەلی ساردم لە پێناو
ئەوەوە بەردا و رووم لە ئاسمان کرد

***

ئێ باشە ئەمە بۆچ دەبێ وا بێ!
دوا دەسلێکبەردان لە جوانی بێ گیان
ئیتر بێ باکم هەرچی دێ با بێ
من کە دڵداریم زۆر کرد لە ژیان

***

دەبا بەسەرما بکەوتە خوارێ
قورسایی ئاسمان پانم کاتەوە
چۆن خنکاو دەگرێ توند شەپکە دارێ
هێز نییە من لە (یاد) جیاکاتەوە

***

لام مەبەست نییە ئیتر جوانی
مرۆڤایەتی گاڵتە بازارە
گوێم لەوە نییە ئاسمان بەیانی
مردووان زیندوو دەکا دووبارە

***

یەک دووا وشە بێژم لەم جێ یە
سەردەمێک مەست بووم من بە دڵداری
من ئەم خەزێنە بە نرحەم پێ یە
دەیبەم بۆ ئاسمان، بۆ خوا بە دیاری

***

تەواو

سەرچاوە:

Alfred De Musset
Pages Choisies
Larousse - Paris

لەگەڵ کۆلێک زانیاری لە گوگڵ.

35
بەندبێژێکی ئەڵمانی سەردەمی ڕۆمانتیک



هاینریش هاینێ

Heinrich Heine

(١٧٩٧ - ١٨٥٦)

پێشکەشکردن و لە ئەڵمانیشەوە هەر بە شیعر وەرگێڕانی لیریکی (لە مانگە زۆر خۆشەکەی گوڵاندا im Wunderschoenen Monat Mai) بۆ سەر کوردی: **هۆمەر دزەیی**

هاینێ و هەڵبەست

هاینێ، پتر بە بەندبێژ، لیریک بێژ lyricist، (شایەر) بە واتا کوردییەکەی، نەک (شاعیر) بە واتا عەرەبییەکەی یان poet بە واتا لاتینەکەی " دەژمێردرێ.

لیریک lyric وشەیەکی گریکی/ لاتینە بە واتای هەڵبەستێکی سادە و

ساکار دێت کە داندرابێ بۆ ئەوەی بە دەنگ بگوترێت. لەبەر ئەوە، زۆرترایەتی لیریک شێوەیەکی فۆلکلۆریانەیان پێوە دیارە، میتەر و دوادەنگیان (meter and rhyme کێش و سەروا، وزن و قافیة)یان وەک هی شیعرێکی رێک و پێک دروست نین. لەوانەیە لە چوارینێکدا تەنها جووتێکی هاودوادەنگ بن، جووتەکەی تریان نا. یانیش لە هەمان چوارینا دێڕێک لەوانی تر درێژتر بێت و هەمان ریتمی موزیکیشی نەبێت واتا پێوانەی میتەری نەبێت. جا لێرەدا پیاو دەتوانێ، تا رادەیەک، (بەیت و بەند و باڵۆرە) ی کوردەواری خۆمان بە (لیریک) دابنێت و دانەرەکەشیان بە (شایەر) ناو بنێ. ئەوەندە هەیە کە لیریکی ئەورووپای ئەورۆ، یان باشترە بڵێین ئەرووپای پاش رێنێسانس renaissance، دانەرەکەی دیارە هەرچی بەیت و بەند و باڵۆرەی کوردەوارییە ئەمانە بە زۆریی دانەرەکانیان نەناسن. دەڵێم بە زۆری چونکە شایەری ناوداری کوردیشمان هەبوون کەناویان ماوە وەک عەلی هەریری، عەلی بەردەشانی و حەمەد شابان بۆ نموونە. ئەوەش هەیە کە هەمان لیریکی ئەورووپایی لە سەردەمی رۆمان و گریکەکانا ئەوانیش دانەری نەناسراویان هەبووە. وشەی (باڵۆرێ، لۆراندن، بلۆرێنە، ئەز دلۆرینم) کە یەکەمیان ژانرێکە لە گۆرانی گوتن لای سۆران زارەکان و ئەوانی تریش زۆر جار کرمانجەکانی باکوور بۆ گۆرانی و سترانی بەکار دێنن جا ئەمانە هەمووی، لە رووی ئێتیمۆلۆژییەوە تا رادەیەک، لە وشەی (لیرا، لیریک)ە گریکیەکەوە نزیکە. خۆی هەر (لیرا lyra) ئامێرێکی موزیکاڵی کۆنی گریکی بووە.

بابەتەکانی لیریک پڕن لە ئەویندارى و دڵی شکاو و جەرگی بڕاو و قارەمانەتیش. شێوازی دەربڕینی ئەو هەستانەش تۆزێ زیاد لە پێویست ئاگرین و بە سۆزە. جا سەبارەت بەو یەکلابوونەوانە پیاو نابێ شیعری هاینێ بەراورد بکات لەگەڵ شیعری شاعیرە گەورەکانی سەردەمی رۆمانتیزمی ئەڵمانی وەک گۆتە Goethe، شیلەر schiller، ئایشندۆرف

Eichendorf، نۆڤــالیس Novalis، مــۆریکە Moerike و زۆری تــر هەرچەندە کە هاینێ بە گەورەترین لیریکبێژی ئەڵمان دادەندرێ.

ئەم هەڵبەستەی کەوا لێرەدا لێی دەدوێم خۆی بژاردەیەکە لە ژمارەیەک کەرتی (ستانزا)ی جیاجیای لیریکێکی ناوداری هاینێ (لە مانگە زۆر خۆشەکەی گوڵاندا) کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە. لەبەر ئەوە پیاو دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی چەند ستانزایەک هەڵبژێرێت و ئەوانی تر بخاتە پشت گوێ یان پاش و پێشیان خا بێ ئەوەی واتای گشتیی لیریکەکە تێک بچێت.

من کە لە ساڵانی ١٩٦٥ -١٩٦١ لە پاریس دەمخوێند کچە ئەڵمانێکی دۆستم (ئینگە فرانکە Inge Franke) هەستی کرد کە حەزی زۆرم لە شیعر و ئەدەبیاتە بە تایبەتی شەیدای شیعری سەردەمی رۆمانتیکی ئەوروپاییم کە ئەو خۆیشی هەر وابوو. جا کە گەڕایەوە بۆ ئاڵمانیا لەوێوە کۆمەڵێک لەو لیریکانەی هاینێی بۆ ناردم کە خۆی بە دەست چاپی کردبوون و ئێستاش ماومن. لە پاشاندا خۆیشم دیوانێکی شاعیرم کڕی و سەیرم کرد پاش و پێش هەیە لەنێوان ستانزاکانی دیوانەکە و ئەوانەی ئینگە بۆی ناردبووم. دیاربوو ئینگە تەنها بەشێکی لەو لیریکە درێژەی هاینێی بۆ ناردبووم کە لە ٦٥ ستانزا پێک هاتووە. جا منیش هەڵستام لەم و لەو ئەم کۆمەڵەم هەڵبژارد کە پێم وایە چێژ و بۆیەکی تەواوی بەند و بەستە و شیعری کوردی و رۆژهەڵاتییان پێوەیە.

وەک دەیبینن، ژمارەی دێڕی ستانزاکان لە یەکتری جیان: ستانزای هەشت دێڕی و دوانزدە دێڕی و شانزدە دێڕیشیان تیایە. هاینێ زۆر لەوە پتریشی هەیە.

جا کە هاینریش هاینێ جۆش و خرۆش و سێنتیمێنتالیزمێکی بەو چەشنە هەڵڕێژتبێت، خۆ جێی خۆیەتی موزیککارە رۆمانتیکە ناودارەکانی ئەڵمانیا و نەمسای وەک شوبێرت و شومان و برامز و مێندەڵسن زۆرێک لەو

لیریکانەیان کردبێتە (لید Lied) کە ئەمەش ژانرێکە (genre) لە گۆرانی ڕۆمانتیکی بە زمانی ئەڵمانی و ڕاستییەکەی ناکرێ بەم چەشنە ئاوازە بگوترێ (گۆرانی song) و دەبێ هەر بە (لید) ناوی بێت هەر وەک کە بە هەمان پێوەر ناکرێ بە (حەیران و لاوک)ی کوردی بگوترێ گۆرانی بەڵکو هەر بە ناوی خۆیان، حەیران و لاوک. لیدی ئەڵمانی و حەیران و لاوکی کوردی کلاسیکن و جیاوازییان هەیە لەگەڵ گۆرانی ئاسایی کە ڕۆژانە گوێمان لێ دەبێ.

هاینێ ئەم لیریکەی لە دەوروبەری تەمەنی ٢٣ - ٢٠ساڵی دا نووسیوە. هی واشی هەیە کە بە ١٦ ساڵی نووسیوەتی. کە تۆزێ بەناوساڵدا چوو شیعرەکانیشی گەییوتر بوون و پتر لە شیعری ڕێک و پێکیان دەکرد.

هاینریش هاینێ بە دواترین شاعیری سەردەمی ڕۆمانتیزمی ئەڵمانی دادەندرێ. کاروانسەرا بووە لەنێوان بەسەرچوونی قۆناخی سێنتیمێنتالیزم و سەرهەڵدانی قۆناخێکی نوێ، قۆناخی ڕیئالیزم Realism. ئەو کاروانسەرایەی کە بە ئەڵمانی پێی دەڵێن (Spaet Romantik) واتا (دوادواییەکەی ڕۆمانتیزم) بۆیەکا بۆنی ماڵاوایی و نۆستالگیای لێ دێ.

هاینریش هاینێ ڕۆژی ١٧٩٧/١٢/١٣ لە خێزانێکی جوو لە شاری دوسڵدۆرف ی ئەڵمانیا لە دایک بووە. ویستوویەتی وەک باوکی کاری بازرگانی بکات بەڵام سەرکەوتوو نەبووە و چۆتە کۆلێژی (ڕەوا -حقوق). ساڵی ١٨٣١ بۆ یەکجاری بار دەکات بۆ پاریس و تا مرد لەوێ مایەوە.

بێ لە هۆنراوە دانان، هاینێ بە ڕۆژنامەوانیش خەریک بووە و کۆمەڵێک نووسینی لەسەر باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیلۆسۆفیکی ئەو سەردمە هەیە.

دەردێکی گران لە شەش حەوت ساڵی دوایی، ژیانی لێ تاڵ دەکات و لە ماڵەوەی دێخێت تا لە ڕۆژی ١٨٥٦/٢/١٧ ماڵاوایی لەم دنیایە دەکات.

ئەوەی خـــوارەوەش دەقـــی وەرگێـــڕدراوە کـــوردییەکەی (لە مـــانگە زۆر خۆشـەکەی گوڵانـدا) یە کە راستەوخۆ لە ئۆریگینـاڵە ئاڵمـانیەکەوە هەر بە شیعریش وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

هاینریش هاینێ

Heinrich Heine

لە مانگە زۆر خۆشەکەی گوڵاندا

Im Wunderschoenen Monat Mai

وەرگێڕانی هەر بە شیعر لە ئەڵمانییەوە بۆ کوردی: هۆمەر دزەیی

١

چەند خۆشە کە لە مانگی گوڵاندا
خونچە گوڵ لە باخ دەگەشێتەوە
ئەوسا ئەڤینیش دیسان دێتەوە
چرۆی لە دڵدا دەبوژێتەوە
چەند خۆشە کە لە مانگی گوڵاندا
جریوەی مەلان دەزرینگێتەوە
دڵەش لێیان بە وەرام دێتەوە
چیرۆکەکەی خۆی دەگێڕێتەوە

٢

هەر کە چاوەکەی مەستت هەڵدێنی
ناخۆشیی دڵم هەڵدەتەکێنی
خۆ ئەگەر ماچ کەم ئەو دوو لێوانە
بکەونە چنگم ئەو دوو سێوانە
سەر باوێمە سەر سینەت گیانەکەم
پێم بڵێی کوڕە، حەزت لێ دەکەم

ئەوسا مووچڕکی خۆشەویستی پێم
دادێ و لە خۆشییان هۆڕ هۆڕ دەگریێم

٣

دار چنارێک وا لە باکوور دیارە
بە تاکی تەنیا، لەسەر گردی رووت
بە بەفر و سەهۆڵ چەند گرانبارە !
پشتی چەماوە ئەو داری پەڕپووت
خەو دەبینێ بە پیرە دار خورمە
کەوا زۆر دوور لەو خاوەر زەمینە
بە تەنیا و بێ دەنگ لەو دەشتە گەرمە
بێزار و وەڕس لەو جۆرە ژینە

٤

گوڵ بۆ ئاوا بێ رەنگە !
کیژۆڵە لێو بە بارە
وەنەوشە بۆ بێ دەنگە !
لەناو ئەو چەمەنزارە
قومری بۆچ دەکا ناڵە !
لە تاقی ئاسمانا
قەت بووە بۆن تەپاڵە
لە داری ئەرخەوانا !؟
بۆچ بێ تینە ئەو خۆرە !
لەم سەرزەمین و ئاوە
بۆچ رەنگی خاک وا بۆرە !
چۆڵە و بۆتە کەلاوە
ئای لە خۆم چارە رەشێ !
بۆچ ئەوهام لێ قەوماوە !
خۆشەویستەکەم دەشێ
ئەمنت ئەوها داناوە !؟

خۆ تۆ جوانتری لە گوڵ
بەمەیی رەنگ و روخسار
کە دەتبینم خەمی دڵ
دەکشێ بۆ ژوور بەرەو خوار
هیوای دڵم ئەوەیە
دەخوازم لە خودای تاک
بتهێڵێ بەم نەشئەیە
وا جوان و گەش و رووپاک

٥

وا دێنەوە بەر چاوم
کۆنە دیمەنی کەژان
کە دەنگت دێ، هەناوم
بە جارێ دێتە هەژان
پێم مەڵێ تۆم خۆش دەوێ
دەزانم دوو شتی جوان
بەهار و بەزمی شەوێ
شەرمەزارن لە تاوان
پێم مەڵێ تۆم خۆش دەوێ
هەر ماچم کە بە کڕی
ژیکەڵێ لەمنت کەوێ
گوڵ وا یەخەی دادڕی

٦

خۆ لەمێژە بیستوومە
کە تۆش ئەمنت خۆش دەوێ
بەڵام وا پێت گوتوومە
ئیتر خەو لێم ناکەوێ
چوومە سەر لووتکەی چیایێ
دەستم درێژ کرد بۆ حەوا

چوومە کەنار دەریایێ
گریام لەگەڵ رۆژئاوا
دڵم خۆرە ببینی
ئەوها گەورە و پرشنگدار
کە لە دەریای ئەڤینی
نوقم دەبێ بە یەکجار
٧
دەچمە سەر لووتکەی چیایێ
دەبمە غەریب و غەمبار
خوا باڵی بدابوایێ
دەفڕیم بۆ لات هەزار جار
بریا بە بریای خوایێ
پەڕەسێلکە بام لە لات
هێلانەم بکردبایێ
بەرامبەر بەژن و باڵات
بریا بە بریای خوایێ
بولبول بام لەناو داران
بە شەو بمخوێندبایێ
لەبەر پەنجەرەی یاران
٨
شیعری من گشتی تاڵە
ئەی دەبێ چۆن بێ گوایە!
خۆت بۆت نەکردمە پیاڵە ؟
ژاراو وا لە خوێنمایە
شیعری من گشتی تاڵە
ئەی دەبێ چۆن بێ گوایە !
دڵ بۆیە دەکا ناڵە
ماری وەک تۆی تیایە

٩

لە خەو دەگریام شەوێ
لام وابوو مردووی، یارێ
هەرکە رابووم لە خەوێ
فرمێسک دەهاتنە خوارێ
لە خەو دەگریام شەوێ
لام وابوو لێم تۆراوی
هەرکە رابووم لە خەوێ
چاو هێشتا فرمێسکاوی
لە خەو دەگریام شەوێ
لام وابوو بووین بە هاوژین
هەرکە رابووم لە خەوێ
کەوتمە لەخۆدان و شین

١٠

خاک لەمێژ بوو قرچۆک بوو[١]
وا گوڵان[٢] تێی هێناوە
گشت شت کەوتنە هاتو چوو
هەر دڵم بێ بەش ماوە
گوڵ پێکەنین، مەل جووکان
زەنگوڵ[٣] دەنگی دایەوە

---

(١) مەبەست لە قرچۆکی خاک لێرەدا وەرزی زستانە.
(٢) لە دەقێکی پێشترێمدا لێرە وشەی (جۆزەردان)م بەکار هێنابوو بەڵام ئێستا گۆڕیومە بە وشەی (گوڵان) کە پێم راسترە.
(٣) مەبەست زەنگوڵی ملی ئاژەڵە کە لەو مانگەدا، دەست پێ دەکەن بۆ چێرینێ بەرەو چیایان هەڵکشێن.

کیژۆڵە ئێسک سووکان
دڵمیان پێ نەکرایەوە

***

سەرچاوە بە ئەڵمانی:

Heinrich Heine , Buch der Lieder - ١
Johannes von Guenther , Lyrik aus aller Welt, Liebesgedicht - ٢

36
شاعیری رۆمانتیکی نەمساوی نیکۆلاوس لێناو
(١٨٠٢ - ١٨٥٠) Nikolaus Lenau



باسی کورتەیەکی ژیانی و وەرگێڕانی ئەم هەڵبەستەی، هەر بە شیعر، لە ئەڵمانییەوە بۆ کوردی: هۆمەر دزەیی.

ژیانی نیکۆلاوس لێناو

لێناو لیریکبێژ (بەندبێژ) ێکی نەمساوی بوو، لە ١٣ی مانگی هەشتی ساڵی ١٨٠٢لە شارۆچکەی چادات لە هەنگاریا لەدایک بووە. ئاخر هەنگاریای ئەوساکە هێشتا بەشێک بوو لە ئیمپراتۆراتی ئەوسترۆ - هەنگاری و ئەو ناوچەیەی ئەو لێی دەژییا دانیشتوانەکەی هەموو ئاڵمانیزمان بوون. ئەمرۆ چادات نە هی هەنگاریایە و نە هی نەمساش، شارەکە لە ئەنجامی یەکەم جەنگی جیهانەوە بەر رۆمانیا کەوتووە و حکوومەتی رۆمانی ناوەکەشی گۆڕیوە بۆ (لێناوهایم Lenauheim) واتا لێناوئاوا.

ڕەنگە لێناو هەر بە زگماک سروشتێکی ڕۆمانتیک و مێلانکۆلیکی تێ زابووبێ. دەڵێن دایکیشی هەر وا بووە. بەڵام ئەو ژینگەیەی کە تێشیدا گەورە ببوو خوو و ڕەوشت و سروشتی لێناوی هێشتا غەمناکتر و ڕەشبینتریش کردبوو و وای لێ کردبوو تا مردنی هەر لەبن باری خەم و خەفەتاندا بژیت. لێناو هێشتا پێنج ساڵان بووە بابی، کە کارمەندێکی میری بوو لە بوداپێشت، دەمرێ. لەپاش ئەوە ئیتر ڕۆژی ڕەش بۆ ئەم خێزانە دەستی پێ کرد. لە بێ دەرامەتییان گوازتیانەوە بۆ (کاپێللا)یەک واتا پەرستگایەکی ناو گۆڕستانێک کە شوێنی ڕاگرتنی مردووان بوو پێش ناشتنیان. دایکی بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی ساڵی ١٨١١ شووی کردەوە. ئەم بارە سامناک و ناهەموارەی ناوماڵەکەیان و ئەو سەردەمە ڕۆمانتیک و سێنتیمێنتاڵەی تازە لە ئەورووپا سەری هەڵدەدا ئەمانە گشتی کاریان دەکردە سەر کەسایەتی لێناوی نەوجوان و بە مردنی دایکیشی ساڵی ١٨٢٩ بەجارێ نوقمی مێلانکۆلیزم بوو. بۆ ئەو، دایکی خۆشەویسترین و بەنرخترین کەس بوو لەو دنیایە و هەر ئەو خۆشەویستییەش بوو بۆ دایکی کە وای لە لێناو کرد خولیای ژنان بێت تا ژیانی خۆی لەسەر دانا.

لەو ماوەیە دەستی دابووە شیعر نووسین و یەکەم کۆمەڵە شیعری لە ساڵی ١٨٢٧ بڵاو کرایەوە و ناوە ناوەش هەڵبەستی لە ڕۆژنامەی مۆرگنبلات Morgenblatt بڵاو دەکردەوە. بۆ خوێندنی باڵاش چوو بۆ زانکۆی ڤیەننا و بۆ ئاڵمانیاش بەڵام چەندین ڕشتەی گۆڕی و هیچی بە هیچ نەکرد. دەڵێن ئەگەر لێناو سروشتە مێلانکۆلییەکەی لە دایکیەوە بۆ مابووبێتەوە ئەوا قۆزی و ژیانی قەرەج ئاسا و نەسرەوتن و نابەرپرسیاری و سەرەڕۆییەکەی لە باوکیەوە وەرگرتووە. لێناو، باوک ئاسا، بۆ ماوەیەکی درێژ لە یەک شار تۆتکەی نەدەگرت. زوو زوو باری دەکرد و وەک باوکی بەدوای ژیانی هایلایف و لوکسدا دەگەڕا. لە ڤیەننا ئاشنایی لەگەڵ نووسەری گەورەی نەمساوی فرانتس گریلپارتچەر Franz Grillparzer و موزیککاری

ناوداری نەمساوی یۆهان شتراوسی باوکدا Johann Strauss پەیدا کرد. ساڵی ١٨٣٠ داپیرێکی دەمرێت و کەمێک میراتی لەوەوە بۆ بەجێ دەمێنێت و ئیتر بەوە روو لە ئەڵمانیا دەکات و بۆ ماوەیەک لە شتوتگارت نیشتەجێ دەبێ. لەوێشا خۆی دەگەیەنێتە ناو بازنەی رۆشنبیرانی وەک (گوستاف شڤاب Gustav Schwab)ی شاعیر و زۆر شاعیر و نووسەر و بلاوکەرەوەی ناوداری ئاڵمانی ئەو سەردەمە.

ساڵی ١٨٣٢ وەک زۆر کۆچبەری دیکەی ئەورووپا لێناویش دەیەوێ بەختی خۆی لە دنیای نوێ، ئەمەریکا، تاقی بکاتەوە. ئیتر سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەچێتە ئەوێ بەڵام ساڵێک تەواو ناکات بە دڵشکاوی و دڵ ساردبوونەوەیەکی زۆر و رک لێبوونەوەیەکی بێ ئەندازە لە ژیانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و ڤیەننا و وەسفی ئەمەریکاش بە (وڵاتە بەرازاوییەکانی ئەمەریکا) دەکات.

لێناو و ژن

لە ژیانیدا نیکۆلاس لێناو حەزی لە زۆر ژنان کردووە لە ڤیەننا و ئەڵمانیا بەڵام ژنی نەهێناوە. بە ٢١ ساڵی ئاگری ئەوینداریی بۆ کیژۆڵە نەشمیلانەیەکی ڤیەنناوی تێ بەربوو.

کچەکە، بێرتا هاوەر Bertha Hauer، تا بڵێی شۆخ و شەنگ بوو بەڵام زادەی پەیوەندییەکی ناشەرعی ژنێک بوو کە لە ماڵان کارەکەریی دەکرد. لێناو کوڕێکی لە بێرتا بوو هەرچەندە کە بە تەواوی یەکلا نەبووەوە کوڕەکە لەوە یان نا. قسە هەبوو گوایا بێرتا پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ چەند پیاوێکی دیکەشدا هەبووە. کەچی سەرەڕای ئەو قسانەش، لێناو کوڕەکەی هەر بە هی خۆی دەزانی و ویستی بێرتا مارە بکات بەڵام دایک و زڕبابی لێ نەگەڕان.

یاری دووەمی خوشکەزایەکی (گوستاف شڤاب) ی شاعیر بوو لە شتوتگارت، لۆتە گمێلین Lotte Gmelin. لێناو نەک هەر مەست و

حەیرانی جوانیی لۆتە ببوو بەڵکو ئاشقی دەنگە خۆشەکەی و ژەنینی پیانۆشی. لێناو خۆیشی ڤیۆلین و گیتاری لێ دەدا. تەواوی شاری شتوتگارت خۆی ئامادە دەکرد بۆ شایی و زەماوەندی لێناو و لۆتە کەچی لەپڕێکا زاوا رای کرد بۆ هایدلبێرگ و ئیتر بەو رەفتارە نائاسایییەی ئەو پەیوەندییە نزیکەی کە لەگەڵ بنەماڵەی ناوداری شڤابی شاعیرا پێکی وەنابوو، هەمووی لە دەست دا. ساڵی ١٨٣٣لێناو گەڕایەوە بۆ ڤیەننا و ئەمجارەیان تا بن گوێچکەکانی نوقمی خۆشەویستی بوو بۆ ژنێکی بە مێرد، سۆفی فۆن لۆڤنتال Sophie von Loewenthal، کە ژوورێکی لای ئەو ماڵە بە کرێ گرتبوو. سۆفی ژنی کابرایەک بوو کە زۆر حەزی لە ئەدەبییات دەکرد و زۆر بەخۆشییەوە ژوورێکی دا بە شاعیرێکی لاوی وەک لێناو کە ناوبانگی لە نەمسا و ئەڵمانیا دەرکردبوو. لێناو زۆر بە جددی حەزی لە سۆفی دەکرد بەڵام ئەو، کە دیڤایەکی Diva سالۆنە ئەریستۆکراتەکانی ئەو سەردەمەی ڤیەننا بوو، نەیدەویست ئەو خۆشگوزەرانییەی کە لەگەڵ مێردە دەوڵەمەندەکەیدا هەیبوو بۆ شاعیرێکی لاوی لات لەدەست بدات. سۆفی خان بێکەیفیی خۆی لەگەڵ لێناوا نەدەکرد بەڵام لەخۆشی تێک نەدەدا و شاعیری ئاشق و شەیدای هێندەی تر خستبووە جۆش و خرۆشەوە. چەندین ساڵی پێ چوو ئەو پەیوەندییە بێ ئاکامەی نێوان دولبەر و دڵدار هەر بەردەوام بوو. بەڵام لێناوی مێباز بە نهێنی لەملا و لەولاشەوە چەندین یار و گراوی تری گرتبوو. تا ساڵی ١٨٣٩ کە چاوی بە بەناوبانگترین گۆرانیبێژی ئەو سەردەمەی ڤیەننا، کارۆلینە ئونگەرKaroline Unger کەوت و یەکسەر ئاشقی یەکتری بوون. هەردوو گراو رێک کەوتبوون ببن بە هاوسەر بەڵام سۆفی پێی زانی و دڵی لێی کرمێ بوو. لێناوی بانگ کرد بۆ لای خۆی و پێی گوت کە پێکهێنانی خێزانێک لە ژنێکی بەناوبانگی دەوڵەمەند و شاعیرێکی تازە پێگەیشتووی لات هەرگیز سەر ناگرێت و پێی گوت رۆڵە ئەقڵت بێنەوە سەر خۆت و خۆت سووک مەکە. لێناو سەلماندی و

دەستی لە کارۆلینە هەڵگرت.ساڵی ١٨٤٤ لێناو لە شاری بادن بادن لە ئەڵمانیا چاوی بە ماری بێرێندز Marie Behrends دەکەوێت و دڵیان دەچێتە یەک. دیسان سۆفی عەیار دەکەوێتە بەینێ و لێی تێک دەدات. سۆفی ئەمجارەیان کارتەکان بە جۆرێکی تر، بە پێچەوانەی ئامۆژگارییەکەی پێشتری تێکەڵاو دەکات بەو بیانۆیە کە کچە زۆر دەسکورتە و بۆ ئەو دەست نادات.

هەر لەوساڵەدا (١٨٤٤) لێناو لە ماڵە برادەرێکی نانی بەیانی دەخوارد. لە پڕێکا هەست بە ژانێکی زۆر ناخۆش لە دەموچاوی دەکات. یەکسەر رادەکات بۆ بەردەم ئاوێنە و دەبینێ لایەکی دەمی و روومەتی گێڕ بووە. بەمە ئیتر دنیای بە تەواوی لەبەرچاو رەش دەبێت. هەر دوا بەدوای ئەوە و، رەنگە هەر لە خەفەتانیش، باری دەروونی تێک دەچێت و هێندەی پێ ناچێت ئەقڵیشی لە دەست دەدات و دوا شەش ساڵی ژیانی لە نەخۆشخانەیەکی نەخۆشانی هۆش لە ئەڵمانیا و لە پاشانیش لە نەخۆشخانەیەکی هاوشێوە لە (ئۆبەر دۆبلینگ Oberdoebling) لە نزیک شاری ڤیەننا بەسەر دەبا. لە بەیانی رۆژی ١٨٥٠/٨/٢٢ لێناو ئەم دنیایە بەجێ دێڵێ. ئاخیرین یار و دولبەری (ماری بێرێندز Marie Behrends) کە چەندین جار لە نەخۆشخانە سەردانی دەکرد دوای مردنی لێناویش شووی بە کەس نەکرد. لێناو لەسەر داخوازی خۆی کە لای خوشکێکی وەسیەتی کردبوو لە گۆڕستانێکی چکۆلانەی گەڕەکی (ڤێرینگ Waehring) لە ڤیەننا بەرامبەر زێی دانوبی شین بە خاک دەسپێردرێ.

شیعرەکانی لێناو

سەرەڕای ژیانی کورتی تراژیکی، نیکۆلاوس لێناو بە یەکێک لە گەورەترین شاعیرانی سەردەمی رۆمانتیکی نەمساوی دەژمێردرێ. شاعیرانی گەورەی ئەڵمان و ئینگلیزی وەک گۆتە و ئایشندۆرف و بایرۆن کارێکی زۆریان کردبووە سەر لێناوی لاو.

مۆرکی سەردەمی رۆمانتیزم لە ئەورووپا، کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی

نۆزدەهەمەوە دەستی پێ کردبوو و تەواوی سەدەکەی خایاند، لە هەموو بوارێکی فیکریدا و بە تایبەتی لە بواری ئەدەبییات و موزیکدا خۆی دەنواند. لە شیعرەکانی نیکۆلاوس لێناو ژانی ژیان و فۆرم و بابەتی شیعری Weltschmertz زۆر بە روونی و بە پەرۆشەوە رەنگی دەدایەوە. مێلانکۆلیزم و بە تایبەتی رۆمانتیزمی لیریکبێژەکان هەر بەو شێوەیە دادەرێژران کە رەشبینی و سەردولکەی لێ بتەنێتەوە.

دەکرێ لیریکەکانی لێناو بەسەر سێ قۆناخدا بپۆلێندرێن:

یەک: بەندە کورتەکانی لەسەر ژیانی لادێ (١٨٣٢ ، ١٨٣٨ ، ١٨٤٠).

دوو: ئێپیک epic، واتا بەیتە درێژەکانی وەک فاوست، سافۆنارۆلا، دی ئالێگنزەر کە بابەتی زۆرترایەتی ئەم بەیتانە سیاسی بوون و بۆنی ئەو گۆڕانە شۆڕشگێرانەیان لێ دەهات کە شۆڕشی فرانسی و نەپۆلیۆن بەسەر ئەوروپایاندا هێنابوو.

سێ: هەندێ لیریکی پێدا هەڵگوتن بە قارەمانیەتی پەناهەندە پۆلۆنییەکان کە لە دەست جەوری روسیای قەیسەری رایانکردبوو بۆ ئەڵمانیا.

جا سەبارەت بەو هەڵبەستانە، شتێفان تسڤایگ Stephan Zweig نازناوی (شۆپانی لیریک)ی لە لێناو نا. لێناو چەند پارچە هەڵبەستێکیشی دانا لەسەر ئەو ستەمکارییەی کە ئەمەریکاییە سپی پێستەکان دەرهەق بە هیندییە سوورە دانیشتووە رەسەنەکانیان دەکرد کە لە ئەمەریکا بە چاوی خۆی بینیبووی. لێناو چەند شیعرێکی زۆر هەست بزوێنیشی لەسەر تاڤگەکانی نیاگارا و ئۆکیانۆسدا نووسیوە کە لە سەفەرە ناسەرکەوتووەکەی ئەمەریکایدا بینیبوونی.

بە پێی شارەزایان هەسپی شیعریی لێناو پتر لە کایەی لیریکە کورتەکانیدا تاوی دەسەند. ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە لیریکەکانی لێناو موزیکیان بۆ داندراوە و کراون بە (لید Lied) کە جۆرە ئاوازێکی زۆر سێنتیمێنتالی سەردەمی رۆمانتیک بوو لە ئەڵمانیا و نەمسا. ٨٠٥ موزیککاری ئەو

سەردەمە و هی دواتریش لیریکەکانی لێناویان کردووە بە گۆرانی لە ناویاندا: رۆبێرت شومان، فرانتس لیست، مێندلسن، هێکتۆر بێرلیۆز، ماکس بروخ، هوگۆ ڤۆلف، گوستاف مالەر، ریچارد شتراوس، ئارنۆلد شۆنبێرگ . ئالبان بێرگ و زۆری تریش.

ئەمرۆ چەندین خەڵاتی ساڵانە لە ئەدەبیاتدا بە ناوی نیکۆلاوس لێناو بەخش دەکرێن. حکومەتی نەمسا خۆیشی خەڵاتێکی ساڵانەی تەرخان کردووە بۆ ئەدەبیاتی ئەوروپی. هەروەها کۆمەڵەی هونەرمەندان لە شاری ئێسلینگن ساڵانە (خەڵاتی نیکۆلاوس لێناوی نێونەتەوەیی بۆ لیریک) بەسەر باشترین لیریکبێژدا دابەش دەکات. ئەو خەڵاتە ساڵی ١٩٩٩بەر لیریکبێژی کۆسۆڤۆیی عەلی پۆدریما کەوت کە بەیتێکی دانابوو هەر دەتگوت سەردولکە و لاواندنەوەیە بۆ گیانی لێناو.

تێ بینی

ئەم زانیاریانەی سەرەوەم لە وێبسایتی نیکۆلاوس لێناو بە ئەڵمانی و ئینگلیزی کۆکردۆتەوە و بۆ ئەم وتارەم ئامادە کردووە.

ئەمەی خوارەوەش یەکێکە لە لیریکەکانی لێناو کە لە زمانە ئۆریگیناڵە ئەڵمانییەکەوە هەر بە شیعر وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی:

نیکۆلاوس لێناو

داماو لە نێوان دوو حەزاندا

کە وشە لەم گوڵدەمەت دەبارێ

ئای کە لێت دێ و پێی جوان دەبی!

خۆ کە بێدەنگیش دەبیت بە جارێ

ئای کە لێت دێ و پێی جوان دەبی!

جا توخوا بێژە چی بڵێم گیانەکە

پێت بڵێم بدوێ، یان قسان مەکە!

دەبا گیر بخۆم لە نێوان

ئەم دوو حەزە سەر سوڕمێنە

تاوێک بێدەنگ بە، تاوێ بمدوێنە

ئەگەر پێت خۆش بوو

بە گوێمیدا بچرپێنە

یان با لەناو دڵتا بێت و مەیدرکێنە

ئەوەی مەبەستمە و

هەر هەندەم دەوێ

بە جۆرێ پێم بڵێ

" من تۆم خۆش ئەوێ "

37
کوردستان بۆتە خەمستان

ئەم چەند دێڕە هەڵبەستەشم کاردانەوەیەکی پڕ لە خەم و پەژارەمە بۆ تێکچوونی باری سیاسی و جۆگرافی و ئابووریی ئەم دواییانەی کوردستان کە بە داخەوە، تا ئەندازەیەک، لە کەمزانیی خۆمانەوەی بێ ئاگا لە پلان و تەگبیری پێشتر بە حیساب داڕێژراوی نەیارەکانمان تێی کەوتووین. سەرەڕای ئەوەش نابێ بکەوینە بەر هەستی رەشبینی و داڕمانی ورە چونکە ئەگەر بە مێژووی کوردا دابچینەوە نموونەی وامان زۆرن، گرنگ ئەوەیە لێی فێر ببین هەرچەندە کە مسۆگەریش لە سیاسەتا نییە بە تایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە سنووری وڵاتەکەمان هیچ سەرەدەرێکی بۆ سەرئاوێک یان وڵاتێکی دۆست یان هەرنەبێ بێلایەن نییە، لە هەموو لایەکەوە دەورە دراوە بە نەیار ئەو نەیارانەی کە هەر یەکە بۆخۆی بەشێکی کورستانی دابەشکراوی بەرکەوتووە و ئاسان نییە دەسبەرداری بێ.

بە داخەوە لە سیاسەتیشا زۆر جار جیۆپۆلیتیک بڕیاردەرە.

کوردستان بۆتە خەمستان

هۆمەر دزەیی

کورد چرای کز بۆتەوە

وا داخرا دووکانییان

هەوری رەش داکشاوەتە سەر

گشت زەوی و ماڵانییان

وەک مەڕی بێ شوان نەزانێ

روو لە کوێ بکا، چی بکا !

گاگەلیشیان چاوەڕێ یە

کەی بگات گاوانییان

جووجەڵە و مامر لە برسان

فڕکە فڕکیانە، خودا !!!

بەو شەوەزەنگە بە بێکەس

کوانێ ئاو و دانییان ؟

جارێ با وا بێ بەڵام خۆ

مێژوو هەر ئەخولێتەوە

کورد لە ئاوی قووڵتریشی داوە

قەت تەڕ نەبوە پێ و دامانییان

***

38
ئەمەشیان بەشێکە لە چیرۆکە بەندێکی زۆر درێژترم هەر لەسەر باری نالەباری ئەمڕۆی وڵاتەکەمان.

کوردستان یان ژەهرستان

ئەمڕۆ کوردستان
وا ژەهرستانە
وڵاتی لات و
دەردەدارانە
تۆ بچۆرە دێهات
هەر لەسەر ڕێگات
دێنە بەرچاوت
وێنەی کارەسات
لووتت پڕ دەبێ
بەو بۆن بۆگەنە
چاوت لێڵ دەبێ
بەو قێزەوەنە
عەلاگەی نایلۆن
بە هەزارانە
بڵاو بووەتەوە
لەو زەویە جوانە
سەکی بەرەڵاش
گەر شانسیان هەبێ

وشکە ئێسکەکان
ژەمی ئەوانە.
بڕۆ بۆ گوندان
ببینە زەوی
بە خۆڵ و خاشاک
بۆتە زبڵدان
کورە ئەدی جۆگەی
پالاوگەی نەفتان
لەو زەویە سەوزەی
پڕ گوڵاڵەی جوان
خۆ جارێکی تر
بۆ چاندن ناشێ
ئەوەیە خاکی
ڕەنگاو ڕەنگمان ؟!؟!
بەرەڵاییە
بەرەڵاییە
لەم کوردستانە
کەس بە کەس نییە
بەرەڵاییە
بەرەڵاییە
ئەم کوردستانە
داخی بە جەرگم
خەمخۆری نییە
***

ئەمانەی خوارەوەش چەند گۆرانی تازەمن کە هێشتا تۆمارم نەکردوون و هیوادارم بەر لە چاپبوونی ئەم کتێبە تۆماریان بکەم و بکەونە دەستی گوێگرانەوە.

39
من و دڵەکەم

لیریک: هۆمەر دزەیی

ئاواز: دوو دێڕی یەکەم فرەنسی (گۆرانی: کلۆدۆ سێرێنادە)، باقییەکەی: هۆمەر دزەیی

مەیامی، فلۆریدا ٢٠٢٠/١٢/٣٠

دەردۆ، بێ دەرمانۆ

کوانێ ئەز کوا کوڕەکەی جاران

هەردۆ، بێ بارانۆ

کوانێ رەز کوا گرمەی گەواران

***

ساڵانی جەوانیم

رابواردنی شەوانیم

دەهێننەوە یادم

گرتنی مەمکی کیژ و کاران

***

دڵەکەم سەیرت ئەکەم

هەست ئەکەم تۆ هێشتا هەر لاوی

ویستم بە قسەت نەکەم

وتت هەتیم تۆ هێشتا هەر باوی

***

ماچی نێو مەمانی

لێوی نەرم و نیانی

دەهێننەوە یادم

دەس لەملانەی سەر رێی کانی

***

ماچی نێو مەمانی

گرتنی شلکەی رانی

دەهێننەوە یادم

دەس لەملانەی تا بەیانی

***

40
جاری جاری جاری [1]

لیریکی کوردی: هۆمەر دزەیی، وەرگێڕانی لیریکە ئۆریگیناڵە ئیسپانییەکەیە بە ناوی کیشاس کیشاس کیشاس quizas quizas quizas بە کەمێک دەسکاریی پێویست.

لیریک و ئاوازە ئۆریگیناڵەکە: ئۆسڤالدۆ فارێس Osvaldo Farres خەڵکی کوبا.

تێبینی:

کاتژمێر ١:٣٠ی دوای نیوەشەوی ٢٠٢٠/١٢/٢٤ لە شاری مەیامی، فلۆریدا، نووسیومە . راستە وشەی (جاریٚ) واتای (کیشاس) ی ئیسپانی و (پێرهاپس) ی ئینگلیزی نییە بەڵام بۆ کوردییەکە ئەم وشە - وەک کە لە هەردوو زمانەکەی تر - دوو بڕگەیی یە رێک لەگەڵ ئاوازەکە دەگونجێت و واتاکەشیان لێک نزیکن.

هەر جاری لێت ئەپرسم

کەینێ و لە کوێ بتبینم

بەڵام وەرامی یاریٚ

جاریٚ جاریٚ جاریٚ

***

[1] من لە ساڵی ١٩٥٤ کە خوێندکاری ئامادەیی بووم لە کەرکوک ڤێرژنە ئینگلیزییەکەی ئەم گۆرانییە ئەوسا زۆر باوەم perhaps perhaps perhaps لە ئاهەنگێکی قوتابخانەکەمان لەسەر شانۆ پێشکەس کرد کە ژمارەیەک کارمەندی ئینگلیزی کۆمپانیای نەوتی IPC میوان بوون و دەسخۆشانەی زۆرم لێ کرا.

بەم جۆرە رۆژ رەت دەبن

من هەر چاوەڕوانی تۆم

بەڵام وەرامی تۆ بۆم

جارێ جارێ جارێ

***

تاکەی کاتت دەمرێنی

بە داماوی، بە داماوی

توخوا بۆ نایدرکێنی

بە دڵ لەگەڵ من نەماوی

***

بەم جۆرە رۆژ رەت دەبن

من هەر چاوەڕێی بوارێ

کەچی وەرامی یارێ

جارێ جارێ جارێ

41
سکاڵا

لیریک: هۆمەر دزەیی

ئاواز: رووسی و هۆمەر دزەیی

سەت ساڵیش ژیابین
هێشتا هەر کەمە
بەڵام بێ پیری بێ
پیری هەر خەمە
بۆیە بریا جوانی هەر لە
ئێستا بوەستێ
چەرخی گەردوونیش لە
جێی خۆی راوەستێ

***

ئارەزووی گەنجانە
هەر وا بمێنن
زەمەن، تەمەن گیانە
پیری مەهێنن

گولاڵەی بەهار بۆ وا زوو

سیس و ژاکاو بێ

ساڵانی جوانی بۆ

وا زوو تەواو بێ

***

42
چیرۆکی یەکەم ئەڤینیم

لیریک: محمد عەلی ئاغا دزەیی (برازازای هۆمەر دزەیی)

ئاواز: هۆمەر دزەیی

تۆ چیتر لام نیت

خۆشەویستەکەم

تەنها بۆنەکەت

بۆم ماوەتەوە

بەدبەخت، پەریشان

هەر چەندی دەکەم

سەبووریم نایە

دڵ سارد بووەتەوە

***

ئای کە سەرخۆش بووم

بە قسەی خۆش و جوان

بە خەیاڵ دەچووم

بۆ بنی ئاسمان

چونکە تۆ پەریی

ئاسمانی من بووی

هەویێنی شیعر و

داستانی من بووی

***

نەمزانی دڵت

پڕ لە درۆیە

منت بەجێ هێشت

بەم سفت و سۆیە

ئێستاش لە ئەنجام

یەکەم ئەڤینی

دڵی شووشەم وا

بەر دەبێتەوە

مۆمم نە شەوقی

ماوە نە تینی


شووشەش کە شکا

چاک نابێتەوە

***

43
کورتەهەڵبەست

ئەمانەی خوارەوەش هەندێ کورتە هەڵبەستی، یان چاکترە بڵێم چەند بەندێکی کۆن و تازەشمن کە بە بۆنەی جۆراوجۆر دامناون، بۆنەهای شین و شادی.



بۆ شەهیری جوانەمەرگ

١٩٤٤ - ١٩٩٣

شەهیر کوڕی نورەددین ئاغای رەشید ئاغای هەولێری بوو، لە باوك و دایکییەوە لە دوو بنەماڵەی زۆر خانەدانی شاری هەولێر و ئامۆزای قوربانییەی گەورەکەی کوردستان، رەمزی نافیع ئاغا بوو. من لە کتێبی پێشترم (لە دووگردکانەوە بۆ بنی دنیا) بە درێژی چیرۆکی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەمی رەمزی جوانەمەرگم گێڕاوەتەوە.

لەگەڵ شەهیری جوانەمەرگیشا سێ ساڵی تابڵێی خۆشمان لە ئەڵمانیا و لە نەمسا بێکەوە بەسەربردووە، ساڵانی ١٩٦٥و ١٩٦٦ و١٩٦٧ و لە کتێبی گۆریندا باسی ئەوەشم کردووە.

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە شەهیر ساڵی ١٩٩٣ کە هێشتا چوارەم دەیەی تەمەنی تەواو نەکردبوو دڵە ناسکەکەی لە پڕێکا لە لێدان وەستاو ماڵاوایی ئەبەدی لە چوار جگەر گۆشەکانی، شایان و ڕێنوار و کۆسار و تەوار و هاوسەرە میهرەبانەکەی ئاراز خانی عزالدینی مەلافەندی کرد. جگە لە دۆستایەتی و نزیکاتی زۆرم لەگەڵ شەهیرا، ئارازخان خۆیشی پوورزازای خۆمە، کچی وەهبیەخانی نەعیمەخانی پوورمە، واتا نەنکی ئاراز خوشکی گەورەتری دایکم بوو.

کە شەهیر جوانەمەرگ بوو ئەمن بە ماڵەوە لە ئەمەریکا گیرسابووینەوە و کە خەبەرە ناخۆشەکەیان دامێ ئەم لاواندنەوەیەم بۆ هات.

بۆ شەهیری جوانەمەرگ

دۆستی دێرینی وڵاتانم ڕۆ

برای شیرینی نەوجەوانم ڕۆ

شەهیر بۆچ وا زوو ئەم کۆچی ناوەخت!

چرای کوژاوەی دیوەخانم ڕۆ

***

شەهیر توخواکەی کۆزت ساوا بوو

شەهیر توخواکەی کەی پەیمان وا بوو ؟

هاوارتە لە من برای جوانەمەرگ

هێشتا بەیان بوو، چۆن ڕۆژ ئاوا بوو !!!

هۆمەری دزەیی
ئەمەریکا
١ / ٢ /١٩٩٣

44
بە یادی کاکە ١٩٤٢ - ٢٠٢٢



ئەم چەند دێڕە لاواندنەوەشم بۆ کێلی گۆڕی ئامۆزا و برادەری منداڵیم کاکە عبد القادر، کە هەر بە کاکە ناسراو بوو، نووسیوە.

بە یادی کاکە

کاکە گیان جێت چەند دیارە

هەر جاری دەڕوانمە دوواوە

نە ئەو بوار، نە ئەو هەوارە

دەنگی تۆی تیا دەزرینگاوە

***

هەر لە ساڵانی منداڵی

هاوڕێ و هۆگری یەکدی بووین

هاوبەشی شیرینی و تاڵی

ڕۆژانی شار و گوندی بووین

***

ڕۆژێک بە مۆڕیم نەدیبوو

دڵی کەسی شکاندبێ

بۆیە هەر چاکەی ڕنیبوو

یەکێک هەر چاکەی چاندبێ

***

کاکە خوا زۆر میهرەبانە

تۆ لەناو گۆڕی تەنگا نیت

جێت بەهەشتی فرەوانە

تۆ لەبن بەردی سەنگا نیت.

هۆمەر دزەیی

شەوی ١٩ /٨/ ٢٠٢٢

45
بۆ رۆشەنبیری ناوداری کورد نەزەند بەگیخانی



هێ نەزەنددێ بەگیخانی

سەت ماشەڵلا چەندە جوانی


پێتوە دیارە خانەدانی

خۆ تۆ نەوەی جەنگیز خان نی

ئەو پاشناوەت لە کوێ هانی ؟

هۆمەر دزەیی

***



دیارییە بۆ هونەرمەندی گەورە، هانی:

بۆ هانی

بۆ دەنگێکی فریشتاوی

بۆ جوانێکی ئەفسوناوی

هانی، فرە خان و مانی


ئەم دیارییەم بۆ تۆ هانی

هۆمەر دزەیی

هەولێر

٣٠ /٤ / ٢٠١١

****



بۆ دەشنێی جوان و لە زۆر بوارا شارەزا

بۆ دەشنێ

دەشنێ وەک شنەی بای شەماڵ نەرمە

دەشنێ خوێن شیرین دەشنێ خوێن گەرمە

دەم و ددانت تیلەی چاوانت

تیرە لە دڵما و لە کەللەی سەرمە

دەشنێی ژیکەڵە قشت، نەشمیلانە

لە قسەکردنیشا هونەرمەندانە

هۆمەر دزەیی

هەولێر

٣٠ / ٤ /٢٠١١

****

ئێمەش هەمانە
و
لە پێش هەموانە

فەرەنسیەکان BB (بریژیت باردۆ)یان هەیە.

ئیتالیەکان CC (کلۆدیا کاردینالێ)یان هەیە.

ئەمەریکییەکان MM (مارلین مۆنرۆ)یان هەیە.



ئێمەی کوردیش وەک ئەیبینن AA ئەی ئەی (ئەڤین ئاسۆ)مان هەیەو، سەرقافڵەیە.



کۆرە ئەدی NN (نوخشە ناسیح)!! خۆ ئەویشمان هەم جوانە هەم قسە رەوانە.

46
بەندێکی جوان

ئەم بەندە جوانەم لە فۆلکلۆری فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی

گوتم کیژۆڵە خان و مان

گوتی، گیان !

گوتم کوێت ماچ بکەم؟

گوتی، لێوان !


گوتم ئەی جێی شەوێم لە کوێ یە ؟

بە دەست ئاماژەی کردە

سەر سینگ و مەمکان


***

47
ساڵرۆژی لەدایکبوونی هەر چوار منداڵەکانم



هۆمەر دزەیی لەگەڵ رووناک خانی هاوسەری

ئەمانەش چەند چوارینە بەندێکن کە بە بۆنەی رۆژی لە دایکبوونی هەر چوار جگەرگۆشەکانم نازدار (١٩٧٣)، لارا (١٩٧٤)، کاروان (١٩٧٦)، کۆچەر (١٩٨٢) دامناوە کە هێشتا لە تەمەنی زۆر بچووکا بوون.



پێنجەمینساڵڕۆژی لە دایکبوونی نازدار

٢٨/ ١ /١٩٧٨

نازداری بابەی نازداری دایەی

هەر ئەتۆ کابەی هەر تۆ سەرمایەی

هەوەڵ گزنگی رۆژی نوێ بووی

هەر خۆت گۆرانی و موزیک و نایەی

***



چوارەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی لارا

٦/ ٢ /١٩٧٨

لارۆکەی خرپن قسە خۆشەکە

هەی ماچ خۆشەکە هەی بەجۆشەکە

وا بووی بەچوار ساڵ سەتی دی لەپاڵ

هەر بە حیتەی تۆ دەگەشێتەوە ماڵ

***




دووەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی کاروان

٢٦ / ١ / ١٩٧٨

هۆ هۆ کاروانچی رۆژت لێ هەڵات
کاروانی خێر بی بۆ کورد و وڵات
خودا بتهێڵێ بە رەوشتی چاک
بتاکاتە خاوەن کۆشک و دەسەڵات

***



سێیەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی کاروان

٢٦ /١ / ١٩٧٩

بۆ کوڕێکی قۆز لە باوکی دڵسۆز
بە بار دەنێرم ئاوازی بە سۆز
سێ ساڵت بڕی لە ڕێی ژیانا
یاخوا سەدی دیش بکەیتە پیرۆز

***




سێیەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی کۆچەر

٢٢/ ١١ / ١٩٨٥

کۆچەر گیان چەندە جنێوفرۆشی
هێندەش بە جووڵە و سەما و رووخۆشی
دەڵێن منداڵی خوو و رەوشت لاسار
پاشان دەبێتە پیاوێکی دیار

***



شەشەمینساڵڕۆژی لە دایکبوونی کۆچەر

٢٢ / ١١ / ١٩٨٨

ئەوسا ساڵ و نیوێک دەبوو کە لە دەست ڕێژیمی بەعس لە عیراق ڕامان کردبوو و ماوەیەک لە ئێران و لە نەمسا ماینەوە تا دوا هەوار لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٨٨ وەک پەنابەر گەیشتینە ئەمەریکا .

کۆچەر گیان ئەتۆش وەک من کۆچەری

بەو منداڵییەت وا دەر بە دەری

ئێران و نەمسا ئێستاش ئەمریکا

دڵنیام لەوەی کە قاڵت دەکا

***

ئەلبومی وێنەکان




هۆمەر دزەیی بە ١٢ساڵی




بە ١٤ ساڵی






بە ١٦ ساڵی






به ١٦ ساڵی






به ١٨ ساڵی



بە ١٨ ساڵی



بە ١٩ ساڵی




هۆمەر دزەیی بە ١٩ ساڵی



بە ٢٠ساڵی



بە ٢٢ ساڵی



هۆمەر ١٩٦٩



هۆمەر ١٩٦٧




هۆمەر ١٩٥٧



هۆمەر دزەیی و(کریستا ریشتەر)ی
دۆستـ. ڤەننا ١٩٥٧



لەچەپەوە: برایم دزەیی کچێکی ئەڵمانی،
هۆمەردزەیی، هانۆڤەر- ئەڵمانیا



هۆمەر دزەیی ١٩٥٣



هۆمەر دزەیی و کریستا ڕیشتەر ڤیەننا ١٩٥٨



لە چەپەوە: هۆمەردزەیی، ماهیر نورەدین ئاغا، شەهیر نورەدین ئاغا
بەغدا ١٩٦٧



میونیخ ١٩٥٩ لە ڕاستەوە دووەم هۆمەر دزەیی سێیەم محمود المعمار



خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی ئانکەرە وەستاوەکان لە چەپەوە:ئەحمەد فەتاح دزەیی ،ئەنوەر دزەیی(برای هۆمەر) ، محمد سەرسۆر دزەیی، دانیشتووەکە هۆمەر دزەیی



هۆمەر دزەیی و هونەرمەندی عێراقی یوسف العاني ڤیەننا ١٩٥٧




هۆمەردزەیی لەگەڵ گوڵفرۆشانی ڤیەننا ١٩٥٨




لە چەپەوە: هێلگا شلاپشی، پووری هێلگا، دایکی هێلگا، هۆمەردزەیی




هۆمەر گۆرانی بۆ عەرەبەکانی ڤیەننا دەڵێ ١٩٥٧




ئەوانی پێشەوە: هۆمەر دزەیی فیصل الیاسري، ئەوەی دواوە مازن الیاسري
ڤیەننا ١٩٥٧ یان ١٩٥٨



هۆمەر و دوو کچی ئەڵمان و کچێکی چینی لە شاری بیزانصۆن



ئەوەی چەپ نەجیب خەفاف دووەمی دەستە ڕاست هۆمەر – مۆسکۆ



هۆمەر دزەیی و دۆستی ئاڵمانی ئینگە فرانکە لە شاری



هۆمەر دزەیی و چەند دۆستێکی لە شاری بیزانصون لە فرانسا



لە چەپەوە: مالك الياسري، هۆمەر دزەیی، باري الشيخ علي، ڤیەننا ساڵی ١٩٥٨



ئانکەرە ١٩٥٥ وەستاوەکان لە چەپەوە: هۆمەردزەیی، ئەحمەد فەتاح دزەیی، محمد سەرسۆر دزەیی، دانیشتووەکان لەچەپەوە:ئەحمەد سەعدی بادینی، انور دزەیی(براگەورەی هۆمەر)،



ئانکەرە ١٩٥٥ وەستاوەکان لە چەپەوە: هۆمەردزەیی، ئەحمەد فتاح دزەیی، محمد سەرسۆر دزەیی، جمال عبدالقادر حماوي، دانیشتووەکان لەچەپەوە: خالید دزەیی، انور دزەیی




هۆمەر و چەند برادەرێکی لە شاری بیزانسۆن، فرانسا ١٩٦١



هۆمەر و چەند برادەرێکی لەزانکۆی بیزانسۆن، فرانسا ١٩٦١





لەچەپەوە: هۆمەردزەیی، هونەرمەندی گەورەی کوردی تورکیا جەلال بەگ دیاربەکری، دوانەکەی تر نەناسراون، ئانکەرە ١٩٥٥




مۆسکۆ ١٩٥٧ وەستاوەکان لەچەپەوە: یەکەم کارلینێ چەچان، هۆمەردزەیی، پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ، قەدری جان، سەید عەزیز شەمزینی، مام جەلال تاڵەبانی، دوو کوردی یاوەری بارزانی پەنابەر لە یەکێتی سۆڤیەت، شۆفێری ئۆتۆ بووسەکە دانیشتووەکان لە چەپەوە: ئەحمەدێ سیبکی، حەمەی حوسێنی مەلای دزەیی (ئامۆزایی هۆمەر) نجیب خەفاف، ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردێکی سۆڤیەت.



یەکەمی دەستە چەپ لە دواوە: هۆمەردزەیی، ئەرشەد پۆرتەر، طارق عباس، حمید
سعید، محمود خالد، سەمیر بۆتانی، ڤیەننا ١٩٥٨



هۆمەر دزەیی و قاسم الگیلاني، لەگەڵ دۆستەکانیان لە ڤیەننا ١٩٥٨





پەیکەری هۆمەر دزەیی لە هەواری شار لە سلێمانی



هۆمەر دزەیی لە کۆنسێرتێکی شاری بەرلینساڵی ١٩٩٧ یان ١٩٩٨



کۆنسێرتەکانی هۆمەردزەیی لە هەولێر و سلێمانی.




PHOTO BY:RAWAND JAWAD


PHOTO BY: RAWAND JAWAD



لە چەپەوە : نێچیرڤان بارزانی، قوباد تەڵەبانی، هۆمەردزەیی
لە هۆڵی مامۆستا سەعد لە هەولێر




هۆمەردزەیی لەگەڵ، هانی، دیدە - هەولێر



لە چەپەوە :محمد علی دزەیی (برازازای هۆمەر) هۆمەردزەیی، هەردی هەڵۆ دزەیی (برازازای هۆمەر)



هۆمەردزەیی رۆژی نەورۆزی ٦٨ یان ٦٩ لە دەرەوەی بەغدا



هۆمەر دزەیی

چیرۆکەکانی پشت هەڵبەست و گۆرانییەکانم

THE STORIES BEHIND MY **POEMS** AND **SONGS**

Dreifach ist der Schritt der Zeit
Zögernd kommt die Zukunft hergezogen
Pfeilschnell ist das jetzt entflogen
Ewig still steht die Vergangenheit.

Friedrich Schiller

ئەمە چوارینێکی شاعیری گەورەی ئاڵمان (شیللەر)ە، منیش بەم جۆرەم گۆڕیوەتە سەر کوردی:

هەنگاوی رۆژگار سێ جۆرە
دوارۆژ: نازانین چی تیایە
ئێستا: تیرئاسا خێرایە
هەر رابردوو تاهاتایە،
هەر هەیە و کپ و نەگۆڕە

Homer Dizeyee



بۆ گوێبیستنی تەواوی گۆرانییەکان،
سکانی ئەم کۆدە بکە



دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

FAM PUBLICATION
+964 750 773 71 76
FAMpublication
info@fam.pub • www.fam.pub

COVER DESIGN BY
Bavdan Rebwar